رامان


Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆنتاژ و پۆرتریت
  قەرەنی جەمیل

ڕامان

131

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ نیسانی ٢٠٠٨

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەڕۆکی ڕامان

● **دەق**

- چلێسی عەتری پرچتم/ هاشم سەڕاج/ 3
- لە تەوتەمی مامزەکانی قەندیلەوە/ هەندرێن/ 4
- نەبا تۆم لێ ون بی/ دڵشادی عومەر کاکی/ 7
- بازگەی عاشقان/ ئازاد دڵزار/ 9
- چ بوو، چ نەبوو/ گولیزار/ 10
- چەپکێ شیعری فارسی/لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 12
- سفری ئەفسانەیی/ عەتا محەمەد/ 15
- پشیلەیەک دەمیاوێنێ/ فەروخ نیعمەتپوور/ 18
- ژەهر/ سەدات یورتداش/ 21
- ئەو کۆڵانەی کە شەقام دەفڕێ/ خەبات ڕەسوولی/ 24
- بەسەرهاتی هەرزەکارێکی بەدفەڕ/ لە ئینگلیزییەوە: هومەن مەردانی/ 26

● **هەڤپەیڤێن**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤاری زرێبار (مەسعوود بینەندە)/ ئا: عادڵ محەمەدپوور/ 29
- دیمانەیەک لەگەڵ شاعیری گەورەی عەرەب (عەبدولوەهاب بەیاتی)/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری/ 35

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- دەربارەی دەربار/ زاهیر ڕۆژبەیانی/ 39
- پێکەنینی گەداو چەندێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک/ هادی حەبیبی/ 56
- ئینسیکلۆپیدیای گشتی/ مارف خەزنەدار/ 62
- چەمکی شێواز/ لە عەرەبییەوە: ئیدریس عەبدوڵلا/ 73

● **زمانزانی**

- ڕێزمانی مێژوویی زمانی کوردی/ لە فەرەنسییەوە: ئامر طاهر/ 80

● **یادەوەری**

- لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو/ کەریم کاکە/ 88

● **هزر و فەلسەفە**

- ماکس شیلەر فینۆمینۆلۆژی زانین و بەهاکان/ د. حەمید عەزیز/ 97
- فەلسەفەی نیتشە/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوول ئیسماعیل/ 107

● **وتار**

- (مەرگی ئاوێنە) گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی مانا/ ئاوات محەمەد ئەمین/ 119
- لە خەوما، لەنێوان دوو سەدەدا/ ئارام سدیق/ 123

● **تەلارسازی**

- بەها کەلەپوورییەکان و نوێگەری لە هونەری تەلارسازیدا/ کامەران تاهیر/ 127

● **هونەر**

- ئەزموونی ڕیژیسیۆرێک، یارییە خەونێک/ د. فازیل جاف/ 135
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 142
- گۆرانی دەڤەری هەورامان و شێوەگەلی موزیک/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 146

● **خوێندنەوەی کتێب**

- درەختی کەتناوە، یان پیری بەفر/ سابیر ڕەشید/ 154

● **زاراوەسازی**

- ڕوونبێژی، یان ڕەوانبێژی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 158

● **ئێستێک**

- زمان و دەقی ئەدەبی/ د. هیمداد حوسێن/ 160

چڵێسی عەتری پرچتم

هاشم سەڕاج

(١)
دەتوانم پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت
بەڵام دەستم شکاوە
حەزدەکەم پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت
بەڵام دەستم شکاوە
چەند خۆشە پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت
بەڵام دەستم شکاوە
بەگەمەی تاجی پرچی ڕەشت دەستم شکاوە

(٢)
پێم خۆشە کەزییەکانت لەگەردنت بئاڵێنم
ئەنجا سەیری چاوە زەردەکانت بکەم
دەزانی چەندم پێخۆشە کەزییەکانت
لەگەردنت بئاڵێنم و ئەنجا سەیری
چاوە زەردەکانت بکەم

(٣)
نازانم دڵم لە دەستی کێ دایە
نازانم دەستم لەدەستی کێ دایە
سەرەڕۆ دەخولێمەوە
من نازانم نا
دڵی شیعرم لەدەستی کێ دایە

(٤)
دەکرێ بەرامبەر پەنجەرەکەتان بوەستم و
باران بەخوڕ ببارێ
ناکرێ بەرامبەر پەنجەرەکەتان بوەستم و
باران بەخوڕ نەبارێ

(٥)
زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم
بەڵام گەڕەکەکەتان پێ نازانم
زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم
بەڵام ماڵەکەتان پێ نازانم
زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم
بەڵام ژوورەکەت پێ نازانم
زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم
بەڵام پەنجەرەکەت پێ نازانم
زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم
بەچڵێسی بۆنی عەتری پرچت دەکەم
بەڵام شوێنەکەت پێ نازانم

٢٠٠٧/٤/٢٧

لە تەوتەمی مامزەکانی قەندیلەوە

هەندرێن
(سوێد)

لەوێمە؛
تەوتەمی یادەوەریم،
ماتەمی دەمنوێنێ.
پەنجەرەی نامۆیی لە گیانم دەبنەوە.
چاوێکم بە دوای شوێن ڕاماوە و
پەرتبوونێک کۆدەکەمەوە:

کانیلەی یادەوەری چیایەکانت لێ هەڵدەقووڵێ.

* * *

لێرەم و زەناکانی ئەوێش بە ناو پەراسووەکانم وەربووە.
نە مانگی سەرگەردان لە «دۆڵی شەهیدان»،
نە نیگای کازیوەی بێدەنگیم،
دیرۆکی دەستنووسی سەرکەزی کیژانی گەریلا
دەهۆننەوە و
نە هەتاوی ئەو هەرێمە درەنگەش،
تەمی زمانی کوڕانی گەریلا دەڕەوێننەوە.
کتێبی یادەوەری منە:

چاوی ئەو چیایە لە تراویلکانە.

* * *

لێرەمە؛
لە چرپەی گوڵێکی کاکتۆسەوە،
بیابانێک لەو ماڵە دەڕسکێ.
پیتەکان کە نابن بە پەیڤ،
تنۆک
تنۆک
تنۆک
بە سەر گەرمایی دەفتەرەکەمدا وشک دەبنەوە.
ماڵێک لە ئاوێنەی کاتەکان،

شوێنەکەت بە ئاوێنە دەکاتەوە.
هانایەک لە هەنار،
هێورانە پاییزی «نازەنین» بە یادتا دێنتەوە.
بە تامێک لە دووکەڵی چاو
بۆنێک لە هەنگوینی دارەکەی بەر «بارەگای دەراو»،
بە یادێک لەتاڵی چایە داغەکانی «مەتارە»ی سەر
پشکۆ،
شەکەتیت دەشکێنی و
وەرزەکان کۆدەکەیتەوە.
ئاوڕێک لە تابلۆی ڕەنگ پیری سەر ڕەفە،
شنەیەک بە سەر شوێن پێیەکانی پێشمەرگایەتیت
هەڵدەکا.
وەک ئەوەی عەدەمێک بانگت بکا،
هەنسکێک لە بەفرە پیرەکانی قەندیلەوە
زایەڵەی پرژاوی ئەم دڵەم دەژەنێ.

* * *

لەوێوە؛
ڕووبارە هەڵچووەکەی «پشت ئاشان»،
بە ناو جەستەما ڕادەکا.

بۆن نانێکی برژاوی «سوورە دێ» و
کەوزەی بەر کانییەکەی «بۆڵێ»،
پەرتبوونێک لە بوونتدایە:
ئاخاوتنت لە دووڕیانی تاراوگەیە.

* * *

لەوێوە هەرێمێک بە ناوما ڕادەسێ،
هەورێک لە دەنگما تل دەبێتەوە.
بارانێک لە بوونتەوەیە دادەکا.
چرپەیەک لە ڕەوەزەکانی دڵت دەزرینگێتەوە
هەنجیرێک ڕاڕەوی بیرهاتنەکان ئاوەدەکان دەکاتەوە:

چیایەکان لەبن مانگدا دەدرەوشێنەوە.

* * *

لێرەمە؛
شارێک لە سەر سنگی شەو خەو دەیباتەوە.
تۆش، وەک ئەوەی خۆم بیت و
خەریکە سێبووری بێخەوی و
فوارەی وەرینی لاسکی گوڵێکی ئاونەدراو لە دڵما،
دەدیتەوە.

پچڕانێک
لە نێوان ئەوێ و ئێرەدا دەملەرێنتەوە.
گزنگێک لە ژێر گرمەی تۆپەکانەوە،
وەک سێبەر،
بە بەرۆکی چیاکانەوە شۆڕ دەبێتەوە.
مامزەکان بە پڕمەکانییانەوە،
هەروەک یادەوەری تاگرتووی من،
بە تتتەو... و تتەم...م... گڕ
ڕڕڕکانییی
گر
ریانی گگرتبێ...ێ ێ،
بەناو ڕاڕەوی سەفەرەکانی من،
دەڕڕەوونەوەە.
لە سەر ڕانی بنارێ،
ناڵەی شوانێک لە بارەی ڕانەمەڕێکدا
دەنگگدەددداتەوەەە...
گیاندانی «ئایشێ» لە سەر دووگردی گیایێ
دووکەڵێک بە دوای قاچی بڕاوی بایێ،
وەک هەرسی بەفرەکەی سەر شانی «ئاشقۆلکە»،
لەو دیوی دڵم؛
لەم دیوی دەنگم؛
لەو سەری بینایی منا:

ئەم بوونە، دەلەرێنێنتەوەەە.

* * *

لێرەم و لەوێش بووم؛
بایەکیش دەمنادەم کە ڕێگای وێڵ دەکا،
گەڵا بە گەڵای درەختە تەنیاکەی ئەودیوی پەنجەرە و
تەمی ڕامانی سەر پێڵووەکانم،
بە چەپۆکەکانی دەفڕێنێ.
لەوێوە؛
گوێزە برژاوەکانی بنارە سووتەمەرۆکەی ئەوبەری
بارەگا و
بەفرە باریوەکان بە سەر ڕامانی سپێدە زووەکانی
زستانی «پشت ئاشان»،
دەتکەنە شەپەنگی شوێنەکان.
تەوتەمی مامزەکان دەنووسێتەوە:

زیندەخەوێکی سەر هەیوانی ئەم تاراوگەیە.

* * *

لەوێوە؛
چیایەک لە چاوی تاراوگەدا هەڵدەچێ.
لێرەوە؛
ئەو دەمەی ئەستێرەی کاروانکوژە
بە ناو بووڵێڵی یادەوەریم وێڵ دەبێ.
هەتاوێک بە سەر «کونەکۆتر»دا پەرکەم دەیگرێ،
چرپێنێک لە گەواڵە،
قەف قەفی لۆچەکانی سەر ڕوومەتی ترۆپک و
چین چینی سێبەری سەر ڕەزی ترێی بن بەفری
قەدپاڵێ،
وەک هەنگی پەیڤە لێکچڕژاوەکانی دەنگی من،
بەرەو بوون
گێ ژژژ دەخۆن.
ئەوەتا ئەم دڵە لە چیایە،
وەک چلوورە،
بە چاوی ئاسمانەوە
شۆڕ دەبێتەوەە.
مانگێکی منداڵ لە قەدی کەزی کیژانا ڕازاوە.
ڕووبارێکی هۆڕە کردوو بەسەر برینی کەناریا:

بێ ئ ماڵی دیرۆکی ئێمە دەلاوێنتەوە.

* * *

لەوێوە بۆ ئێرە؛
وەک پەیڤێنێک لە نێوان بنار و پێدەشتی تەنیاییەک،
بە ناوما گەشت دەکەن.
تاسەیەک دەمززززرینگێنێنێتەوە.
مێژوویەک لە ماڵی ئەم چیادا میوانە؛
چیایەک لە ماڵێکی تاڵانکراو،
لە بچمی سۆزانی جیهانێک دەڕوانێ.
«فرۆکەوان»ێک لە وڕێنەی گرمەکان؛
«عیلمانییەکی نەخۆش» لە «جەنەڕاڵ»،
بەسەر چیاکانەوە
دەڕششێننەوەە.
ئەو دەمە
قەندیل بەرزتر؛
ڕاساوتر:
چاوی جیهان دەتتەنێنێتەوەە.

* * *

لێرەڕا لەوێڕا؛
تەوتەمی مامزەکانی ڕاڕەوەکانی ناو دەنگی من،
وەک زەنای تەمەنی پێشمەرگایەتی و
چرپەی بیرهاتنەوەکانی من،
زەنگیانەی ڕەنگینی خەناوکەیەکی پچڕاوی پاییزان،
بە گەردەنی شاخەکانەوە ئاڵاوە.
لێرەوەەە لەوێوەەە
غەوارەیی بوونی من:

ئاوەداان دەکەنەوە.

کۆتایی ٢٠٠٧

پەرۆشی

تەنیاییم لە دەنگتا چێنراوە،
دوور لە من؛
پڕ لە من:
پیریەتیم بچنەوە.
هێوریم لە چرپنتا ڕسکاوە،
بە ئاوازێک لە زەنای ژن؛
بەزمانێک لەسەما:
بێدەنگیت لە دەنگما بچڕێنە.
شەپۆلم لە ناوتا.
وێنەت لە بۆنت دەچی،
لە بیرکردنەوەما.
پەرۆشی: بوونێک لە جۆلانەی کۆشتدایە.
فەرامۆشی: چۆلاییەک لە لەرینەوەدایە.
تیترواسک لە خەیاڵ:

وەسوەسەیەکە لە بووندایە.

سەرەتای ٢٠٠٨

نەبا تۆم لێ ون بێ

دڵشادی عومەر کاکی
(ئەڵمانیا)

کە دڵت لێم دەشکێ و
دڵم لێت دەڕەنجێ
سەرهەڵگرتنێکی ئێوارە،
ئاشتمان دەکاتەوە
بەلای ڕووبارێکدا دەڕۆم و
ڕووبارێک بەلامدا دەڕوات.

* * *

شتێکم لێ ون دەبێ
بە چاوەکانم نایدۆزمەوە
تا گوێم لێی نەبێ،
ئەوە دەنگی تۆ بوو
لێم ون بووبوو.

* * *

من وەک پرتەقاڵێکی سەوز
بە بەرخۆرەوە،
نارنجی دەبم و
تۆش وەک هەنارێک،
لە ژێر بارانی پایزدا
دەقڵێشێی.

* * *

خۆشترین ئاوازی دەنگت
لەوێدا،
لە گوێمدا،
دادەبەزێ
کە پچڕ.. پچڕ،
هەناسەت لە عەشقا
سوار دەبێ.

* * *

پەنجەرەکان دەکەیتەوە

خۆر باوێشکێک ئەدا،
سنگت لە شەقەی باڵ ئەدا
دیوارەکان چاو هەڵدێنن،
پەنجەرەکان ژەنگ ناهێنن.

* * *

لە هێشووی هەر نیگایەکتا
پێکێ شەرابم ئەدەیتێ،
دەزانی کە....
کە چاو دادەخەی، دەینۆشم.

* * *

پیاو لە تەنهاییدا
دەسووتێ وەک
دارستانێکی سووتاو،
ژنیش قوڵپەی دێ،
وەک
کانییەک..
پڕ لە ئاو.

* * *

من لە هەر نیگایەکتا..
شیعرێک، دەنووسمەوە،
تۆش لەباوەشی
هەر شیعرێکما،
وێنەیەک دەگری.

* * *

حەز دەکەم..
بۆ مردن،
هەناسەکانت
لەگەڵ خۆما بەرم.

* * *

بۆیە تێر.. تێر،
ماچت ناکەم،
دەترسم
بمرم.

بازگەی ئاشقان

ئازاد دڵزار

لەڕاوگەی خۆشەویستیدا
هەر بەڕێوە، یەکەم نیشان
چەند نێو نیگای چاوی جەیران
بە بەرکەوتن.
چەندین ڕەوە ماچ هەڵوەران.
چەند گا پەلە سینگی سفتی،
کوڵک سپی ئاوریشمی ئاوەڕووت کران.
چەند کەرویشکە پووزی سرک
ڕاپەڕین و
چەند ناسکە دڵ لە سیخ دران.
ئێوارەیێ
کە لەبازگەی ئاشقانا
بۆ جوانی لە کەمیندا بووم.
بینیم ئەوا خۆشەویستی
بەبێ پەروا.
بەرەو ڕووم دێ و
بە بەر دەمما گوزەر دەکا.
هەرکە تیرم خستە کەوان
بە شپرزەیی و بە لارە لار
نەمزانی نە خۆم ئەنگاوت و
نە ئەشق زووتر ئەنگاوتمی.
لەوساوە لە (ماڵی شیعر)ا
دەتلێمەوە،
بریندار و دڵ بەئازار.

ئەوینی نوێ
درەنگ هاتی ئەزیزەکەم
درەنگ هاتی،
کەی ئێستە وادەی ئەوینە
جوانی دەمێکە جێی هێشتووم،
مەرگ وا بۆم لە کەمینە.
کە زمانی باران نازانی
چۆن زات دەکەی
ئەلبوومی پاییزی عومرم
هەڵدەیتەوە
تەیمانی پاوانی زەردم
بکەیتەوە.
سەیری ئەو کۆزە سپیندارە
گەڵاسیسەی تەمەنم کە
دەستە و دوعا
ڕووە و ئاسمان قووچ بۆتەوە
بەرگەی کزە بایەک ناگرێ و
سەرلەبەر ڕووت دەبێتەوە
درەنگ هاتی ئەزیزەکەم
درەنگ هاتی

چ بوو چ نەبوو

گولیزار
(ئامەد)

O2

ل ئاتمۆسفەرا دلێ من
ژ سەدی بیست و یەک بوو

(١)

پاییزەکا ب حوکوم بوو
پەلێن زەر هیشت ژ بۆ دونزدە مەهان
هەر پەلەک بوو پێلەک هار
ئامادا پاریسا دلێ من
بوو پاییزا عەمرێ من

(٢)

ئاگرەکی دێمانی بوو، نە کۆچەری
وەختێ من ل ستڕانان گوهداری دکر
“And you don’t Know,
how/ wish you were here”
نە دبوو سەبرک
شەواتێن نشتەجیە ب بایێن بیانی هێنک نەدبوون
«خرابۆ وەللە تو خرابی بیللە تو خرابی
ب سۆندا مەلە و شێخان تو خرابی
تە چاوا کر تەرکا من کەچکێ، من کەڤۆکێ...»

(٣)

وەک کراسەکی حەرام
ئەز ژی کەڤانی
من ئەڤینا وی سێ جاران ب خوەلیا سۆر دشوشت
هینا ب سەر خوە دە دکر

(٤)

زارۆکەکی لالووتە بوو
سێ زمانان خوە دالقاند ل ڤی باژاری
هەر تیپەکێ ستێرکەک دکر روحستینێ خوە
فەرهەنگ دهاتن شەوتاندن ل سەر برجان
ئەڤینەکا بێپەیڤ و بێدەنگ بوو
و دو پاندۆمینێن هێژا ئافراند ژ مە

(٥)
ئەڤینا وی ژ نەخوەشیا هەمۆفیلی بوو
وەختێ کو برینا دل دەر دبوو
ئیدی خوین نەدسەکنی
ب دەرمانان

(٦)
بەختەواریا مە وەک ئۆتۆبۆزێن شین بوون
ئێن کو د بەر مالا مە رە دەرباس دبوون
ئەم هەر تم ب دوو گاڤان دەرهنگ دمان

(٧)
ئەڤین ئازموونەک بوو
سێ خەلەتی دبوون قەلەندێ راستیەکێ
ئەو بەرسڤا راست بوو
دبوو بەردیلییا خەلەتیێ

(٨)
ژ خەلەتیێن خوەدا وەندان یەک ژی
ئەڤینا مەیە
ب نەزانی
روحەک بەرا دو لاشان دانە
هەتا ل خوە های ببن و لێبۆرینێ بخوازن
ئەمێ وەها نیڤجۆ بگەڕن
بێیی هەڤ

(٩)
ئەڤین دارەکە تووێ یا رەش بوو ژ داران
ل حەوشا مالا مەبوو
نە ل دەر و دۆران
ئەم ل دوور ل هەڤ دگەڕیان
مە هەڤدو نەددیت وەک کۆران

گولیزار، هەلبەستڤانەک گەنجە، ژ دایکبوویا باژارێ (ئامەد)ێ یە و، دەرچوویا زانینگەها دیجلەیە- پشکا زمانێ ئینگلیزی، نها مامۆستایە و یەکەمین کۆمەلە هوزانێن وێ یا چاپکری ب ناڤێ (کەزیێن ژنەبی) بوو، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن، ئەڤ هەلبەستا سلال ژ وێ کۆمەلێ هاتیە وەرگرتن روویەلێن (٢٦- ٢٨).

-رامان-

چەپکێ شیعری فارسی

لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

شۆخ و شەنگ

محەممەد عەلی سپانلوو

زەمان سترانی هێمنایەتییە و
بارانیش لیزگە مرواری هەڵدەواسێ
بە بسکی زێڕینی خاتوونی پایزدا
دانیشتووە خاتوون لەبەر دەرگانەی هاوینی سوورا
کەوانەی زیوینی مانگیش
تا هەتایە وەکو گوارە ئاوێزانە
بە بەڵگی نەرمی گوێیەوە.

تۆ وەکو ئاو بێگەردیت و وەکو بای شەماڵیش بەرزی
تۆ وەک بڵێسە بەتینی.
لەرەی نیانی شنەبای
وێنەی بزەی.
وەکو بیرەوەری زەوی
بەربڵاویت و خەواڵوو
پەردەت بەسەر پێدەشتەکاندا کێشاوە...
هەوا چاوی چاوەڕوانی
لە ڕێگەی بۆنی گزنگی بەرەبەیانی بڕیوە
بۆ میوانییەکی نزیک دەچین، هەستە،
بووکی شۆخ و شەنگی من، بووکی مێژوویی.

فڕین

فەروخ تەمیمی

دەستێک پانتایی سەوزی فڕین
لە پەنجەیدا ڕێک دەگوشێ
جەوهەری پەڕوباڵیشی
لە نێو گەرووی داکەوتندا

دەوەرێنێ

خوێنی باڵنده
بوو به ئاوێنه و
ئاوێنەش لەبەر تروسکەی
وشەی فڕین
هەتاکو دەربەندەکانی
حەنجەرەی شەڵاڵی فڕین
جۆگه جۆگه بەڕێوەیه.

ئێستا باڵنده، ئێستا باڵ
ئێستا دڵی ئاوێنەی چڕژاوی فڕین
میلی ژەنگ هێناوی ڕکه
هەموو لەبەر دەخوێننەوە.

لەم شەوگارەدا
شەفیعی کەدکەنی

لەم شەوگارەدا
که گوڵ له گەڵا و گەڵا له سروه و
سروەش له هەوری ئاسمان دەترسێ،
لەم شەوگارەدا
که ئاوێنەکان لەگەڵ وێنەکەی خۆیان غەوارەن
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
به تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

به تەنیا هەر تۆی کەوا دەستری
سروودی خوێنی پامااڵ کراوی شەهیدەکان و مەرگ و
قەڵاچۆ.
به تەنیا هەر تۆی کەوا تێدەگەی
زمان و ڕازی ئاوازی سازی هیوا بڕاوان.

لەسەر ترۆپکی ئەو داره بەرزه
هۆنراوه بێژی باخی بێ گەڵای.
لەوێ بمێنه تاکو ببیستن سۆزی ئاوازت
ئەو درەختانەی لەگەڵ لاوێن و چرۆدا خەوتوون.
لەوێ بمێنه با ئەو دەشتانەی ڕوونی ئاوێنەن،
گوڵی دەم ڕووبار
تەواوی ڕق و بێزاری خۆیان له دەست سەردەمی تاڵان
و برۆ
پاکی ببیستن له ئاوازی تۆ.

تۆی خەمبارترین سروودی ژان و شایەری سەردەم
تۆ باراناویترین هەورێکی که دەگری بەکوڵ
لەسەر باخاتی زەردەشت و مەزدەک
تۆ تووڕەترین ڕقی هەڵدەقوڵێی
له کووپه و جامی فرمێسکی خەیام.

لەم شەوگارەدا
که گوڵ له گەڵا و
گەڵا له سروه و
سروه له هەور و
هەوری ئاسمانیش له خۆی دەترسێ
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
لەم ڕۆژگاره بڵقەتاقەدا(*)
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
به تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

ئاوەدانت دەکەمەوە وەتەن

سیمین بێهبەهانی

وەتەن دیسان ئاوەدانت دەکەمەوە
به خشت و قوڕی گیانی خۆم
کۆڵەکە بەر میچ و بانت دەدەمەوە
به کوت کوتی یەسقانی خۆم
هەمیسان بۆن به گوڵەکانتەوە دەکەم
به تاسەی لاوەکانتەوە
هەمیسان خوێن له ڕوخسارت دەشۆمەوە
به فرمێسکی ڕەوانی خۆم
هەمیسان ڕۆژێکی ڕووناک دەردەکەوێ
تاریکی له ماڵ وەدەرنێ
بەژنی بەرزی شیعرەکانم دەخەملێنم
به شینایی ئاسمانی خۆم
گەرچی سەدان ساڵه مردووم هەڵدەستمه پێ
له ناخی گۆڕیچەکەمدا
دەتوقێنم دڵی نەیاری داگیرکەر

به ناڵەی بێ ئەمانی خۆم
گەرچی پیرم، بەڵام هێشتا توانام هەیە
– ئەگەر هەلی فێربوون هەبێ –
ئەشقی لاوی لە دڵما دەبووژێنمەوە
هەروەکو منداڵانی خۆم
حەدیسی «حب الوطن» بە تامەزرۆیی
بەشێوەیەک دەردەبڕم
گیان بێتە بەر ئەو وشانەی لە دڵمدان
کە ببزێوم زمانی خۆم

هێشتا هەر لە سینگمدایە تین و تاوێک
کڵپە و بڵێسە دەستێنێ
بڕوا ناکەم تازە دابمرکێتەوە
وا بۆتە پۆلوو گیانی خۆم
دیسان هێز و توانات پێ دەبەخشینەوە
(گەرچی شیعرم خوێناوییە)
دیسان بە گیانی ئاوەدانت دەکەمەوە
گەلێ زیاتر لە توانی خۆم

پیاوانێک لە خێڵی بەهارەوە هاتن

م. ئازاد

پیاوانێک لە خێڵی بەهارەوە هاتن:
شەو
چاوانیان بوو،
کاکۆڵیشیان
پەلکی گوڵاڵەی ئاوەژی (*)
پیاوانێک لە عەشیرەتی شۆڕشگێڕان:
بڵێسە و گڕیان دەنۆشی و
گیانیان تاسەباری مەرگ.
دەستیشیان ڕەنگی ئەستێرەی شوانان
سپی وەکو عاجی هیندی.

پیاوانی کوێستان و جەنگەڵ
هەموو بە دڵی سوورەوە
لە لووتکەوە داگەڕان و
وەک چۆم بەسەر دەشتا خوشین
لە دارستانی چڕەوە تێپەڕین و
سروودی پڕ شکۆی خۆر و ڕۆژهەڵاتیان لەسەر لێو بوو
جوان و پیرۆزترین سروود.
پیاوانێک لە خێڵی بەهارەوە هاتن
لە ڕێبازی ڕووناکی ڕۆژهەڵاتەوە
گوڵاڵە سوورەیان پڕژاند بەسەر شاردا
شار لە سوورایيدا پشکووت.
پیاوانێک لە خێڵی بەهارەوە هاتن...

دڕک

عیمڕان سەلاحی

تەنانەت جەستەی شنەباش
لە چنگ ئەم تێلدڕکانەدا
شەڵاڵ بووە
دەمهەوێ کوت کوتی جلوبەرگەکانم
دڕکێک هەڵبیگرێتەوە و
بیداتە دەستی گژەبا
دەمەوێ گوڵەیەک شەوێک
لە شووشەی بێدەنگی هەڵکا،
خڕکە بەردێک
خۆزگە لە نێوان ئێمەدا
ئەگەر دڕک دەچەقێنن
بە دڕکی لاسقی گوڵەباخ
ئەو پەرژینە دامەزرێنن

(*) بڵقە تاڤ: شەوی زۆر تاریک، شەوەزەنگ، ئەنگوستەچاو.
(*) ئاوەژی: گیای ئاوی، ئەو گیایەی لە ئاودا دەڕوێ.

سەرچاوە:
صدای شعر امروز ایران، گزینش، بهمن مەآبادی واحد منطقی تبریزی، چاپ دوم، انتشارات تلاش، تبریز.

سفری ئەفسانەیی

عەتا محەمەد
(سلێمانی)

بەو پێیەی لە بەڵگەنامەکانی ڕۆم و عەجەمدا هەندێک زانیاری لە بارەی میرنشینی بابانەوە تۆمارکراوە، ئەو میرنشینە غەمزەدەیەی لە غوباری شەڕ و شۆڕدا ون بوو، وا دەزانین لە توانامانداية جارێکی تر مێژووی بابان بنووسینەوە و بە پەنهانی ڕووداوەکانیدا شۆڕبینەوە. ئەو میرنشینەی بە پێچەوانەی ڕای مێژوونووسانەوە، کە زۆر شت لەبارەی پڕشنگ و درەوشانەوەی دەگێڕنەوە، بێدەنگترین میرنشین بووە، چونکە ئەو ڕژێمەی میرنشینەکەی لەسەر بیناکرابوو، ژمارە سفر پێگەیەکی لە بیرکردنەوەیدا نەبوو. ئەگەر ئەم دەربڕینە گونجاوبێت و سفر بە ژمارە دابنێین، کە پڕ سیحرترین ژمارەیە، بەو پێیەی شوێنێکە لەنێوان بوون و نەبووندا. وەک ئەوەی هەبوویەکی نەبووبێت، یان بە پێچەوانەوە نەبوویەکی هەبووبێت و جیاوازە لە (بۆشایی).

دیارە ترسناکترین سات لە مێژوودا، دۆزینەوەی ئەو کیشوەرە خوێناوییە نییە کە بە ئەمەریکا ناسراوە، یان سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو بوونەوەرە سامناکەیە لای هیندییەکان، کە بە سفر دەناسرێت و لە توانایدایە ئەو جێگا سیحرییەی نێوان بوون و نەبوون بدۆزێتەوە، یان داگیربکات. هەرچۆن پیوکریتیاسی ئەفامی پێی وایە کە «سفر سەر بە بوونە، چونکە ئەو غیابی بوونە».

من لەجیاتی ئەوەی چیرۆکێک لە بارەی لەناوچوونی بابانەوە بنووسم، کە غیابی سفر دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو ڕژێمە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو میرنشینە، کە توانیبووی لە غیابی سفردا شاری سلێمانی دروست بکات و بە زاری سۆرانی بنووسێت، وەک مێژوونووسان بە دوو دەسکەوتی گەورەی ئەو میرنشینەی دادەنێن،

هەوڵدەدەم بەسەرهاتی گەڕان بەدوای کتێبی (نهێنی سفر)دا بنووسمەوە، کە لە ساڵانی کۆتایی ئەو مێرنشینەدا، چەند کەسێک دەیکەن، تا لە ڕێگای دۆزینەوەی نهێنی سفرەوە باس لە مەرگەساتی ئەو میرنشینە بکەم.

ئەوەی وایکرد ئەو چیرۆکە نەنووسم، کتێبێک بوو، بە ڕێکەوت نووسخەیەکی کۆپی کراوی گەیشتە دەستم، کە ڕۆمانێکی (ئالان نادۆ) بوو بە ناوی (عبدة الصفر)ە وە کە لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاویکردۆتەوە و (س. البستاني و أ.البطراوي) وەریانگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی و «دار الشرقيات» بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها ئەو وتەیەی پیوکریتیاسی ئەفامیشم لەو ڕۆمانەوە وەرگرتووە.

لەو باوەڕەدام ئەو ڕۆمانە، بە وردەکارییەکی سەیرەوە بەسەرهاتی ئەو گرووپە دەگێڕێتەوە کە بە زەندەقە تاوانبار دەکرێن و سفر تا ڕادەی پەرستن لایان پیرۆزە. بەو پێیەی لەیەک کاتدا گوزارشت لە بوون و نەبوون دەکات، هەروەها هەوڵدەدات بەجۆرێک مێژووی ئەو گرووپە بگێڕێتەوە، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگە و تۆمارکراوە کۆنەکان، کە لەوانەیە دروستکراوی ئەندێشەی ڕۆماننووسەکە خۆی بێت و بە درێژیش باس لە بیروباوەڕی فیساگۆریسییەکان دەکات، کە دیارە سەرسەخترین گرووپی ژمارەیین لە مێژوودا.

بەڵام دیارە لە بیرکردنەوەی ئەو مێرنشینەدا، سفر جێگایەکی داگیرنەکردووە، جیاواز لەو دەستەیەی سفریان دەپەرست، کە وەک بەرجەستەکەری "ناشوێن" سەیریان کردووە و ئەوان شتێکیان پەرستووە کە لەیەک کاتدا بەرجەستەکەری بوون و نەبوونە، بەڵام لە مێرنشینی باباندا ژیان لەسەر یەک بە دوایەکی ژمارە تەواوەکان و ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروستی دەکەن، وەستابوو. سفریش وەک هاومانای هیچ، یان نەبوون سەیر دەکرا، چونکە لەو میرنشینەدا وا دەزانرا (شتێک) هەیە، یان نییە و ناکرێت (شتێک) هەبێت و لەهەمان کاتیشدا نەبێت وەک سفر.

بەپێی گێڕانەوەکان، دوای ساڵانێکی زۆر لە دروستبوونی شاری سلێمانی، کە پایتەختی فەرمانڕەوایانی بابان دەبێت، هەواڵی باوەڕهێنان بە سفر وەک کارێکی زەندەقە دەگاتە دوایەمین مێری ئەو میرنشینە و دەبیستێت کتێبێک هەیە لەبارەی نهێنی سفرەوە، کە کەس شوێنی نازانێت، سێ کەس هەڵدەبژێرێت تا ئەو کتێبەی بۆ بدزن، کە نازانرێت لە کوێی جیهاندا حەشاردراوە، یان هەر هیچ نەبێت نهێنی ئەو ژمارە جادوویەی بۆ بهێننەوە کە وەک ئیبلیس لەناو ژمارەکاندا سەیر دەکرێت. بۆ ئەو سەفەرە ترسناکەش، سێ کەسی ئەندێشەمەند هەڵدەبژێرێت، بەو پێیەی ئەندێشە دەتوانێت وێنای ئەو ژمارە جادوویە بکات. لەو سێ کەسەش، دووانیان لەگەڵ کاروانی بازرگانیدا بەرەو بەغدا و تاران دەنێرێت و سێهەمیشیان بە تەنیا بەرەو ئەستەمبوڵ دەڕوات.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو سێ کەسە لە یەک کاتدا سلێمانی بەجێدەهێڵن و ڕووە و کتێبخانە ون و حەشاردراوەکانی ئەو سێ شارە و جیهان، بەدوای نهێنی سفردا دەڕۆن، چونکە لەو مێرنشینەدا و لەو زەمانەوە دەستەیەکی نهێنی دروست دەکرێت، تا لەدوای ڕووخانی مێرنشینەکەش، بتوانن بەدوای ئەو ژمارە ئیبلیسیەدا بگەڕێن. ئەو دەستەیە کە بۆ کەس ئاشکرا ناکرێن و زۆرجار کەسێک، بێ ئەوەی بزانێت، دەبێتە ئەندامی دەستەکە و بە دوای خەونەکەیاندا دەڕوات، کە بە "چەتەکانی سفر" ناسراون و دەیانەوێت ناکامڵیی ئەو ڕژێمە پڕ بکەنەوە، کە مێرنشینەکەی لە سەر دامەزرابوو.

ئەگەرچی من نامەوێت ناوی خۆم ئاشکرا بکەم، بەڵام بەو پێیەی من نهێنی ئەو دەستەیە دەزانم، کە هەر بە بازنەیەکی داخراو دەکات، وەک شێوەی سفر کە لە سەرەتادا بازنەیی بوو، عەرەبەکان کردیان بە خاڵ، پاشان دەتوانم سیمای ئەندامەکانی جیابکەمەوە و لە هەر گۆشە و پەنایەکی دنیادا بیانبینم، بیانناسمەوە، ئەوە دەبێت منیش یەکێک بم لەوان و هەمان ئەو خەونە ئەفسانەییەی ئەوانم هەبێت، کە دەیانویست لە نهێنی سفرەوە (نەوەک ژمارە یەکەوە) بگەنە ئەو خەیاڵە بێ سنوور و بێ مەودایەی دەیتوانی جارێکی تر ژیان لە وشە و وێنەدا بخوڵقێنێتەوە، بەو پێیەی سفر بەرجەستەکەری بوون و نەبوونە لەیەک کاتدا. ئەو شوێنەیە کە هیچ شوێنێک و هەموو شوێنێکیشە لەیەک کاتدا. بەڵام مردنی پڕ لە تەمومژ و نهێنیانەی یەک بە یەکی ئەوانەی

بەدوای سفردا دەڕۆن، ئەو بڕوایەم لا دروست دەکات کە کەسانێک هەن، دیارە ئەوانیش وەک ئێمە نەناسراون و هەوڵی لەناوبردنی ئەو دەستەیە دەدەن و دەیانەوێت ئەو کتێبە بدۆزنەوە، کە باس لە نهێنی و سیحری سفر دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بیفەوتێنن.

لە هەموو ئەوانەی بە دوای نهێنی سفردا ڕۆیشتن، تەنها باس لە سێهەم کەسیان دەکەم، چونکە ناتوانرێت گریمانەی ژمارەی هەموو ئەوانە بکرێت کە بەدوای ئەو شتەدا ڕۆشتن، کە بەرجەستەکەری بوون و نەبوونە لەیەک کاتدا، ئەگەرچی لەوانەشە ژمارەکە ئەوەندە زۆر و بێ کۆتا نەبێت. سێهەم کەس شاعیرێکی گۆڕغەریبە، بەوەی ڕووە و ئەستەمبوولّ دەڕوات و هەرگیز ناگەڕێتەوە و بە نالی ناسراوە. دوای ئەوەی نالی ڕێگایەکی پڕ پێچوپەنا دەگرێتەبەر، تا سەفەرە نهێنییەکەی ئاشکرا نەبێت، کە بە نیوە دوورگەی عەرەبی و وڵاتی شامدا تێدەپەڕێت، دەگاتە ئەستەمبوولّ تا مردن لەو شارەدا دەمێنێتەوە.

بەپێی گێڕانەوەکان، دوای ئەوەی نالی دەتوانێت لە بەیازێکدا، بەشێک لە نهێنی ئەو ژمارە جادوویە بدۆزێتەوە (نەوەک هەمووی)، لە ترسی ڕێگر و شوێن پێ هەڵگرانی، لە ناو قەسیدەیەکدا، دەیشارێتەوە و دەینێرێتەوە، بەڵام میرنشینەکە توانای ئاشکراکردنی نهێنی ئەو قەسیدەیەی نابێت تا بەفریای ڕووخانی خۆی بکەوێت.

لەوانەیە زۆر کەس وای بۆ بچێت کە ئەگەر نالی یەکێک بووبێت لەو دەستەیە، ئەوە دەیتوانی خۆی بگەڕێتەوە و نهێنی سفر لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە، نەوەک هەتا هەتایە لە دێری قەسیدەیەکدا بیشارێتەوە و کەس توانای کردنەوەی کۆدەکانی نەبێت و دواجار لەناویش بچێت. بەڵام ئەوانەی گومانێکی وا دەکەن، نازانن کە مرۆڤ شوێنی ئەو شەڕە بێ ئامانەیە کە ژمارەکانی تر لەگەڵ سفردا دەیکەن. هەربۆیە کاتێک نالی لە ڕێگای بەیازێکی کۆنەوە دەگاتە (سفر)، لە ترسی (یەک) و سفرکوژان، دەبوایە خۆی ون بکات، کە جەمال عیرفان نەیتوانی و زوو کوژرا.

پشیلەیەک دەمیاوێنێ

فەرۆخ نیعمەتپوور
(نەرویج)

ئاپارتمانەکە بەسەر تەپۆڵکەیەکەوەیە و ئەویش لە قاتی هەرە سەروەیدایە. کە سەعات لە دوانزەی شەو لادەدات، گڵۆپی ژوورەکە دەکوژێنێتەوە و لەسەر کورسی پەنای پەنجەرەکە دادەنیشێ و تا درەنگان لە شەوانی ئۆسلۆ دەڕوانێ. شار لەناو گڵۆپ و تاریکیدا ڕاکشاوە و قەراغەکانی لە شوێنێکی نادیار بزر دەبن. نیگای تێر نابێت. گەمەی گڵۆپ و تاریکی هەمیشە بۆی سەرنج ڕاکێش بووە. پاڵ دەداتەوە. بە جوانی پاڵ دەداتەوە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. گڵۆپی ژووری دراوسێکان یەک بەیەک کوژاونەتەوە. ئیتر سەرنجی ئەم ڕاناکێشن. لە ئاپارتمانەکەی ئەوبەر هەمیشە ژوورێکیان گەلێک درەنگتر لەوانی دی گڵۆپەکەی دەکوژێتەوە. ڕەنگە لەوێش کەسێک وەک ئەم تا درەنگان لە شەوانی ئۆسلۆ دەڕوانێ.

گەرچی زستانە، کەچی ئەمشەو بایەکی بەهاری هەڵیکردووە، «با»کە لە پەنجەرە بە ئاستەم کراوەکەوە خۆ بە ژوورێدا دەکا و چەندەش بزوێنەرە! زیاتر پەنجەرەکە دەکاتەوە.

«با» ئیتر بە تەواوی لە ژوورەکەدا دەکەوێتە گڕوگاڵ. دووکەڵی جگەرەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەیبا. دەیکێشێ. جگەرەکە لە تەواو بووندایە کە بە ئاستەم دەنگی پشیلەیەک دێتە گوێی.

– میاوو...!

ئەوەتەی لە بیری دێ و لە ئۆسلۆ دەژی بە شەو گوێی لە دەنگی پشیلە نەبووە. پشیلەکانی ئێرە شەوگەڕ نین. وەک مرۆڤەکان لە ناو خانووەکاندا دەژین و لە کاتی خەودا لەسەر جێگاکانیان بە دەوری خۆیاندا قەف دەخۆن و دەخەون. باوەڕ ناکات لە دوای دوانزەی شەو هیچ

پشیلەیەک لەم وڵاتە بە دەرەوە بێت.

– میاوو...!

بیری پشیلەی لای خۆیان دەکەوێتەوە. ئەو پشیلانەی وەیلانی کۆڵان و زبڵەکان بوون و بە دەرکەوتنی مرۆ خێرا خۆیان ون دەکرد. یادەوەرییەکی ئەوێ، دەنگی پشیلەی شەوانە بوو.

ئەو کاتانەی دوو نێر لەیەک گرژ دەبوون، یان نێر و مێیەک سەودایەکیان لەسەردابوو.

– میاوو...!

جارێکیان لە جادەیەکەوە تێدەپەڕی. ئاپۆرایەک لە خەڵکی بینی. نزیک کەوتەوە. سەد نەفەرێک دەبوون. لە سەربانی دوکانێکیان دەڕوانی. ئەمیش ڕوانی. دوو پشیلە، نێر و مێیەک کە دەیانویست جووت بن. چ حەشر و حەلەلایەک بوو: «دەی بە قوربانە!»... «دەی تەختی کە!»... «ئەی خۆزگەم بە خۆت!»... «ئەوە بۆ ئەوەندە دوای دەخا؟» پشیلە نێرەکە ئارام ئارام لە مێینەکە نزیک دەکەوتەوە. هەر کە ویستی لەگەڵی جووت بێت، درایە بەر بەرد. ڕێژنەی بەرد. بارانەی بەرد و پێکەنین و جرت کێشانی خەڵک. پشیلەکان چەند گورج و خێرا دەرچوون.

– میاوو...!

یان جارێکیان لە بیری دێ کە دراوسێکەیان کۆتری هەبوو. پشیلەیەک شەو خۆی بە هێلانەی کۆترەکاندا دەکاو هەر هەموویان دەخنکێنێ. دراوسێکەیان ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ. دەیزانی کاری کام پشیلەیە. لەوەوپێش چەند جارێک ڕەپێی نابوو. هەفتەیەک تەڵە و داوی بۆ نایەوە تا بیگرێ. گرتی. ئەوسا لە سێدارەی دا. تەنافێکی لە تاقەداری حەوشەکەیان شۆڕکردەوە و پشیلەکەی وەک تاوانبارێکی شەڕ لە سێدارەدا. پشیلەکە کە قەت شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، پەت لە مل و حەپەساو لەم دۆخە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و بە سەختی دەیمیاواند. میزی بە خۆیدا کرد. میزەکە وەک ئاوی فوارە، جەغز ئاسا دەڕژایە سەر زەوی.

– میاوو...!

لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە کە بە ڕاستی دەنگی پشیلەیە، یان گوێی دەزرینگێتەوە.

«بێ گومان پشیلەی دراوسێکەمانە.»

– میاوو...!

یان جارێک لە گوندێک دەیانگێڕایەوە کە پشیلەیەک حەزی لە کچانی گوند کردووە. ئەویش وەک کوڕانی ئاوایی ئێواران دەچووە سەر ڕێی کانی. هەر وەک کوڕانی ئاوایی لێیان ڕادەما و نەدەبزووت. تەنیا جیاوازی ئەو ئەوە بوو کە وەک ئەوان هاوڕێیەکی نەبوو لە گەڵیان بدوێ. جار جارە بە پەنجەکانی مێشەکانی دەتاراند و بە زمانی لێوەکانی خۆی دەلستنەوە. کچەکان دەتریقانەوە. نیگایان بەڕێ دەکرد. بە ئەنقەستیش لە کاتی هەڵگرتنی گۆزە ئاوەکانیاندا کەمێکیان بەسەر و سینگی خۆیاندا دەڕژاند. کراسەکە بە لەشەوە دەچەسپێ. ئیدی گەنجەکان شێتتر دەبوون. لەم کاتانەدا پشیلەکە هەڵدەستایە سەر دوو دەستی و گەردنی دەکێشا. سەر ئەنجام ڕۆژێکیان پێیان زانی و بەر بەردیان دا. وتیان ئەوە جنۆکەیە لە پێستی پشیلەدا. بڕیاری کوشتنی درا، کێ دەوێرێ جنۆکە بکوژێ؟ بەڵام ڕۆژێک کوژرا. کەس نەیزانی کێ بوو. کەلاکەکەی لە سەلوێنکی ئاوایی بینرایەوە. هەموو کەس دەیگوت پشیلەکە مرد، بەڵام بێ گومان جنۆکەکە هەر زیندووە. جنۆکە نامرێ.

– میاوو...!

لە خوارەوە لەسەر جادەکە، ئەو جادەیەی وا بەرەو ئاپارتمانەکە دەهات، سەمای بە پەلەی گڵۆپێکی زەرد و شین سەرنجی ڕاکێشا. دەڕوانێ. ماشینی پۆلیس. سەیارەکە لە بەردەم ئاپارتمانەکەدا ڕادەوەستێ. دوو پۆلیس دادەبەزن. یەکیان بەبێ تەل خەریکی قسە کردنە. ئەم هیچ تێناگا. ترسێک دایدەگرێ. چ بووە؟ کێ کوژراوە؟ یان دزراوە؟ لەوەی کە تا ئەم کاتەی شەو بەخەبەرە، پەشیمانە. نەکا بە جۆرێک تاوانبار بکرێ. دەیەوێ گلۆپەکە بکوژێنێتەوە، بەڵام ئیتر درەنگە. ڕەنگە کوژاندنەوەی گلۆپەکە، سەرنجی پۆلیسەکان ڕاکێشێ.

– میاوو...!

ئەوسا کتوپڕ ئۆتۆمۆبیلێکی فریاکەوتن و ماشێنێکی دیکەی پۆلیس پەیدا دەبن. لە پاڵ ئۆتۆمۆبیلی یەکەمدا ڕادەوەستن. «نەکا شوێنێک سووتابێت و من ئاگام لێ نەبێت!» ترسێکی خراپتر دایدەگرێ. کاتێک ئەم ئاپارتمانانە دەسووتێن، لێ دەرباز بوونیان گەلێک زەحمەتە.

دەیەوێ هەستێ و بچێ سەیری کۆریدۆرەکە بکا، بەڵام

شتێک ڕایدەگرێ. گەر سووتان هەبا، دەنگیش دەبوو. ئەمشەو بە پێچەوانەوە، یەکجار بێدەنگ بوو. بێ تەلەکە خامۆش دەبێ و پۆلیسەکان و ماشێنی فریاکەوتنەکە بەرەو پشتەوەی ئاپارتمانەکە سوڕ دەخۆن. بە پەلە دەچێتە کۆریدۆرەکە و لە پەنجەرەی ئەوێندەرەوە لە پشتەوە دەڕوانی. بینی پەیژەیەک لە ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتنەکەوە بەرز کرایەوە. بەرز بەرز تا نهۆمی چوارەم، ئەو شوێنەی کە بە مەبەستی نوێ کردنەوەی ئاپارتمانەکە داربەست کرابوو. ماوەیەکی خایاند. دەنگی پشیلەکە تا دەهات زیادی دەکرد.

– میاوو... میاوو... میاوو...!

ئەوسا ئەوەی لە پلەی هەرە سەرەوەی پەیژەکەدا بوو، دەستی ڕاداشت و شتێکی هەڵگرت.

شتێک وەک پشیلە. ئا پشیلە بوو. دواتر کابرایەکی مۆبایل بە دەستی بینی کە لە پاڵ پۆلیسەکان ڕاوەستابوو. بێ گومان ئەو ڕێبوارە بوو کە دەنگی پشیلەکەی بیستبوو و تەلەفۆنی بۆ بەشی فریاگوزاری و پۆلیس کردبوو.

پشیلەکە خرایە ناو جەعبەیەکی تایبەت و سواری ئۆتۆمۆبیلەکە کرا. کە ماشێنەکان لەسەر پێچی جادەکە ون بوون، دیسان ئەم هەستی بە دەنگی پشیلە کردەوە. دەنگی سوپاسی ئەو پشیلەیە بوو، یان پشیلەیەکی گرفتاری دیکە؟ تەلەفۆن بکا، یان نەیکا؟ دەستی بۆ تەلەفۆنەکەی برد. لە تەلەفۆنەکەدا باسی بەردەباران کردنی پشیلە و جرت لێدان و لەسێدارەدانی دەکردن. باسی کرد کە چۆن جنۆکە نامرێ. کە چۆن...

٢٠٠٨/١/١٣

ژەهر

سەدات یورتداش
(ئامەد)

رۆژ.
ڕۆژ...
لێ نە- باش! نە رۆژباش!،
ئەڤ گۆتنا خوەش، ئەڤ گۆتنا شیرین، ئەڤ گۆتنا بێهنڤەکەر؛ دلڤەکەر، چاڤرۆهنیکەر، هێزجڤین، سینەرژیک، ئەز ژ تەرە نابێژم. ب لێڤ ناکم.
لەورا ژ تەرە، نە «رۆژباش!»
ئەڤ گۆتنا کو جار هەیە دکارە هەموو هشکاییان ب جارەکێ دە، ب تەسیرەک ئەفسوونی نەرم بکە. دکارە هەموو شکەستنان بڤەهەرینە.
ئەڤ گۆتنا کو بێشک، دکارە نە ناسان ناس؛ ناسان ژی نێزخاس بکە. ئێدی ژ تەرە تونە! تەقەز تونە!
تە نایێ. ئەز ئێدی نکارم ببێژم. ژ تەرە، هەو و هەو دبێژم.
دیلەڤا ڤێ گۆتنێ، ل گۆر دلێ تە: ژ تەرە؛ «نەرۆژباش!... نا- رۆژباش!.. رۆژ- نەباش!»
مینا نفرێن قەومی. ژ بۆ ئیرۆ، ژ بۆ سبە، دوسبە و ژ بۆ هەموو سبەهێن پاشەڕۆژێ: «رۆژنەباش!»
بزانبە. من دوێ سبەها هێنک، سبەها رۆهنییا بهارێ دە جارەک دن؛ جارەکە داوین، هەول دا خوە کو ئەز هەستێن خوە زەفت بکم، قەهرا خوە یا سۆربوویی سار/ هاش بکم. بێهنا خوە یا تەنگبوویی فرەھ بکم. لەورا جارەکە دن، ژ تەرە مینا هەر جار، مینا هەر سبەهێ، دیسا دەڤلکەن، دەنگلکەن، چاڤلکەن؛ ببێژم: «رۆژباش»
من ل تە نهێری. لێڤێن من ژ هەڤ ڤەبوون. پەیڤ د هەشێ من رە بهورین، چاڤێن من ل سەر تە هاتن گرێدان، دەڤ و درانێن من، پدیامن، ژ بۆ گۆتنێ ئامادە بوون. گومان دکم کو هەشێ من ژی، ژ ڤێ یەکێ رەهەما هەما رازی ببوو. دۆر هاتبوو سەر زمانێ من. زمانێ

منێ- ل گـۆر هنەکـان درێژە- کـو نـە دده پاش نە ژی دده پێش؛ دێ د نـاڤ کـــێلیـــەکێ دە، ب تـەنێ د نـاڤ وەختـەکێ، چاڤـقـرپینەکێ دە دێ بلڤـیـیـا و ئەو پەیڤـا دەسـتـپـێکا سـبـەهێن دلخـوەشکەر دێ تەڤلی هەوایێ ببوویا، خوە بگیهاندا گوهێ تە ژی و یێ من ژی. مینا هەر رۆژا کو ئەم پێرگی هەڤ دهاتن. مینا هەر سبەهێن هەڤدیتنان.

لێ مینا کو هەفت کەس، ب هەفت بەندان زمانێ من گـرێبـدن، زمـان ل من نەگـەڕیا. د دەڤی من دە وەرمی؛ هلنەهات ئەزمـانێ دەڤێ من. دەڤ و دران ل من کلیت بوون. تێلێن دەنگی من قـەرمین، هەشێ من سـەکنی. هەسـتـێن من جەمـدین. لێڤـێن من لەرزین. پەردەیەکە رەش هاتە بەرچاڤێن من. بێهنا من چکییا. پی و باسک ل من شکەستن. مچقین. تووکا من نەچوو خوار.

کـەف وکـوفک ب دەڤێ من کـەت. مـینا کـو ئەز ل عەردێ بکەڤم.

من نـکاربـوو... من نـکاربـوو... من نـکاربـوو، وێ پەیڤا هێسان؛ دو گیتە، ژ تەرە ببێژم...

لەومـا، دەڤێ من ژ ئالیـەک، درانێن من ژ ئالیـەک، بێـهنا من، چاڤی من هەشێ من ژی ژ ئالیـەک ڤـە ب بڕیاری دگۆتن:

«ئەو حەق ناکە!..»

ئو ڤـەدگەڕیان سـەر تە و ب ڤـەگۆتنا خوە د دۆمـاندن؛

«تو حەق ناکی!..»

ئەز مـات مـابووم. من نزانیـبوو ئەز چ بکم. بێـدەنگ سـەکنیم. من د ڤێ بێـدەنگیـیـا خوە دە گـوھ دا دەنگان. دەنگان ب ئاهەنگزانیـــیـــەکێ، ب هەڤ رە دگـــۆت، «نەگۆتنەک ژ دل، نە نهێرینەکە ب ئەڤین، نە ژی جۆشەکە ب هەستێن پیر و پاک و تێر و تژی حەق دکە!..»

تو ژ بۆ وان، لەومـــا ژ بۆ من ژی، تو ببـــوویی دژمنا حەرکینا چەمێ هەستێن من. تو ببوویی قادێ هەستان. تە ب قاسدییا خوە خواستبوو چاڤکانیێن هەستێن من کوور بکی، بخەتمینی. تە خواستبوو، وی چەمێ ب پی و باسک، شێلی بکی، زوا بکی، د عـەردا رەش دە بەردی و هەری.

تەڤلی چەمێ گـوڕ و هار. ئەو چەمێ کـو هین و هین ب خـوە رە ژیانا تەڕ و تەزە دبە ل دەڤـەران بەلاڤ بکە. ئەو چەمێ کو هین و هین دشۆ؛ پاقژ دکە. شین دکە، جان دده، روح دده، فەراسەت و هێڤی دده، گەلۆ نەحەیف بوو؟

لەورا بۆیاغـا رووییێ تە خـوە بەردا ژێر. تو ئەشکەرە بوویی ل نک من.

تو دەرکەتی راستێ. تو ل هۆلێ یی.

خوە ڤەنەشێرە. بێفێدەیە. تو هاتی گرتن. من رووییێ تە یێ دبن مـاسکەیان دە دیت. هەموو مـاسکەیێن تە، ژ بەر رووییێ تەرابوون. ب تەڤایی تو تێیی دیتن.

لێ لێ هەسـتکوژێ، هەتا رووییێ تەیێ ژ تە ڤـەشـارتی ژی، ژ من ڤەخویایە، روحێ تە یێ نەخوەش. روحێ تەیێ ب حیلە. تشتەک ڤەشارتی ئێدی نەمایە ل بەر من.

کا ببێژم تو چ یی؟

تو لیـسـتکڤـانەکی. مـینا ژ گـەلەکـێن وان مـاسـووم و بێگونەح خویایی و دلیزی.

تو د بن بێدەنگییا خوە دە، د بن خوەشکییا خوە دە، د بن فەدیبۆکییا خوە دە- کو مینا نازێن یاران د خوبین- ب من دلیـــزی. تو ب خـــوە، ب دەردۆرا خـــوە، تو ب دروستیا هەستان؛ ب خوەزاییا هەستان دلیزی.

تو ب فرەهیا هەوایێ، ب خوەشکیا ئاڤێ، ب تاریتیا شەڤێ، تو ب ستێرکێن عەزمانان، تو ب ستێرکێن دانێ سـبـەهێ؛ ب لەیل و مـەجنوون، ب زەمـبـیلفـرۆش و خاتوونێ، تو ب تیرێژێن رۆژا نوو هلهاتی، تو ب دلۆپێن قرا ل سەر چێژەیان، تو ب فرینا پنپنیگێن ئازاد دلیزی.

لێ پەردە ژ ســـەر رووییێ تە، ژ ســـەر تە و ژ ســـەر لیستکێن تە رابوو! ئەز نە نێچیرێ داهڤێن تە مە. ئەز نە چووکا دناڤ دەستێن تەمە؛ کو بپەرپتم.

لەورا ژ نـاڤـــا دەرەوێن تە یێن ئەڤـــینتـــژی، من هەسـتـپـازارییـا تە یا گـران، ب چاڤـێن دلان دیت و ب گوهێن دلان بهیست. لەورا ئەز ئێدی نە مینا گرتیـیەک، دیلەک، نێچیرەک بێدەرفەت ل بەر تە؛ ل بەر سەکراتا مرنێ مە.

مرووزێ خوە ل خوە بکە.

غەزابا خوە ل خوە ببارینە.

کەربا خوە د خوە دە تێکە دەر.

هێرسا خوە د خوە دە هاش، ئێشا خوە دخوە دە باش بکە.

نەخراتە خوە دخوە دە بقەدینە. نەڕژینە ل سەر دنێ. ل دەردۆرا خوە. ب وێ دە هەڕە! نەڕژینە سەر من ژی...

هەڕە!...

گـەر دکـاری، ئاوڕێن خـوە یێن ژ ئاگـرێ نەشـووشـتی ئافری، باڤێژە هێلەکێ.

ژێ بفلتە. گۆتنێن تە یێن کو ب تسینیێن ماران، ب فیتیک ژ دەڤێ تە هلدپەکن، ل سەر هەڤ ببڕە.

یان نا ئەڤ نـە یەکـــە، نـە دودۆ، نە ژی چار... تە هەمـوو تخـووب دانە بەر لنگان. لنگێن تە ئێدی عـەیبـا رووبان ناس ناکن.

لێ هەر تشت... هەتا دەرەکێ...

ئەو کەرت، ئەو نەقەب، ئەو بهورک ب شوون دە مان. ژ بۆ من و تە، لەورا ئەز ب راســتی ژی ئێــدی نکارم ببێژم...

ئەز نکارم تە و رووبێ تە یێ ب ماسک، بێگۆتنیا تە یا ب هەســتــبــازار، داهڤــێن تە یێن جــووربەجــوور، غەیدۆکیبا تە یا بێحەساب خوەش ببینم.

لەورا رۆژ ژی ژ تەرە، باشی- نە باشی ژی ژ تە رە.

لێ دل چاوا بکوتە، مــرێکا دل ژی وەلێ خــویا دبە. وەلێ ئۆلان دده، شـەوق دده، شـەول دده، دەنـگ ڤـەدده. مینا چنینان.

تە تۆڤـــێن ژەهرێ چانـدن. بڤێ نەڤێ، دێ تو ژی شتلێن ژەهرێ بچینی.

لەورا دجهێ خاتر خوەستنێ، برێکرنێ، ئۆغـردایینێ؛ دجهێ رۆژباشـا پیرۆز دە؛ هلدە فێکیێن خوە، فێکیێن خوە یێن ژ ژەهرێ:

«رۆژ- ژەهر»

ئەڤ کـورتە چیـرۆکـە ژ پەرتووکـا «کـەڤـۆکـا خـەیالی» رووپەلێن (٥١- ٥٤) هاتیــە وەرگــرتن کــو ل ســالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆل هاتبوو چاپکرن و ل ژێر هەژمارا (٦٠) یا بەلاڤکریێن وەشانخانە یا (ئەلما).

ســـەدات بورتداش، ل ســـالا (١٩٦١)ێ ل دیاربەکـــرێ ژ دایکبـــوویە، خـــوەندنا ســـەرەتایی و ناڤین و ئامـــادەیی هەر ل دیاربەکرێ تەمام کریە، دوو رە کۆلیژا ماف ل زانینگەها ستەنبۆلێ خـــوەندییـــە و پاشـــان ژی ب کـــارێ پارێزەریێ رابوویە ل باژارێ دیاربەکرێ. ب کوردی و تورکی دنڤیسینە و بەرهەمێن خوە ژی بەلاڤ دکـە. هەتا نوکـە چەندین پەرتووکـێن وی یێن چیـرۆک و رۆمان چاپبوونە.

(رامان)

ئەو کۆڵانەی کە شەقام دەفڕێ

خەبات ڕەسوڵی
(کوردستانی ئێران)

حەز دەکەم بتوانم وەک جاڵجاڵۆکەم لێ بێ و بە دڵی خۆم بجووڵێمەوە، بەڵام وابزانم دەبوایە من ئەو خەونەم بە جیا دیتبایە، چونکە ئێستا مامۆستای چیرۆکم و دەبێ چاوەڕێ بم چوار چیرۆکی باش لەلایەن قوتابییەکانمەوە بخوێنمەوە، بەڵام با بێمەوە سەرەتای لاپەڕە و جۆرێکی دیکە دەست پێ دەکەم. من تاوانبارم کە بەر لە حکومەتی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس ژیاوم. پەرۆیەکی ڕەش لەسەر دەموچاوم دادەنێم بای هەناسەم پەرۆکە دەلەرێنێتەوە.

پێویست بەو پێشەکییە قۆڕە ناکات، یەکسەر هەڵدەستم و دەچمە ژووری ئاوێنە. لە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕادەوەستم. نامەوێ بە ڕەوتێکی هێڵی بڕۆمە پێشێ. کەوایە چاو لە چواردەورم ناکەم چوار مەشقی دادەنیشم و چاوم دەقووچێنم. خشە خشێک دێ. پڕمەیەک، یەکیان دەڵێ پێبکەنن قاقایەکی درێژ، ئەستوور، پان. قاقاکە خڕە. قاقاکە نەرمە، بەپشت ململدا شۆڕدەبێتەوە نێو پشتم. پێم سەیرە ئەوە قاقایە، یان ڕشانەوەیە. چاو هەڵدێنم ئاوێنەکان هەموویان دوو چاویان هەیە و چاوم لێ دەکەن. هەموو پێکەوە قاقا پێدەکەنن. دەنگی قاقاکەیان دەڵێی سەدان بزنن و پێکەوە پێدەکەنن. توند گوێچکەم دەگرم و دێمە دەرێ. دەنگی مۆبایلەکەم دەبێ ئێستا ڕامچڵەکێنێ. دەنگی ڕامدەچڵەکێنێ. ئەلفە.

دەڵێ مامۆستا من ئاوا بۆ ئەو چیرۆکەی تۆ دەچم ئەو پیاوە نوێنەری مرۆڤە و پەرۆکە نەزانینە. ئاوێنەکان زانین، ئەو کابرایە ناتوانێ لە بەرانبەر ڕاستییەکانی چواردەوریدا خۆ بگرێ و بە پڕتاو هەڵدێتەوە نێو نەزانییەوە.

دەڵێم تۆ بۆ دیالۆگەکەت گۆڕیوە. دەڵێ دیالۆگی چی؟ دەڵێم گوو بە گۆڕی باوکم کە کلاسم بۆ تۆ دانا و گوو بە گۆڕی باوکت کە تۆی نارده کلاسی من. دەڵێ مامۆستا ئەو قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە. دەڵێم سەعات چەندە؟

دەڵێ سەعات ٨/٣٠ ئێوارەیە. دەڵێم ئا ئەگەر دەڵێم گوو بە گۆڕی باوکت لەبەر ئەوەیە. چاوم دێشێ. با جارێ بەس بێ قەڵەمەکە دادەنێم.

چاو لە کاتژمێرەکە دەکەم. من و خێزانم هەردووکمان کوردی ڕۆژهەڵاتین و لە باشوور قوتابی زانکۆین، هەولێر. من لە گۆڤارێکی ئەدەبی ئیش دەکەم و خێزانم لە ڕادیۆیەک ئێستا ئەو لەسەر کارە و من چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوم. دەستم داوەتە قەڵەم و دەمەوێ خۆم بنووسمەوە، بەڵام ئێستا کاتی گەڕانەوەیەتی. لە ئێوارەوە تەماتە و کولەکەم قاش قاش کردووە، بەڵام دەستم بۆی ناچێ و پێم خۆشە پێکەوە بیخۆین. تەلەفۆنم بۆ مۆبایلەکەی کرد، گوتی شارژم تەواو بووە و ناتوانم زۆر قسە بکەم. ئەو هەموو کاتێک لە بیری دەچێ مۆبایلەکەی شارژ بکات. من جارێ چاوەڕێم، بۆیە دیسان چیرۆکەکەم درێژە پێدەدەم تاکو ئەو دێتەوە و نان دەخۆین. بە پەڕۆیەکی ڕەش دەموچاوی داپۆشیوە. بای هەناسەی بە هێواشی پەڕۆکە دەلەرێنێتەوە. لە پڕ پەڕۆیەکە لەسەر دەموچاوی لادەبا و هەڵدەستێتە سەر پێ. بەرەو دەرگاکە دەچێ و لە ژوورەکە دەڕواتە دەرێ و یەک ڕاست دەچێتە ژووری ئاوێنە.

دەرگاکە دەکاتەوە، دەچێتە ناوەڕاستی ژوورەکە. چواردەوری ئاوێنەیە. چواردەوری. چاو لە چوار دەوری دەکا و خۆی لە چواردەوریدا دەبینێ. چاو لە بن میچەکەش دەکات و خۆی دەبینێ کە چاو لە میچەکە دەکا و چاو لە ئەرزەکە دەکات و خۆی دەبینێ کە چاو لە ئەرزەکە دەکات. نازانێ چ دەکات. دێتە دەرێ و دەچێتەوە شوێنی پێشووی و پەڕۆ ڕەشەکە بە دەموچاوی دادەدات. ئەو تەنیا دوو ژووری هەیە ژوورێک کە تەنیا کورسییەکی تێدایە و ژوورێک کە هەمووی ئاوێنەیە.

ڕوو دەکەمە قوتابییەکان دەڵێم. ئەوە ئەو چیرۆکەیە کە دەبێ درێژەی پێبدەن. من دەمەوێ سبەینێ کە هاتمەوە. چوار چیرۆکم بۆ خوێندنەوە هەبێ. لە کلاسەکەم دێمە دەرێ و سواری تاکسی دەبم و دێمەوە ماڵێ. دەچمە ژوورەکەی خۆم و لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم و پەڕۆیەکی ڕەش بە دەموچاوم دادەدەم. بیر دەکەمەوە. ئەمن بنەماکانی چیرۆکم بۆشی کردوونەتەوە و ئەوان دەزانن دەبێ چیرۆکێک چ تایبەتمەندییەکی هەبێ جا دەبێ بە چیرۆک. پاشان باشترین چیرۆکەکانمان پێکەوە خوێندۆتەوە و شیمان کردوونەتەوە. تۆ بڵێی سبەینێ چیم بۆ بێنن؟ من زۆرم هیوا پێیانە. پەڕۆکە لەسەر دەموچاوم لادەبەم و بەرەو دەرگاکە دەچم و دەیکەمەوە و ڕاست دێمە دەرێ و دەچمە ژووری ئاوێنە.

چاو لە چواردەوری خۆم دەکەم. لە هەر چوار لاوە من دیارم چاو لە بن میچەکە دەکەم. لە بن میچەکەدا خۆم دەبینم. چاو لە ئەرزەکە دەکەم لە ئەرزەکەدا خۆم دەبینم. چاوەڕێم جووڵەی دوای ئەوەم دەبێ چی بێ؟ دێمە دەرێ و دێمەوە سەر جێگای خۆم دادەنیشمەوە و پەڕۆیەکە بە دەموچاوم دادەدەم.

بە دەنگی مۆبایلەکەم ڕادەچڵەکم، پەڕۆکە لادەبەم و چاو لە ژمارە تەلەفۆنەکە دەکەم. ئەلفە، دەڵێ ئەلۆ دەڵێم بەڵێ فەرموو. دەڵێ مامۆستا من ناتوانم درێژەی ئەو چیرۆکە بنووسم. پێکەنینم دێ. دەڵێم بۆ ناتوانی. دەڵێ ئاخر من قەتم هیچ نەنووسیوە. دەڵێم باشە تۆ بۆ بەشداریت لە کلاسی چیرۆکنووسیدا کرد. تۆ دەتتوانی لە کلاسی مەلەوانی، یان بەرگدووریدا بەشداری بکەی، یان ببی بە فیتەر. دەڵێم ئێستا من دەبێ چ بکەم؟ دەڵێ مامۆستا، باوکم بە زۆری منی بۆ کلاسەکەی تۆ نارد. من حەز ناکەم ببمە نووسەر. تەلەفۆنەکەم دادەخەم. لە پێشدا گوو بە قەبری باوکم، چونکە کلاسم بۆ تۆ دانا، پاشان گوو بە قەبری باوکت کە بە زۆری دەتکات بە نووسەر. دەست دەدەمە کتێبێک و هەروا هەڵیدەدەمەوە. چاوم وشەکان نابینێ. دەنگی قوتابییەکە لە گوێچکەمدا دەزرینگێتەوە. لە پڕ چاوم بە وێنەیەک دەکەوێ. کابرایەک لە ژوورێکی ئاوێنەدا بەسەر سوڕمانەوە ڕاوەستاوە و چاو لە خۆی دەکات تۆ بڵێی من ئەو وێنەیەم پێشتر نەدیبێ. نامەوێ بزانم ئەو کابرایە کێیە و لەوێ چ دەکا و بۆ وا حەپەساوە.

پاش ماوەیەک دەگەڕێمەوە لاپەڕەکەی وێنەکە وا دیارە لاپەڕەکەم ون کردووە. بیست لاپەڕە لەو نزیکانە پێکەوە بە دوو قامک دەگرم و لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیدەدەمەوە لاپەڕەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و تا زۆر. ئەو وێنەیەم لە دوایین لاپەڕەکان دابینی. کابرا لە ژوورەکە نەماوە و تەنیا چواردەورێکی ئاوێنەکار لە وێنەکەدا دیارە.

من ئێستا کابرام دی لەوێ بە سەرسوڕمانەوە چاوی لە چواردەوری خۆی دەکرد. لەوانەیە لاپەڕەکەم هەڵە کردبێ. دادەنیشم و دە لاپەڕەی دیکەش هەڵدەدەمەوە، بەڵام هیچ وێنەیەکی تێدا نییە. هەر لەو باسە دەگەڕێم. تف لە هەرچی کتێب و ئاوێنە و پیاوی حەپەساوە. کتێبەکە بە ڕقەوە فڕێ دەدەمە سەر مێزەکە. لە پڕ شووشەیەک خرمە دەکا و دەشکێ چاو لە کتێبەکە دەکەم. وردە ئاوێنەیەکی زۆر لە تەنیشت کتێبەکە کەوتووە.

هەولێر - مەنتکاوە ٢٠٠٧/١٠/٨

بەسەرهاتی هەرزەکارێکی بەدفەڕ

مارک تواین
لە ئینگلیزییەوە: هومەن مەردانی
(کوردستانی ڕۆژهەڵات)

منداڵێکی لات و لووت هەبوو کە ناوی «جیم» بوو. ئەگەر کەمێک سەرنج بدەین هەمیشە هەرزەکارە بەدفەڕەکان لە کتێبەکانی ناو قوتابخانە ناوی «جیمز»یان لەسەرە، ئەو شتە زۆر سەیر بوو، بەڵام هیچی لەگەڵ نەدەکرا. ناوی ئەو بەس «جیم» بوو. دایکێکی نەخۆش و بە ئیمانیشی نەبوو کە هیوای مردن و حەسانەوەی ناو گۆڕی هەبێت و لەوەی بترسێت کاتێک بمرێت کوڕە تاقانەکەی ژیانێکی سەخت و پڕچەرمەسەری دەبێت. تەواوی ئەو کوڕە لات و لووتانەی کە لەناو کتێبەکانی قوتابخانەی ڕۆژانی یەکشەممە ناویان «جیمزە»ە سەداسەت دایکێکی نەخۆشیان هەیە کە بۆ خەواندنی ئەوان بەدەنگێکی خەمین و حەزین لایە لایەیان بۆ دەڵێنەوە و ماچیان دەکەن و لەکن جێ و بانیان چۆک دادەدەن بۆ گریان.

بەڵام شتەکە لە هەمبەر کوڕیژگەکەی ئێمە بەچەشنێکی تر بوو. ناوی «جیم» بوو و دایکیشی نە نەخۆشی سێبەڕۆی هەبوو و نە هیچ ناسازییەکی دیکە و بە پێچەوانەش زۆر قەڵەو بوو و لەجێدا ئیمانداریش نەبوو. جیا لەمە سەبارەت بەجیم زۆر خۆی ناڕەحەت نەدەکرد و زۆرجاران دەیگوت ئەگەر ملیشی بشکێت زۆر گرینگ نییە. بەزەبری شەقە زللە دەینارد ناو جێ و بانەکەی و قەتیش ماچی نەدەکرد. ڕۆژێک ئەم کوڕە بەدفەڕە کلیلی چێشتخانەی دزی و خۆی گەیاندە ئەوێ و موڕەبایەکەی خوارد و قاپی بەتاڵیشی بەقیر پڕ کردەوە تاکو دایکی شک نەکات، بەڵام هاوکات لەو ساتەدا هیچ نەپەشۆکاو سامی نەکرد و ئاوای بەخۆی نەگوت: «ئاخۆ من کارێکی باشم کرد کە بەگوێی دایکمم نەکرد؟ ئاخۆ ئەم کارە گوناح نییە؟ ئەو کوڕە بەدفەڕانەی کەموڕەبای دایکیان دەخۆن دەچنەوە کوێ؟»، ئەوسا بەچۆکیش دانەهات و بەڵێنیشی

نەدا کە لەمەبەولاوە قەت بەدفەڕی نەکات و بەدڵێکی سووک و شاد هەستایە سەر پێ تاکو بۆ لای دایکی بچێت و شتەکەی بۆ بگێڕێتەوە و داوای بەخشینی لێ بکات و لەکاتێکدا کە دایکیشی فرمێسکی خۆشی و ئەمەکناسی لەناو چاوانیدا قەتیس ماون و نزای خێری بۆ بکات، نا، ئەوکارانە شیاوی کوڕێژگە لات و لووتەکانی تر لەناو کتێبەکانی قوتابخانە ڕۆژانی یەک شەممانەن.

لەمە سەیرتر ئەوەبوو کە جیم موڕەبایەکەی خوارد و بە زمانە شڕ و کەتنکارانەکەی گوتی:

«ئای چەند بەتامە» و کاتێک قیری کردە ناو قاپەکە هەمدیسان گوتی: «چەندە خۆشە» و لەقاقای پێکەنینی دا و بیری لە ڕق و تووڕەیی دایکە پیرەکەی کردەوە وەختێک بەشتەکە دەزانێت و لەپاشان جیمیش حاشای لە کارەکەی کرد و دایکیشی تێروپڕ لێی دا. کەواتە لە بەرانبەر ئەو لە چاو جیمزە لات و لووتەکانی ناو کتێبەکانی قوتابخانەی یەک شەممانەدا جیاواز لە ئەوان هەندێ فەرتەنەی دیکەی بەسەرهات.

ڕۆژێکی دیکە بۆ دزینی سێو لە دارەسێوی جیرانەکەیان وەسەرکەوت. لقی دارەکە نەشکاو ئەویش بەرنەبۆوە سەر زەوی و دەستیشی نەشکا و سەگە گەورەکەی هاوسێیان لەت و دڕ بەدڕی نەکرد تاکو ماوەیەک لەناو جێگەو باندا بکەوێت و لەژان و ئێش وەناڵە ناڵ بکەوێت و لەکارەکەی خۆی پەشیمان بێت و تۆبە بکات و ببێت بە کوڕێکی باش و ئاقڵ!

ئاخ! نا! جیم ئەوەندەی ئیشتیای لێ بوو، سێوی لەدارەکە کردەوە و بێ هیچ گرفتێک هاتە خوارەوە. لەلایەکی دیکە سەگەکە کە دەیەویست قەپی لێ بگرێت بە بەردان ڕاوی نا. زۆر سەیر و سەمەرە بوو. قەت ڕووداوی ئاوا لەم کتێبە جوان و ڕازاوانەدا نابینرێت کە بە بەرگی زۆر جوان نەخشێندراون.

بۆ ڕۆژێکی دیکە چەقۆی مامۆستاکەی لە قوتابخانە دزی و بۆ هەڵاتن لە لێدان، خستییە ناو کاسکێتی ژۆرژ ویلسۆن ئەو کوڕەی کە دایکی بێوەژنێکی هەژار بوو و ژۆرژ هەمیشە بە قسەی دایکی دەکرد و قەت درۆی نەدەکرد و ئاشقی دەرس خوێندن بوو. کاتێک چەقۆیەکە لەناو کڵاوەکە بەربۆوە سەر عەرزی، ژۆرژی چارەڕەش لەهەیبەتان سەری داخست و بەسەرسوڕمان لەم شتە ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو مامۆستاکەش بەوپەڕی تووڕەیی و قەڵس بوونەوە هەڵەکەی لە ئەو زانی و ڕێک قەمچییەکەی بەسەر شانەکانی ژۆرژ داداو لەناکاو نەیدیت کە لەناو قوتابییەکاندا پۆلیسێک بەکڵاوی دەستکردی سپی بەدیار بکەوێت بۆ ئەوەی کە بڵێت: «دەست لەم منداڵە نەجیبە هەڵگرن. هەڵەکە جیم کردوویەتی. من هەر ئاوا لەبەر دەرگای قوتابخانە تێدەپەڕیم و بێ ئەوەی کە ببیندرێم چاوم بە هەموو شتێک کەوت» و جیم قەت تەمبێ نەکرا و دادوەری بەڕێزیش دەستی بە ئامۆژگاری نەکرد لەبەرانبەر قوتابییەکان کە فرمێسک لەچاویاندا قەتیس مابوو و دەستی ژۆرژی نەگرت تاوەکو بڵێت کە وەها منداڵێک شایانی هەزار بارە قەڵایە و پێی نەگوت کە بێت و لەماڵە ئەودا نیشتەجێ بێت و نووسینگەی کارەکەی گەسک لێ بدات و ئاگر هەڵبکات و ئاوردوو چێ بکات و یاسا و ڕێساکان بخوێنێتەوە و یارمەتی قازی ژن بدات لە کاروباری ماڵێ و باقی کاتەکانی لە یاری کردندا بەرێتە سەر و مانگانە دەقڕان وەربگرێت، نا ئەم ڕووداوانە بەس لەناو کتێبەکاندا ڕوودەدەن، کەچی لەمەر جیم ئاوانەبوو. تەنانەت هیچ قازییەکی پیر و فێڵبازێک بۆ تێکدانی ئەم بەزمە لەوێ سەر و پۆتراکی بەدیار نەکەوت و قوتابی نموونە لێدانی وێکەوت و جیم بەمە زۆر شادبوو لەبەر ئەوەی کە جیم زۆر ڕقی لە کوڕە باش و ڕەوشت بەرزەکان دەبۆوە.

شتێکی سەیر بۆ جیم هاتەپێش. یەک شەممەیەک بۆ گەشتوگوزار بە کەشتی چوو بووە دەر. نەک نەخنکا، بەڵکو جارێکی تر کە ڕاوی ماسی دەکرد گیرۆدەی تۆفان بوو، بەڵام هەورە تریشقە لێی نەدا. ئێوە دەتوانن لەوێستاوە تاکو کریسمەسی داهاتوو گشت کتێبەکانی منداڵان لەیەکەم لاپەڕەوە تاکو بەدوایی بکەنەوە بێ ئەوەی کە تەنیا بابەتێک لەم چەشنەی تێدا بدۆزنەوە. بە پێچەوانەوە لەم کتێبانەدا شتی لەم جۆرە دەخوێننەوە کە کوڕێژگە لات و لووتەکان کە یەک شەممانە بەکەشتی دەچن بۆ سەیران، گشتیان نوقم بوون و خنکاون و تەواوی ئەو کوڕێژگە بەدفەڕانەی کە لە کاتی ماسیگرتن گیرۆدەی تۆفان دەبن سەتاسەت بەهۆی هەورە تریشقەوە تێدا چوون.

کەشتییەکانی هەڵگری کوڕێژگە لات و لووتەکان لە ڕۆژی یەک شەممەدا هەمیشە سەرەونخوون دەبن و تۆفان

هەمــوو کـات ئەو سـاتانە سـەرهەڵ دەدات کـە کـوڕانی بەدفـەڕ لەوەها ڕۆژێکدا دەچنە ڕاوەمـاسی. ئەوەش کـە چلۆن هەمیشە جیم لە ڕووداوەکان ڕزگاری دەبێت بۆ من یەک نهێنییە.

لەژیانی جیم شتێکی سەیر هەبوو و بێ گومان هۆکاری بەدوور بوونی لەم گـشت مـەینەتیـانە هەر ئەوەش بوو. هیچ شتێک نەیدەتوانی زیانی پێ بگەیەنێت و تەنانەت لە جیاتی نان، بەستەیەک تووتنی دەدا بە فیلەکەی ناو پارکی ئاژەڵان و فـــیلەکـــەش بەخـــەرتوومی ســـەری نەدەشکاند. پاشـان جـیم دەچووە لای چەکـمـەجـەکـان بۆ دۆزینەوەی ئارەق دەگەڕا، بەڵام بە ڕێکەوت شتێکی زیان هێنەری نەدەخـواردەوە. چەکی باوکی دەست دەدایە و لە ڕۆژانی قـەدەغـە کـراودا بۆ ڕاو دەچوو. چەکی لەدەست دەرنەدەچوو و سێ چوار قامکی سەقەت نەدەکرد.

لەکـاتی قـەڵس بوون بەمـست وەردەگـەڕایە سـەر و گوێلاکی خوشکە بچووکەکەی و بەدرێژایی هاوین نەخۆش نەبوو تاوەکو لەحاڵێکدا کە زمانی بەپاڕانەوە و لالانەوە کردووە و خەم و خەفەتی دوو چەندان درەدەخات گیانی دەربچێت. نا، قەت وەها شتێک لەبۆ ئەو نەهاتە پێش.

ڕۆژێک لەماڵێ هەڵات و چووە کەناری دەریا و لەکاتی گـەڕانەوەدا، گـشت ئەندامـانی بنەمـاڵەی لە ئارامی گۆڕستاندا نەدیت و ماڵی منداڵی بە قەرەچێوەکەی ڕەز لەمـاڵی وێرانیـدا نەبینی، ئەسـڵەن شـتی وای نەدیت! بەڵکو بە خۆشییەکی زۆرەوە ڕووی لە ماڵێ کرد و هەموو شتێکی لەسەر جێگەی خۆی دیت.

جیم گەورە بوو و ژنی هێنا و خاوەنی دەیان منداڵ بوو و بە زۆر جۆرە فێڵ و تەڵەکە و درۆ و دەڵەسان پارەیەکی زۆری پەیدا کـرد و هەنووکـە گـەورەترین کـاڵاوچی و فێڵبازی ناوچەکەیە، بەڵام هاوکات جێگەی ڕێزی گشت خەڵکە و ئەندامی لیژنەی نوێنەرەکانیشە.

سەرچاوە:

The complete short stories of Mark Twain.

ئاماژەیەک

لە ژمارەی (١٣٠)دا چیرۆکێکی ئیدگار ئالان پۆ-مان بڵاوکردبوویەوە کە لە ئینگلیزییەوە بەرێز حەکیم کاکەوەیس وەریگێڕابوو، بەداخەوە لە کاتی چاپ کردندا سەرچاوەکەی پەڕیبوو کە ئەمەی لای خوارەوەیە:

Edgar Allan Poe Stories
ISBN 0 - 448 - 13043 - 2 Library Edition
Copyright 1961 The Platt and Munk Co.
Newyork 10

مەسعوود بینەندە «سەرنووسەری گۆڤاری زریبار لە شاری مەریوان»: گلۆبالیزم هەل و دەرفەتی مەزنی بۆ شوناسی کوردی ڕەخساندووە، بەلام هێز و توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ فەرهەنگ و زانیاری جیهانی لە ناو کۆمەڵگای کوردی پێک نەهاتووە

ئا: عادڵ محەمەدپوور
(مەریوان)

مەسعوودی بینەندە چالاکوانێکی ماندوونەناسە کە بێ وچان لەبواری کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ڕۆژنامەنووسیدا خەریکی خوێندن و نووسین و هەوڵدانە. تەوەری ئەم هەڤپەیڤینەمان تایبەتە بە شوناس و چیەتی سووژەی کوردی، باسی ڕۆژنامەنووسی بۆ دەرفەتێکی تر دادەنێین.

زریبار گۆڤارێکی کوردی- فارسییە کە لەکوردستانی ئێران دەردەچێت و بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و سیاسی بە خۆوە دەگرێت. ئەم گۆڤارە بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەیی- شیکاری بەڕێوە دەچێت و هەر ژمارەیەک دۆسێیەکی تایبەتی بۆ ڕەچاو دەکرێت. خاوەنی ئیمتیازی زریبار عادڵ محەمەدپوور و سەرنووسەری مەسعوود بینەندەیە و بەڕێوەبردن و هەڵسووڕانی کاروباری گۆڤارەکە بە هاوکاری دەستەی نووسەران کە بریتین لە حەمزە محەمەدی و عەلی دڵاوێز بەڕێوە دەچێت.

گۆڤاری زریبار لەچوار پارێزگای کوردنشینی ئێران (کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئیلام و کرماشان) بڵاودەکرێتەوە و بەشێکیشی بۆ ناوەندی ئێران (تاران) و هەروەها زانکۆکانی ئێران و ناوەندە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانی باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات دەنێردرێت. دۆسێیە بڵاوبووەکانی گۆڤاری زریبار تا ئێستا ٥٣ ژمارە لەشێوازی مانگانە و ١١ ژمارەی لەخولی تازەدا بەشێوەی وەرزنامە بڵاوکراوەتەوە.

* پێم خۆشە لە زاری خۆتەوە بە کورتی لەسەر ئەتۆبیۆگرافی خۆت قسەمان بۆ بکەیت؟

– من لەساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لەشاری مەریوان لەدایک بووم. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە شارەکانی سنە و مەریوان کۆتایی پێ هێناوە. دواتر تا پلەی بەکالۆریۆس وانەی فیزیام لەزانکۆی زەنجان خوێندووە، هەروەها پلەی ماستەرم لەبواری کۆمەڵناسیدا لەزانکۆی تاران تەواو کردووە.

* ئێستا لەچ بوارێکدا و بە چ ئاراستەیەک دەنووسن و بەرهەم و پرۆژەی تایبەتیتان چییە؟

– من زۆرتر لەبوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئەندێشەی سیاسیدا کارم کردووە و پرۆژەی سەرەکیم دەستپێکی کتێبێکە، ڕەچەڵەکناسی سووژە (ناسکار)ی کوردییە، واتە شیکاری بەستێن و دۆخی زەینی و عەینی سەرهەڵدانی سووژەی کورد– ئەم پرۆژەیە چەند ڕەهەندی جیاواز بەخۆوە دەگرێ؛ ڕەهەندی یەکەم: ڕەهەندی فەلسەفییە. لێرەدا هۆکار و بەستێنی زەینی وەکو پێکهاتەی چەمک و ئاوەزی پێوەندیدار بە سەرهەڵدانی سووژەی کورد دێتە بەر باس. دواتر ڕەهەندی کۆمەڵناسانەیە کە لێرەدا بەستێنی کۆمەڵایەتی و تەواوی ئەو پێوەندی و هاوگرییە کۆمەڵایەتییانە کە بنەمای نەتەوە و شوناسی کوردییان هێناوەتە ئاراوە، دێتە شرۆڤە کردن. هەروەها لە ڕەهەندی سیاسیدا دەسەڵات و ناوەندی سیاسی و پێوەندی لە بەرهەمهاتنی سووژەی سیاسی کورد لێکدەدرێتەوە.

* مەبەست لە سووژە چییە؟ سووژەی کورد چ واتایەکی هەیە و چۆن دەتوانین ئەم دەستەواژەیە لە پێوەندی لەتەک نەتەوە و شوناسی کورد بخوێنینەوە؟

– سووژە (Subject) بەواتای فەلسەفی، زەین، یان توانستی زەینی دەگرێتەوە کە توانای ناسینی هەبێت و بەم پێیە خۆی لە بابەتی ناسین واتە (Objest) جیا بکاتەوە. ئەم چەمکە لە ناوەندی گوتاری فەلسەفەی خودئاگایە و زۆرتر لەلایەن ئەوانەوە بایەخی پێدەدرێ. ڕەوتە فەلسەفییە جیاوازەکان هەرکام خوێندنەوەیەکی تایبەتییان بۆ سووژە هەیە بۆ نموونە: ئایدیالیستەکان سووژە بە سەربەخۆ و خودموختار دەناسێنن، هەربۆیە

بنەماخوازان و پاش بنەماخوازان سووژە بە دەستکرد و بەرهەمی پێکهاتەکان دەزانن و ئیرادە و سەربەخۆیی و بەرپرسیارەتی لێ دادەماڵن.

ئیرادەیەکی ئیستیعلایی (Transcendental) بۆ مرۆڤ ڕەچاو دەکەن و هەبوون و مەعریفە و تەواوی شتەکان بە بەرهەمی بێ ئەم لاولای سووژە دادەنێن. لەم بوارەشەوە لەنێو ئایدیالیستەکاندا جیاوازی هەیە و هەندێکیان وەکو ئایدیالیستە ڕادیکاڵەکان بایەخ بە ئەزموون و جیهانی واقیع (Real) نادەن و هەندێکی دیکەیان وەکو ڕەوتی ئایدیالیسمی عەینی تا ڕادەیەک ئەزموون و فاکتەکانی جیهانی واقیع ڕەچاو دەکەن.

بنەماخوازان و پاش بنەماخوازان سووژە بەدەستکرد و بەرهەمی پێکهاتەکان دەزانن و ئیرادە و سەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتی لێ دادەماڵن. کۆی ئەو ڕوانینانە بۆ سووژە لە چوارچێوەی دوو ڕەوتی گەوهەرخوازانە (Essentialism) و پێکهاتووخوازانە (Constructivism)دا پۆلێنبەندی دەکرێن. ڕوانگەی یەکەم سووژە بە دیاردەیەکی زاتی (Essential) دەزانێت کە خۆی لەخۆیدا هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە. ڕوانگەی دووەم سووژە بە دەستکرد دەزانێت و باس لە پێکهاتنی لە ڕەوتێکی دیاریکراودا دەکات. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە سووژەی کوردی دیاردەیەکی زاتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی دەسکردە و بەرهەمی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەتە و لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا سەری هەڵداوە. لێرەوە سووژەی کورد دەبێتە خاڵی سەرەکی و بەردی بناغەی نەتەوە و شوناسی کوردی. کەوایە تەنیا کاتێک دەتوانین باس لە شوناسی کوردی و نەتەوەی کورد بکەین کە سووژەی کورد لە ئارادا بێت و بەواتایەکی تر سەری هەڵدابێت.

* ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد لە باری مێژووییەوە چۆنە؟ واتە ئەو قۆناغە مێژوویانە کە سیمای سووژەی کوردی تێدا ئاشکرا بووە کامانەن؟

– ئەگەر چوار قۆناغی: دێرین،کلاسیک، مۆدێرن و پاش مۆدێرن لەبەرچاو بگرین، لە قۆناغی یەکەمدا ناتوانین قسە لە سووژە و شوناسی کورد بکەین، بەڵام لە قۆناغی کلاسیکدا کە پرپشکی گۆڕانکارییە پیشەیی و ئابوورییەکان لە ڕێگای کۆلۆنیالیزمەوە دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەنگاوە سەرەتاییەکانی پێکهاتنی

سووژەی کورد دەست پێدەکات. لەم سەردەمەدا کۆڵۆنیالیزم بە پشتیوانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی مرۆڤی کورد وەکو دیتری پێناسە دەکات. مرۆڤی کورد بۆ یەکەم جار لەمێژوودا لەبەرانبەر ئاوێنەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە خۆی دەبینێتەوە و سیمای خۆی بەشێوەیەکی تەماوی و ناتەواو دەدۆزێتەوە. پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسانە لە مرۆڤی کورد پێناسەیەکە کە ئاماژە دەداتە دواکەوتوویی، ناشارستانیەتی و ئەبنۆرمالبوونی مرۆڤی کورد و ئەوەش بێ ئەم لاو ئەولا پێویستی سیاسەتی بەکۆلۆنیکردن و بە شارستانی کردنی کورد دەخاتە بەرباس. واتە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی، گوتاری سەرکوت و ڕاگرتن و نۆرمالیزەکردنی کوردی دەکەوێتەوە، کە ئەوەش لە ڕێگای سەرکوت و زەبر و زەنگەوە جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا ئیستراتیژی دەسەڵات سەرکوتکاریی جەستەیی و قتکردنی فیزیکییە، بەڵام هێشتا توانەوە و ئەسیمیلاسیۆنی بە دواوە نییە. کەواتە چەمکی جیاوازی هێشتا بۆ کورد پێک نەهاتووە و سووژەی کورد تەنیا لە هەمبەر دیترییەکی سەرکوتکاردا دژکردەوە دەنوێنێ. ئەم دیترییە تەنیا سامان و سروشتی کوردستانی دەوێ و نایەوێ کە هەبوونی کورد تێکبشێوێنێ، یان دەستکاری دۆخی ڕۆحی و دەروونی کورد بکات. هەربۆیە سووژەی کورد لێرەدا چەمکی جیاوازی بە باشی ناناسێ و کاتێکیش لە هەمبەر سەرکوتکاریدا بەرگری دەکات، دەست بۆ گوتاری جیاوازی ڕاناکێشێ، بەڵام لە قۆناغی مۆدێرندا و لەکاتی پێکهاتنی دەوڵەتە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دابەشبوونی قەوارەی کوردی، سەردەمێکی نوێ بۆ سووژەی کورد دێتە ئاراوە. لێرەدا دەوڵەت/ نەتەوەکان جێگای کۆلۆنیالیزم دەگرنەوە و سیاسەتی سەرکوت بەگوتارێکی نوێ دەبەنە پێش. گوتاری دەوڵەت/ نەتەوە بە ئیستراتیژی توانەوە و ئەسیمیلەکردن سەرکوتی جەستەیی و فیزیکی درێژە دەدات و زێدەتر لەوەش بە ئیستراتیژی فەرهەنگی و زمانی هەوڵ بۆ توانەوە و سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی سیستماتیک دەدات. لێرەدایە کە سووژەی کورد جیاوازی دەناسێت و دەتوانێت

ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد تەواو نابێت و ئەم ڕەوتە لە پێکهاتن و گۆڕانکاری بەردەوام دایە. کەواتە ناتوانین دەست لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی دابنێین کە لەوێدا سووژەی کوردی بە تەواوی بەرهەم هاتبێت.

لەنێوان سەرکوتکاری و جیاوازیدا پێوەندییەکی واتادار ببینێتەوە. هەربۆیە لە هەوڵی دژکردەوە و بەرگریدا دەست بۆ چەمکی جیاوازی ڕادەکێشێ و ئەو چەمکە دەکاتە سەنتەری ڕووبەڕووبوونەوە و بەرخۆدان.

قۆناغی پاش مۆدێرن کە قۆناغی جیهانیبوون و سەردەمی سیاسەتی میدیا و هەڵسووڕانی زانیاری پەرەسەندنی ڕاگەیاندنە، مرۆڤی کورد لەوێدا ڕەهەندێکی دیکە لە چەمکی جیاوازی دەناسێت و واتای ڕووت و ڕەها تاکڕەهەند لەجیاوازی دادەماڵێت. لێرەدا سووژەی کورد جیاوازییەکانی دیکە دەبینێت و بەدوای ئیستراتیژییەکی جیهانگیر و گلۆبالدا دەگەڕێت کە بتوانێت بە پاراستنی جیاوازی خۆی هاوکات هاوگرتوویی و بەشداری خۆی لە سستمی جیهانیدا وەگەڕ بخات، واتە لەنێوان گلۆبالیزم و لۆکالیزمدا بەپێی دیالێکتیکێکی واقیع خوازانە شوناسی خۆی پێناسە بکات. لەم سەردەمەدا کورد سەرەڕای ئەوە کە لەتەک دەوڵەت/ نەتەوەدا هێشتا ڕووبەڕوویە، لە هەمان کاتدا لە هەمبەر تۆڕێکی جیهانیدا ڕوبەڕوویە، کە هیچ ناوەند و لۆژیکێکی دیاریکراوی نییە و خاوەن ئیستراتیژییەکی بگۆڕ و ناسەقامگرتووە، کە سەرەڕای وەدیهێنانی هەل و دەرفەتی گونجاو، قەیران و ڕکەبەرییەکی سەخت و دژواری بۆ نەتەوەکان خوڵقاندووە.

هەروەها دەسەڵاتی مۆدێرنیتە لە ڕێگای گوتارە سەرەکییەکانی خۆیەوە واتە لیبرالیزم، مارکسیزم و کۆنسرڤاتیزم، لە پێکهێنانی سووژەی کوردیدا دەوری گرنگی گێڕاوە. ئەم گوتارانە سووژەیەکیان پێکهێنا کە لە چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی وەکو پێکهاتەی دەوڵەت جێگیر ببێت و خۆی بەپێی شوناسێکی جیهانی پێناسە بکات. ئەم شوناسە جیهانییە لە ڕاستیدا هەمان جیهان زێدی لیبرالی، کۆمۆنیستی و ئایینی بوو کە وەکو یوتۆپیایەک لەبەردەم ئەم سووژەیەدا دانرابوو. سووژەی پێکهێنراوی ئەم گوتارانە لە ئاکامدا لەنێو یوتۆپیای بەرئاماژەی ئایدۆلۆژیدا دەتوایەوە و دەسەڵاتێکی جیهانی گشتگیری پێک دەهێنا.

تەکنۆلۆژیای دەسەڵات لە شێوازە جیاوازەکانیدا پرۆژەی

ڕاهێنان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی نوێی وەئەستۆ گرتبوو و نوێبوونەوە و ڕاهێنانەوەی مرۆڤی کورد بەشێک بوو لەم پرۆژەیە کە لەلایەن دەوڵەت- نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە وەکو نوێنەری ڕێبازە سەرەکییەکانی چاخی مودێرن بەڕێوەچوو. هەرچەند دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی گوتاری مودێرنیتەدا دەستیان دابووە پرۆژەی نەتەوەسازی، بەڵام خۆیان لە مودێرنیتە لەشێوازی گشتی و دەروونی بەدووربوون و بەوتەی مارشال بێرمەن تووشی چەشنێک «مودێرنیزمی پەرەنەسەندوویی» یان مودێرنیزمی دواکەوتوانە هاتبوون.

* سووژەی کورد و بەگشتی نەتەوەی کورد لەم سێ قۆناغە مێژووییەدا چۆن هەڵوێست دەنوێنێ و بەرگری دەکات؟ واتە ئەو ئیستراتیژ و دەسەڵاتە کە کورد بۆ خۆدەربڕین و خۆڕاگرتن هانای بۆ دەبات کامانەن؟

- تەکنیکە سیاسییەکانی دەسەڵات لە قۆناغی کلاسیک و مۆدێرندا تا ڕادەیەکی زۆر لێک جیاوازن. لە قۆناغی کلاسیکدا میکانیزمی ئەم تەکنیکانە چەشنێک ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکوتکاری جەستەیی و فیزیکییە، کە لەچوارچێوەی بەندکردن، ئەشکەنجە، کوشتن و شاربەدەرکردندا خۆی دەنوێنێ. ئیستراتیژی سەرەکی دەسەڵات لەم قۆناغەدا سەرکوتکارییە، بەڵام ئەم سەرکوتکارییە خاوەنی دوو تایبەتمەندی گرنگە:

یەکەم، پێوەندییەکی ئەوتۆ و هەمەلایەنەی بەچەمکی جیاوازییەوە نییە. واتە هێشتا سەرکوتکاری نەیتوانیوە چ وەکو هۆکار و چ وەکو بەرهۆ پێوەندییەکی بنەمایی بە جیاوازییەوە دروست بکات. دووەم. سەرکوتکاری زۆرتر بەپێی میکانیزمێکی فیزیکی و دەرەوەیی بەڕێوە دەچێت و هیچ کاریگەری و تێهاوێشتنێکی دەروونی و زەینی نییە، بەڵام لەسەردەمی مودێرندا تەکنیکە سیاسییەکانی دەسەڵات شێوازی سەرکوتکاری دەگۆڕنە پرۆژەیەکی گوتاری کە بە پێچەوانەی قۆناغی پێشوو، لەسەر دەروون و زەینی مرۆڤ کاریگەری دادەنێت. لەم قۆناغەدا دەسەڵات ڕەهەندێکی سوبژەساز بەخۆوە دەگرێ کە لە ڕێگای کۆنترۆڵ و دیسیپلینەوە مرۆڤێکی نۆرماتیڤ و ڕێسامەند بەرهەم دەهێنێ.

دەسەڵات لەم سەردەمەدا چەشنێک پارستەبوونی ڕێکدارانە (Disciplined) (Subordination)

- انقیاد مونزەبت- بەدی دەهێنێ و لەڕێگای دیسیپلینکاری و کۆنترۆڵەوە زەینی مرۆڤەکان دەسکاری دەکات. لەسەردەمی مودێرندا گوتار لەڕێگای خوڵقاندنی هوشیارییەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دادەنێ. ئەم هۆشیارییە لەڕاستیدا بیر ڕاگرێکە کە جێگە و پێگەی دەسەڵاتی پاراستەسازە. گوتار بە پێکهێنانی هوشیاری و جێگیرکردنی بنەماکانی دەسەڵات لەوێدا، سووژەی کۆنترۆڵکراو پێک دەهێنێ. کورد لە سەردەمی مودێرندا هەم بەرەو ڕووی سەرکوتکاری بەجێماوی سەردەمی کلاسیک بووەتەوە و هەم لە ڕێگای هێزێکی تازەوە؛ واتە گوتاری دیسیپلینکار و پارستەساز، خراوەتە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵکارییەوە. لەم سەردەمەیەدایە کە پێوەندی نێوان سەرکوتکاری و جیاوازی بۆ کورد بەشێوەیەکی ئەوتۆ و هەمەلایەنە دێتە کایەوە و سووژەی کوردی بەدەرباز بوون لە لایەنە بەرهەمهێنەرەکانی خۆی وەقسە دێت و ئارەزووی خودبوون و خودسەروەری خۆی ئاشکرا دەکات. ئەگەرچی گوتارە مودێرنەکان لە ڕێگای خوڵقاندنی هوشیارییەکی دەسکرد و هەروەها کۆنترۆڵ و دیسیپلینکارییەوە، سووژەیەکی بەرهەمهێنراویان لە کورد پێک هێنا، بەڵام ئەمە خۆی سەرەتای سەرهەڵدانی سووژەی کوردی بوو. ئەم سووژەیە کە لە ڕێگای ئایدۆلۆژییەوە لە وتنی هەندێ وتە و زاراوە نکۆڵی کرابوو، بەڵام لە ئاکامدا ئەم سووژەیە هەنگاوی نایە پانتاییە حەرامەکان و بەستێنە تابۆو نەلێکراوەکانی تێپەڕ کرد. لەسەردەمی کلاسیکدا بەهۆی نەبوونی سستمی مودێرن و چینی شارنشین، کورد پەنا بۆ سستمی سوننەتی و عەشیرەیی دەبات واتە کەڵک لەهۆز و عەشیرە و قەبارەی خێڵەکی بۆ سەرهەڵدان و بەرگری لەهەمبەر دیتران دەبات. هەروەها وەک ئاماژەمان پێدا ئیستراتیژی سووژەی کورد لەم سەردەمەدا ئیستراتیژی ڕاپەڕین و شەڕی سوننەتییە و گوتاری زاڵ گوتاری ئایینی و بەتایبەت ڕێبازی تەریقەتە، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرندا کورد ئیستراتیژی سیاسی مۆدێرن بەکاردێنێ و لەڕێگای ڕێکخراوە و حزبی سیاسی مۆدێرنەوە هەڵسوکەوتی سیاسی دەنوێنێ. هەرچەند قەبارەی خێڵ لەنێو ئەم سیستمە مۆدێرنەدا درێژ دەبێتەوە، بەڵام بەگشتی پرۆگرام و ئیستراتیژ و کەرەستەی مۆدێرن لەچوارچێوەی بیرۆکراسی و ئەقڵی مۆدێرندا دەبێتە سەرچەشنی جووڵانەوە و بزاڤە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام لەسەردەمی پاش مۆدێرندا لەجیهاندا بەگشتی ڕۆڵ و دەوری حزب کرچ و کاڵ دەبێتەوە و بزاڤە کۆمەڵایەتی و میدیا گشتگیرەکان بەچەشنێک دەبنە جڵەوداری ئاڵوگۆڕەکان. هەر بۆیە لەم سەردەمەدا لەکوردستان حزب و سازمانی سیاسی دەبێتە پاشکۆ و شوێنکەوتووی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و نوێباوانەی کە هێز و کاریگەرییان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان گەلێک زۆرتر و بەربڵاوتر لەهێز و ڕێکخراوە کلاسیکەکان وەکو دەسەڵاتە حزبی و دەوڵەتییەکانە.

* بەم باسە مێژوویە لەسەر ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد ئێستاکە دۆخی ئەم سووژەیە چۆن دەبینن؟ ئایا دەتوانین قسە لە سووژەیەکی دیاریکراوی کوردی بکەین کە خاوەنی یەک گوتار و یەک ئیستراتیژی دیاریکراو بێت؟

– سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد تەواو نابێت و ئەم ڕەوتە لە پێکهاتن و گۆڕانکاری بەردەوام دایە. کەواتە ناتوانین دەست لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی بنێین، کە لەوێدا سووژەی کوردی بەتەواوی و بە شیاوی بەرهەم هاتبێت. هەربۆیە ناتوانین جەخت لەسەر شێوازێک و گوتارێکی دیاریکراوی سووژەی کوردی بکەین و چوارچێوەیەکی سنووورداری بۆ دابتاشین. هەروەها ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد ڕەوتێکی پڕ خەسار و شپرزە بووە. بۆ نموونە لەسەردەمی کلاسیکدا هەرچەندە کورد بەرەو ڕووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی و گوتاری ڕۆژهەڵاتناسانە بووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە تەواوەتی کۆلۆنی نەبووە، لە دوورەوە و بەشێوەیەکی سەقەت کۆلۆنیالیزمی ناسیوە، هەربۆیە نەیتوانیوە زمان و گوتاری کۆلۆنیالیزم بناسێت و کەڵک لەتوانا و زانست و دەسەڵاتیر وەربگرێت. کەوایە ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر کۆلۆنیالیزم هەرچەندە یەکەم قۆناغی پێکهاتنی سووژەی کوردی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەم پێکهاتنە پێکهاتنێکی ئەوتۆ و تۆکمە نەبووە، واتە پشت بەست بەوزەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەرەسەندوو و جیاواز نەبووە. دواتر لەقۆناغی مۆدێرندا کورد لەنێوان چەند پارچەدا دابەشکرا و دەرەنجامی ئەم دابەشبوونە لە لایەکەوە زۆربوونی دەسەڵاتی دژبەری کورد و لەلایەکی ترەوە ناتوانی سووژەی کورد بوو لەوەی کە خۆی وەکو پێکهاتەیەکی تاکانە و سەربەخۆ لە هەمبەر دیترانی جیاواز و بگۆڕدا بە باشی پێناسە بکات. لێرەوە ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد چەند پارچە دەبێت و سووژەگەلێکی جیاواز بە ئەزموون و گوتاری جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم دۆخە نادیار و شپرزە کاتێک زەرەر و زیانی زۆرتر دەبێت، کە ئەم سووژەیە لە دۆخی شپرزەیی و چەند گوتاری و چەند بەرەکیدا ڕووبەڕووی ڕەوتی جیهانیبوون و تۆڕی بەربڵاو و پلۆرالی سستمی پاش سەرمایەداری دەبێتەوە. ئەمە بەو واتایە نییە کە گلۆبالیزم کێشەی بۆ کورد پێک هێناوە، بەپێچەوانەوە گلۆبالیزم هەلودەرفەتی ئێجگار مەزنی بۆ سووژە و شوناسی کوردی ڕەخساندووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هێز و توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانیاری و فەرهەنگی جیهانی لەنێو کۆمەڵگای کوردی پێک نەهاتووە و ئەمەش ئێستاکە وەکو قەیران خۆی نواندووە.

* ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە کە قەیرانێکی بۆ سووژە و شوناسی کوردی هێناوەتە ئاراوە لەچیدا دەبینن؟

– ڕێگەی چارەسەری سەرەتا لە دوو دیاردەی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەم پتەوبوون و پەرەسەندنی زمانی کوردی، دووەم پێکهاتن و بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردی. هەرچەندە ئەم دوو دیاردەیە لێک جیاواز نین و یەکتر تەواو دەکەن. ئەم دوو لایەنە دەتوانن گوتاری کوردی پێک بهێنن و ئەم گوتارەش خۆی لە خۆیدا لە پێگەیاندن و گەشەکردنی سووژەی کوردیدا دەور دەبینێت. پێگەیاندنی سووژەی کوردی لەسەردەمی ئێجگار ئاڵۆزی جیهانیبووندا، پێویستی بەپرۆژەیەکی سیاسی/ فەرهەنگییە کە پلانێکی درێژخایەن و بەهێزی بۆ نوێکردنەوە و بەهێزکردنی زمان و ڕۆشنبیری کوردی هەبێت، ئەمەش بەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی کراوە و مودێرن و بەبێ هەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەکوردستاندا جێبەجێ ناکرێت. سووژەی کوردی بۆ تێپەڕاندنی ئاقاری تەسکی ئەو چەشنە شوناسە، واتە شوناسی داخراو و ئایدۆلۆژیک پێویستە پێوەندی و هاوگری نێوان بابەتی تایبەتی و یونیڤیرسالٚ بێنێتە کایەوە. بەوتەی ڕابێرتسۆن پێویستە هەم بابەتی تایبەتی یونیڤیرسالٚیزە ببێتەوە و هەم بابەتی یونیڤیرسالٚ پاتیکیولاریزە ببێتەوە. لێرەدایە کە دژوازی نێوان لۆکالٚ

و جـــیـــهـــانی تاڕادەیەکی زۆر تاووتوو دەکـــرێ؛ ئەو دژوازییەی کە مەزنترین قەیرانی سووژەی بەرهەمهێنراوی گوتارە ئایدۆلۆژیکەکانە. جیهانی بوون تەنیا ڕەوتێکی ئابووری و سیاسی نییە، بەڵکو ڕەوتێکی مەعریفی و شوناسیشە کە پرسگرە زەینی و ئانتالۆژیکەکانی مرۆڤی تووشی گۆڕان و وەرچەرخان کردووە. سووژەی کوردی لەسەردەمی جیهانی بووندا ناتوانێ پێی لەسەر شوناسی بەرانبەرییەکان و دوانەبینانەی قۆناغی پێشوو بنێ و هەروەها ناتوانێ قەیران و دژواریيە دەروونییەکانی خۆی بە پەلهاوێشتن بۆ ئایدۆلۆژیا و گوتارە بان مێژووییەکان تاووتوو بکات. مرۆڤی کورد لە قۆناغی بازسازی و ساغکردنەوەی شوناسی خۆیدایە؛ ئەو شوناسەی کە لە ئاکامی لە پەراوێزنان و سەرکوتکارییەوە بەدی هاتبوو، ئێستاکە دەیەوێ خۆی بەپێوەندی لەگەڵ بابەتی یونیڤیرسالّ و هەروەها ڕەوتی جیهانی بووندا پێناسە بکات. دەسەڵاتی دیموکراتیک دەتوانێت کۆمەڵگای کوردی دیموکراتیزە بکات و تەواوی ئەو توخم و توانستە بەهێزانە کە تا ئێستا لە چوارچێوەی پێکهاتەی سوننەتی و سەرەڕۆخوازدا قەتیس مابوون، ئازاد بکات و بەرەبەرە گەشەیان پێبدات. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە سووژەی کوردی سەرەڕۆخواز بەرهەمی کۆمەڵگا و دۆخی سەرەڕۆخوازە و سووژەی کوردی مودێرن و پێشکەوتنخواز بەرهەمی دۆخ و کۆمەڵگای دیموکراتیکە. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لەم سەردەمەدا سووژەیەکی کوردی پێشکەوتوومان هەبێت، دەبێت تەواوی ڕەگەزە کۆنەکان کە بەرهەمی گوتارە سوننەتی و نادیموکراتیکەکانن لەگوتاری سووژەی کوردی دابماڵین و بە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد کە تێیدا سەرەڕۆخوازی، بنیادخوازی، باوک سەروەری، پیاوسالاری و حەقیقەتخوازی واتایەکی نەمێنێت و ڕێگا بۆ گەشەکردنی سووژەی کوردی ئاوەڵا بکەین.

* سوپاس بۆ بەشداریتان.

– سوپاس بۆ ئێوەش کە ئەم هەلەتان بۆ ئەم وتووێژە ڕەخساند.



عەبدولوەهاب بەیاتی:
هەموو ئەوانەی لە ئاسۆوە دەردەکەون سەراب نین

لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری

لەنێوان (٥-٨/١٩٩٥)دا لە دارولبەیزا لە مەغریب، نۆزدەیەمین کۆنگرەی ئەدیب و نووسەرانی عەرەب گرێ درا، شاعیری گەورە «عەبدولوەهاب بەیاتی» میوانی ئەم کۆنگرەیە بوو، ئەو لەناو وەفدی ڕژێمی ئەوکاتی عێراقی نەبوو کە «ڕەعد بەندەر» سەرۆکایەتی دەکرد.. بەڵکو بەیاتی سووربوو لەسەر ئەوەی ڕووبەرێک لە نێوان خۆی و وەفدی ناوبراودا بهێڵێتەوە، ئەوکات پاشکۆی ڕۆشنبیری «ئەلیساق ئەلوەتەنی» چاوپێکەوتنێکی بڵاوکردەوە کە من لەگەڵ «بەیاتی»دا سازم کردبوو، دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر ئەم گفتوگۆیە، لە ژمارەیەکی تایبەتی پاشکۆکەدا کە لە (١٩٩٩/٨/٨) بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیرەوە دەرچوو، گفتوگۆکە دووبارە بڵاوکرایەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر باوەڕبوون بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە واقیعی ئەدەبی و ڕۆشنبیری عێراقی و بۆ پاراستنی کەلەپووری شاعیری گەورەمان و هەڵوێستە فیکری و داهێنەرانەکانی، دیسان ئەم گفتوگۆیە لە «ئەلکاتب ئەلعیراقی»دا بڵاو دەکەمەوە.

(ف. ب)

لە «دارولبەیزا» لەمیانەی گرێدانی نۆزدەیەمین کۆنگرەی ئەدیب و نووسەرانی عەرەب لە نێوان (٥-١٩٩٥/١/٨) گەڕان بەردەوام دەبێت بەدوای کلیلی نوێ لە نەخشەی دیکەی ژیانی بەیاتی، «ئەبو عەلی» پرۆسەی تێکەڵبوونێکی نوێی جیهانەکەی دوا دەخست لەهەموو ئەو جارانەی کە یەکترمان دەبینی، ئەم پیاوە ڕەتی نەدەکردەوە، بەڵام جار لەدوای جار گفتوگۆکەی دوا دەخست، لە هەموو پرۆسەیەکی دواخستنیشدا نەخشەی گفتوگۆکە فراوان دەبوو، تا لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی (١٩٩٥/١/٧) گفتوگۆکە ئەنجام درا. هەروەکو نەریتی خۆی، ئەو لەهەر کوێیەک بێت تاراوگەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بە شێنگەی جۆراوجۆر دەیگۆڕێت، بۆ

ئەوەی قەدەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ڕەخنەگرە «خۆبەزۆرزانەکان» هەرچییەک بڵێن، ئەو باکی پێیان نییە، ئەوان:

جرجەکانی کێڵگەی وشە
سەری شاعیریان لە کێڵگەی خۆڵەمێشدا ناشت
بەڵام شاعیر لەسەر خاچی تاراوگەیە و
خۆری هەڵگرت و فڕی

گفتوگۆ لەگەڵ «بەیاتی»دا لەخۆوە دروست بوو، هەوڵی دا کە سەرەتاکان بەهەموو گەنجێتی و ژاوەژاوەکانییەوە تۆمار بکات، هەوڵی دا قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ گەشتە داهێنەرانەکەیدا بڕوات، کاتێک ئەم کارەی بۆ بەزەحمەت کەوت پەنای بردە بەر گێچەڵ پێکردنی شاعیرێتی، بەڵام ڕووبەڕووی سەربڵندییەکی نوێ بووەوە ئەویش سەربڵندی «شوورەی چین» بوو. ئێستاش بەرەو گفتوگۆکە:

* لەناوەڕاستەکانی ئەم سەدەیەدا، شیعری نوێی عێراقی گەشەی کرد، لە زۆر ئاستدا بووژانەوەیەکی هونەری و کولتووری گشتگیر دروست بوو، دەتوانی هەندێک تیشک بخەیتە سەر ئەم ماوە پڕ جموجووڵە و ڕۆڵی خۆتانی تێدا نیشان بدات؟

– هەڵکردنەوەی کاسێتی ژیانی ئەم ساڵانە کارێکی زەحمەتە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ئەو؛ واتا ژیان، سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی کە بای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا هەڵی کرد، بەڵام چینی دەسەڵاتدار هەوڵی دا واقیعەکە وەکو خۆی بپارێزێت، بەشێک لەو ململانێ بەهێزەی کە لەنێوان گەلی عێراقی بە هەموو چین و توێژەکانییەوە و دەسەڵاتی حاکمدا هەبوو گەشەی کرد، لەو کاتەدا کولتووری عێراقی وەکو ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، لەکۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، شیعر لەپاڵ هونەرەکانی دیکەی شێوەکاری و مۆسیقا و لێکۆڵینەوە و ئەوانی دیکەدا بەدیارکەوت، لەم ماوەیەدا هەوڵی جیدی دران و کۆمەڵێک گەنج پێشەوایەتییان دەکرد، «خانەی باڵای مامۆستایان» کانگایەکی کولتووری گەورە بوو کە زۆر لایەنی شیعری و کولتووری تێیدا بەجۆش وخرۆش هاتن، بۆ نموونە «سەیاب» و «نازک ئەلملائیکە»، قوتابی خانەی باڵای مامۆستایان بوون، واتا لە دەرچووانی ئەم خانەیە بوون، شاعیرانی دیکەش هەبوون کە لەم خانەیەدا دەرنەچووبوون، بەڵام ئەوانیش لەپاڵ ئەمانەدا بوون.

* وەکو کێ؟

– وەکو (بڵند حەیدەری) و پاش ئەویش (سەعدی یووسف) و ئەوانی دیکە.

* ئەی دەربارەی بەیەکگەیشتنی شاعیران لەم ماوەیەدا چ قاوەخانەیەک کۆی دەکردنەوە؟ بارودۆخی بەیەکگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەکانیان چۆن بوو؟

– لەسەرەتادا چاوپێکەوتنەکان گەرموگوڕبوون، بەڵام هەبوونی لایەنی سیاسی جیاواز، بووە هۆی پێکدادان، لە ئایندە و ئێستاشدا هەر وایە، هەمیشە هەموو بزووتنەوەیەک لەسەرەتادا بە هاندەرێکی ڕاکێشەر و تەقینەوە دەست پێدەکات، پاشان بەش بەش دەبێت و لقوپۆپی لێدەبێتەوە، لە هەموو سەردەمێکدا کە داهێنەر هەن، کەسانێکی ناداهێنەر و نیمچەداهێنەریش هەن دێنە ڕیزەکانیانەوە، هەوڵ دەدەن جەنگێکی لابەلا بوروژێنن، من نەکەوتوومەتە ناو ئەم جەنگە لابەلایانەوە، چونکە بایەخی پێنادەم، هەروەکو لە یەکێک لە کتێبەکانمدا بە ئاماژەکردن بە «موتەننەبی» باسم کردووە «چونکە ئەگەر گوێی پێبدەم هیچ سوودێکم پێناگات»، واتا من بەرەو نووسینی جیدی و ڕاستەقینە ڕۆیشتم بەبێ ئەوەی بەرپەرچی ئەم و ئەو بدەمەوە، یان بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەکەس بدەمەوە.

قاوەخانەی ئەدەبی زۆر هەبوون بەتایبەتیش بەرازیلی و سویسری و قاوەخانە ئاست نزمەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی ناوچەی بابولموعەزەم لەوانە: حەسەن عەجەمی و قاوەخانەی ئەلڕەشید و قاوەخانەی بەلقیس لە شەقامی ئەبونەواس و ئەوانی دیکە، کۆڕ و کۆبوونەوەی جیاواز هەبوو، بەڵام وەکو گوتم: بەزۆری لە قاوەخانەی بەرازیلی و سویسری بەیەک دەگەیشتن.

* دەتوانین «عەبدولوەهاب بەیاتی» بە نوێنەری لایەنی واقیعی ئەو ماوەیەی شیعری عێراقی دابنێین، ئەو کاتە لایەنی تریش هەبوون، لەوانە لایەنی ئەفسانەخوازی، یان «تەموزی» کە دواتر (سەیاب) نوێنەرایەتی دەکرد، ئایا نموونەی ئەم لایەنانە پشتگیرییان لەیەکتر نەدەکرد و بەم قاوەخانانەدا بڵاونەدەبوونەوە، چ کار و کاردانەوەیەک لە نێوانیاندا ڕووی دەدا؟

– ئاسان نییە کە شیعر دابەش بکەین بۆ لایەنی «ڕیالیستی» و «تەموزی»، شتەکە بەم شێوەیە سادە نییە، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە لایەنی «تەموزی» ئاماژەت پێی کرد، ئەمە بەدەر نەکەوت تەنیا لەسەر

دەستی گۆڤاری شیعری لوبنانی نەبێت کە دوای ئەوە دەرکەوت، جوولانەوەی نوێگەری لە شیعری عێراقیدا زۆر لە پێش ئەم قۆناغەوە بوو، شیعری تەموزی بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو کە حزبی نەتەوەیی سووری پێشەوایەتی دەکرد، ئەم حزبە لەبەر هۆکاری هونەری و مەرجی شیعری داوای بەکارهێنانی ئەفسانەی نەدەکرد، بەڵکو لەبەر هۆکاری سیاسی و بۆ دۆزینەوەی کەلەپووری فینیقی و «هیلالی خەسیب»، یان شتێکی لەم جۆرە، بۆیە ئەوکات بەکارهێنانی ئەفسانە لەلایەن هەندێک شاعیرەوە لە کردەی کۆلاج، یان پێوەلکاندن دەچوو، یان بابەتەکان بەم شێوەیە باس دەکران، یان ئاماژە بە ئەفسانە دەکرا بەبێ ئەوەی زمانی ئەفسانە و ڕوانگەی ئەفسانە بەکاربهێنرێت، بەبێ ئەوەی هەنگاو بۆ ئەفسانە و بەرەوپێشبردنی و زیادکردنی بنرێت.. ئەمە بزووتنەوەیەکی ناسروشتی بوو.

* ئاماژەکردن بە «سەیاب» لە میانەی مامەڵکردنی ئەوەوە دێت لەگەڵ سیمبۆلدا، نەک لەبەر پەیوەستبوونی بە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەمە لە لای خۆیەوە بەرەو موفارەقەیەکی دیکەمان دەبات، ئەویش ئەوەیە کە سەیاب - بەشێوەیەک لە شێوەکان - پەیوەست بوو بە گرووپی گۆڤاری شیعرەوە؟

- بە هیچ شێوەیەک بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە پێیانەوە پەیوەست نەبووە، بەڵکو بەهۆی دۆستایەتی و پێوەندی خۆی پێیانەوە پەیوەست بووە، باوەڕ ناکەم کە سەیاب نوێنەری ئەم لایەنە بێت، یان هیچ پێوەندییەکی بەم لایەنەوە هەبێت، چونکە وەکو پێشتر گوتم ئەم لایەنە بەر لەوەی لایەنێکی شیعری بێت لایەنێکی سیاسی بوو، لەوانەشە پێویستی مادی، یان مەعنەوی وای لێکردبێت لەم گرووپە نزیک ببێتەوە.

* ئەوکات لە ڕووی ڕەخنەوە «بەیاتی» بە گرووپی ڕیالیستی دەژمێردرا، بەڵام دواتر لەچوارچێوەی گرووپی سۆفیگەری دادەنرا، ئەویش بەهۆی زیادبوونی پرسیارە وجودییەکان لە شیعرەکانیدا، بەیاتی چۆن دەڕوانێتە ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە؟

- شیعر لەدەرەوەی پۆلێنکردندایە، هەموو ئەوانەی لە ئاسۆوە دەردەکەون سەراب نین، ڕاڤەکردنی شتەکان و سادەکردنەوەی و ناونانی شیعر بەم ناوانە کارێکی زەحمەتە، ئەوەی شیعری من بخوێنێتەوە دەزانێ کە ڕاستە من زمانی سۆفیگەریم لە شیعرەکانمدا بەکارهێناوە، بەڵام ڕەهەندێکی دیکەی شیعرەکانم سۆفیگەری نین، چونکە من سۆفی نیم، بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی سۆفیگەرێتی ناکەم، من مرۆڤێکی دنیاییم، واتا بۆ ژیان دەژیم، بەڵام وەکو پێم گوتی کاتێک زمانی شیعری ڕوون و ئاشکرا دەبێت لە زمانی سۆفیگەری نزیک دەبێتەوە، سۆفی خەون بەبنیادنانی نیشتمانی خواوەند دەبینێت لە جیهانەکەی دیکە، بەڵام من بانگەشەی بنیادنانی نیشتمانی مرۆڤ و نیشتمانی زەوی دەکەمەوە لە ژیاندا، بۆیە من جیاوازییەکی ڕیشەییم لەگەڵ سۆفییەکاندا هەیە، کاتێکیش دەربارەی هەندێ سۆفی وەکو حەلاج و سوهرەوەردی و جەلالەدینی ڕۆمی دەنووسم، لەبەرئەوە لەسەریان نانووسم کە سۆفین، بەڵکو لەبەرئەوە لەسەرم نووسیون کە کەسایەتی دوودڵی وجوودی و یاخین لە واقیعی خۆیان، یاخیبوون لەو مەرجە نامرۆڤایەتییەی سنوور بۆ ئازادی مرۆڤ دادەنێن و دەگەڕێن و هەوڵی گواستنەوە دەدەن لە «خود»ەوە بۆ «خودی باڵا».

* لەم قۆناغەدا شانۆگەریت نووسی، ئایا لەسەر نووسینی شانۆ و هونەری گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی بەردەوام بوویت؟

- بۆ ئەوە شانۆگەریم نەنووسی کە بمەوێت ببمە شانۆکار، بەڵکو شانۆگەریم نووسی لەبەرئەوەی کۆمەڵێک بیرۆکە لەناو زەینمدا گەڵاڵە بوون و هێرشیان بۆ هێنام، نەمدەزانی چۆن چارەسەریان بکەم و بیانخەمە ناو قەسیدەکانم، بۆیە پەنام بردە بەر ئەم شێوازە، یەکەم شانۆگەریم نووسی و جارێکی دیکە نەگەڕامەوە سەر نووسینی شانۆگەری، شانۆ ڕێگەیەکی دیکەیە و لە شیعر جیاوازە، هونەر و تەکنیکی قەسیدە لە هونەر و تەکنیکی شانۆ جیاوازە، من بۆ ئەوە دروست بوومە کە ببمە شاعیر نەک شانۆکار، لەو قۆناغەی کە شانۆگەری «دادگاییکردن لە نیسابوور»م تێدا نووسی، هەستم بە جیاوازییەکی گەورە و ئەو وێرانییە کرد کە ئەو کات بەسەر ژیانی مندا زاڵ ببوو، چونکە لەسەرم پێویست بوو نوێگەری بکەم، یان سەرلەنوێ لەدایک ببمەوە، پێویست بوو چاوەڕێ بکەم، نووسینی ئەم شانۆگەرییە ئەوکات بۆ من وەکو گوربسێکی ڕزگارکەر بوو کە بۆم درێژکرابێت، دوای نووسینی ئەم شانۆگەرییە، بەرەو قۆناغێکی نوێی شیعری ڕۆیشتم، یارمەتی دام بۆ چاندنی تۆو لە زەوی شیعردا، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ ببووژێمەوە و کاروانی شیعریم دەست پێبکەمەوە، کاتێک هەستم بەوەکرد سەرلەنوێ گەڕاومەتەوە خاکی شیعر، بەتەواوەتی لە نووسینی شانۆ

دوورکەوتمەوە، من بە تەواوی ئەمەم بۆ بەدەست هات.

* بەیاتی ماوەیەکی زۆر لە تاراوگەدا ژیاوە، بەرهەمی ئەو تاراوگەیەش ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شیعری بوو، دەتوانیت بە کورتی باسی هەندێک لەو ئەزموونانەم بۆ بکەیت؟

– نازانم چۆن وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەمەوە .. ئەمە وەکو ئەوەیە کە بمخەیتە بەردەم شوورەی گەورەی چینەوە، گوتم تاراوگە، تاراوگەیە لە نیشتمان، تاراوگەیە لە غوربەت، تاراوگەیە لە تاراوگە. جیهانی تاراوگە زۆرجار نیشتمان دەبێتە شوێنی تاراوگە و تاراوگەش شوێنی نیشتمان دەگرێتەوە، بەم جۆرە دەمامکی نیشتمانی و تاراوگە بەبەردەوامی دەگۆڕێت و پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت بۆ تاراوگەیەکی نوێ، ئەویش ئەو تاراوگەیەیە کە شاعیر ناتوانێت تێیدا نە بگەڕێتەوە تاراوگە و نە بگەڕێتەوە نیشتمانیش.

* ئەمە پرسیارێکی دەمارگیرە... ببوورە... هەندێک دەڵێن بەیاتی (کە شاعیرێکی شۆڕشگێڕە) بەند نەکراوە و نەشگیراوە، ڕووبەڕووی هیچ ئازارێکی ڕاستەوخۆ نەبووەتەوە، چۆن وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە دەدەیتەوە؟

– تۆمار و بەڵگەنامەکانی پۆلیس گەواهی ئەمە دەدەن... وەک دەزانن ڕەگەزنامەی عێراقیم لێ وەرگیراوەتەوە، لەساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ پاسەپۆرتەکەشم لێ وەرگیرایەوە، ئەمەش لە «وەقایعی عێراقی» و ڕۆژنامەکاندا نووسراوە، وەکو دەڵێن «هیچ شتێک لەخوا بزر نییە» .. تەنانەت من وای نابینم کە ئازایەتی بێت مرۆڤ بەند بکرێت، ئەگەر شاعیرێکی ڕاستەقینە نەبیت چ وانە و پەندێک لەمە وەردەگریت؟ هەندێک شاعیر هەن بە دەیان ساڵ بەند کراون، بەڵام شاعیری ڕاستەقینە نەبوون، پێچەوانەی ئەمەش پێچەوانەیە. لەوانەیە بۆ نموونە هەندێک کەس لەسەر دزینی پرتەقاڵێک بەند بکرێت، هیچ جیاوازییەک نییە، میدالیای شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە قەسیدەی گەورە بنووسێت، دیوانێکی گەورە بنووسێت و نەک بەند بکرێت، بەپێچەوانەوە بەندیخانە زیان بە تەندروستی شیعری دەگەیەنێت، بەمەش کۆتایی بە قسەکە دێنین «دەڵێن!!!.. چی دەڵێن؟ لێیانگەڕێ با بڵێن». ئەمەش قسەی شاعیرم بە بەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت:

هذا حصرم رأيته في حلب
طول لسان في الهوى وقصر في الذنب

واتە:

ئەم ژاڵکەم لە حەلەب دیوە
لە ئەویندارییدا زمان درێژ و کلکیشی کورتە

بۆ نموونە «دیواری چین»... هەندێک هەوڵ دەدەن کەموکوڕی تێدا ببینن‌ەوە، دەڵێن زیاد لە پێویست بەرزە، یان زیاد لە پێویست دوورودرێژە، یان تەمەنی زۆر درێژ بووەوە و... بەم جۆرە، بەڵام قسەی ئەوانە هەمووی لەسەر شکاندنی دیواری چینە، قەسیدەیەکم لەم بارەیەوە هەیە بەناوی «شوورەی چین».

* ئایا قەسیدەی نوێ، یان قەسیدەی تازەگەر، توانیویەتی شوێنی قەسیدەی نوێی عەرەبی بگرێتەوە کە تۆ لە پێشەنگەکانی؟

– هیچ شتێک شوێنی شتێکی دیکە ناگرێتەوە، هەموو شتێک شوێنی خۆی هەیە، هیچ شتێک ڕۆڵی شتێکی دیکە ڕەت ناکاتەوە. قەسیدەی داستانی – قەسیدەی کورت – قەسیدەی ساتەوەخت – هەموویان تەکنیک و ئەرک و ڕۆڵی خۆیان هەیە، ڕۆڵەکان دابەش ناکرێن، ئەم و ئەو ڕەت ناکاتەوە....بەم شێوەیە؟ ئەمەش وەکو ئەو کەسەیە کە سەیری «شوورەی چین» دەکات و ئەو شتە نابینێت کە لەو دیوی شوورەکەوە هەیە، هەروەکو شوێنکەوتە، یان ڕێنیشاندەری «تەیموور لەنگ» وا دەڵێت، کاتێک هەندێک وڵاتی ڕزگارکرد و گەیشتە شوورەی چین، ڕێنیشاندەرەکە دەیزانی کە چ شتێک لەم دیو شوورەی چینەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لە تەیمورلەنگ شاردەوە.

* دیمەنی شیعری مەغریبی سەبارەت بە بەیاتی چۆن بەدەر دەکەوێت؟

– بێگومان مەغریب بووژانەوەیەکی هزری و کولتووری و ئەدەبی گرنگ بەخۆوە دەبینێت، ناتوانی شیعر لەم بووژانەوەیە دابڕی، هەمیشە شیعر پێشەنگی بووژانەوەی ڕۆشنبیرییە، دەنگی شیعر لە مەغریبدا خەریکە خۆی بەسەر گوێی عەرەبیدا دەسەپێنێت، پێشبینی ئەوەش دەکەم کە بڵاوبێتەوە و سەرکەوتوو بێت.

سەرچاوە:
http://iraqiwriter.com
سازدانی: فراس عبدالمجید رشید

دەربارەی دەربار

زاهیر ڕۆژبەیانی

(١ - ٢)

(١)

دەربار ڕۆمانێکی خوسرەو جافە، (٨) بەرگە، (١٦٣) بەشە، سەرجەم (١٦٦٣) لاپەڕەی قەوارە ناوەندییە، لەوەش (١٢١) لاپەڕەی فەرهەنگە، فەرهەنگی زمان و ناوی کەسەکان، کە وەک پاشکۆیەک خراونەتە کۆتایی بەرگەکانەوە، چاپی یەکەمی لە ٢٠٠٦دا لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. لێرەشەوە دەتوانم بێژم (دەربار) لەڕووی ڕووبەر، لەڕووی قەوارە، لەڕووی شوێن، لەڕووی زەمەن، لەڕووی ژمارەی کەسەکان و لەڕووی ڕووداویشەوە گەورەترین ڕۆمانی کوردییە تا ئامادەکردنی ئەم نووسینە بەرهەم هێنرابێ.

لەڕووی شوێنەوە لەگوندێکی کوردستانەوە کە (کانی توو)ە دەست پێدەکا و زمانە دەکێشێ بۆ کرماشان و تاران و سلێمانی و بەغدا و لەندەن و ئەڵمانیا، تا لەپاریس کۆتایی دێت. لەڕووی کاتەوە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکا تا ناوەڕاستی هەشتاکانی هەمان سەدە و نزیکەی چارەکە سەدەیەک درێژە دەکێشێ. لەڕووی ڕووداوەوە، دەربار بەسەرهات، یان ڕاستتریش بڵێم کارەساتی دوو پشتی دوو بنەماڵە و بگرە دەیان کەسی نێر و مێی تەمەن جیاواز و فەرهەنگ هەمەجۆر و ئایین و ئاینزای شیعی و سوننی و ئەهلی هەق و نەتەوەی جیای کورد و فارس و عەرەب دەگێڕێتەوە. ڕووناکی دەخاتە سەر ململانێ و پێکداهەڵپژان و شەڕ و شۆڕش و ئینقیلاب و پیلان لەیەکتر گێڕانی ناو خەڵکی سادە و کۆمەڵەی جیاجیاو تەنانەت ناو یەک ماڵ و یەک خانەوادە و یەک دەربار و ڕێکخراوی سیاسیش تا بە ناکۆکییەکانی ناو دەرباری شاهەنشهایی ئێران و پیلانە ئاشکراو نهێنییەکانی ناو خودی ڕژێمی عیراق و شەڕی ماڵوێرانکەری هەردوو وڵاتدا دەگا، کە نزیکەی (٨) ساڵی خایاندو بووە هۆی کوشتن و ماڵوێرانی سەدان هەزار مرۆڤی کورد و عەرەب و فارس. دەربار، پانۆرامایەکە بۆ دابونەریت، بۆ ئەتەکێت، بۆ پێوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بۆ کەسایەتی جۆربەجۆری ئاسایی، سادی، مازۆکی، هەلپەرست، بەهیوا، بێ هیوا، بە پەیام، سەرلێشێواو، تاوانبار، تاوانلێکراو، جەللاد، قوربانی، کە

خەسرەو جاف

هەر یەکەیان سروشت و هۆکار و ئارمانجی خۆی هەیە و بەئەجیندایەکەوە دەچێتە ناو هاوکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە و هەریەکەیان لە پاشخان و زەمینەیەکەوە سەریان هەڵداوە و لە بازنەی چەپگەرایی، ڕاستگەرایی و عەبەسییەتێکدا گیریان خواردووە و تا ڕادەی پێشێل کردن و سڕینەوەی ئەوەی بەرانبەر پێ لەسەر بیروبۆچوون و خواستی خۆیان دادەگرن.

دەربار، بەوپەڕی جورئەتەوە پەردە لەڕووی تابۆ سیاسی و ئایینی و سێکسییەکان هەڵدەماڵێ تا دەگاتە قووڵایی نهێنییە دەروونییە شاراوەکان، ئەو نهێنییە پەردە پۆش کراوانەی کە مرۆڤ، مرۆڤی هەموو چاخ و شوێنەکان بەهەزاران شێوە و شێواز و ماسک هەوڵی نەک هەر شاردنەوە، بەڵکو فێڵ بۆ جوان کردنیشیان دەدەن، ئیتر هەر لە ئیشقی مەجازی و ئەفلاتونییەوە پێدا وەرە، تا دەگاتە سێکسی شاز، هەر لە ئیدیعای دڵسۆزی و ئەمەکداریەوە بیگرە تا بەخیانەت دەگا، هەر لەسۆفیگەری و فەنابوونی دەروێشییەوە تا کوفر، هەر لە ئیدیعای مرۆڤایەتییەوە تا سادییەت و لەزەت بردن لە ئازاردانی مرۆڤ و دیتنی خوێن و ئەتک کردنی ئەوانی دیکە. هەموو ئەم حاڵەتە بەرجەستەکراوانەش لەدەقەکەدا هۆ و هۆکار و پاشخان و پێشینە و پاڵنەر و پاساو و پاکانەی خۆیان هەیە، بۆیە کەسەکان لەگۆڕانی بەردەوامدان و خوێنەری ئاسایی و تەنانەت دەروونشیکاری پسپۆڕیش هەست بە سروشتی بوونی ئەو هەڵسوکەوتانەیان دەکا، بۆیە هیچ پێی سەیر نایەت ئەگەر تێکۆشەرێک بەخیانەت کۆتایی بێت، دەرەبەگێک و خاوەن پلەوپایەیەک ئیفلاس بکات، یان ئەگەر ئیشقێک بەخیانەت و دووفاقییەک بە خۆشەویستی تەواو بێت، یان تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی داهێزراو و داڕووخاوی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بتوانێ هەردوو دەوڵەتی ئێران و عیراقیش بۆ بەرژەوەندی خۆی چەواشە بکات.

(٢)

ڕووداوەکانی دەربار لە دۆخێکدا سەرهەڵدەدەن سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمە و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی جیهان، خەباتی بەرگری لەدژی داگیرکارانی جیهانی سێیەم، تێکۆشانی کەسان و ڕێکخراوانی چەپگەرا لە هەموو دنیادا لەپەرەسەندندایە، لە عیراق شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ قەوماوە، عیراقی دراوسێی خۆرئاوای ئێران لە سیستمی مەلەکیەتەوە بووەتە کۆماری، کۆماری هاوبەشی کورد و عەرەب، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی عیراق لەوپەڕی چالاکیدایە، کوردی عیراق چاویان لە سەرکەوتنی هاونەژادەکانی خۆیانە لەباشووری کوردستان، ڕژێمی قاسم (ناوی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە) یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی دەرکردووە، دروشمی (زەوی بۆ بکێڵانێتی) بەرز کردووەتەوە، لە بەڵێنەکانی بەکورد پەشیمان بووەتەوە و تەنگی بەتێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەڵچنیوە، لە چیاکانی کوردستانی باشوور (ئەشقیا) زۆر بوون، پێشمەرگە

پەیدابوون، بنکەی پێشمەرگە لە شوێنە عاسێ و دوورە دەستەکان، بەتایبەتیش لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئێران وردە وردە دادەمەزرێن. لەناو خودی ئێرانیش، کە گۆڕەپانی سەرەکی ڕووداوەکانی دەربارە، برینەکانی کۆماری شەهیدی کوردستان هێشتا خوێنیان لێ دەتکێ، پێڕەوکارانی ڕێبازی موسەدەق چاوە چاوی هەلن، نەتەوە پارێزانی گەلانی ئێران، مەزهەبیان، چەپگەرایانی کۆسمۆپۆلیت و ڕێکخراوانیان لە گەشەکردن و چالاکی و ڕووبەڕووبوونەوەدان، پیلانەکانی ناو دەربار و ناو هەزار فامیل و تەنانەت ناو خودی بنەماڵەی شاهەنشاهی و لەناو جێی خەوتنی محەمەد ڕەزاشادا لەسەرخۆ گەرم و گەرمتر دەبێ، ئەمە جگە لە دراوسێ کۆمۆنیستەکانی باکووری ئێران و کۆمپانیاکانی نەوت و دراوسێیانی کەنداو و ئەو گرفتە ئابووری و سەربازی و سیاسیانەی کە لە ئەنجامی داڕووخانی پەیمانی بەغداوە پەیدابوون. ئا لەم بارودۆخە ئاوس و کەشە بارگاوییەدا بۆ جوانکردنی چارەی ڕژێمەکەی و بۆ کێشانەوەی بەرە لەبن پێی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەتایبەتیش بزووتنەوە چەپگەراکەی، محەمەد ڕەزاشا هات و (انقلاب سفید- شۆڕشی سپی) لەئێراندا ڕاگەیاند، شۆڕشێک بەو مەبەستەی کەچاکسازیی کشتوکاڵی بچەسپێنێ و دروشمەکەشی هەمان دروشمی (زەوی بۆ ئەوانەیە کەدەیکێڵن) بوو و ئەمیر ئینتیزام گوتەنی، کە یەکێکە لە دەرەبەگەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات/ ئێران (ئێمەی کردە خانەوادەی ڕۆمانۆف خۆیشی کردە قوتابی لینین).

چاکسازیی کشتوکاڵی و زەوت کردنی زەوی لە ئاغا و دەرەبەگ لەعیراقدا کە ڕژێمی قاسم بەپشتیوانی حزبی شیوعی عیراقی کردی و بەسەر جووتیارانیدا دابەش کرد، وێڕای لایەنە باشەکانی، لایەنێکی نێگەتیڤیشی هەبوو کە بووە هۆکاری لەبەر یەکترازانی کۆمەڵگەی عیراق و نانەوەی هەزاران کێشەی چارەسەرنەکراو لەناو خەڵکدا، چ جای چاکسازییەکی کشتوکاڵ کە ڕژێمی شای سەرسپاردەی ئەمەریکا بیکات! کە هەر لە سەرەتاوە نیازەکانی دیار بوو و هیچێک لە هێزە جیاوازەکانی ئێرانی پێی نەخەڵەتان و ئەو دۆستایەتیەشی ئاغا و دەرەبەگی ئێرانی لەگەڵ ڕژێمی شایان هەبوو ئەوەشی لەدەست چوو و زنجیرەیەک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش بۆ ڕژێمەکە زیادی کرد کە پێشتر نەبوون، یان لانی کەم ئاشکرا نەبوون. دیارە لەباری ئاواشدا، کە گرفت زۆر دەبێ، ئۆپۆزسیۆنیش بەهێزتر دەبێ، کە ئەوەش بوو ئیتر پرۆسەی سەرکوتکردنی خەڵکیش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەرە دەگرێ، ئەمەش فراوان بوون و هەمەجۆرەیی دەزگا سەربازی و ئەمنی و سەرکوتکارەکان دەسپێنێ و بەو شێوەیەش گەل و دەسەڵات دەچنە ململانێیەکی بازنەیی بێ کۆتاییەوە، سەرەتاکەی دیارە و سەرئەنجامەکەشی هەمیشە بەسەرکەوتنی جەماوەر و شکستی دەسەڵاتەکە کۆتایی دیت، هەموو جارێکیش ئەو دەزگا ئەمنی و سەرکوتکارانەش بۆ خۆیان دەبنە هۆکارێکی دیکەی ئەو داڕووخانە، وەک دەزگای (ساواک)ی شاهەنشاهی، کە وەک لە ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێ بۆ ڕژێمەکە دەبێتە مایەی ئاڵۆزی و گەندەڵی و بنکەی تاوان و خرۆشاندنی جەماوەرەکە.

دەربار، لەسەر ئەم هاوکێشانە بە وردی دەوەستێ و دوور لە ڕاستەوخۆیی گومان ورووژێنەر، لەمیانەی کەسانی سوودمەند و ڕووداوی ڕۆژانەی هەمەجۆرەوە باری دەروونی کەسان و توێژە کۆمەڵایەتییە زیان دیدەکان وێنا دەکا، تا وردە وردە شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرگری لە ویژدانی خەڵکە بەرفراوانەکە و لەزەینی ئێمەی خوێنەریشدا، شەرعییەتێک پەیدا دەکەن، کە بۆ هەندێ کار و کردەوەی نائاسایی دەبێتە پاساو وەک ئەو کوشت و کوشتارانەی لەنێو شەقامانی تاراندا لەڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن، تەنانەت بۆ ئەو شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانەش دەبێتە پاکانە، کە لەو دۆخە ناهەمواردا بەناچاری ڕوو لە عیراق دەکەن و لە ڕژێمێکی شۆفێنی و فاشستی وەک ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام داوای پەناهەندەیی و چەک و پارە دەکەن، ئەمانەش کارگەلێکن ڕەنگە لە کەشی ئاساییدا بەتاوان و ڕەنگە بەخیانەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی لەقەڵەم بدرێ، بەڵام لەسیاقی ڕۆمانەکە و لەڕەوتی ڕووداوو کارەساتی ناو دەقەکەوە شەرعیەتێک پەیدا دەکەن، کە ئیتر هەموو کاردانەوەکان لە چاو کارە

تیرۆرکارییە ڕێکخراوەکانی ڕژێمەوە هەڵبـــســـەنگێنرێن، نەک لەتای تەرازووی بنەما یاسایی و ئەخلاقییە گشتییەکاندا.

(٣)

لە (دەربار)دا، کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەمێژووی هەستیاری ئێران و ناوچەکە و بگرە جیهانیش دەگرێتەوە ئەگەر وەک دەرئەنجامێک حیساب بۆ شەڕەکانی کەنداو و ئەو سەرهەڵدانە ئیسلامییە بکرێ کە لە ئەنجـــامی داڕووخـــانی ڕژێمی شـــاهەنشـــاهی و دەســـەڵات وەدەسگرتنی ئیسلامییەکانی ئێرانەوە شەپۆل شەپۆل بە دنیادا بڵاوە دەکات، خوسرەو جاف بە زیرەکییەکی هونەرییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو مێژووەدا دەکات و دەیخـــاتە دیوی پشـــتـــەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژ و ژیانی خەڵک و شەقام و کۆمەڵەوە و ئەگەر باس لە هەندێ ڕووداوی مێژوویی گرنگیش بەناچاری بێتە پێشەوە، ئەوە وەک باکگراوندێک بۆ هەڵسوکەوتی کەسەکان و گۆڕانکاری ژیانی ئاسایی خەڵکەکە بەکاردەبرێ و لەسنووری ئەو ئاماژە مێژووییانە تێناپەڕێ کە ڕۆماننووس وەکو ستوونی نیشانە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی ڕوودا و گۆڕانکارییەکان تۆماریان دەکا، ڕێک وەک ئەو ستوونانەی کە ئەندازیار بۆ دیاریکردن لە گۆشەکانی ئەو پارچە زەوییەدا دایدەکوتێ کە پرۆژەی لەسەر بنیاد دەنێ. لەو باوەڕەشدام ئەگەر لەمە زیاتر لەدەقەکەدا بایەخ و ئەرک بە (مێژوو)ە ڕووتەکە بدرایە ئەوە مێژوو وەکو زانست باڵی بەسەر دەقەکەدا دەکێشا و لەسەر حیسابی (شیعرییەت) و (ئەدەبییەت)ی دەقەکە خۆی دەسەپاند، لێرەشەوەیە ڕۆمـــاننووس دەتوانێ خـــۆی لەمـــێژوونووس جیابکاتەوە و ڕۆمانیش لەمێژوو.

لەدەربار دا، لەئێـــران یاســـای چاکسازی کشتوکاڵ و ئینقیلابی سپی ڕادەگەیەنرێت، سەرەک وەزیران و حکوومەت دەگۆڕێن، حزبی ئێرانی نوین دادەمەزرێنرێ، ناکۆکی خێزانی پەهلەوی دەگرێتەوە. لەعیراقدا، شۆڕشی گەلی کورد هەڵدەگیرسێ، قاسم دەڕووخێت، زنجیرەیەک کۆدەتا ڕوودەدا، بەعس و ئەحمەد حەسەن بەکر (ناوی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە) دێتە سەر حوکم، شەڕ لە کوردستاندا پەرەدەستێنێ، پیلانی جەزائیر لەدژی کورد مۆر دەکرێ، شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان شکست دەخوا، ناکۆکی ناو حزبی بەعس تەشەنە دەکا، سەدام (ئەمیش لەڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە) جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، شەڕی عیراق- ئێران هەڵدەگیرسێ، بەڵام خوێنەر هەموو ئەمانە بەهۆی ڕەنگدانەوەیان لەژیانی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەست پێدەکا، لەوە بترازێ ئیتر وردەکاری دیکەیان نایەتە سەر ئاستی بەدەق بوون.

ئەم خودپارێزییە لەوردەکارییە مێژووییەکان وای کردووە مێژوو بکشێتەوە پشتی پەردە و خوێنەر تەنیا کاردانەوەی دەروونی و ڕەفتارییان لەسەر ئاستی دەقەکەدا و لە شێوازێکی هونەریی ئەدەبیدا هەست بە ئاسەواریان بکات. لەسەر ئاستی مێژووی پاڵەوانەکانیشدا ئەم خودپارێزییە لە وردەکارییەکانی چالاکییە گشتییەکانیاندا کراوە، کە ئاکامی پۆزەتیڤانەی لەسەر ڕەشاقەتی دەقەکەدا کەوتووە.

فەڵامەرز و یاسەمین لە ڕێکخراوێکدا کاردەکەن، خوێنەر هەر ئەوەندە لەبارەیەوە دەزانێ کە ئەو ڕێکخراوە نهێنییە ، ئۆپۆزسیۆنە، چەپگەرە، باوەڕی بەخەباتی چەکداری هەیە، ئیتر وردەکارییەکانی دامەزران و ئامانج و پێڕەو و سەرکردایەتییەکەی و تەنانەت ناوی دروستی ڕێکخراوەکەش بەدرێژایی (١٦٦٣) لاپەڕەی دەقەکەدا نەهاتووە، بەمەش دەبێتە نموونە بۆ هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، دیارە ئەم ناونەنانەش بۆ خۆی گەمەیەکی هزری و هونەری سەرکەوتووە، دەنا، یان دەبوایە ناوی سەرجەم باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن ببرایە، یان ئەوەتا ڕۆمانەکە بەو قەوارەیەوە دەبووە پڕوپاگەندە بۆ تەنیا ڕێکخراوێک، کە یەکێکە لەسەدان ڕێکخراوی دژە سەڵتەنەتی، بەواتایەکی دیکە خوێنەر لەسەر ئاستی ئەو شانەیەدا ڕێکخراوەکە دەناسێ کە یاسەمین و فەڵامەرز کاری تێدا دەکەن. فەڵامەرزی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگاتە دەربار، بەڵام خوێنەر هەر ئەوەندە لەبارەی (دەربار)ەوە دەزانێ و دەبیستێ کە (لی لی) دۆستی بەفەڵامەرزی دەڵێ، فەڵامەرزیش هەر لەو ئاستەدا، واتا لە ئاستی پێوەندییە کەسییەکەیدا لەگەڵ ئەو خانمەدا لەبارەی (دەربار)ەوە دەزانێ و قەت نابێتە دەربارییەکی شاهانشاهی ئەوتۆ بمانباتە نێو وردەکارییەکەوە لە دەرەوەی بازنەی پێوەندی ئەو و ئەو ژنە دۆستەی.

شەڕی عیراق و ئێرانیش هەر ئەوەندەی لێ وەدەر دەکەوێ کە تێیدا (فەرهاد) گەمەکانی خۆی دەکا، یان یاسەمین و فەلامەرز پێشتر بۆ مەشق و بۆ هاتوچۆ کەڵکیان لێ دیوە، ئەویش بەشێوەیەکی لاوەکی. ئینقیلابی سپی ڕادەگەیەنرێ و وەکو ڕووداوێکی ئابووری ئەکید کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگیشی بە دوای خۆیدا بەسەر کۆمەڵگەی جووتیاری ئێراندا هێناوە، بەڵام لەدەقەکەدا هەر ئەوەندەی پێدەزانین کە لە هەڵسوکەوت و باری دەروونی ئەمیر ئینتیزامەوە وەدەردەکەوێ. شۆڕشی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی عیراقدا بەدرێژایی ئەو چارەکە سەدەیە دەگرێ کە ڕۆمانەکە کاری تێدا دەکا، بەڵام لە کاریگەری ئەو شۆڕشە لەسەر کوردی ئێران، خوێنەر هەر ئەوەندەی دەبینێ و دەبیستێ کە پێوەندی بە (ئەوکە شامار)ی یاخییەوە هەیە.

ساواک، ئەو سازمانە بەدناوەی کە گەلانی ئێرانی هاوردووەتە زەلالەت، خوێنەر لە ڕۆمانی دەرباردا لەڕێی ئەو کارو کردەوانەوە دەیناسێ کە (میهرداد و ئەرژەنگ) بەسەر ژیلایدا دێن، یان ئەو ڕەفتارانەی کە دواتر لەبەندیخانەی قەسری قەجەر بەرانبەر بە فەلامەرز و یاسەمین دەکرێن. هەروەها ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکانی دەسەلاتی ئیسلامی، ئیتیلاعات (حاجی ئاغا، قادر، شەهاب قومی) لەپاش داڕووخانی ڕژێمی شا لەگەڵ فەلامەرز و بەندییەکانی دیکە و لەهەمان زیندانی قەسری قەجەردا دەیکەن، یان ئەو کارەساتەی لە موخابەراتی عیراقدا (نافیع و غەرگان) بەسەر ئەبو عیرفان و دڵشاد و درعەلی مینائی ئازەری و یاسەمین و دایکی دڵشادی-دا دەهێنن، کە خوێنەر هەر هەمووویان لەدید و زمانی قوربانییەکانەوە: فەلامەرز و یاسەمین و... دەزانێ. ئەمانە نموونەی بەسن بۆ دەرخستنی تەواوی سروشتی ئەو ڕژێمانە و دۆزینەوە و هەڵبژاردنیشیان وشیاری هونەری و مێژوویی دەوێ و هەروا هەڕەمەکی و خودسەرانە خۆ بەدەستەوە نادەن، ئەو نموونانەی کە پێشتر ئاماژەم دانێ، لەلایەکەوە گرنگی مێژوو لەژیانی مرۆڤدا وەدەردەخەن، لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی مێژوو لە دەقە ئەدەبییەکەدا کەم دەکەنەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە واقیعیەتێک بەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و باری دەروونی پاڵەوانەکان و مەنتیقی زنجیرەیی ڕووداوەکان دەدات، بەڵام دیارە بەبێ ئەوەی کاری سەلبی لە (ئەدەبییەت)ی دەقەکە بکەن و لەخانەی هونەرەوە بیگۆڕنەوە خانەی زانستی مێژوو.

جگە لەمە خوسرەو شێوازێکی دیکەش بەکار دەبا بۆ ئەوەی هەم ڕاستگۆییەکی مێژوویی و هەم واقیعیەتێکی ئەدەبیش بەکارەکەی بدات، ئەویش ناوبردنی کەسایەتی ڕاستەقینەی سەردەمی شایە، هەریەکە و لەجێی خۆی و لەکاتی ڕووداوێکی مێژووییدا، کە ناوبردنی ئەو کەسایەتییانە پێویست دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بێنە ناو کاراکتەرە سەرەکی و تەنانەت لاوەکییەکانیشەوە وەک: عەباس هوەیدا، ئەسەدوڵڵا عەلەم، عەلی ڕەزا، ئەشرەف پەهلەوی، گوگوش، هایدە، حومەیرا، ناوی جەنەراڵەکان، ناوی ساواکیانی وەک: مەنسووری، ئەرژەنگ، میهرداد کە هەموو ناوی ڕاستەقینەن و لەڕۆژگاری شادا ئەو ڕۆڵانەیان گێڕاوە، کە لە ڕۆمانەکەدا بینیوبانە، بەڵام ڕۆمانووس ئەوەندەی مەبەستی بووە هەر ئەوەندە ڕێگەی دەرکەوتنی پێداون، بەمەش ڕاستگۆییەکی مێژوویی و لەهەمان کاتدا واقیعیەتێکی ئەدەبیشی بەدەقەکەی بەخشیوە، دەنا ئەوکەسانە هەموو هەر بۆ خۆیان مەبەست نەبوون.

(٤)

بێ گومان شوێن کە گرنگییەکی زۆری لەژیانی مرۆڤی تاک و کۆشدا هەیە و کاریگەرییەکی زۆریش دەخاتە سەر بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت باری دەروونی کەسی تاک و کۆمەڵیش، چونکە شوێنە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە باری ئابووری کۆمەڵی مرۆڤ دەکا و جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی بیرکردنەوە و دابونەریت و تەنانەت شێوەی جلوبەرگ و جۆری خواردن و تاوەکو دیاریکردنی ڕەنگی پێست و دیزانی ئێسکبەند و هەیکەل و شێوەی دەموچاو و کەللەسەر و جۆری تەندروستی و کورت و درێژی تەمەن بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ، تا بەباری دەروونی و بیروبۆچوون و بڕوای ئایینیش دەگا، بۆ نموونە تەماشای جیاوازی ڕەنگ و ڕوو و شێوەی دەرەوەی مرۆڤی شوێنە گەرمەکان و شوێنە ساردەکانی سەر زەوی بکە، بەراوردێک لەنێوان چوست و چالاکی مرۆڤی کوێستانی و بیابانیدا بکە، لەنێوان خەڵکی

شـــوێنە وشکەکـــان و مـــرۆڤی کـــەنارەکـــانی دەریادا بکە جـیـاوازییـەکی زۆر لە شـێـوەی جلوبەرگ و چۆنێتی خواردن و کار و کەسابەت و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و دابونەریت و تەنانەت بیـــروڕای ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتییاندا بەدی دەکـرێ، تا بە چالاکی هونەری و مۆسیقا و سەمایان دەگات. شوێنە پتر لە (٣٠) ملیۆن کوردی گیرۆدەی بارێکی سیاسی و کـۆمـەڵایەتی و ئابووری کـــردووە، کـــە نەتوانێت لەژیانی ژێردەســتی ڕزگـاری بێت، هەر هەمـــــان ئەو شـــــوێنەش پێـداویسـتـیـیـەکـانی مـانەوە و بەربەرەکـانێ و بەرگـری بۆ دابین دەکا.

دیاردە سروشتییەکانی شوێنیشە مرۆڤی پاڵداوە بۆ مـیـتـافـیزیکیا و لێکدانەوەی خـــورافی و ئایینی و دروستکردنی خواوەندی جۆراوجۆری نـاوچـەیـی، بـۆ تـێـگـەیـشـتن لـەو دیاردانەی کە لێیان حاڵی نەبووە. شـوێنیـشـە کـاریگەری ڕاسـتـەوخـۆ لەســـەر باری دەروونی مـــرۆڤ و کـــەســـایەتی دەکـــات و ڕادەی گورجوگۆڵی و تەمبەڵی و دڵتەنگی و خـــــــۆشنـوودی و داهێـنـان و شکستییەکانی دەکا و سیفەتەکانی ترس و جـۆرەکـانی فـۆبیـای شـوێنی بـەرز و نزم و تـاریک و قـــــووڵ و تونێل، یان ئازایەتی بەسەر مرۆڤی تاکـــــدا دەبـرێ و لە قـــــووڵایی نەستییەوە تەحەکوم لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەی شەخسی و کـۆمـەڵایەتی و تەنانەت حـەز و ئارەزووەکـانیـشی دەکا.

شـــوێن جـــۆری زۆرە: شـــوێنی ئیـفـتـیـرازی و زادەی خەیاڵ، ئیـتـر بەهەشت بێ، یان دۆزەخ، یـان هەر سـەیرو عـاجـبـاتی، کـە بە زۆری لە چیرۆک و بەسەرهاتدا هەن و مرۆڤ، یان پەنای بۆ دەبا، یان لێی هەڵدێ. شـوێنی واقـیـعی و جـوگـرافی ڕاســتــەقــینەی بەربڵاو، دەشت، کـــوێســـتـــان، شـــار، دێ، دەریا، ئاسـمـان، دوورگـە.. هەتا بە زێد و نیـــشـــتـــمـــان و گـــۆی زەوی و ئەســتـــێـــرانیش دەگـــا. شـــوێنی سنووردار، دیاری کراوە، وەک مـاڵ، مـزگـەوت، ئۆدە، گـەمی، فـڕۆکـە، شـەمـەنەفـەر، یان هەر شـوێنێکی ئاسـایی دیکە مـرۆڤ چ بە تاک و چ بەکۆ بتوانێ ژیانێکی ئاسایی تێدا بەسـەر بەرێت ئەگـەر بۆ مـاوەیەکی کاتیش بووە. شوێن لە هەمان کاتدا تۆمارگەی زەمەنیشە، زەمەن دەڕواو ناگـەڕێتـەوە، شـوێنە کـاریگەری و ئاسـەوارەکانی زەمـەن لە ڕوخسـار و هـەنـاو یـادەوەری خـــــــــۆی و شـارسـتـانـیـیـەکـاندا دەپارێزێ و دەیانگێڕێتەوە. شوێن نیشتمانە، نیـشـتـمـان ناسنامـە و ئیلتیـزامی کۆمەڵایەتی و سیاسەت دەسەپێنێ. شـــوێن ئـابوورییـــە، بژێوی ژیان و ئەمنی خـواردەمـەنی و جەسـتـەیی بۆ تاک و بۆ کـۆش دابین دەکـا، شـوێن زێدە، ئەمنی دەروونی دابین دەکـا و ســروشـــتی کـــەســـایەتی مـــرۆڤ دادەڕێژێ، چیـــرۆکی کـــوردی تا ناوەڕاسـتی هەشـتـاکـانی سـەدەی ڕابردوو و ئێـسـتـاشی لەگـەڵدا بێت هەندێ چیـــرۆک و تەنانەت هەندێ ڕۆمـانیش وەک (دەفر)ێک مامـەڵە لەگـــەڵ شـــوێندا دەکـــەن، کـــە پاڵەوانـەکـــان لە نـاویدا دەژین و ڕووداوەکـان بەسـەریەوە ڕوودەدەن، بەشـێـوەیەکی سـەرنجڕاکـێـشـیش (شـوێنی سنووردار- مینی شـوێنی) وەک شـەقـامی بێ ناو گـازینۆی بێ ناو یانەی بێ ناو تەنانەت گـوند و شـــاری بێ نـاویش بەکـــاردەبرێ، نـەوەک نـاوهێـنـان و دیـاریـکـردنی شـوێنەکـان (مـحـەلیـەت)ێک بەسـەر بەرهەم و داهێنان و ئەزموونەکانیاندا ببـرێ، غـافڵ لەوەی (بەجـیـهـانی بوونی) ئەدەب و هونەر لەڕاستیدا لە (محەلیەت)ەوە دەست پێدەکا، وەک ئەوەی نووســـەرانی ئەمـــەریکای ئیـــســـپـــانی/ لاتینی بەکـــردەوە چەسپانیان.

ئەم کەموکورتییەی چیرۆکی کوردی ئەگـــەر بۆ مـــاوەیەک و ئەگـــەر تاڕادەیەک لە کـورتە چیـرۆکـیـشـدا بەتایبـەتی چاوپۆشی لێ کـراو لێ بکرێت، ئەوە لەڕۆمـاندا هەرگـیـز پاکانەی بۆ ناکرێ ئەگەر ڕۆڵی شوێن لە دەقـدا ڕۆڵێکی ســروشـــتی و شـــایســـتـــە نەبێ، تەنانەت ئەو دەقـانەش کـە ئیش لەسـەر دەروونی تاکەکەس و نەستی مرۆڤیش دەکەن، چونکە دەروون و نەستیش بە (مینی شوێن)ی موفتەرەز دێتە ژمارە. پەنا بەم ڕاستییانەی سەرەوە دێمەوە سەر ئەوەی بڵێم شوێن لەسەر یەک ئاست و بەهەمان ئەو کاریگەرییەی کە کار بۆ چەسپاندنی واقیعیەتی مێژوویی دەکا هاوکات و بەهەمان هێز، بەڵام بەپێـچـەوانە ئیش بۆ پاراسـتنی واقـیـعـیـەتی ئەدەبی دەقـیش دەکـا و بەو شـێـوەیەش دەشێ هەردوو ئەو واقـیـعـە (ڕاسـتی مـێـژوویی) و (ڕاستی ئەدەبی) لەدەقێکدا تەرازوو بکات ئەگـەر بەشـێـوەیەکی هونەری دروستانە بەکاربرێ.

لێرەشەوە دەڵێم شوێن لە ڕۆمـانی (دەربار)ی خـــوســـرەو جـــاف-دا

شوێنێکی ڕاستەقینەی بەرفراوانی کـــراوەیە بە ڕووبەری هەمـــوو نیشتمان، ئەگەرچی ناو بەناو مینی شوێنی دیاریکراویش لە دەقەکەدا بەرچاو دەکـــەوێ وەک: کـــوخت- شوققە، زیندان، ئوتێل، ئۆتۆمبیل، مـاڵێ، کـۆشک، ئەشکەوت، دۆڵ، گـــازینۆ، کـــابارێ و.. تاد، بەڵام ئەمانیش هەموو شوێنی ڕاستەقینەن و وەک ناوی دێ و گەڕەک و شار و چیا و شەقام و باخچە و کۆلێژ و دانشگاکان، تەنانەت ئەو شەقام و شـــوێنانەی لە بەغـــدا و پاریس و لەندەنیش ناویان هاتووە زۆریان ناوی شوێنی ڕاستەقینەن جا نەک هەر ئەوانەی تاران و کـرمـاشـان و شـیـراز و کـاشـان و سلێـمـانی و کـــەرکـــووک و دەربەندیخـــان و شـارەزوور و هەڵەبجـە بە تەنیـا، بەڵکو ناوی چیـاکـان: ئەلبـورز، دالەهۆ، زمناکـۆ، بەمـۆو... ناوی ئاواییەکان: کانی توو، دوومیلان، تەپەسپی، بەردەڕەش، سیـتـەک، چوار کـلاو، کـێلەبەرزە، هۆبەتوو... و ناوی دۆڵ و شـیـو و ئەشکەوت و دەربەندەکـان، چ لە کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات و چ لە باشـــوور، ناوی شوێنی ڕاستەقینەن.

هەروا بێتەوە ناوی بەندیخانەکان: قزل حەسار، ئەوین، قەسری قەجەر، ناو و ناونیـشـانی دەزگـا و شـوێنە ڕەسمـییـەکـانی سوپا و سـاواک و کـۆشکەکـانی شـا.. زۆریان ناوی شوێنی ڕاستەقینەن و لە یادەوەری زۆربەی خـوێنەرانی ڕۆمـانەکـەدا، ئامـادەبوونێکی زیندوویان هەیە و لەگەڵ خوێندنەوەیاندا بیـرەوەری و شـارەزایی خـودی خـوێنەرەکـەش دەوروژێنن و ڕەهەندێکی دیکە دەخەنە سەر دەقەکە، کە ڕۆمانووس بۆ خۆ لادان لە درێژدادڕی خۆی لێ پاراسـتـوون. بە بارتەقـای ئەوەش ڕاسـتگۆیی- مـیـسـداقـیـەتێک بەدەقەکە دەبەخشێ کە دەبێتە هۆی متـمـانەی خوێنەرەکە و قـەناعـەت پێـهـێنانی، کـە بەتایبـەتی بۆ ڕۆمـانێکی درێژی وەک (دەربار)ی خوسرەو پێویستە.

وەدەسـتـهـێنانی ڕاسـتگۆیی و متمانەی خوێنەر بوو (تۆلستۆی)ی مـەزنی ناچار کـرد پێش نووسـینی ڕۆمانی بەناوبانگی (شەڕ و ئاشتی) مـــاوەی (١٠) ســـاڵی هاتوچۆی ئەرشیڤی وەزارەتی بەرگری ڕووسی بکات بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بزانێ و لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیفیـان بکات، ئەو دەیتوانی ڕۆمانێکی خەیاڵی و لە زادەی بیـری خۆیەوە ڕۆمـانێکی ئاوا بنووسـیت، بەڵام دەیزانی بۆ نووسینی ڕۆمانێکی ئاوا درێژ، کە باکگراوندێکی مـیـژوویی هەبێت دەبێ مـیـسـداقـیـەتێک بەدەقەکە بدات، ئەو میسداقیەتەش وەدەست نایەت ئەگەر هەموو شتێک لەسەر خەیاڵ بنیاد بنرێ.

خـــوســـرەو جـــاف ڕەنگە ئاوا ڕاستەوخۆ و کاتێکیشی بەخواستی خۆی بۆ دیتنی شوێنەکان و ناسینی کـەسـەکـانی ڕۆمـانەکـەی تەرخـان نەکردبێت، بەڵام ژیانی پڕ لە ڕووداو و بەســـەرهاتی کـــەسی خـــۆی و بنەماڵەکەی و گەڕانی گوند بەگوند و چیـا بەچیـا و دۆڵ و بەدۆڵ و شـار بەشار و پایتەخت بە پایتەختی ئەو لەو ناوچە سنووریـیـانەی ئێـران- عـیراق و بەغدا و تاران و جیهان، کـە زۆرجـار بەناچاری بەســەریدا سەپاوە، ئەو کارەی بۆ ئاسان کردووە و ئەرشیڤێکی مێژوویی و جوگرافی کـەسـێـتـی وای بۆ پێکەوە ناوە کە ئەمیش وەک تۆلستۆی ناچار نەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە جوگرافی و مێژوویەکان کە هەندێکیان تێیاندا ژیاوە و لە بیـرەوەرییـەکـانی ئەودا بەشـێـوەیەکی خـودکـارانە ئاوێتەی یەکتر دەبن و واقیعی ئەو ڕۆژگارانە وێنا دەکـــەنەوە و بەســـانایی لە (دەربار)دا ڕژاونەتە سەر کاغەز.

ئەم بایەخـــدانەش بە شـــوێنی بەربڵاوی والا لە ڕۆمانی (دەربار)دا بۆ خۆی دیاردەیەکی چاوەڕوان کراو و چاوەڕوان نەکـــراویشـــە، چاوەڕوان کـــراوە لەبەر ئەوەی بەســـەرهاتی ڕۆمانەکە بەسەرهاتی هەموو گەل و نیشـتـمـانە و نابێ و نالوێ لە تەنیا شوێنە تاریک و داخراوەکان، یان لە دڵ و دەروونی کـــەســـێک، یان کەسانێکی دیاریکراودا گیربدرێن، هەر بۆیەکەش شار و لادێ، زانکۆ و شەقـام و شـوێنە گـشـتـیـیـەکـان دەگرێتەوە. چاوەڕوان نەکراویشە هەر هیـچ نـەبێ بەلای مـنـەوە، چونکە ڕۆمانووس خوسرەو جاف و هەردوو کـەسـایەتی سـەرەکی ڕۆمـانەکـەی فـەڵامـەرز و یاسـەمین، هەمـوو ئەندازیاری بیناسازین- میعماری، لەحاڵەتی واشدا ئەوەی پێشبینی دەکرێ ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە لەڕووی پسپۆڕێتی خۆیانەوە بایەخی پتـر بە وردەکـاری بیناسـازی بدەن وەک: ئەندازە و جـۆری هەڵکەوتنی ژوورەکـــان، بەرزی و نزمی تەلار، نەردەوان، ژێرزەمین، ڕاڕەو و کـۆگا و پێچ و پەناکـانی وەک گـەرمـاو و توالێت و ئاشـخـانە، کـە هەمـوو لەزانستی دەروونی فرۆیدی و دوای ئەویش مـــــەدلـوولاتی دەروونی

باشلاری و سێکسیان زۆرە، بەتایبەتیش کاتێک کە لە ڕۆمان و کاری هونەریدا ڕەنگ دەدەنەوە.

یاسەمین و فەلامەرز کۆشک و کونج- شوققە، بەندیخانە، ڕیستۆران، ئوتێل، مەزار و زۆر شوێنی دیاریکراوی دیکەش دەبینن، فەلامەرز تەنانەت نەخشەی کۆشکی وەلی عەهدیش دادەڕێژێ و سەرپەرستیشی دەکا، بەلام بایەخدانی ئەم و یاسەمینیش لەسنووری بایەخدان بە ئاوت لاین و دیکراسیۆن تێپەڕ ناکات.

(٥)

لە (دەربار)دا خوسرەو وردەکاری دیکەی زۆری کردووە بۆ ئەوەی واقیعییەتێکی ئەدەبی بەکارەکەی بدات و لەکاری مێژوویی دووری ڕابگرێ.

٥-١: زۆربەی ئەو ڕۆماننووسانەی کە لەسەر زەمینەیەکی مێژوویی کاریان کردووە و ڕۆمانیان لەسەر بنیاد ناوە، ناوی کەسە لاوەکییەکانیان بەخۆیان ناو ناون، بەلام ناوی پاڵەوانە سەرەکییەکانیان ناوی ڕاستەقینەی خودی ڕووداو مێژوویەکەن، بەمەش سیفەتە مێژوویەکە زرپ و زەق بە بەرهەمەکانیانەوە ماوە، بەلام هەرچی خوسرەوە بەخۆی ناوی پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی ناوە و مێژووی کەسایەتییان هەر ئەوەیە کە لەدەقەکەدا بنیاد دەنرێ وەک: فەلامەرز، یاسەمین، ڕەحمان، فەرهاد... بەلام ناوی کەسە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەی ناوی ڕاستەقینەی مێژووین، وەک: هایدە، حومەیرا، گوگوش، ستار، گوڵپایگانی، حەسەن زیرەک، شاملوو، پرۆفیسۆر هشتروویان، پەرویز یاحەقی، عەهدییە.. و بنەماڵەکان: ئەفخەمی، ئەعلەم، بەگزادەخان، ئەمیر ئەقدەم، داودخانی کەڵهور، عەلی ئەکبەرخانی زەنگنە.. و پیاوانی شا؛ هوەیدا، ئەزهاری، عەلەم، زاهیدی، نیکخواه، فەرەیدوون، ناوی جەنەرالەکانی، ناوی وەزیرەکانی، هەموو ئەوانە لەدەقی دەرباردا ناویان دەهێنرێن، بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی، یان هەندێ جار تەنانەت ڕۆڵێکی لاوەکیشیان هەبێت، بەلام دیارە ئەو ناوهێنانە واقیعیەتێک بە دەقەکە و متمانەیەک بەخوێنەر دەبەخشێت، کە حەزەکانی تێر دەکات. شارەزاییەکەی خوسرەو لەم بوارەدا، لەبواری ناسینی کەسەکان و شوێنەکان و زانینی ڕووداوەکاندا گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی ژیانی ڕۆژانەی ڕاستەقینەی خۆیەتی، بۆیە بێ لە دەرکەدان دەچنە دڵەوە.

٥-٢: شارەزایی خوسرەو هەر لەبواری ئەو مێژوو و جوگرافیایەدا گیرناخوا کە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی دەربار پێک دەهێنن، بەڵکو دەگاتە ئاستی بیروباوەڕە ئایینی و مەزهەبییە هەمە جۆرەکانی ناو خەڵک و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانی ڕۆژانە و جلوبەرگ و خواردەمەنی و کار و کەسایەتی لادێی کوردەواری و گۆرانی و سرووتی ئایینی و مەزهەبی ئەهلی حەق و ئابووری کۆمەڵی جووتیاری سەر سنوورەکانی ئێران- عیراق، کە بە زۆری کشتوکاڵ و قاچاخچێتییە.

دەربار لە گوندی کانی تووی ناوچەی کرندی ئوستانی کرماشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات/ئێران و مەزاری (باوەیادگار)ی پیرۆزی ئەهلی حەقەوە دەست پێدەکا و لەسەر تاکە تاکەی ڕێورەسمی ئایینی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ململانێکان و گرفتەکانیان دەوەستێ، کە ململانێیەکی دوو سەرەیە هەم لەگەڵ سیستمی فیودالی و دەرەبەگایەتی کە (زەینەدین)ی سەرکار نوێنەرایەتی دەکا، هەم دەسەڵاتی ڕژێمی ئێرانیش کە خۆی لە فەرماندەی ژاندەرمیری و دەسەڵاتە ڕەهاکانی پاسگەی (پاتاق)دا دەنوێنێ.

سەرێکی دیکەی ڕووداوەکان دەچێتەوە کۆمەڵگەی ئیرستوکراتی تاران و ئەتەکێت و پێوەندییە هاوچاخەکانی کۆمەڵگەی شارنشین و پایتەخت نشینی دەرباری شاهەنشاهی و کۆشک و تەلاری دەوڵەمەند و ئاغا و خاوەن پلە و پایەکانی هەزار فامیل و دابونەریتی کۆمەڵایەتی هاوچاخی ئێرانی، ئیتر هەر لە تەرزی ژیان و بیناو کۆشک و ڤێللاو دیکراسیۆنەوە بیگرە تا دەگەیتە وردەکارییەکانی ئەتەکێتی هەڵسوکەوت و جۆرەکانی خواردن و خواردنەوە و شێوازی ڕازانەوە و پێشکەش کردنیان و تا مۆدیلەکانی جلوبەرگ و کەرەستەکانی مکیاژ و بۆن و ئەو ئاهەنگ و موزیک و سەما و گۆرانییانەی کە دەیانهەژێنێ و ئەو نوکتانەی کە دەیانهێنێتە پێکەنین و ئەو قسە و باس و دڵەڕاوکێ و پێوەندییە درۆزنانەیەی کە پێکەوە هەیانە، تا بە شێوەی خۆشەویستی درۆیینە و شووکردن و

ژنهێنانی بە بەرژەوەندیدا ڕادەگەن. هاتوچۆی پاڵەوانەکانی دەربار و چالاکی کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونییان لەنێوان دوو جەمسەری دژ بەیەکی جووتیاری ئەتراف و ئورستوکراتی پایتەختی سەنتەردا، لەنێوان کۆمەڵگەی بەجێماوی فیودالی شارە دوورەکانی پەراوێز و کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری ڕژێم و بازرگان و پیشەکارانی پایتەختی ئەورووپا مەشرەبدایە، دیارە وێناکردنی ئەو هەموو ناکۆکی و ناجۆری و ئەو هەمەڕەنگییە چ وردەکاری و شارەزاییەکی لە ڕۆماننووس خوسرەو جاف، خواستووە بۆ ئەوەی ڕووداو و کەسەکانیش لەسەر زەمینەیەکی لەباری وادا هەڵسووڕێنێ کە بەشێوەیەکی سروشتی و لەواقیعی پڕ لە ناکۆکی ئایینی شیعە و سوننە و ئەهلی حەق و دژایەتی چینایەتی و نەتەوەییەوە بتوانن کار بۆ ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بکەن و پرۆژەی شارستانی نوێ دابڕێژن، کە بەداخەوە لە دەرباردا، لە غەفڵەتێکی مێژووییدا پرۆژەی گەڕانەوە- پاشەگەردانی ئایینزایی جێی پێ چۆڵ دەکا و بە ئاگر و ئاسن دۆخی (١٤٠٠) ساڵەی ڕابردوو لەجێیدا جێبەجێ دەکا، بەڵام دیارە لە شێوەی مەهزەلەیەکدا. نموونەی جوانی ئەم دوو دنیا جیاوازەی پایتەخت و شوێنە پەراوێزەکان، جووتیاران و چینی هایلایقی ئێران لە دەرباردا زۆرن، کە شایەتی بۆ شارەزایی ڕۆماننووس دەدەن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خوار و ژووری ئەو کۆمەڵەدا کە کاری لەسەر دەکا، لێ ئەم دوو نموونەیە بەسن بۆ مەبەستەکەی ئێمە:

بەشی چوارەم لەبەرگی یەکەم باس لە میوانداریەکی ئەمیر ئینتیزامە لەخاتوو/ ڤێلاکەی خۆیدا لەگەڕەکی نیاوەرانی تاران لەداوێنی چیای ئەلبورز، ئەم گرتە خێرا پچڕپچڕانەی لێ هەڵدەبژێرم: (.. مێزەکان بە چەرچەفی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراو هەریەکە گوڵدانێکی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و مۆمێکی داگیرساوی نێو تۆپێکی شووشەیینی لەسەر دانرابوو... چەپک چەپک گوڵی نیلۆفەر و کلاویل و گەڵای سەوز بەسەر ئاوی گۆمی مەلەکەوە پەخش کرابوویەوە.. سۆنە ڕەنگاوڕەنگەکانیش بێدەنگ بەدوای یەکدا.. پەنجەی زێڕینی پەرویز ژێی کەمانی هێنا بووە هەرا و هاوار.. حومەیرا دانیشتبوو، دەنگ و ڕەنگ و خان و مانی بەچوار تەنیشتا دەبیسرا و دەبینرا... بڕێکیان ژنەکانیان زۆر لە خۆیان منداڵتر... ئافرەتەکان یەکتریان دەناسی... سەدان جار دەبوونە قوربان و سەدەقەی یەکتر، سێ هەنگاو لەیەکتر دوورکەوتنایەتەوە سەد ناو و ناتۆری یەکتریان هەڵدەدا...)

حومەیرا لەپڕ دەچریکێنێ.. ئەندێشەی دانیشتوانی شەونشینی سەرمەستی ئەلکول و سەرگەرمی قسە و باس پچڕپچڕ دەکا.. لەپڕ شلێپە شلێپ و هاوار و قیژەیەک ئەم شەونشینییە دەکاتە کۆمیدیایەک، ژنێک دەکەوێتە حەوزەکەوە و هاوار و قیژەی ئەو و زیقەزیقی مراوی و پێکەنینی میوانان کۆتایی بەو هەموو کەشوفشە دێنێ.

بەرانبەر بەدیمەنی کۆمەڵگەی ئورستوکراتی، دیمەنی لادێی زین کردنی ئەسپیش لە لاپەڕە (١٠٣) بەشی (٤١)ی بەرگی (٤)دا هەیە: (... ئەسپەکە ڕەحمانی دیت پڕماندی... ڕەحمان دەستی ماڵی بەسەروباڵیدا.. نەرمە لەبادی ژێر زینی خستە سەر پشتی... تەکەڵتوی خستە سەر لە بادەکە.. قوشقی خستە بن کلکی.. یەرکێشی لە سینە ناو بەستێوە بە قەڵتاخەوە، تورزەنگێکانی چەپ و ڕاست دابووە سەر قەڵتاخەوە و بەلوغمەوە شۆڕ ببووەوە،ڕەشمووی ڕاکێشاو ئەسپی لە گەوڕ وەدەرهێنا، یەشتا لە قاوی لەدەم و کاکیەی ئەسپ نەنابوو... کەفەڵ پۆشی دا بەسەر کەفەڵی ئەسپدا و لەقاوی لەدەم نا، ڕەشمووی لەسەر دامالاند و پێچایە مێخێکەوە و لە تووەکەی ئالیکی ناو لەپشتی قەڵتاخەوە بەستی بە بەن سامۆتکەوە، ئەسپە کوێت... سەروقەپۆزی سوڕ دەدا... هاتە چەپۆکان..).

هاتنە جونبش و پڕمە پڕ و جووڵان و سەربادان و چەپۆکان و سمکۆڵانی ئەسپە کوێت و وەستان و تاک تاک لێکردنی ئەسپاب و پارچەکانی زینەکەی ئەگەرچی لە شارەزایی ڕۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام لە ڕاستیدا پانۆرامایەکی دەسکرد نییە بۆ دەربڕینی ئەو شارەزاییە، یان بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێکی فۆلکلۆری سوار و سوارچاکی و کەلەپووری کوردەواری وەک زۆر لە چیرۆکنووسان بەبێ پێویستییەکی هونەری، هەر بۆ ئەو مەبەستانە لە بەرهەمی خۆیانی دەئاخنن، بەڵکو لێرەدا حاڵەتی سایکۆلۆژی ئەسپەکە و ئەو بزاوە سلۆمۆیشنەی کە ڕەحمان لەزین کردنی ئەسپەکەدا دەیکا،

لەڕاستیدا گوزارە لەحاڵەتی سایکۆلۆژی پڕ لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆری خودی ڕەحمان دەکا کە لەلایەن مەلا حیلمی بەرپرسی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ئەو ناوچەیەوە ئاگەدار کراوەتەوە لەگەڵ ئەو شامار و دەستەکەیدا ئەو سەرسنوورانە بەجێ بهێڵن، ئەگینا لەسەر داوای ساواک دەیانکوژێ، لەسەرێکی دیکەشەوە هەر لەو بارودۆخەدا ساواک دووجار پێوەندی بەخۆیەوە (بە ڕەحمانەوە) دەکەن کە پەیمانەکەی لەگەڵ ساواکدا بۆ کوشتنی سەردەستەی یاخیبووان ئەوکە شامار جێبەجێ بکات، ئەگەرنا ساواک شتێکی دیکەی لەگەڵدا دەکات. هەروا بێتەوە بەر لەزین کردنی ئەسپەکە ڕەحمان بە چەند ساتێک لەگەڵ سەبری ژنیدا وەرە وردی ئەوە دەکا کە دەبێ ئەو و منداڵەکەی لەکێلە بەرزە نەمێنن و بچن بۆ لای خزمانی لە سلێمانی و نەیەتەوە هەتا ئەو ناونیشانەی دەدەنێ کە لەگەڵ ژنەکەیدا لەسەری ڕێک دەکەون، بەڵام ئەمە هێشتا بڕیاری کۆتاییشی نییە، ئا لە حاڵەتێکی دەروونی و دڵەڕاوکێیەکی ئاوادایە ڕەحمان لە ترسی ئاشکرابوونی پێوەندییەکەی لەگەڵ ساواک و لەولاوە هەڕەشەی مەلا حیلمی بەکوشتنی و ئەو دڵەڕاوکێیەی کە بیرکردنەوە لەکوشتنی ئەوکەی سەردەستەی تووشی دەکا، هەموویش لەیەک ئان و ساتدا زۆری بۆ دێنن و ئەوکەش ناردوویەتییە دووی بچنە دیداری مەلا حیلمی و لە هۆی نامەکەی بگەن، ڕەحمان بە پەلە پەل ژنەکەی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە گەورە تاریکەکەوە، کە گوزارە لە بەرچاو تاریکی و بێ هیوایی خۆی دەکا، دەچێت ئەسپە کوێت زین دەکا، لێرەشەوە دیارە ئیتر ئەو جووڵانەوە سلۆمۆشنەی کە لە زین کردنی ئەسپەکەدا دەیکا بۆ پەیداکردنی کاتی فرەتر و بۆ بیرکردنەوەی زیاتر، چەند بۆ ڕەحمان پێویستە تا دوا بڕیاری خۆی بدات.

٥-٣: بوێریش خەسڵەتێکی دیکەی (دەربار)ە. لە دەربار دا شوێنەواری سانسۆری خودی ڕۆماننووس و فەرمی و یاسایی دەسەڵات هەستی پێناکرێ، دەربار چ بە پانی/ ئاسۆیی و چ بە ئەستوونی/ شاوڵی هەر سێ تابۆ باوەکەی ئەدەبی کوردی (سیاسەت، سێکس، ئایین) دەبڕێ و بەوپەڕی بوێرییەوە ئەو ماسکانە دەدڕێ، کە مرۆڤ بۆ شاردنەوەی ئارەزووە ڕاستەقینەکانی و بۆ جوانکردنی کردەوە ناشرین و بنەما ئەخلاقییە بەدەکان و ڕتووش کردنی بێ ئیمانی لەچاویان دەکا.

لە دەربار دا (سیاسەت هەر بە ڕاستی بێ داک و باب) خۆی دەنوێنێ: محەمەد ڕەزا شای ئێران بۆ ڕزگارکردنی تاج و تەختی خۆی و ڕازی کردنی نەیارەکانی، شۆڕشی سپی ڕادەگەیەنێ و زەوی دۆستە دەربەگەکانی، کە کۆڵەکەی ڕژێمەکەی بوون، زەوت دەکا و بەسەر جووتیاراندا دابەشیان دەکا. گومانی ئەوەی لێدەکرێ کە دەستی لە کوشتنی عەلی ڕەزای برایدا هەبووبێ.

مەلا حیلمی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی پارێزەری باشووری کوردستان، بۆ پاراستنی باری خۆی بەڵێنی دەرپەڕاندن، یان کوشتنی (ئەوکە شامار) و ئەو ١٠-١٢ چەتەیە بە ساواکی ڕژێمی شا دەدا کە لەگەڵیدا بوون و بۆ ئەو ڕۆژانە تروسکەی هیوایەکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەتایبەتی لای پێڕەوکارانی ئەهلی حەق لەو سەر سنوورانەی ئێران-عیراق. کۆنە شیوعییەکان، مارکسییە ڕووخاوەکان، ئەوانەی کە دەکەون، کە دەخرچێن، سووک و ئاسان پشت لە پرەنسیب و هاوڕێ و ئەو خەڵکە دەکەن، لەو جەماوەر و چینە هەڵدەگەڕێنەوە کە پێشتر لافی نوێنەرایەتی و پێشڕەوایەتییان دەکەن و ڕێکوڕەوان دەچنە خزمەتی دیکتاتۆرانەوە و دەبنە داردەستی، بە تایبەتیش لە بواری ڕاگەیاندن و ئەدەب و هونەرەوە، ئەمەمان لەسەردەمی دیکتاتۆری بەعسی عیراقیشدا دیت و لەڕۆمان و ئەدەبی ئەمەریکای ئیسپانی و ئەفریکا و زۆرێک لە ئەدەبی جیهانی سێیەم و چوارەمیشدا خوێندەوە، لەلای ئۆرهان پامۆک لە ڕۆمانی (بەفر)دا نموونەی ئەم چەپگەرە ڕووخاوانەن کە دەچنە ژێر ئالای ڕژێمی کەمالییەوە و شاری قارس بەسەر خەڵکەکەیدا وێران دەکەن، نموونەی دیکەش زۆرن. دیارە ئەم حاڵەتە لە ئێرانی سەردەمی شاشدا ڕوویداوە و خوسرەو لە ڕۆمانی دەربار دا وا بەناو بەرجەستەی کردوون: ئەرژەنگ، کۆنە کۆمۆنیستە دواتر دەبێتە ساواکییەکی درندە بەگیانی خەڵک کە دەنگدەداتەوە، بەشداری لە ڕفاندن و ئەتک کردنی (ژیلا)ی قوتابی و خەباتکاردا دەکا.

شەهرەیاری، کۆنە کۆمۆنیست کە

دەبێتە ئەڵقە لە گوێی ساواک و دێت لەعـــیـــراق پێـــوەندی بە (تەیموور بەختیار)ی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی شاوە دەکا هەتا غافڵی دەکا و بەختیار دەکوژێ و دەگەڕێتەوە ئێرانیش.

نیکخواه: کۆنە کۆمۆنیست کە هەوڵی کوشتنی محەمەد ڕەزاشا دەدا و دەسگیر دەکرێ و حوکم دەدرێ، لێ دواتر شا لێی خۆش دەبێ و دەیخاتە سەر کارێکی حکوومەتیش و ئیتر دەکەوێتە خزمەتی شاوە هەتا ئینقیلابی ئیسلامی سەردەکەوێ و دەیکوژن، لەڕاگەیاندندا خزمەتی شاو ڕژێمەکەی دەکا. ئاغای موهتەدی، کە بە پشتیوانی شابانووەوە و بە یارمەتی بڕێک کۆنە کۆمۆنیستی ڕووخاوی دیکەوە دەست بەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران و ژمارەیەک دەزگای هونەری و ڕۆشنبیری دیکەدا دەگرێ و بۆ شۆردنەوەی مێشکی خەڵکیان بەکار دەبا، سەرکەوتنیش بەدەست ناهێنێت، بەڵام لەگەڵ جیاوازی ئەوەدا کە ئەو شیوعییە ڕووخاوانەی ئەوانی دیکە و ئەوانەی نێو ڕۆمانی عەرەبی و تورکی نموونەی ئەدەبی و کەسایەتی ئەڵتەرناتیڤی ئەوانەی واقیعین، بەڵام ئەو ناو و نموونانەی خوسرەو جاف لە (دەربار)دا ئاماژە، یان ڕۆڵی داونەتێ هەموو ناوی ڕاستەقینەن و نموونەی هەڵبژاردەی ئەو شیوعییە ڕووخاوانەن کە هاوکاری ڕژێمی شای داردەستی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بوون، ئەمەش یەکێکە لەو موفارەقە سەیرە سیاسیانەی کە پێناسەی (سیاسەت دایک و بابی نییە) پشتڕاست دەکا.

جگە لەمە تەنانەت خودی ئەو ڕێکخراوە چەپڕەوەش کە هەردوو کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە (فەڵامەرز و یاسەمین) کاری تێدا دەکەن ئەویش لەکۆتاییدا دەبێتە ڕێکخراوێکی توندوتیژی، نەیارانی لەپیاوانی شا تیرۆر دەکا، دوو بانک دەڕووتێننەوە، نەخشە بۆ ڕفاندنی وەلی عەهدی ئێران دادەنێن، فەڵامەرز لە وشیاربوونەوەیەکی خاودا بڕیار دەدا کە ئیتر خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت، بەڵام لەسەر داوای ڕێکخراو و بەئاگاداری یاسەمینی دڵداری و بۆ مەبەستێکی ڕێکخراو و بەدەستهێنانی ناوبانگێک کە ئەندازیارانی دیکە ئیرەیی پێ بەرن، پرۆژەی بینای کۆشکی وەلی عەهد و لەهەمان کاتدا پێوەندییەکی ڕۆحی و جەستەیی لەگەڵ (لەیلا خان)دا دەبەستێ کە دەرباریە و (١٠) ساڵ لەخۆی گەورەترە، هەتا لە دواییدا دەبێتە خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ. هەر ئەو فەڵامەرزە چەپڕەوە وشیار و مرۆڤدۆستەشە(!) دواتر لەسەر بڕیاری ڕێکخراوەکەی هاوکاری گرووپێک لەڕێکخراو دەکا بۆ ئەوەی هەر بە تەنیا لەسەر گومان هاوڕێیەکی دیکەی ڕێکخراو لەنێو ماشینەکەی خودی فەڵامەرزدا بەدڕندانەترین شێوە بکوژن و تەرمەکەی فڕێ بدەن.

هەر هەمان ڕێکخراوی چەپگەریشە کە بۆ ڕزگارکردنی فەڵامەرز پەنا دەبەنە بەر ڕفاندنی کچێکی ١٠ تا ١٢ ساڵانەی بەرپرسێکی ڕژێمی ئیسلامی تا فەڵامەرزی پێ لەزیندان ئازاد دەکەن. هەمان یاسەمینی (نیشتمانپەروەر)یشە لە سەردەمی شادا بەیارمەتی ڕێکخراوی تیرۆریستی (بادر ماینهۆف)ی چەپگەری ئەڵمانی و (فەتح)ی فەلەستینی دەگاتە عیراقی سەردەمی بەعس و بەیارمەتی چەک و پارەی موخابەراتی عیراق مەشق دەکا بۆ لێدانی (نیشتمان)ەکەی خۆی ئێران، ماوەی چەند ساڵێکیش لە ڕێگەی ڕادیۆی فارسی بەغداوە بۆ بەرژەوەندی دیکتاتۆرەکەی عیراق هاوبەشی لەپرۆسەی مێشک شتنەوەی گەلانی ئێرانیدا دەکا.

لەسەردەمی ڕژێمی ئیسلامیشدا هەر یاسەمین و ئەنجا لەگەڵ فەڵامەرزدا و لەسەردەمی شەڕی ئێران- عیراقدا دێنەوە عیراق و بەیارمەتی موخابەراتی ڕژێمی بەعس و بە پاسپۆرتی ساختەی ئەوان عیراق بەرەو فەرەنسا بەجێ دەهێڵن. ئەمە ڕەنگە (لەناچاری سەر بەماڵی دوژمندا کردن) بێت، لێ دیوەکەی دیکەی بێ ئامانجی سیاسییەکان و سیاسەت دەسەلمێنێ کە هونەری مومکیناتە و لە سیاسەتدا کە (داک و بابی) نییە پرنسیبی نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەرژەوەندی گۆڕاو هەیە و هەمیشە کار بەو تێزە باوە دەکرێ کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە و ئیتر نە دوژمنی هەمیشەیی و نە دۆستی هەمیشەیی و نە پرەنسیبی هەمیشەیی هەیە. گەورەترین گاڵتەجاڕی سیاسیش لە دەربار دا ئەوەیە کە فەرهادی نیمچە خوێنەواری جێکێش و پڕ بەپێستی وشە (لۆتی) و براکوژ و دایک خۆکوژ بازی بەڕیشی موخابەراتی عیراقی و ئیتیلاعاتی ئێرانی دەکا و لەبەر بەرژەوەندی خۆی دەستی دەچێتە خوێنی زۆر کەس، ئەمە

کردەوەکانی ڕژێمی شاو ساواکەکەی و کەسە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن، دیارە کارو کردەوەی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییە مەزهەبیەکانیش لەوان چاکتر نەبووە، ئەوانیش پێش ڕووخانی شا لە ئەباداندا سینەمای (ڕێکس) ئاگر تێ بەردەدەن کە نزیکەی (٦٠٠) کەسی بێگوناهی تێدا دەسووتێ هەر لەبەر ئەوەی بیخەنە ئەستۆی ساواک و پیاوانی شا، هەر ئەوانیش بوون و هەر لە ئەباداندا بارەگای حزبی ئێران نوین، بازاڕی سەفای جەمشید و کێڵگەی بەخێوکردنی بەرازیان ئاگر تێ بەردا.

لەکات و لەدوای ڕووخانی شاو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، زۆر کاری ناڕەوا و ناجۆر ڕووی دا، حزب و لایەنە سیاسییەکان هەموو لە گۆڕەپانەکە دەرکران بە چەپ و مانڕۆ و نەتەوایەتی و لیبراليیانەوە، خەڵکێکی زۆر بەبێ دادگایی، یان هەر بەدادگاییەکی مەیدانی خرانە زیندانەکانەوە و کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەدانی کەسانی وەک قادر و شەهاب قومی و حوکمی حاجی ئاغا و زۆریشیان لەسێدارە دران، بەتایبەتیش پیاوانی شا و چەپگەرایان و کوردگەلێک کە داوای مافی نەتەوایەتییان دەکرد.

٥-٤: ئایین و مەزهب لەدەربارداا ئامادەییەکی پیرۆزی نییە، بەڕاستەوخۆیش پەلامار نادرێ، لێ لە کاروکردەوە و چاو و بۆچوونی کەسە جیاجیاکانەوە دەخوێنرێتەوە و وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنرێ و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرهاویشتەکانیدا دەکرێ.

دەربار بە بوێرییەوە خۆی لە قەرەی بیروباوەڕ و ڕێورەسم و مەزار و پیرۆزییەکان و دابونەریتی (ئەهلی هەق) دەدا، لەسەر وردەکارییەکانی زیارەتی مەزارگای کەسایەتی پیرۆزی ئەوان (باوە یادگار) دەوەستێ.

ئەهلی هەق ڕێبازی ئایینی ئەو کوردگەلەن کە لە خۆرئاوای شاری کرماشان و لەسەر سنوورەکانی ئێران- عێراقدا دەژین، زۆرجارانیش لەلایەن موسڵمانە کورد و فارسە سوننی و شیعەکانیشەوە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە لە شیعەشەوە نزیکن و ئیدیعای سەیدیش دەکەن، (باوە یادگار) و (سەیبراکە) لە پیرۆزمەندانی ئەوانن، گەورەترین سووکایەتیش بە ئەهلی هەق بکرێ (سمێڵ تاشین)یانە، کە لە ڕۆمانی دەربارداا سەروان عەزیزی فرماندەی پاسگەی بەنێوبانگی (پاتاق) بۆ سووکایەتی دەیکا و سمێڵی سەی سەلمانی کانی توو و ئالانەزەری مەرەخێڵ دەتاشێ و دواتر دەبێتە هۆی کوشتنی لەلایەن ئەوکە شامارەوە کە سەردەستەی یاخیبوانی ئەهلی هەقە.

لە ڕووداوێکی نائاسایی دیکەشدا ڕەحمانی کوڕی سەید سەلمان لە کردەوەیەکی بەپێچەوانەی شێخی سەنعان، ئەم واز لە ئەهلی هەق دەهێنێ و لەخۆشەویستی کچێکدا دەبێتە موسڵمانی سوننی مەزە و بۆ ئەوەی (سەبری) بدەنێ، بەڵام تاڵان و بڕۆ و کوشتن و بڕین و ئازار و ئەشکەنجەی ئەو تەوژمە ئیسلامە سیاسییەی کە دوای ڕووخانی شا لە ئێراندا دەسەڵاتی گرتە دەست، زۆر بە وردی لە ڕۆمانەکەدا وێنا کراون، بەڕادەیەک ئیتر جیاوازییەک لەنێوان مومارەسە کردنی ئایین و سیاسەتدا نامێنێ، بەڵام تراجیکۆمیدی هەرە گەورەی ئایینی کە لە ڕۆمانی دەربارداا دەقەومێ ئەو دیمەنە پڕ لە قەساوەتەیە کە ڕۆستەم زاغی ئەهلی خەڵکی کانی توو لە ئەنجامی لە دەستدانی وڵاخێکی بەرزەیەوە دووچاری خەمۆکی/ کەئابەت دەبێ و کەسوکاری بۆ چاککردنەوە، بۆ دێی بەرزە قەڵا بۆ لای شێخ سەفائەدینی سوننی مەزەوی دەبەن، ئەویش پێی وایە جنۆکە چوونەتە گیانییەوە، بۆیە دەیخاتە چاڵێکەوە و مەقاڵەیەک خەڵووز و پشکۆیشی لە تەکدا دادەنێت و سەرەکەی دادەپۆشێ و ئیتر گوێ بەهاوار و ناڵەی ڕۆستەم نادات تا وەختێک دەنگی نامێنێ و بانی چاڵەکە لادەبەن تەماشا دەکەن ڕۆستەم خنکاوە و تەرمەکەی دەبەنەوە. ئەمە ئەو دوو دیوە سەلبییەیە: (سیاسەت) و (خەرافەت) کە لە ڕۆمانی دەربارداا ئایینی تێدا دەردەکەوێ و هەر کە ڕەشە خەڵکەکەش باوەڕیان پێ دەهێنن ئیتر دەبنە هێزێکی ماددی لەبن نەهاتوو.

٥-٥: ڕچەشکێنی بەرچاوی دەربار لە باس کردن و وێناکردنی سێکس و هۆکار و ئامانج و شێوە و جۆر و هەندێ جار وێنەگرتنیشێتی بە نیازی هەست بریندارکردن و سەر پێ شۆڕپێکردنی نەیاران و ئیبتیزاز کردنی خەڵکانێک بۆ کاری سیاسی و هەندێ جاریش خودبەخشانە و هەروا بۆ تێکردنی تەوح و هەوەس:

ساواک بۆ کاری سیاسی نەخشە بۆ ئیغتیساب کردنی (ژیلاخان)

دادەڕێژن و بۆ ئیبتیزازکردنی وێنەشی دەگـــرن و بەوە لەدژی (میهران)ی دڵداری بەکاریشی دەبەن کە تێکۆشەرێکی خەباتی نهێنییە لەدژی شا. ژیلا دەنگی (میهران) تۆمار دەکا بۆ ساواک، ئاکام میهران بە دەستی ساواکەوە تێدا دەچێت، ئیتر ژیلا بە تەواوەتی تێدەکەوێ و ئەمجا ئەم بەخۆی دوای (ئەرژەنگ) و (میهرداد) و ئاغای مەنسووری بەڕێوەبەریان دەکەوێ کە بەهەرسێکیان فریای تێرکردنی ناکەون، ڕێک وەکو دیوی دووەمی (ئەرژەنگ)ی کۆنە کۆمۆنیست کە دەست ساواک دەکەوێ، ئیعتیراف لەسەر هاوڕێکانی دەکا تا بۆ خۆشی دواتر دەبێتە ئەو ساواکییە بەنێو بانگەی کـــە هەمـــوو تارانی هەژاندبوو.

* عەباس تیغی، موجتەبا جووجە، غولام نەقشی، ئیسی موشی، بەیارمەتی (مەمەدی) و (سودابەخان) کە ئەو دووەش قوربانیی ئەوانن، بۆ تۆڵەکردنەوە لە ڕەحمان ملکی دێن (فەرهاد)ی کوڕی دەخەنە سەر کاری خراپ، کە گـــەورەش دەبێ ناتوانێ وازی لێ بێنێت و بۆ خۆی لەگەڵ نێربازێکدا (کـــورش) ڕۆڵی ژن دەبینێ و سێکسی وێکچوان دەکەن.

* پیاوانی ئیتیلاعاتی دەسەڵاتی ئیســـلامیش لە زیندانداا (کوردەخان)ی ژنی فەرهاد سک پڕ دەکەن، کە لەسەر ڕاپۆرت و ئیخباری خودی فەرهادی مێردی دەسگیری دەکەن. دواتر دەردەکەوێ پێش ئەوەی ئیتیلاعات- ئەمنی ئیسلامی کوردە دەسگیر بکەن، هەر ئەو بەناو مـــێـــردە (فـــەرهاد) چوارمێخەی کوردەی ژنی دەکێشێ و دەیبەستێتەوە و (کورش)ی نێربازی تێبەر دەدا بۆ ئەوەی ڕازی بکا و زیاتر لەخۆی بپەڕێ، بۆیە کوردە دڵنیا نییە کە زگەکەی لە کورشە، یان لە ئیتیلاعاتییەکان.

* سێکسی خودبەخشانەی لەیلا و یاسەمین لەگەڵ فەلامەرزدا کە یەکەمیان مێردی هەیە و دووەمیان هەر بۆ خۆشی و خۆشەویستی بەبێ مارە و تەلاق و لەسەر داوای خۆی کچێنی خۆی بەفەلامەرز دەبەخشێ، لەکاتێکدا هەردوو ژنەکە بەپێوەندی ئەوی دیکەیان بە فەلامەرزەوە دەزانێ و نەک هەر لێی ناتۆڕێن، بەڵکو چێژیش لەو حاڵەتە دەبینن تەنانەت یاسەمین کاتێک حەزی دەچێتە فەلامەرز بەخۆی داوای لێدەکات باسی لەیلای بۆ بکات کە کاتی جووت دەبن، ئەمە پتر لە جار و دوو لە دەقەکەدا دووبارە بووەتەوە.

* سێکسی ڕەحمان، کە بەخۆشەویستی ژنی هێناوە، لەگەڵ ژنانی دیکە و سێکسە شازەکانی لەگەڵ کوڕ و کاڵەی بەدڕەوشت، لەگەڵ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشدا ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە دەرپێیەکی سەبری ژنی لە جانتایەکدا پێیە و پێش ئەوەی لەگەڵ هەر چ سۆزانیەکدا جووت ببێ لەپێشدا دەرپێی ژنەکەی خۆی پێ لەپێ دەکا و پێی دادەکەنێتەوە و ئەوجا توخنی دەکەوێ.

* سێکسی سودابە و پەری بۆڵەندە و هەندێکی دیکە لەپێناوی پارە و دابینکردنی ژیان و ژیاری، یان هەیانە هەر لەبەر ئەوەی لەماڵی خۆیاندا تێر سێکس نابن، لەگەڵ ئەمانەدا کۆمەڵێک بە ناو پیاوی وەک عەباس زەرب، عەباس تیغی و ئیسی موشی و مەمەدی هەن کە جگە لەوەی ژیانیان خستووەتە سەر ئەم لەشفرۆشییەی ئەم ژنانە کە جێکێشیان بۆ دەکەن و لەپای ئەوەدا لە کـــوڕ و کـــاڵایان دەپارێزن، بۆ خۆیشیان چێژێکی دەروونی لەو سروشتە شازەیان دەبینن.

دیمەنی ئەو پرۆسە سێکسییانەی کە لەدەربار‌دا تۆمار کراون هەندێ جار زۆر بێ پەردە وێنا کراون، زۆرجاریش بەزەیی دەوروژێنن تا حەزی سێکس وەک دیمەنی ئیغتیساب کردنی ژیلا و کوردە، کە پێچەوانەی شەو و دیدارە پەمەییەکانی فەلامەرز و یاسەمین و لەیلا دەیوروژێنن، یان ئەو حاڵەتە شازەی کە لەنێوان سودابەو فەرهاددا باس دەکرێ، قێز دەهێنێتەوە.

(٦)

شکستی گەورە لە دەربار‌دا

چەمکی خۆشەویستی و دەزگای خێزان دەیخوا وەک یەکەی بناغەیی کۆمەڵ.

دەربار، زۆر جۆرە پێوەندی خۆشەویستی و جەستەیی نێر و مێ و تەنانەت نێر و نێریش لە خۆی دەگرێ، بەڵام ئەوەیان کە لەسنووری پێوەندی شاز و ڕەوشتی باویش دەردەچێ ناگاتە ڕادەی پێکەوەنانی خێزان، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەیانە ئەو نیمچە ئارامییەش تەفروتوونا دەکا کە لە هەندێ خێزاندا هەبووە.

چیرۆکی دڵداری فەلامەرز و یاسەمین چیرۆکی دڵداری سەرەکی دەربارە و ئەو دوایی ڕووداوەکانی دیکەی بە دەوردا هەڵچنراوە، بەڵام ئەم خۆشەویستییە هەرگیز ناگاتە

ڕادەی جێگیربوون.

یاسەمین جەستە و تەنانەت کچێنی خۆیشی بە فەلامەرز دەبەخشێ وەلێ هەرگیز ئامادە نییە بەشێوەی باو و شەرعی شووی پێبکات. کە زگیشی لێ پڕ دەبێ، گوێ بەپارانەوە و هاوار و تووڕەبوونی فەلامەرز نادات و منداڵەکەی لەبار دەبا بۆ ئەوەی کاروباری مێرد و ماڵ و منداڵ ڕێی چالاکی حزبایەتی لێ نەگرن.

هەر لەپێناو بەرژەوەندی و بەڕاوێژی حزب یاسەمین پاڵ بە فەلامەرزەوە دەنێ بۆ باوەشی ژنێکی دیکە (لەیلاخان) کە ئەمەش قوربانیدانێکی سەرنجڕاکێشە ژنێکی دڵدار بەدڵدارەکەی بدات. یاسەمین زۆر بەڕوونی بە فەلامەرز دەڵێ: دوای نیشتمان تۆم خۆش دەوێ، کاتێکیش یاسەمین بڕیار دەدا بۆ مەشقکردن لەسەر چەک ئێران بەجێ بهێڵێ و بڕوات بۆ عیراق و کە فەلامەرز ناڕەزایی نیشان دەدا و دەڵێ ئەگەر لەوێ یەکێک داگیری کردی، یاسەمین دەڵێ: من گیانم بەخشیوە بە نیشتمان لەش ئەوە هەر پرسیاری لەسەر نییە.

کە بەیارمەتی ڕێکخراوی بادرماینهۆفی ئەڵمانی و فەتحی فەلەستینیش دەگاتە عیراق و دەگاتە دەست موخابەراتی عیراق و ناو کەسانی سەر بەئۆپۆرسیۆنی ئێرانی لە عیراق و ئاشنایەتی لەگەڵ (دڵشاد)ی کوردی عیراقیدا پەیدا دەکات، سەرەتا پێوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵدا دەست پێدەکات کە دەگاتە ڕادەی ئەوەی دڵشاد ڕووی خواستنی لێ بنێت، لێ دڵشاد لەسەر پێوەندیی لەگەڵ پارتیدا دەست موخابەراتی عیراقی دەکەوێ و بەر لەخواستنی یاسەمین، سەری تێدا دەچێت.

دواتر کە یاسەمین و فەلامەرز لە پاریس بەیەکتر دەگەنەوە، یاسەمین چاوێکی لەدەست داوەو شێوەی شێواوە و تەمەنی لەتەمەنی زگوزا تێپەڕیوە و لەڕێی زەواجێکی ناشەرعی و نافەرمی خێزانێک پێکەوە دەنێن و لەڕێی (منداڵی شووشە)وە، لە بەزری فەلامەرز و لە توخمی (ئەزیتا) ناوێکەوە کە ئەویش هەر سەر بەئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە لەپاریس، منداڵێکیان دەبێ کە لەڕێی کارێکی پزیشکییەوە خراوەتە منداڵدانی یاسەمینەوە.

ئەمەش ڕوونە کە کۆتاییەکی نائاساییە بۆ دڵداریەک کە لە بارودۆخێکی نائاساییدا ڕوودەدا و ڕەنگە هێمایەکی سیاسیشی لەپشتەوە بێت بۆ پاشەڕۆژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە دەبێ لەدەرەوەی وڵات و لەسەر خاکێکی بیانی و بەیارمەتی بیانی بتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە.

شیاوی گوتنە کە فەلامەرز و یاسەمین جارێکی دیکە لە پاریسدا (لەیلا خانم) دەبیننەوە، وێڕای زانینی پێوەندی خۆشەویستی و جەستەیی ئەو و فەلامەرز، کەچی یاسەمین داوای لێدەکات بچێت لەگەڵ ئەو و فەلامەرزدا بژێت.

هەر لەپاریسدا منداڵی فەلامەرز و یاسەمین و منداڵی باوک نەناسراوی کوردەی ژنی فەرهادی ڕەحمان یەکتر دەبینن، ئەگەرچی ساواشن و هیچ لەبارەی ڕابردووی هەردوو خێزانەوە باس نەکراوە.

پاریسیش جێی ئاسایی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بووە، بەتایبەتیش ئایەتوڵڵا خومەینی کە لەوێوە دژایەتی ڕژێمی شای کرد و ڕووخاندیشی، بۆیە گردبوونەوەی فەلامەرز و یاسەمین و ئەزیتا و کوردە و لەیلا و منداڵانیان و یەکتر بینینیان بێ دەلالەتی ڕەمزی نییە. لەڕووی تەکنیکیشەوە بۆ ئەوە دەشێ پاریس و ئەو کەسایەتییانە بکرێنە بنەمای درێژەپێدانی خودی ڕۆمانی دەربار، یان تەنانەت سەرەتای ڕۆمانێکی دیکەش، لەم کۆتاییەی کراوەتەوە دەتوانێ بەسەر زۆر ئەگەری دیکەی جۆراوجۆردا بکرێتەوە، ئیتر لەلایەن خودی ڕۆماننووسەوە بێت، یان هەر لە زەینی خوێنەردا بێت.

با ئەوەش دیاری بکەین کە حاڵەتی خۆشەویستی فەلامەرز بۆ دوو ژن (یاسەمین و لەیلا) لەیەک کاتدا و بە ئاگاداری و ڕەزامەندیشیان هەر بۆ خۆی حاڵەتێکی بێ وێنەی ئەدەبە، یان هەر هیچ نەبێ لە ئەدەبی کوردیدا دەگمەنە.

جگە لە دڵداری و زەواجی فەلامەرز و یاسەمین و لەیلا، لە دەرباردا چەندین ئەزموونی دیکەی دڵداری و زەواج هەیە، کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ئەم چالاکییە مرۆڤانەیەمان نیشان دەدات کە بەتایبەتی لەڕۆژهەلاتدا میسالییەتێک و پیرۆزییەک و خەرمانەیەک لە خورافاتی لێ ئالێنراوە، کە زۆر جاران دەبێتە هۆی لەخشتەچوونی کوڕان و کچانی بێ ئەزموون و هەندێکیشیان هەر

بەڕاستی دەچن بەسەر کارەساتدا و خەون و خەیاڵی بەختەوەرییان بەدۆزەخێکی ڕاستەقینە وەردەگەڕێ.

خۆشەویستی ڕەحمان و سەبری، خۆشەویستی کوڕە کوردێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی جووتیار و ئەهلی حەقە بۆ سەبری، سەبری کچە کوردی بە ڕچەڵەک خەڵکی سلێمانی باشوور و ئیسلامی سوننە مەزە و و کچە جووتیار، کە لە گوندێکی ئێراندا گیرساونەتەوە و لە ڕێکەوتێکدا لەگەڵ ڕەحماندا دڵیان لەیەکتر دەچێ و ڕەحمان وەک شێخی سەنعان بۆی لەئایین وەردەگەڕێ.

بەڵام ئاکام خێزانێکی بێ سەروبەری لێدەکەوێتەوە، کوڕێکی شاز، یەکێکی دیکەی سەقەت، ڕەحمان بۆ خۆیشی ڕوو لە خواردنەوە و بەنگکێشی و نێربازی و مێبازی دەکا و ژیان بەهۆی کردەوەکانی ئەو و کوڕە سەقەتەکەیەوە لەسەبری دەبێتە دۆزەخ و ئاکامیش بەخۆی و بەکوڕە سەقەتەکەیەوە بە پیلانی کوڕە هۆمۆسێکسۆڵەکەی بەکوشت دەچێ.

خۆشەویستی بەرژەوەندییانەی پڕ دڵەلەرزە و نیگەرانی ئاڵەمتاجی خوشکی فەڵامەرز و ئەسفەندیاریش کە منداڵ و پەروەردەی چینی دەربەگ و ئوروستکراتین، بە زەواج و ژیانێکی پڕ گرفت و قار و تۆر و گێچەڵ کۆتایی دێت و ئەوەشی باوک و خانەوادە بۆیان دابین دەکەن ئەسفەندیار لەخانمبازی و خواردنەوە و قومار دایدەنێت، ئەگەرچی پێش گواستنەوەش بەڵێن بە ئاڵەمتاج دەدا واز لەو کردەوانەی سەردەمی زگورتێتی بهێنێت، بەڵام هەر ماوەیەکی کورتە و بەڵێنەکەی دەشکێنێت.

خۆشەویستی کوردەخانمی کوردی باشووری کوردستان و خاوەن بڕوانامەی ماجستێر و کچە دەوڵەمەندی کوردپەروەر بۆ فەرهادی (گەی) و نەخوێنەوار و کوردی ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و خائین بەوڵات و نەتەوە و بەها مرۆڤایەتییەکان، هیرۆئین کێش و هیرۆئین فرۆش و دایک و براخۆکوژ و جێکێش لەسەر ژنی خۆی، خۆشەویستییەکی یەک لایەنەی کچێکی لەدایک و باوکێکی دەوڵەمەند یاخی بووە بۆ کوڕێک (!) کە وەک ژنێک لەگەڵ پیاوێکی (شازی) دیکەدا دەژێ، ئەم خۆشەویستییەش لەدەربار دا بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی دێت، فەرهاد خانوو و زێڕ بەکوردە دەفرۆشێ و دەیباتەوە ئێران و لەوێ بە چوارپەل بەستراوەیی دەیخاتە ژێر هاوکارە نێرینەکەی خۆی و ئەوجا دەیدا بە دەست دایەرەی ئەمنی ئێرانییەوە، لە زیندانیش دەستدرێژی دەکرێتە سەر، کە ئازاد دەکرێ بە منداڵێکی زۆڵەوە لەپاریس دەگیرسێنەوە.

خۆشەویستی میهران و ژیلایش هەر بە ڕاستی بەکارەسات وەردەگەڕێ، ئەمانیش هەردووک پێکەوە لەڕێکخراوێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆندا کاردەکەن، ساواکی سەردەمی شا بۆ بەکارهێنانی لەدژی میهرانی دڵداری، ژیلا دەڕفێنن و لەیەکێک لەخانووە تایبەتییەکانی ساواکدا دەستدرێژی دەکەنە سەر و وێنەشی دەگرن و بەوەش ناچاری دەکەن دەنگی میهرانیان بۆ تۆمار بکات، میهران بەو بەڵگەیەوە دەست ساواک دەکەوێ و دەکوژرێ.

ژیلاش کە سەرەتا ئازارێکی لەڕادە بەدەر لەو بارەی تێی کەوتووە دەکێشێ، بەڵام وردە وردە وا لەگەڵیدا ڕادێ کە ئیتر بەخۆی لەدوای ئەو کەسانە دەگەڕێ کە دەستدرێژییان کردووەتە سەری و کاتێک کە یەکێکیانیش داوای زەواجی فەرمی لێدەکات ئینجا ئەو (ژیلا) داواکەی ڕەت دەکاتەوە لەبەر ئەوەی وەک خۆی دەڵێ ئیتر بەپیاوێک تێر ناکرێ.

ئەمانە وێڕای بەسەرهاتی سودابەخانم و خیانەتی ژنان و مێردانی چینی ئوروستکرات و خیانەتی بەئاشکرای لەیلاخانم لەمێردەکەی و شابانوو لەگەڵ شادا و شا لەگەڵ شابانوودا، شابانوو لەگەڵ ئاغای جەوادی، شا لەگەڵ تەلاخانم و لەیلا لەگەڵ فەلامەرزدا ژیانێکی تایبەتی دوور لە خێزانی فەرمی بەسەر دەبەن. بەمەش هەموو ئەو تیۆرییانە جێ لەق دەبن کە دەڵێن سەرکەوتنی خۆشەویستی و سەرکەوتنی ژن و مێردایەتی لەوە دایە کە ژن و مێرد هاوتەمەن، هاوچین، هاوزمان، هاونیشتمان، هاوئایین، هاومەزەو، هاوبیر، یان چەند هاوهاوێکی لەمانە بن.

ئەو خۆشەویستی و ژن و مێردایەتیەش کە لەدەقەکەدا (هێشتا) دووچاری شکستی نەبووە تەنیا ژن و مێردایەتییەکەی شیرین و هەمایۆنە، کە دەشڵێم (هێشتا) لەبەر ئەوەمە کە ئەوان لاون و لەسەرەتای کاردان و کێ چووزانێ ئاکامیان چ دەبێ، ئەگەر ئەوانی دیکە هەموو فەشەلیان هێنابێ..؟!

(٧)

کەسایەتییەکانی (دەربار) کەسایەتیگەلێکی دینامیکی زیندوون، بەتایبەتیش کەسایەتییە سەرەکییەکان و بگرە هەندێک لە لاوەکییەکانیش، زۆربەیان لەپاشخان و زەمینەیەکی ئابووری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەوە پەیدادەبن و وەکو هەر مرۆڤێکی ڕاستەقینە مێژووی کەسایەتیان هەیە، هەندێک لەو مێژووە هی پێش بوونە دەقن، بەڵام لەدوای بوونە دەق و لەسەردەمی دەقیشدا شوێنەواریان دەکەوێ و زۆر جارانیش لەسەر بنیادی مێژووی کەسەکان لەسنووری دەقدا کاریگەری زۆریان هەیە، ئەمەشە وای کردووە کەسەکانی دەربار کەسایەتی کۆنکریتی نەبن، یان هەر (دەمێک- زارێک) نەبن، ڕۆماننووس بیروباوەڕەکانی خۆی، یان ئایدۆلۆژییە ناکۆکەکانیان لێوە دەربڕێ، یان بەگژ یەکتریاندا بکات، بۆیە دایالۆگی (پینگ- پۆنگ) ئاساش لەڕۆمانەکەدا بەرچاو ناکەوێ و کەسەکانیش یەک نەفەسن و تا سەر باش، یان خراپ، سپی، یان ڕەش نین، بەڵکو لەمێژوویەکی دینامیکی مرۆڤانەدا دەژین و پێش دەکەون، یان شکست دەخۆن، گەشبین دەبن، ڕەشبین دەبن، تووڕە دەبن، دڵخۆش دەبن، سەردەکەون، ژێردەکەون، بەهیوا دەبن، بێ ئومێد دەبن، هەندێ جار چاکە و خراپە و شەڕ و خێرەکەش دەزانن، بەڵام پێچەوانەی ویستی خۆیان ڕەفتار و گوفتار دەکەن، ڕاستییەکان دەبینن و دەزانن، بەڵام بەناچاری مل بۆ ناهەق بخەوێنن. کەسایەتییەکانی (دەربار) تێدەکۆشن ڕۆڵی سوپەرمانانە بلەیزن وەلێ ئاکام وەک مرۆڤ کۆتاییان دێت.

ئەمیر ئینتیزام زیانێکی زۆر لە یاسای چاکسازی زەوی ئینقیلابی سپی شا دەبینێ، پەژارە دایدەگرێ، پێوەندی بەئەمیرەکانی دیکەوە دەکا (ئەمیر ئەقدەم و ئەمیر ئەلیخان و...) و تەنانەت بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیشەوە دەکا (تەیموور بەختیار) بۆ ئەوەی لەدژی ئەو یاسایە بجووڵێن، ئەو دەڵێ: ئێمە کوردین و ئێلاتی پۆ و پێوەندیمان لەگەڵ ئەو جێگە و شوێنەدایە... ئێمە ڕێز و حورمەت و نرخمان بەزەویەکانمانەوەیە... بەڵام دواتر لەگەڵ سووربوونی شا لەسەر ئینقیلابی سپی و لەگەڵ خوێن ساردییەکەی ئەمیر ئەلیخان و ئامۆژگارییەکانی فەلامەرزی کوڕیدا ورده ورده کۆڵ بۆ واقیعەکە دەخوا. تەیموور بەختیاری پورزای شابانوو سورەیا و دامەزرێنەری دەزگای ساواک و بەرهەڵستکاری ڕژێمی شا لە عیراق، بۆ خۆیشی دەکەوێتە داوی ساواکەوە و دەکوژرێ.

فەلامەرز، کە بەقەوڵی مارکسییان (خیانەت) لە چینی خۆی (دەرەبەگ) دەکا و دەچێتە حزبێکی چەپگەرەوە، بەڵام دواتر بەڕێکەوت و لەسەر بڕیار و بۆ بەرژەوەندی حزبەکەی دەگاتە دەرباری شاهەنشەهای و دەبێتە سەرۆکی بەشی ئەندازیاری لەدەرباردا، پێوەندییەکی جەستەیی لەگەڵ ژنە دەرباریەکدا (لەیلا خانم) دەبەستێ، کە دواتر وێڕای بوونی (یاسەمین)یش لەژیانیدا، بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە وەردەگەڕێ، ئەگەرچی لەیلا مێردی هەیە و (١٠) ساڵیش لەفەلامەرز گەورەترە. فەلامەرز لەڕێکخراودا کار دەکا، دواتر لەڕاستی و دروستی بڕیارەکانی ڕێکخراو دەکەوێتە گومانەوە، بڕیار دەدا کەسایەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بەڵام دواتر لەچالاکی پیاوکوژیدا بەفەرمانی ڕێکخراو دەکا... لەزەمانی شادا دەسگیر دەکرێ، لەسەردەمی ئیسلامیدا زیندانی دەکرێ.. واتا بەردەوام لەبزاوتایە دەگۆڕێ، پێش دەکەوێ، شکست دەخوا... و.. لەیلاخانم بەخۆی ژنێکی پەروەردەی ڕۆشنبیری و دیموکراسیەتی فەرەنسایە، بەڕێکەوت دەستەخوشکێکی (فەرەح دیبا) شوو بە شا دەکا و ئەمیش لەگەڵ خۆی دێنێتە دەربارەوە و لەیلاش دەبێتە دەرباری، دوای ڕووخانی شاش دیسان دەچێتەوە پاریس.

یاسەمین خانم کچی عەباسی خۆشنووسی ئیسفەهانییە، بەنەژاد لوڕە، لەسەردەمی شۆڕشی قەدەم خێرەوە باپیری لەخوڕەم ئابادەوە دێتە ئیسفەهان، بابی یاسەمین دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، بەخۆی قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری میعمارییە، بەڵام لەڕێکخراودا دەبێتە هێمای توندوتیژی و بکوژی هەرە دەستوەشێنی حزب تا دەبێتە فەرماندەی گشتی ڕێکخراو و ئاکام هەر بەخۆی دەست لەچالاکی هەڵدەگرێ و لەگەڵ فەلامەرزدا دەچنە پاریس، پاش ئەوەی منداڵێکی بەری پێوەندی خۆی و فەلامەرز لەبار دەبا و چاوێکی لەدەست دەدا و دەموچاوی دەشێوێ و لەتەمەنی

زگـــوزا تێـــدەپەڕێ ئەوجـــا دڵی بەمنداڵێکی بۆڕییە شووشەییەکان دادەهێنێ.

ژیلاخانم، ئەرژەنگ، شەهرەیاری، موهتەدی، نیکخواه و... ئەمانیش پـێـش بـوونـە دەقـی (دەربـار) کۆمۆنیست و لە نەیارانی شا بوون، هەمـووش کەسایەتی ڕاستەقینەن ژیلا نەبێت لەوەی دڵنیا نیم، بەڵام کـە دەسـتی سـاواک دەکـەون، دەڕووخـێن دەچنە خـزمـەتی شـاو ساواکەکەیەوە.

سـەید سـەلمانی کـانی توو و ڕەحمانی کوڕی لە تەمووره ژەنین و چامـە سـروود و هەنگامـە سـروود خـوێندن و خزمـەتی مـەزاری (باوه یادگـار)ەوە بەهۆی تاوانێکەوە کـە نەیانکردووە! بەتاوانی کـوشـتنی زەینەدینەوە حوکم دەدرێن، ڕەحمان و فەرهادی کوڕی ئەمیش هەر بەجارێ شوولی لێ هەڵدەکەن و لەخیانەت و جـاسـووسی و بەنگکێـشـان و خواردنەوە و پیاوکوژی و نێربازی و مـێـبـازی و زوڵم و زۆر تەنانەت لەدژی ژن و منداڵی خۆیشیان کۆ لە هیچ تاوانێک ناکەنەوە.

ئەوکـە شـامـار (ئەوڵکەریم ڕەزا سەعید) کە لەئەسڵدا لە (گاوارە)وە هاتوونەتە (کـانی توو) ئەویش و چەکدارەکانی کە لەگەڵیدا لەو سەر سنوورانە یاخی بوون، هەمـوو و هەر یەکە چیرۆکێکی هەیە کە مێژووی تاکەکەسـیـیان و باری دەروونی و کۆمەڵایەتیـیان و هەڵسوکەوت و تەنانەت ئامـانج و ئەنجامـیـشـیـان ڕوون دەکاتەوە.

ئەوکە شامار لە قورئەی سەربازیدا ناوی دەردەچێ و دەکـرێتـە سـەرباز، لەسـەربازی هەڵدێ و دێتەوە گوندی خۆیان و وەک مـرۆڤێکی ئاسـایی و بێ ئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشێت دەژی، بەڵام فـەرمـاندەی پاسگەی (پاتاق)، کـە هێـمـای دەسـەڵاتی ڕژێمی شایە لەناوچەکە، دەسگیری دەکـا و سـووکـایەتی پێ دەکـا و دارکاری دەکا، ئەوکەش لە هەلێکدا تفەنگی پاسدارێک دەڕفێنێ و لەو بەندییـە هەڵدێ، مـوزەفـەری دوای دەکەوێ و بۆی دەسگیر ناکرێتەوە، بەڵام لەگەڕانەوەیدا ئەوکە تەقـقـەی لێـــدەکـــا و دەیکوژێ و چەندین ژاندارمـیـش بریندار دەکـا، ئیـتـر دەبێـتـە مـیـرکـوڕی ناوچەکـە و هەرکـەسـێک لەناوچەکـە لەگـەڵ حکوومـەتدا کـێـشـەیەکی دەبێ پێوەندی پێوە دەکا تا دەبنە ١٠-١٢ کـەس کـە هەریەکـە و کـوڕی باکگراوندێکی تایبەتی خۆیەتی.

ڕەحـمـان: کـە لەسـەر تاوانی کوشتنی کەسێک کە ئاگای لێ نییە لەگـەڵ باوکـیـدا دەکـەوێتـە داوی ساواکەوە و بۆ بەردانی باوکی بەپێی پیلانێک ئازادی دەکەن بەو مەرجەی ئەوکـەیان بۆ بکوژێ، بە چەتەیی دووجـار بریندار دەبێ، خـەڵک دەکوژێ، تاڵان دەکا، دڵداری دەکا، ژن دەخـوازێ، منداڵی دەبێ، ئاکـام ڕۆژێک ئەوکـەش دەکوژێ و دەبێتـە داردەسـتی سـاواک لەتەواوی کرماشاندا، تا دوای ڕووخانی شا کوڕی ئەوکە لەتۆڵەی خوێنی باوکیدا دەیکـوژێ و مـــاڵ و مـنـداڵی سەرگەردان دەبن.

عـەلی کـەروێشک: کـەسـێکی هەمـیـشـە خـەواڵوو دەکـەوێتـە داوی ژنی ئاغاکەیەوە، بەڵام عەلی لەگەڵی ناکـــا، ژنە تاوانی دزینی زێڕ و خشڵەکانی بۆ هەڵدەبەستێ و ماوەی (٢) ساڵ لە بەندیخانەی توند دەکا، کە ئازاد دەبێ دەچێتەوە ماڵی ئاغای (حـاجی ئاغـا یووسـفی شـائابادی غـــەرب) و ئەوجـــا بەزۆری چەک لەتۆڵەی ئەو (٢) سـاڵە بەندییـە بەناهەقـەی، هەرچی زێڕ و خشڵـیان هەیە لێـیـان دەسـتـێنێ و ڕاسـتی کـێـشـەکـەشی بۆ حـاجی ئاغـا دەگێـڕێتـەوە، بەڵام بە ژنەکـە دەڵێ: زێڕەکـانت دەبەم، بەڵام ئێـسـتـاش سوارت نابم، چونکە پێت خۆشە.

مـەجـیـد باوەجانی: تاکە سـوننی مەزەوی ناو دەستەکەی ئەوکە لەسەر دزی و کـوشـتنی کـەسـێک کـە لە سـەلاس و جـوانڕۆ و ڕوانسـەر و پـاوەدا دەنـگ دەداتـەوە، لـە باوەجانەوە دێتە لای ئەوکـە و پاش ساڵانێک لەکاتی کوشتنی سەروان عەزیزی فەرماندەی پاسگای پاتاقدا دەکوژرێ.

ئەسەد، لەعەشرەتی سەگەوەندی و خـەڵکی حـەیدەر ئابادی شـائاباده، پێشتر دز بووە، چەند ژاندارمێکیش بریندار دەکا و دەچێتە ناو دەستەکەی ئەوکە، لەبەر ئەوەی کەسوکاری لەنێو شـاردا زۆرن و لەدوای ئەوەی مـەلا حیلمی بە ئەوکە دەڵێ ساواک پێیان گـوتووە سـاواک پیـاوی خـۆی لەناو جەماعەتەکەیدا هەیە، ئەوکە بەناهەق گـومـانی دەچێـتـە سـەر ئەسـەد، ڕەحمانیش کە بەخۆی پیاوی ساواکە لەلای ئەوکـە و بۆ دوورخـسـتنەوەی گـومـانەکـە لەخـۆی، ئەوەندەی دیکە ئەو گـومـانەی ئەوکە لەسـەر ئەسـەد زیاد دەکـا و هانی کوشتنی دەدا، تا ئاکـــام پێش ئەوەی لەســـەر داوای سـاواک ئەوکـە بکوژێ، ئەسـەدیش دەکوژێ.

پێکەنینی گەدا و چەندێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک

هادی حەبیبی
(بۆکان)

هەر لەو سەردەمەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتان خزیوە و لە نێوان شاخ و کێودا ژیاوە، گێڕانەوەی چیرۆکی بە لاوە باو بووە، بەسەرهاتی ئازایەتی خۆی لە ڕاو کردنەوە هەتا شەڕ لەگەڵ دێوو خۆ پاراستن لە هەر چەشنە ڕووداوێکی پڕ لە مەترسی کردۆتە چیرۆک و بۆ دانیشتووانی گێڕاوەتەوە. پاش تێپەڕبوونی زەمان و بەهۆی نەبوونی خەت و نووسین، سەرجەمی ئەو بابەتانەی بە وێنە لەسەر دار و بەردی کێشاوەتەوە و وەک ئەدەبی زارەکی لە نێو سینگی خەڵکدا پارێزراوە، بەڵام ئاشکرایە کە مێژووی گێڕانەوەی چیرۆک لەگەڵ چیرۆک نووسین، دوو مێژووی بە تەواوی مانا لێک جیاوازن. ئەوی لەم پێشەکییە کورتەشدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە لانی کەم بەشێکی گرنگ لە مێژووی گێڕانەوەی چیرۆک، توانیویەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتی چیرۆکنووسی هەبێ، باشترین بەڵگەش سەرچاوەی چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتینە کە بێ شک سەرەکیترین سەرچاوەی ئەم چیرۆکانە، داستانگەلێک بوون کە پاپۆڕەوانەکان بەسەرهاتی خۆیان لە مەیخانەدا دەگێڕاوە. تەنانەت هەندێک لەو چیرۆکانە توانییان شوێن لەسەر نووسراوەکانی مارتیر دانگیرا هەوەڵین مێژووزانی دنیای مۆدێرنیش دابنێ (١). دواتر وەک دەبینین ئەمریکای لاتین دەبێتە شوێنی لە دایک بوونی لۆبس بۆرخیس کە یەکێکە لە گەورەترین نووسەرانی جیهان و شوێن دانەرترین چیرۆکنووسی سەدەی بیستەمی ئەو وڵاتە، بەڵام چیرۆک، یان کورتە داستان بە مانای ئەورۆیی لە سەدەی نۆزدە و لە نێوان نەتەوەکانی ئەورووپا و ئەمریکادا دروست بوو، هەر لەو سەردەمەدا ئیدگار ئالان پۆ لە ئەمریکا و گۆگۆل لە ڕووسیا توانییان نموونەگەلێکی سەرکەوتوو بە دەستەوە بدەن و ناوی خۆیان

وەک باوکی چیرۆکنووسی لە مێژوودا تۆمار بکەن. دوای ئەوانیش نووسەرانێکی وەک مۆپاسان، چیخەف، هەمەنگوای، سالینجەر و چەند کەسی تر، بە دنیای جیاواز و ئەندێشەیەکی مۆدێرنەوە پێیان نا دنیای چیرۆکنووسی. لێرەدا ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەی زەمانییەوە باوەڕمان بە جیاوازی ڕۆمان و کورتە چیرۆک هەبێ، دەتوانین بڵێین کورتە چیرۆک لە چاو ڕۆمان کەم تەمەنترە، چونکە ئەگەر سەرەتای ڕۆماننووسی بەشێوەی کلاسیک بە سەدەی حەڤدە و بە ڕۆمانی بە ناوبانگی (دۆن کیشۆت)ی سەرڤانتس دابنێین، بۆمان دەردەکەوێ کورتە چیرۆک لە چاو ڕۆمان نزیک بە دوو سەدە جیاوازی زەمانیان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چیرۆک بەو تەمەنەشەوە زۆر زوو توانی ببێتە بەشێکی گرنگی ئەدەبی جیهانی و خوێنەرانی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە ئەدەبیاتی نەتەوەی کوردیشدا، سەرەتای چیرۆکنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ (پێکەنینی گەدا)ی چیرۆکنووس (حەسەن قزڵجی).

وەک دەزانین (قزڵجی) لەو نووسەرە پایەبەرز و بە توانایانەی کوردە کە هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی ژ- ک- ەوە وەک ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە کاری کردووەو لە زەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی (کوردستان) و سەرنووسەری گۆڤاری (هەڵاڵە)بووە (٢) ئێستاش کە ماوەیەکی زۆر لە ژیانی ئەو نووسەرە مەزنە تێدەپەڕێ، نووسراوەکانی بەردەوام بە هەناسەی خەڵکی دەژین و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕیالیست بوونی خۆیان زیاتر دەسەلمێنن. (پێکەنینی گەدا) بێ شک بەشێکی گرنگ لە شانازی نەتەوەیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ کەسایەتی حەسەن قزڵجی ئەم وتەیەی مامۆستا (هێمن موکریانی) بێ کە پێی وایە (حەسەن قزڵجی) کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە. ئەوەی کە دەڵێین چیرۆکە بەنرخەکانی چیرۆکنووس، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تازە بوونی خۆیان زیاتر دەسەلمێنن مەبەست ئەوەیە کە قزڵجی کۆمەڵی کوردەواری تاووتوو کردووە، یان باشترە بڵێین بە چاوێکی خەسار ناسانەوە ڕوانیویەتە کۆمەڵگای خۆی و وەک ڕیالیستەکان دەڵێن کەشفی بارودۆخی مەوجوودی کردووە. من پێم وایە گەورەترین نهێنی سەرکەوتنی چیرۆکەکانی حەسەن قزڵجی ئەوەیە کە بە هیچ کلۆجێ لە ژیانی کۆمەڵگاکەی جیاواز نین. لە کاتێکدا باسی حەمەڕەش و تونچی، عەبدولقادر ئەفەندی و مام سەعدوون، یان کێشەی مەجیدبەگ و فەرەج و... تاد دەکا، کەچی ئازایانە و بە لەحنێکی تەنزاوییەوە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە و قامک لەسەر ئەو کێشانە دادەنێ کە بوونەتە هۆی دواکەوتوویی و هەژاری زیاتری گەلەکەمان. قزڵجی نووسەری ڕیالیستی نەتەوەی ئێمە زۆر جار وەک مۆپاسان لە هەموو چینێکی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرێ و وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە کۆمەڵگای کوردەواری دەخاتە بەر چاوی خوێنەر کە ئەگەر سەرنج بدەین زۆر جار بۆشاییەکمان بۆ دێڵێتەوە کە وەک بەردەنگێک لەگەڵ کەسایەتی چیرۆکەکانیدا بژین و فرمێسک بڕێژین و شاد بین و وەک نووسەری ئەم چیرۆکانە کۆمەڵگای خۆمان چاکتر بناسین. هەر چەندە پێم وایە قزڵجی لە هەندێک شوێندا نەیتوانیوە تەنیا وێنە هەڵگر بێ و دەبینین جار جار لە بابەتی چیرۆکەکەیدا دادوەریشی کردووە کە ڕەنگە ئەوەش تا ڕادەیەک سروشتی بێ و هەر درێژەی ئەم بابەتە لە لاپەڕەکانی دیکەدا زیاتر تیشکی دەخرێتە سەر، بەڵام یەکێک لەو کورتە چیرۆکانەی کە دەمەوێ زیاتر لەسەری بدوێم و چەندێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدا شی بکەمەوە، نۆیەمین چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)یە لە ژێر سەردێری «شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ».

بەر لە باس کردنی ڕەگەزەکانی ئەم چیرۆکە، پێویستە ئاماژە بەو پرسیارە بکرێ کە ئەم ڕەگەزانە دەتوانن چ کاریگەرییەکیان لە داڕشتنی چوارچێوەی چیرۆکێکدا هەبێ؟

لە وەڵامدا دەڵێین لێهاتوویی و بە دەسەڵاتی چیرۆکنووس لەوەدایە کە چوارچێوەیەک هەڵدەبژێرێ و سەرکەوتووانە دەیکا بە چیرۆک. بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی چیرۆک، نووسەر دەتوانێ جگە لە نووسەر، خوڵقێنەریش بێ و مەبەستی خۆی لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بگێڕێتەوە، یەکەم ڕەگەز، ڕەگەزی بابەتە:

١- بابەت

بابەت (Subject)ی هەر چیرۆکێک لە ڕاستیدا چەمک و مانای ئەو چیرۆکەیە کە لە ڕوانگەی پێکهاتەییەوە بنەڕەتیترین بەشی چیرۆکە و بەشەکانی تر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەودا گرێ دەدرێن. بابەتی چیرۆک

دەتوانێ هەژاری، ئەوین، تەنیایی، شەڕ، ترس یان مەرگ و... تاد بێ. کە هەرکام لەو بابەتانە لە جێی خۆیدا لە دایک بووی ئەو بارودۆخ و شوێنەن کە نووسەر تێیدا ژیاوە، بابەتی کورتە چیرۆکی ئاماژە پێکراو (شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ) فەقیرییە. کەسایەتیش کە دیسان یەکێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەر کەسایەتییەکی برسییە، وەرزێرێکی هەژار کە برسیایەتی دەرەتانی لێ بڕیوە و بێ بژێوی لە ژاوەرۆوە ئاوارەی شارێک لە شارە نزیکەکانی گەرمێنی کردووە. ئەگەر سەرنج بدەن لەسەرەتاوە نووسەر باس لە دوو دەردی سەرەکی دەکا، یەکیان بێکاری و ئەوی تریان نەشارەزایی و نەزانی. دوو دەردی گران کە دەمێک ساڵە کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوەتەوە و بۆتە هۆی دواکەوتوویمان.

هەر لە عەمباری پڕ لە نیسک و نۆکی ئاغای مفتەخۆرەوە هەتا دەسکەنەی کچە هەژار و دواتر نەزانی، یان نەشارەزا هێشتنەوە کە ڕەنگە هەر لە خزمەت دەردی هەوەڵدا بووبێ و بێتو کرێکار وشیار بێتەوە دەتوانێ ماڵی میر و خونکار بشێوێنێ. کە وایە بابەتی ئەم کورتە چیرۆکە برسیەتی و دەستەنگییە کە لە تەواوی شوێنەکانی دیکەی چیرۆکەکەدا، دەورێکی سەرەکی هەیە.

٢- هەوێن

هەوێن (درونمایە)ی چیرۆک لە ڕاستیدا ڕوانگەی نووسەرە بەرانبەر بە بابەتی چیرۆکەکەی. نووسەر بە بۆنەی ئەو هەوێنەوە لە بەردەنگی دەوێ هەتا لە ڕوانگەی ئەوەوە بڕوانێتە بابەتی چیرۆکەکە. جاری وایە نووسەر کەشوهەوایەکی ئاشقانە، یان پڕ لە هیوا دەخوڵقێنێ و جاری واشە بە پێچەوانە بە هیوا بڕاوی، یان بە ترسەوە دەڕوانێتە داهاتووی بابەتەکەی. هیچ کام لە چیرۆکەکانی (حەسەن قزڵجی) بێ هەوێن نین و هەوێنی زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی ڕەشبینی و هیوابڕاوی بە داهاتووە. لەم کورتە چیرۆکەشدا دیسان هەوێنی بابەتەکە نائومێدی و زیاتر دەکرێ بڵێین نارەزایەتییە کە لە سەرەتاوە لە خەیاڵی وەرزێری ساویلکەدا بە هیوا خۆی نیشان دەدا و لە ئاکامدا دەبێتە ڕوانینێکی پڕ لە گلەیی و بناشت بەرانبەر بە ئاسمان:

«... وەرزێری ساویلکە و دڵپاک هەروا زوو ژینی خۆی و خێزانی لەو شارەدا سووک و ئاسان بە خەیاڵ پێک هێنا و بزەی هومێد و هیوا ئەیگرت و لە بەر خۆیوە ئەیگوت: نەمئەزانی کوردستان ئاوایە، جێگەی بە پیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە...»

ئەوەش هەوێنی بابەتەکە:

«... وەرزێر کە ئەمەی بیست جەرگ و هەناوی داکەوت و حەوش و حەساری مزگەوتی لێ بوو بە کونە مشک. جنێو و لێدان و برسییەتی و بێکاری بیر کەوتەوەو و زامی جێگە کۆڵ و داری زۆرداری کولایەوە. ئاخێکی هەڵکێشا و چاوێکی بە ئاسمانا خشاند، چ ڕوانین و چاوپیاخشاندنێک! بە قەدەرایی سەد کتێب پڕ بوو لە گلەیی و بناشت...»

٣- ڕوانگە

مەبەست لە ڕوانگە (٣) (دیدگاە)، فۆرم و شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکە، بە وتەیەکی تر ڕوانگە شێوەی دەڕبڕینی نووسەرە کە هەڵبژاردنی ئەم شێوەیە، گرنگایەتییەکی زۆری لەمەڕ شوێن دانان لەسەر بەردەنگدا هەیە. ڕوانگەی قزڵجی لەم کورتە چیرۆکەدا ڕوانگەی هەموو شت زانی بێ سنوورە کە جار جار ڕوانگەی سێیەم کەسی تاکیشی پێ دەگوترێ. لەم ڕوانگەیەدا نووسەر بابەتی سەرەکی چیرۆکەکەی بە زات (ضمیر)ی سێیەم کەس وەک «ئەو» یان «ئەوان» یان ناوی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. نووسەر لەم شێوە ڕوانگەیەدا زانای هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە لە کەشوهەوای چیرۆکەکەیدا ڕوو دەدا و بە زمانی گێڕانەوە بۆ خوێنەری دەگێڕێتەوە. هەر چەندە بە- گشتی- نووسەر لەم شێوە ڕوانگەیەدا زۆر جار دەست تێوەردانێکی لەمەڕ ڕووداو و کەسایەتی چیرۆکەکەشدا دەبێ و لە ڕاستیدا تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکە نییە، ئەم دەست تێوەردانە تەنانەت لە هەموو شت زانی دراماتیکیشدا (٤) هەر هەیە. قزڵجیش لەم کورتە چیرۆکەدا هەوڵی داوە تەنیا وەگێڕ (ڕاوی) بێ و کەمتر خۆ لە قەرەی کەسایەتی، یان ڕووداوی چیرۆکەکە بدا، لە سەرەتاوە هەژاری و نەداری هەباسی وەرزێرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا دەگاتە ئەم بەشە:

«... چوو لە هەیوانی مزگەوت دانیشت و بە چاوەنواڕیی ڕێکەوت کزکەی کرد. زۆری نەخایاند کابرایەکی چڵکنەی چاو مژمۆر لە دەرگای مزگەوتەکە

هاته دەرەوە، لەم نەگـبـەت و چارەڕەشـە هاتە بەرەوە. چلّکن بە تێ خوڕینەوە گوتی: کابرا خەڵکی کوێی؟...»

تا ئەم بەشە لە چیرۆکەکە، نووسەر باس لە کەسایەتی هەباسی وەرزێر دەکا بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ دادوەرییەک لەسەر بارودۆخ، یان کەسایەتی وەرزێر بکا، بەڵکو تەنیا شی کردنەوەی زیاتری ئەم دۆخەیە کە وەرزێر تێیدا ژیاوە و ناچار بە ڕۆیشتن بووە. نووسـەر زۆر شـارەزایانە تەنانەت ئەوی بە خـەیاڵی وەرزێریشـدا دێ، بۆمـان دەگێڕێتەوە. لێرەدا قزڵجی بە تەواوی خاوەن تایبەتمەندی هەمووشت زان، یان سێیەم کەسی تاکە. لەم بەشە ئاماژە پێکراوەی چیـرۆکەکـە بەولاوە نووسـەر جگە لە وەرزێر، چلّکنیش دێنێتە کایەوە و لە چەند ڕستەی ئاخریشدا مام حاجی بازرگان کە لە زۆربەی چیرۆکـەکانی (حـەسـەن قـزڵجی)دا ناوێکی دیارە و بۆ خـوێنەر نامـۆ نیـیـە، بە فـەلسـەفـەیەکی قـووڵەوە دەخـوڵقـێنێ و ڕووداوی چیرۆکەکەی پێ بە ئاکام دەگەیەنێ، بەڵام مەبەست لە بێ سنوور بوونی هەمووشت زان ئەوەیە کە نووسەر لەم شێوە گێڕانەوەیەدا خۆی بە ڕوانگەی کەسایەتییەکی تایبەتەوە نابەستێتەوە و شارەزایانە دەبینین دوای ئەوەی هەباسی وەرزێر لە چارەڕەشی و برسـیـیـەتیـدا دەمـرێنێ، ئەوجار ڕوانگەی چلّکن بەرانبـەر بە حـاجی زەق دەکـاتەوە و ڕەنگە لووتکەی چیرۆکەکەش ئەو بەشە بێ.

٤- لەحن

لە پێناسـەی لەحن، یان ڕاوێژ دا دەتوانین بلّـێین بە مانای وتەیەکی ئاساییە کە دەتوانێ پێشاندەری ڕوانگە و بۆچوونی نووسـەر بێ. لە خـوێندنەوەی چیـرۆکـێکدا ڕەنگە زۆرجار تووشی لەحنی جۆراوجۆر وەک لەحنێکی دڵسـۆزانە، یان تەنزاوی، یان تەشـەر ئامـێـز بێین کـە نووسەر پەیامی سەرەکی چیرۆکەکەی لەسەر ئەو لەحنانە دادەڕێژێ. زۆر جـاریش هەڵبـژاردنی لەحن لە چیـرۆکـدا پێـوەندی ڕاسـتـەوخۆی لەگـەڵ هەوێنی بابەتەکە هەیە، ئەگـەر سـەرنج بدەینە ئەو کـورتە چیـرۆکـەی قـزڵجی، دەبینین سێ لەحنی جیاوازی تێدایە کە بە تەواوی لەگەڵ کەشوهەوای چیرۆکەکە دەیخوێننەوە:

٤-١- لەحنێکی خـەمـاوی و پڕ لە گـازندە: لە سەرەتاوە لەحنی هەباسی وەرزێر کە سەرنجی خوێنەر بە تەواوی ڕادەکـێـشـێ لەحنێکی پڕ لە گلە و گـازندەیە. لێـرەدایە کـە من پێم وایە قـزڵجی وەک نووسـەرێکی ڕیالیست نەیتوانیوە تەنیا وەگێڕی بابەتەکە بێ، بەڵکو دادوەریشی لەسەرجەم ناوەرۆکی چیـرۆکەکەدا کردووە. بڕواننە ئەم بەشە کـە هەباسی وەرزێر لە وەڵامی چلّکندا بە لەحنێکی پڕ لە گلە و گازندە ئاوا وەڵام دەداتەوە:

«... وەرزێر گوتی: بۆچی من و تۆ هەردووکمـان کورد نین؟ هەردووکـمـان وەک یەک هاوڕەگـەز و خـوێن نین؟ ئێـرەش هەر کـوردسـتـان نیـیـە؟ من و ئەم خەڵکەی لەم شارەدان گشـتـمـان کورد نین و لە کـوردسـتـان نین؟ ئیـتـر بۆچی ئەمگرن؟...»

پڕ گلە و گازندە بوونی لەحنەکە لێرە دایە کە نووسەر وەرزێر لە ژاوەرۆوە هەڵدەگرێ و دەیباتە شارێک لە شارە نزیکەکـانی گـەرمـێن و بەم بۆنەیەوە سنوورەکـانی کـوردسـتـان تێک دەشکێنێ و ئەم پرسـیـارە لە زەینی خـوێنەردا دروست دەکـا کـە بۆ دەبێ چوونە بەشـێک لە بەشەکانی وڵاتەکەت تاوان بێ؟

٤-٢- لەحنێکی دڵسـۆزانە: لەحنی دووەم لەحنێکی دڵسـۆزانەیە کـە دوای ڕۆیشـتنی وەرزێر لە مـزگـەوتەکە، هەستی هاومەینەتی مجێور، یان چلّکن وەخەبەر دێنێ:

«مجێور کە قسەی پتەوو بیچمی مەینەتباری کابرای وەرزێر کـاریان کـردبووە دڵی و ئازاریان ئەدا، هەسـتی هاومەینەتی بێدار بوو و گوتی: ئێمەی هەژار بەزەییمان بە یەکتردا نەیەتەوە، کێ بەزەیی پێماندا دێتەوە؟»

٤-٣- لەحنێکی تەشـەر ئامـێـز: لەحنی سـێـیـەم کـە خوێنەر زۆر وردبینانە و لە ئاکامی چیرۆکەکەدا تووشی دێ، لەحنێکی تەشەر ئامێزە بە دەربڕینێکی سووکایەتی پێ کردن و تەنزاوییەوە بەرانبەر بە مام حاجی بازرگان و لە زمانی مجێورەوە:

«لە ژێر لێـوەوە بەدەم ڕێگەوە بە جنێـوەوە ئەیگوت: بەڵێ مـام حاجی! تەرمەکە خوێ بکەم بۆگەن نەکات تا بازارت ئەبێت، ئەوسا بێمـەوە خزمەتت! تف لە خۆت و پارەشت. بۆچی مـردووش کـاڵا و کـووتاڵە پەسـاو ئیحتیکار بکرێ!...»

٥- زمان

زمانی پێکەنینی گەدا بە گشتی، زمانێکی ساکارە. زمـانێک کـە بۆ هیچ چین و توێژێکی کـۆمـەڵگای کوردەواری نامـۆ نیـیـە، ئەم کـورتە چیـرۆکـەش دیسـان، شەرحی حاڵی وەرزێرێکی هەژار و برسـیـیـە بە زمـانێکی ئاشکرا کە خوێنەر زۆر زوو دەتوانێ پێوەندی پێوە بگرێ،

ڕەنگە ئەمەش بەشێک لە تایبەتمەندی چیرۆکەکانی قزڵجی بێ کە هیچ کات ڕێی نەداوە تووشی قەیرانی زمانی بێ. جگە لەوە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک پەندی بە نرخ، هەروەها بڕێک لە جوانکاری ئەدەبی وەک شوبهاندن و نەماد و تەنز دەتوانێ بەشێکی تر لەو تایبەتمەندییە بێ. بە تایبەت جوانکاری تەنز کە نووسەر لە هەر شوێنێکدا دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوێ لەو جوانکارییە بۆ باشتر دەربڕینی مەبەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ، هەروەها لە زۆر شوێندا قسەکردن بە زمانی ڕەشۆک (عامیانە)ی، تایبەتمەندییەکی تری زمانی چیرۆکەکانی قزڵجین، بەڵام ئەوی وەک بنەڕەتی زمان، نووسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە دەربڕینی بێ گرێ و گوڵ و ئاشکرای ڕاستەقینەکانە. قزڵجی بە ئاشکرا لەم کورتە چیرۆکەدا دەڵێ وەرزێر برسییە و بێ بژێوی بڕست و دەرەتانی لێ بڕیوە، یان ڕستەی «حاجی پیشی خواردەوە و مژێکی لە جگەرەکەی دا. وەک مار پێوەی دا، پڕ بە پێست ئاوسا» و «تف لە خۆت و پارەشت، بۆچی مردووش کالا و کووتاڵە پەسا و ئیحتیکار بکرێ!...» وەک نموونە خاوەن ئەو تایبەتمەندییە زمانییەن.

٦- سەبک

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی تایبەت بۆ سەبک دەستنیشان بکەین، دەڵێین سەبک (style) شێوازی نووسەرە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە چیرۆکدا. دیارە بەکارهێنانی زمانیش لە ڕاستیدا دەتوانێ چەشنێک ڕاگوێزانی ئەندێشەی نووسەر بێ بۆ بەردەنگەکەی. ئەگەر چاو پێداخشاندنێکمان لەسەر پێشینەی سەبک ناسی هەبێ، بۆمان دەردەکەوێ کە زانستێکی تا ڕادەیەک کەم تەمەن و مۆدێرنە و لەسەرەتاوە لە زانستی ڕەخنەی ئەدەبیدا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام دواتر بەبۆنەی پەرەگرتنی زمانناسی، بۆتە زانستێکی سەربەخۆو تایبەت(٥). ئەگەرچی هەموو نووسەرێکیش مەرج نییە خاوەن سەبکی تایبەت بێ و لە مێژووی ڕۆماننووسی و ئەدەبی داستانیشدا دەگمەن نووسەرانێک هەڵکەوتوون کە توانیویانە خاوەن سەبکی سەربەخۆ و جیاواز بن.

(حەسەن قزڵجی) لەو دەگمەن نووسەرانەی ئەدەبی چیرۆکنووسی کوردە کە بێ شک خاوەن سەبک و شێوازێکی سەربەخۆیە و ئەگەر ڕەگەزی داڕشتنی دیمەن (صحنە پردازی) ڕێگەی پێ دابایە ڕەنگە بمانتوانیبا بڵێین چیرۆکەکانی مامۆستا لە سەبکی مینیمالیسم نزیکن، بەڵام دیارە لە مینیمالیسمدا بایەخێکی کەم دەدرێتە ڕەگەزی داڕشتنی دیمەن و ئەو بایەخە کەمەش زۆر جار بە پێی پێویست و سەرنجی کەسایەتییەکانی چیرۆک دروست دەبێ، بە پێچەوانەوە چیرۆکەکانی قزڵجی بەشێکی زۆریان داڕشتنی دیمەن لە خۆیاندا دەپارێزن و ئەو ڕەگەزەیان هەم لە بواری کات و هەم لە بواری شوێندا تێدا بەرچاوە، بۆ نموونە لەم کورتە چیرۆکەدا ئەگەر بێتو (ناوچەی ژاوەرۆ) و (شارێک لە شارە نزیکەکانی گەرمێن) یان (مزگەوتەکە) و تەنانەت ئەو سەردەمە مێژوویییە کە دێوی قاتوقڕی باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەی ئاماژە پێکراو دا دەکێشێ، لە چیرۆکەکە دەربێنین، چوارچێوەی گشتی چیرۆکەکە لە خۆیدا تێک دەچێ، کەوایە کەسایەتییەکانی ئەم کورتە چیرۆکە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە داڕشتنی دیمەن لە لایەن نووسەرەوە هەیە، بەڵام بەگشتی بۆ هەڵبژاردنی سەبکێکی تایبەت لە چیرۆکەکانی مامۆستا، دەتوانین بڵێین کە ئەگەر بێتو خوێنەر تا ڕادەیەک شارەزای بارودۆخی کۆمەڵگای ڕابردوو، یان تەنانەت ئێستای کوردەواری بێ، باوەڕ بەو ڕاستەقینەیە دێنێ کە (پێکەنینی گەدا) بە تەواوی لە تایبەتمەندییەکانی ڕیالیسم نزیکە. لە زۆر شوێندا چیرۆکنووس چۆتە ناخی ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگاوە و تەنانەت بچووکترین ڕووداوی زەق کردۆتەوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بۆ دەربڕینی ئەم ڕووداوانە، هەندێک جار لە کەسایەتی ڕاستەقینە کەڵکی وەرگرتووە. بۆ نموونە (کوێخا هۆمەر) یان (ڕەشید ئاغای نۆبار) لەو کەسایەتیانەن کە لە کۆمەڵگای ڕابردووی ئێمەدا ژیاون. هەر لەو بەستێنەدا وەک ڕوانگەیەک چیرۆکنووس هەوڵی داوە کەشوهەوایەک بۆ خوێنەر پێک بێنێ کە خوێنەر خۆی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی هەڵسەنگێنێ و لە سەرجەم بابەتی چیرۆکەکەدا دادوەری بکا. ڕەنگە ئەم هەوڵەش تەنانەت لە خوێنەرێکی ئاسایی، وەک ڕۆڵان بارت دەڵێ: (خوێنەرێکی چالاک) دروست بکا، چیرۆکی (نووشتەکەی ئامینەخان) و (قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل) باشترین نموونەن کە دەتوانن خوێنەر وە جموجۆڵ بخەن. لە مانیفێستی ڕیالیسمیشدا دەگوترێ بلیمەت بوونی نووسەری ڕیالیست لە خەیاڵ و خوڵقاندندا نییە، بەڵکو لە ڕوانین و دیتندایە، قزڵجیش

ئەم ئەرکـــەی بە باشی بۆ بەردەنگ بەجێ هێناوە و دادوەری ئاخـریشی داوەتە دەست خـۆی. ئەگـەرچی لە هەندێک شوێندا بۆ خۆشی نەیتوانیوە بە تەواوی خۆ لە دادوەری کـــردن بپـــارێزێ، بەڵام گـــرنگ ئەوەیە زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی وەگێڕی ئازارەکانی کۆمەڵگا بێ و ئەوەش دەسەلمێنێ کە مامۆستا قزڵجی بەشێک لە کـۆمـەڵگای خـۆی بووە و هیچ کـات نەیتـوانیـوە خـۆ لە کەسایەتی چیرۆکەکانی بە جیاواز بزانێ، ڕەنگە نهێنی ســەرکــەوتن لە خــەســارناسی و ڕەوانکاوی کــردنی وردبینانەی کەسایەتی چیرۆکەکانیشی هەر ئەوە بێ.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- داســتـانهـای کـوتاه ئمـریکای لاتین، گـردآوری روبرتو گـونسـالس اچه وریا، ترجمـه عـبـدالله کـوثری، تهـران: نشـرنی، ١٣٨٠. صفحه ١٤

٢- پێکەنینی گـەدا، حەسـەن قـزڵجی، چاپی دووەم، بەغـدا- ١٩٨٥. چاپخانەی (علاء) لاپەڕی ١٠

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە کە بنەماڵەی قزڵجی لە ڕاستیدا لە چ بەشێکی کوردستانەوە هاتوونەتە بۆکان، پێویستە ڕوون بێتەوە کە لە وتووێژێکی من و هاوڕێم کـاک هێـمن مـام عـەزیزی لەگـەڵ کـاک جـەعـفـەری قـزڵـجـیـدا، لە لایەن بەڕێزیانەوە ئامـاژە کـرا بنەماڵەی قزڵجی لە «قزڵجە»ی کوردستانی باشوورەوە هاتوونەتە موکریان و مامۆستا حەسەن قزڵجی لە ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایک بووە.

٣- گۆشە نیگاش (زاویە دید)ی پێ دەگوترێ و زیاتر مەبەست ئەوەیە کە نووسـەر دەلاقـەیەک بۆ بەردەنگەکـانی دەکـاتەوە هەتا لەوێوە بڕواننە ڕووداوی چیرۆکەکە.

٤- هەمـوو شت زانی دراماتیک (دانای کل نمایشی) بەشێکە لە گـۆشـە نیگای سـێـیـەم کـەس کـە لەم ڕوانگەیەشـدا نووسـەر هەمـووشت زانە و تێـدەکـۆشێ تەنیـا وەگێـڕ بێ، بە وتەیەکی تر قـەڵەمی نووسـەر بە کـامێـرایەک شـوبهـێندراوە کـە وێنەیەک لە ڕووداوەکانی هەڵدەگرێ و نیشانی خوێنەری دەدا.

٥- فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژەنامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپائی. (تطبیقی و توضیحی): سیما داد. چاپ اول، [ویرایش جدید] تهران مروارید ١٣٧٨ صفحه ٢٨٤

بیبلۆگرافیا و ڕەخنە

ئینسیکلۆپیدیای گشتی

مارف خەزنەدار

(٢ - ٢)

(١٩)

ل٤٣٢ حوزنی موکریانی: زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان لە بابەت ئەم نووسەر و مێژوونووسەوە هەڵەی زۆر و زانیاری ناڕاستیان تێدا هەیە. ئەوانەی باسیان کردووە هەندێ ڕووداوی ڕوونەداویان بۆ هەڵبەستووە. بۆ نووسینی پاراگرافەکانی ئینسیکلۆپیدیا پێویستە سەرچاوەی ڕاست بدۆزێتەوە.

(٢٠)

ل٤٤٤ خەرمانان: لە ئینسیکلۆپیدیادا نووسراوە پێنجەمین مانگی ساڵی کوردییە، ٣١ ڕۆژە، دووەمین مانگی هاوینە. ناوی ئەم مانگەو هەموو مانگەکانی دیکەی کە بەمانگی تەقوێمی کوردی حسێب دەکرێن، مەسەلەیەکی نیسبییە و هەموو ئاقارەکانی کوردستانی گەورە ناگرێتەوە، لەبەر ئەوە نابێ بەتەقوێمی ساڵی کوردی، لام وایە ئەو مانگانەی ناویان لەم ئینسیکلۆپیدیایەدا تۆمارکراوە، بۆ ناوچەیەک لەناوچەکانی کوردستان دەشێن، ڕەنگە ئەمە بۆ ناوچەی موکریان دەست بدات. بۆ بەڵگە لێرە خەرمانان دووەمین مانگی هاوینە، واتە مانگی تەمووز کە لەناوچەی هەولێر و دەشتی دەوروبەری لە هەفتەی دوایی مانگی نیسان درووێنە دەست پێ دەکات، واتە مانگی دووەمی بەهار. پەندی پێشینانی ناوچەکە دەڵێ «ئادار ناچی بێ دۆ، نیسان ناچی بێ جۆ». پاشان تەقوێمی شەمسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ڕۆژی ٢١ی مارتی ساڵی مەسیحی دەست پێ دەکات، ئەو ڕۆژە ڕۆژی نەورۆز و سەری ساڵی تازەیە، ئەگەر بۆ کاری ڕۆژانە دەست بدا تەقوێمی هەندێ میللەت و نەتەوەی دیکەی ناوچەکەیە و تەنیا هی کورد نییە.

ئەم تەقوێمە لەلایەن عومەر خەییامی شاعیری بەناوبانگ ڕێکخراوە و لە کتێبی «نوروزنامە» لە زانستی فەلەک (ئەسترۆنۆمی) بەدرێژی ڕێکخراوە و جەدوەلی بۆ کراوە. ئەم کتێبە بە زمانی فارسی لەتاران لە ساڵی ١٩٣٣ چاپ کراوە. ئەمە و پێم وایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕۆژژمێری میلادی (مەسیحی گریگۆریانی) هەموو دنیای گرتووەتەوە و کاری پێ دەکرێ. ئەو ڕۆژژمێرەی بەناوی کوردەوە کەوتووەتە ناوەوە هەتا ئەگەر ڕاستیش بێ کاری پێ ناکرێ و عەمەلی نییە.

(٢١)

لە ٤٩٠ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا: زانیاری ئەم پاراگرافە لە فەرهەنگی سیاسی سۆڤیەت وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەدا پێویست بوو کەڵک لە فەرهەنگی سیاسی زمانی ئینگلیزی و هی دیکەش وەربگیرێ، هەروەها دەبوو بڵێ تاقیکردنەوەی سۆڤیەت بەپێی تیۆری دیکتاتۆری پرولیتاریا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالیستی لە ساڵانی (١٩١٧- ١٩٩١) نوشستی هێنا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو تیۆرییە ڕاستە، یان چەوتە، بەڵکو تاقی کردنەوەکەی ڕووسیا لەسەدەی بیستەم سەرکەوتوو نەبوو.

(٢٢)

ل٤٩٥ دین کورد: لەم پاراگرافەدا «دین کورد»، پێویستە بڵێ «دینی کورد» کۆنترین کتێبی کوردییە لەلایەن زەردەشتەوە دانراوە بەزمانی پەهلەوی کۆن. ئەم بیروڕایە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و لە ڕاستییەوە دوورە. ناوی کتێبەکە «دین کرد»ە، لەمەسدەری (کردن) و «دین کورد» نییە.

ئەو کتێبەی پێوەندی بەزەردەشتەوە هەبێ «ئاڤێستا»یە، ئەویش بەزمانێک نووسراوە پاشان بەزمانی «ئاڤێستا» ناوی دەرکردووە. زمانی پەهلەوی زمانی فارسی ناوەڕاستە لە دەورەی ئەشکانی و ساسانیان لە ناوەوە بووە. زمانی هەخامەنشیش هەیە فارسی کۆنی پێ دەڵێن (٦٥٠پێش ز)، ئەوەی تازەش کە ناوی فارسی تازەیە لەدوای ئیسلام کەوتووەتە ناوەوە، کۆنترین شاعیری ئەم زمانە ڕوودەکی (٨٧٣-٩٤٠ز) و فیردەوسی (٩٤١-١٠٢٥ز) و هی دیکەن.

پاشان ناوی «کورد» وەک زاراوەیەک ئەو میللەتەی پێ بناسرێ لەگەڵ داهاتنی ئایینی ئیسلام پەیدابوو، لەپێش ئەوە وەکو هەموو میللەتە کۆنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باب و باپیرانیان بەناوی دیکەوە ناسرابوون.

پێویستە ئەم پاراگرافە لا ببرێ، چونکە هیچ پێوەندییەکی بەکوردەوە نییە، بەڵام ئەگەر دانەر لەسەر مانەوەی سوور بێ ئەوکاتە وەکو دیاردەیەکی ڕۆشنبیری دەتوانێ باس لە «دین کەرد» بکات، بەڵام پێویستە زانیارییەکانی لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە وەربگرێ.

(٢٣)

ل٥٠٧ ڕاین:دەڵێ درێژترین ڕووباری ئەورووپای خۆرئاوایە و درێژی ١٣٢٠کم. کەچی لە ڕووباری دانووب (ل٤٦٢) دەڵێ درێژی ٢٨٦٠کم. کەوابێ پێویست ناکات بۆ ڕاین بڵێ درێژترین ڕووبارە، بەڵکو یەکێکە لە ڕووبارە درێژەکان. (ببوورن ئەم پاراگرافە پێوەندی بە کوردەوە نییە، بەڵام هەڵەیەکی زەق بوو بۆیە ئامازەم پێ کرد).

(٢٤)

ل٥٠٨ ڕەحیمی قازی: دەبوو ساڵی لەدایک بوون و مردنی دیاری بکرێ. هەروەها ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی بخرێنە بەرچاو، وەکو چوونی بۆ باکۆ بۆ خوێندن و

مانەوەی لەوێ لەدوای ڕووخانی کۆمار لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦.

(٢٥)

ل٥١٣ ڕەفیق چالاک: جوان لەسەر ڕەفیق چالاک نووسراوە، بەڵام دەبوو لەپاش ڕستەی «ئەندامێکی چالاکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو» بڵێ لە ئەنجامی کارەساتی قووڵ لە ژیانیدا و لەژێر کاریگەری ئازار و ئەشکەنجەی زەبانییەکانی پۆلیسی عیراق تووشی ڕەشبینی بوو. بۆ ئەوەی لە قەنارەدان ڕزگاری ببێ هەرچی دەیزانی لە نهێنییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەمووی هەڵڕشت، هەرەوەزی لەگەڵ دەسەڵات کرد. ئەمە لێی بوو بە گرێکوێرە و ئازاری سایکۆلۆژی لەڕێڕەوی ژیانیدا. بە هەموو جۆرێ ئەم ڕووداوە لە ژیانیدا نرخی ئەدەبی و هونەری بەرهەمی ئەم نووسەرە کەم ناکاتەوە.

(٢٦)

ل٥٤٢ زەردەشت: زانیارییەکان شێواون، ئەفسانە زۆر چووەتە ناو ژیانیانەوە. بیرورا لەناوەوە هەیە کە زەردەشت نەبووە. هەرچۆنێ بێ هەندێ کار هەیە دراوەتە پاڵی. خۆ هەندێ ڕەخنەگری ئینگلیزیش هەن دەڵێن شەکسپیر نەبووە. هەر چۆنێ بێ کوردی ئەمڕۆ چەند هەقیان بەسەر زەردەشتەوە هەیە وەکو فەلسەفە و ئایین و ڕەوشت گەلێک لەنەتەوە و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستی ئەمڕۆ هەقیان بەسەر زەردەشتەوە هەیە.

جگە لەوە پێویستە پاراگرافێکی تایبەتی لە ئینسکلۆپیدیادا بۆ «زەردەشتی»یان تەرخان بکرێ کە وەکو کەمە نەتەوەیەک لە ئێران دەژین پێغەمبەریان زەردەشتە و کتێبی پیرۆزیان «ئاڤێستا»یە و زمانی قسە کردنیان فارسییە.

(٢٧)

ل٥٤٢ زەردەشتی: لە ئینسیکلۆپیدیا نووسراوە ئایینێکی کۆنی کوردە. عیلمی ئەرکیۆلۆژی و مێژووی کۆنی پێش مەسیح ئەم عیبارەتە قوبوول ناکات. ئەوکاتە هەموو نەتەوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فارس و کورد و هەندێ لە نەتەوە تورکەکان و ئەوانی دیکە بەم ناوانەی ئێستایان لە ناوەوە نەبوون، ناوی دیکەیان هەبوو، ئەمانە باب و باپیرانی نەتەوەکانی ئێستا بوون، زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمانە لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون. کوردیش یەکێک بوو لەو میللەتانە.

(٢٨)

ل٥٤٥ زەند: دەڵێ دەوڵەتێکی کوردییە. دەوڵەتێکی کوردی نییە، چونکە لە کۆمەڵی کورد و خاکی کوردستان دەوڵەت نەبووە. میرنشین و فەرمانڕەوایی ناوخۆیی و حوکوومەتی ناوچەیی هەبووە، کەریم خان ڕاستە لە بنەماڵەی کوردانی لوڕی زەندی بوو. لەدوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام شاو حاکمانی ئێران بە زۆری بە نەژاد فارس نەبوون. دەوڵەت بەناوی بنەماڵەکان بوو، وەک بوەیهی و سەلجووقی و سەفەوی و زەند و قاجار و پەهلەوی و ئێستاش لە ساڵی ١٩٧٩وە خومەینییە. هەر هەموویان تا ئێستاش بەناوی فارس و ئێران فەرمانڕەواییان کردووە.

(٢٩)

ل٥٤٩ زمانی کوردی: ئەم پاراگرافە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە هەست دەکەم زانیارییەکانی پڕ بە پێستی بابەتەکە نین، چونکە باسکردنی زمانی قەومی لە ئینسیکلۆپیدیادا مەسەلەیەکی ورد و ناسکە، پێویستە دووبارە زانستییانە بنووسرێ، نەک عاتیفییانە. ئەگەر پسپۆرێکی شارەزای مێژوو و دەستووری زمان پێیدا بچێتەوە باشترە.

(٣٠)

ل٥٧٠ سانت پیترسبۆرگ: نووسراوە بنواڕە (ل٩٥٩) «لینینگراد» ئەوەی ڕاستی بێ پێویستە مەسەلەی ئەم پاراگرافە بە پێچەوانەوە بێ. واتە زانیاری لەبابەت شارەکەوە لە پاراگرافی «سانت پیترسبۆرگ» تۆماربکرێ، ئینجا لەپاراگرافی «لینینگراد» بنووسرێ بنواڕە «سانت پترسبۆرگ» چونکە ئەم شارە کە لەسەدەی هەژدەم بناغەی لێ دراوە ناونراوە «سانت پیترسبۆرگ» پاشان ناویان گۆڕیوە و کردوویانە بە «پیترۆگراد». لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پارتی کۆمۆنیست و دروست بوونی دەوڵەتی سۆڤییەت (١٩١٧-١٩٩١) ناوی نرا «لینینگراد»، دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت ناوە ئەسڵییەکەی بۆ گەڕایەوە. لەبەر ئەوە پێویستە لە پاراگرافی «سانت پیترسبۆرگ» باس لەو شارە بکرێ.

(٣١)

ل٥٨٤ سـەهرەوەردی (١١٥٤-١١٩١م): دانەر دەڵێ، سۆفی و فەیلەسووف و پزیشک و شاعیرێکی کوردە. ڕاستی ئەوەیە بڵێ «بە نەژاد کوردە». ئەمە لە قەولی ئەو مامۆستایەی بەشی مێژووی زانستگای سەلاحەدین دەکا کە گوتوویەتی: سۆمەری کوردن.

کاکی برا، بۆ کورد دەکەی بە مایەی قەشمەری لەمیحرابی عیلم و حەقیقەتدا! بۆ شەرمەزار بین! بۆ نالیی کورد لە سۆمەرییەکانن. هەموو نەتەوە و میللەت و قەومەکانی ئەم ناوچەیە هەقیان بەسەر سۆمەرەوە هەیە. بێ گومان لەناو ئەمانەشدا کورد.

(٣٢)

ل٥٨٥ سەی براکە (١٧٩٥- ١٨٧٣): لە یارسانانی ئەهلی هەقە. کاکەیی تیرەیەکە لەوان. بەهۆی دوژمنایەتییەوە نەکوژراوە، بەڵکو دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی ئێران لەناوی بردووە بەهۆی ئەوەی بەکافر و لە ئایین دەرچوو حسێبیان کردووە. بەدیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی شیعری ئایینی جوانی هەیە.

(٣٣)

ل٦١١ تیپی سوارەی حەمیدی: تکا لە نووسەر دەکەم جارێکی تر بەسەر ئەم پاراگرافەدا بچێتەوە. من بەرگری لە سوارەی حەمیدی ناکەم، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەم پاراگرافەدا نووسراون، هەر ئەو قسانەیە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسە سۆڤیەتییەکانی ڕووس و ئەرمەن و هەندێ مارکسی کورد لە دژی کورد دەیکەن. ئاخر مەسەلە ئیسلام و مەسیحی و سوننی و شیعییە هەتا ئەمڕۆش. پێویستە هەندێ وردبین بین و ئەوە بزانین دەوڵەتی عوسمانی بە ئایین ئیسلام و بە ئایینزا سوننی بوو. کوردیش ئیسلام و سوننییە، زیاتر لەچوارسەد ساڵ و تا ئێستاش ڕووسیا مەسیحییە، ئەرمەنیش مەسیحین، هەرای ئەمانە لەسەر زەریای ڕەش بوو. با لەم مەسەلەیە هەندێ مەوزووعی بین. پاشان سوارەی حەمیدی تەنیا کورد نەبوون، لە زۆربەی میللەتە موسوڵمانەکانی دەوڵەتی عوسمانی پێک هاتبوون. با ئێمە خۆمان خۆمان تاوانبار نەکەین، بەوەی بڵێین «کورد و خوێنی ڕژاوی ئەرمەن». هەر لەو ڕۆژانەی ئەو خوێنە دەڕژا حاجی دەڵێ:

خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
وا ڕێگەتان دەبەسترێ عێلاتی جاف و بڵباس
گەر مردوون لە گەرمان مەمنووعە بچنە کوێستان

(٣٤)

ل٦١٣ سوعاد ئەلسوباح (١٩٤٢-....): لام وایە شایانی ئەوە نییە ناوی بچێتە ناو ئینسیکلۆپیدیای ئێمەوە. بێ گومان ئەم ناوە جێی خۆیەتی ئەگەر بچێتە ناو ئینسیکلۆپیدیای کوێتەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد ڕۆژێ لەڕۆژان پێویستی بە زانیاری لە بابەت ئەم ژنەوە بێ. خۆ ئەوکاتە دەتوانێ لەسەرچاوەی عەرەبیدا بیدۆزێتەوە.

(٣٥)

ل٦٢٤ سۆڤیەت (شۆرەوی): پێویست ناکات لە نووسینی کوردی و قسەکردنیشدا لەگەڵ زاراوەی «سۆڤیەت» (شۆرەوی) بەکاربهێنرێ، یان ئەمەیان لە باتی ئەوەی دیکەیان بێ، چونکە «شۆرەوی» تایبەتە بە ئێران و لەزمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێ. هەرچی «سۆڤیەت»یشە لە زمانی ڕووسی و ئەوەی من بیزانم لە هەموو زمانانی گێتی بەکاردەهێنرێ. وشەکە لە فەرهەنگی زمانی ڕووسیدا بەمانای (ئەنجوومەن، جەماعەت، ئەهالی، خەڵک) هاتووە.

(٣٦)

ل٦٤٨ شازیل تاقە (١٩٢٩- ١٩٧٤): شاعیرێکی عەرەبە، خەڵکی مووسڵە. ئەوەی من بیزانم لەو شاعیرە گەورانە نییە ناوی بچێتە ناو ئینسیکلۆپیدیای کوردییەوە، چونکە باوەڕ ناکەم ڕۆژێ لە ڕۆژان خوێنەر و خوێندەوارێکی کورد پێویستی بەوە ببێ زانیاری لە بابەت ئەم کەسەوە بزانێ.

(٣٧)

ل٦٥٢ شامیلۆڤ (١٨٩٧- ١٩٨٧): عەرەب شەمۆیێڤیچ شامیلۆڤ، بەکوردی (عەرەبی شەمۆ). لە ئینسیکلۆپیدیادا نووسراوە بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرتووە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە ئەم بڕوانامەیەی وەرنەگرتووە. لەکاتی خۆیدا کە قوتابی خوێندنی باڵا بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ستالین گیراوە و نێرراوە بۆ سیبیریا و بیست ساڵ بەدەست بەسەری ماوەتەوە، لەبەر

ئەوە خوێندنی باڵای بۆ تەواو نەکراوە. نووسراوە مامۆستا بووە لە ئەکادیمیەی مێژوو و زمان. ئەمە وانییە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە لە بەشی مێژوو و زمانی کۆلێجی ڕۆژهەڵاتی زانستگای سانت پیترسبۆرگ قوتابی خوێندنی باڵا بووە لەو دەمەی کە گیراوە. گرنگترین ئێستگە لە ژیانیدا ئاوارە کردنی سیبیریا بووە لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی ستالین. لە ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی خرووشیڤ (١٩٥٨- ١٩٦٤) گەڕایەوە یەریڤان و بەناوی ئەندامی پارتی کۆمۆنیست خانەنشین کراو مووچەی بۆ بڕایەوە.

(٣٨)

لە ٦٥٨ شەفیق ئەلکەمالی (١٩٢٩- ١٩٨٤): ئەم شاعیرە عەرەبە دەستیکی ڕەنگینی لە هونەری شێوەکاری و هێڵکاری هەبوو، بەرهەمی لەم بابەتەوە هەیە تاپێش کوژرانی لە ماڵەکەی خۆی پارێزرا بوو.

(٣٩)

ل٦٦٠ شەمدینان ناوی ناوچەیەکە لەکوردستانی تورکیا و کوردستانی باکووری گەورە. وا لە ئینسیکلۆپیدیا هاتووە وەکو ناوی دیالێکتی بچووکی دیالێکتی کرمانجی باکوور بێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە «شەمدینان تەنیا ناوی ناوچەکەیە، هەرچی ناوی دیالێکتەکەشە لە نیوە یەکەمی سەدەی بیستەمەوە تۆفیق وەهبی ناوی ناوە «هەکاری».

(٤٠)

ل٦٧٧ شێخ ڕەئووفی خانەقا (١٨٩٦- ١٩٧٣): زانیارییەکانی ئەم پاراگرافە شێواون. پێویستە دووبارە بژار بکرێن و پێیدا بچنەوە. هەندێ لایەنی ژیانی شێخ ڕەئووف لەگەڵ مێژووی ژیانی شێخ قادری بەرزنجی خاوەنی کۆواری «شەفەق» تێکەڵ بووە.

(٤١)

ل٦٨١ شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠- ....): ئەوەی لێرە نووسراوە لەماوەی هەزار ساڵ لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە تا محەمەد ساڵح دیلانی سلێمانی بۆ هیچ شاعیرێکی کورد نەگوتراوە. ئەم بیروڕا و وەسفە زلانە ئەگەر هەمووشیان ڕاست بن، بەڵام بۆ ناوەرۆکی ئینسیکلۆپیدیا دەست نادەن. ئەوەی زیاتریش ئەتیکێتی نووسینی ناوەرۆکی ئەم جۆرە کارە زانستییانەی تێک داوە، دانەر بۆ شێرکۆ بێکەس (٤١) دێری نووسیوە، کەچی بۆ نالی (٢٥) دێر و بۆ گۆران (٣٧) دێری نووسیوە. لەگەڵ ڕێزم بۆ شێرکۆ بێکەسی خۆمان.

(٤٢)

ل٦٨٧ ئەلسەباح: ڕاستییەکەی «ئەلسوباح= الصباح»ە. دەبوو باسی ئەم بنەماڵەیە بکات کە ئێستا فەرمانڕەوای کوێتن، پێش جەنگی یەکەمی گێتی کە کوێت قەزای شاری بەسرەی ویلایەتی بەسرەی دەوڵەتی عوسمانی بوو. زانیارییەکان زیاتر لە بابەت کوێتەوەن وەک دەوڵەتێک ئینگلیز بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆی دروستی کرد.

(٤٣)

ل٦٨٩ سەلاحەدین (پیرمام): زانیاری کەم لەبابەت ئەم هاوینە هەواره گرنگەوە خراوەتە ڕوو. ئەمە لە کاتی خۆیدا پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە بوو لە جەنگی دووەمی گێتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیک لە عیراقدا نەخشەی بۆ کێشرا. تۆفیق وەهبی و ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەوەی عیراق ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس ئەدمۆندس خاوەنی فیکرەکە بوون، ئەوان هاوینەهەوارەکەیان ناونا سەلاحەدین. هەروەها خەریک بوون زانستگایەکی ئەهلیشی لێ دروست بکەن بە یارمەتی دەوڵەمەندانی کورد لە عیراق.

هەرچۆنێ بێ نابێ ناوی «پیرمام» لەناو دوو کەوانەدا دابنرێ لەگەڵ «سەلاحەدین» بەو مانایەی ئەم ئاوەدانییە دوو ناوی هەیە، بەڵکو تەنیا ئاماژە بەوە بکرێ کە ناوی پێشووی ئاوەدانییەکە «پیرمام» بووە.

(٤٤)

ل٧٠٢ عائیشە تەیموور (١٨٤٠- ١٩٠٢): ئەم ژنە میسرییە خوێندەوارە، شاعیر و نووسەری کورد نییە، تەنیا بە نەژاد باب و باپیرانیان کورد بوون. ئەو بنەماڵەیە خۆیان لە کورد بوون نە شاردووەتەوە، بەڵام زمانی کوردیشیان نەزانیوە، عائیشە شیعر و نووسینی بەزمانانی عەرەبی و تورکی عوسمانی و فارسی هەیە.

(٤٥)

ل٧١٠ عەبدولڕەحمان محەمەد عارف: ئەم زاتە سەرۆکی کۆماری عیراق بوو، پێویستە ئینسیکلۆپیدیا بایەخی پێ بدات. دەبوو ساڵی لەدایک بونی بزانرایە، بۆ مردنەکەشی لەمێژ نییە کۆچی دوایی کردووە.

(٤٦)

ل٧١٤ عەبدولکەریم قاسم: کوودیتا سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم بووە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی مەلیکی و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری. لەسەرەتای ژیانیدا نیشتمانپەروەر بوو، لەبەر ئەوە خۆشەویستی زۆربەی هەموو خەڵکی عیراق بوو، بەڵام پێویستە سیاسەتی چەوتی دوژمنانەی لەبابەت مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەی کوردەوە لەبیر نەکرێ. دەورێکی دیار و ناهەمواری هەبوو. بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١. هەر چۆنێ بێ ئەگەر لە لایەن هەندێ کەسەوە بە نیشتمانپەروەریش دابنرێ تا مردنی پێویستە ئەوە بگوترێ هەتا کوشتنی لەدوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن بەعسییەکانەوە هەڵسوکەوتی لە دژی کورد بوو. ئیتر چاکە و خراپەی بۆ مێژوو دەمێنێتەوە.

(٤٧)

ل٧١٨ عەزیز سەلیم (١٩١٧- ٢٠٠٣): هونەروەری شێوەکار و پەروەردەی کۆمەڵی کوردەواری عەزیز سەلیم بە نەژاد ئازەرییە. هەندێ شتی ڕوونەداو لەسەرچاوەکاندا کەوتوونەتە ناو ژیانییەوە. نەمبیستووە دوکتۆرای هەبێ.لە کوێ وەریگرتووە لە بابەت چییەوە بوو؟ بەرهەمی هونەری لە مۆزەی لووڤر (نەک لۆڤەر) پیشان نەدراوە. لەوێ بەرهەمی ئەو و هیچ هونەروەرێکی کورد کۆ نەکراوەتەوە.

(٤٨)

لە ٧٢٠ عەتا سەبری (١٩١٣- ١٩٨٧): نووسراوە هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی عیراقە. ئەم بیروڕایە پێویستە وردتر بێ. ڕەنگە بە نەژاد لە کوردانی کەرکووک بێ، لەوانەیە کاکەییش بێ بەهۆی سمێڵە گەورەکەیەوە، بەڵام بەکورد لە قەڵەم نەدراوە. ئاگاداری ئەوەشم خۆی بەکورد نەزانیوە، ئەگەر سروشتی کوردستانیش کاری لە هونەری کردبێ بەناوی شیمالی عیراقەوە بووە.

(٤٩)

لە٧٢١ عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧- ١٩٨٤): لە بەسەرهات و مێژووی ژیانی ئەم نووسەرە نابێ ئەوە نەکرێ لە ساڵی ١٩٧٥ بووە بە ئەمینداری گشتی ئەوقاف لە هەرێمی ئەڤتۆنۆمی کوردستانی عیراق لە هەولێر.

(٥٠)

ل٨١٦ کازم جەواد (١٩٢٩- ١٩٨٥): نازانم دانەر ئەم زانیارییانەی ناو ئەم پاراگرافەی لە کوێ هێناوە؟ کابرا ڕۆشنبیرێکی عەرەب بوو. شیعریشی دەهۆنییەوە ماوەیەک لەگەڵ من لە قوتابخانەی نێوەندی ئامادەیی لە بەغدا مووچە خۆری ژمێریاربوو. پاشان ئایا کازم جەواد ئەوە دەهێنێ ناوی بچێتە ناو ئینسیکلۆپیدیای کوردییەوە؟

(٥١)

ل٨٣٢ کەریم خانی زەند: ناڕاستی لەناوەڕۆکی ئەو پاراگرافە ئەوەیە کەریم خان لەقەبی «شا»ی بۆ بەکارنەهێنراوە، بەڕەسمی ناوی بە «وەکیلی ڕەعایا» دەرکردووە. پاشان خۆی ڕازی نەبووە ناوی بە شا ببرێ، هەروەها ئالای بەناوی کوردەوە هەڵنەکردووە. لە سەردەمی پاش ئیسلامەوە هەموو دەوڵەتەکانی خاکی ئێران بەناوی «فارس»، یان «ئێران» فەرمانڕەواییان کردووە.

(٥٢)

ل٨٣٣ کەلیلە و دیمنە: زانیارییەکان شێواون، خوێنەر ئەوەی پێویستە لە بابەت ئەم کتێبە عالەمییەوە بیزانی لە نووسینی پاراگرافەکەدا نایخوێنێتەوە. حیکایەتەکانی کەلیلە و دیمنە گێڕانەوەی کۆنی تیرە و میللەت و نەتەوە جیاوازەکانی هیندستانن. پێشتر بەزمانی سانسکریتی ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) و ئەدەبی بەرزی میللەتانی پێ نووسراونەتەوە تۆمار کراون. ئینجا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی پەهلەوی (فارسی ناوەڕاست) لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانیان، ئەوجا عەبدوڵلا کوڕی موقەفەفەع (٧٥٩ کۆچی دوایی کردووە) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. پاشان تێکستە کۆنەکانی کەلیلە و دیمنە هەموویان لەناوچوون، تەنیا تەرجەمە عەرەبییەکەی مایەوە.

ئیتر لەمەوە جارێکی دیکە شێوە عالەمییەکەی وەرگرتووە. بەهۆی عەرەبییەکەوە وەرگێڕدرایە سەر گەلێک لە زمانانی گێتی. ئەو تێکستانەی بەزمانانی میللەتانی هیندستان لەناوەوەن، ئەوانیش لەعەرەبییەوە تەرجەمە کراون، کەچی ناوەرۆکی چیرۆکەکان بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی کۆنی خۆیانە.

بەسەرهاتی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەویش (ألف ليلة وليلة) وەکو کەلیلە و دیمنە وایە.

(٥٣)

ل٨٣٨ کەنگاوەر: ئاوەدانییەکی گرنگە لەمێژووی ئایین و ڕۆشنبیری کوردیدا. ئەوەی دەبوو لە پاراگرافەکەدا بنووسرایە نەگوتراوە. ئەم شارۆچکە دێرینە کەوتووەتە نێوان کرماشان و هەمەدان، مەڵبەند و نێوەندی هەرە گرنگ و پیرۆزی پێڕەوانی ئایینی یارسانە (ئەهلی هەق، کاکەیی) لە هەموو گێتیدا.

(٥٤)

ل٨٣٨ کەیغان: ئەسڵی «کەیغان» (کەیهان، کەیخان)ە. حیکایەتی فۆلکلۆری «کەیغان و فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە» و سەدەی هەڤدەم ئەفسانەیەکی میللییە. پێویستە بەپێی ئەم زانیارییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پاراگرافەدا بکرێ. هەرکەسێکی لەقەبی بابانی هەبێت مەرج نییە لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بێ، هەروەها کەسیش ناتوانێ لەقەبی بابان لە کەسیک وەربگرێ ئەگەر پێی خۆش بێ بەم لەقەبە بناسرێ.

(٥٥)

ل٨٤٢ کرمانج- کرمانجی باشوور- کرمانجی باکوور- کرمانجی ناوەڕاست: پاراگرافێکە زانیارییەکانی تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری بوون. جارێ لەپێش هەموو شتێکدا «کرمانجی ناوەڕاست» نییە. بەڕاستی لەنووسینەوەی ئەو پاراگرافانەی پێوەندییان بە زمانی کوردی و دیالێکتەکانییەوە هەیە پێویستە لەسەرچاوەکانی تۆفیق وەهبی وەربگیرێن. لەحاڵەتێک ئەگەر گومان لە بۆچوونەکانی تۆفیق وەهبی هەبوو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوە دەخوازێ بەراورد لەنێوانی سەرچاوەکانی تۆفیق وەهبی و ئەوانی دیکەدا بکرێ. من لەوە دڵنیام بۆچوونەکانی تۆفیق وەهبی پەسەند دەکرێن.

(٥٦)

ل٨٥٤ کورد: ئەم پاراگرافە لەگەڵ پاراگرافی «کوردستان» یەکجار گرنگن و پێویستە بایەخێکی زۆریان پێ بدرێ. پێش هەموو شتێک دەبوو سەردەمی پەیدا بوون و سەرهەڵدانی وشەی «کورد»ی دیاری بکرایە کە وەک زاراوەیەک بۆ میللەتێک بەکاردەهێنرێ کەوتووەتە خاکی نێوان زەریای ڕەش و سپی و قەزوین و کەنداو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو سەردەمە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بووە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عەلی کوڕی ئەبو تالیب-دا.

ناوی هەموو میللەت و نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی ئێستا لەکاتێکی دیاری کراو کەوتووەتە ناوەوە. بێ گومان نەتەوەی ئەمەریکا تازەترینیانە. کورد یەکێکە لە نەتەوە کۆنەکان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بەم ناوە ناسراوە.

(٥٧)

ل٨٥٥ کوردستان: ئەوەی گرنگ بێ لەم پاراگرافەدا ئەوەیە پێویستە هەندێ ڕاستی لە بابەت کوردستانەوە تۆمار بکرێ، وەکو: خاکی کوردستان یەک پارچەی جوگرافییە لەڕووی نەخشەی مورفۆلۆژی و نەتەوەییەوە، هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لە نەخشەی مۆرفۆلۆژی وەکو نیشتمانی نەتەوەیەک لەجێی خۆی ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام لەسەر نەخشەی سیاسی ناوی نییە.

(٥٨)

ل٨٥٦ کوردستانی سوور: زانیارییەکانی ئەم پاراگرافە هیچیان بەسەر هیچەوە نییە.باوەڕ ناکەم هەمووی لەسەرچاوەیەک وەرگیرابێ. بیرم بۆ ئەوەش دەڕوا ناشارەزاییەک بەزمان ئەم قسانەی کردبێ. من بە کوردی لە هەندێ نووسینمدا باسی ئەمەم کردووە. نویشکی مەسەلەکە ئەوەیە: کوردستانی سوور هەرێمێکی ئەڤتۆنۆمی بوو لە ناو خاکی ئەرمەنستان لە قەفقاس، بەڵام لەڕووی بەڕێوەبردنەوە سەربە ئازربێجان بوو.بە ڕووسی «کراسنی کوردستان» و بە ئازربێجانی «قزل کوردستان». خەڵکەکەی بە نەژاد کورد بوون. لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئازەرییەکان بە ئایین موسوڵمان و بە ئایینزا شیعە بوون، سیاسەتی تواندنەوەی ئازەرییە شۆڤێنییەکان بووە هۆی ئەوەی مۆرکی کوردیان ئەوەندە پێوە نەمێنێ.

زمانی قسەکردنیان ئازەری بوو، واتە زمانی کوردی بەهیچ جۆرێ لەناوەوە نەبوو، چونکە قەدەغە بوو. ڕۆژنامەیەکیان دامەزراند بە زمانی ئازەری ناوی «کوردستانی سوور» بوو. چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکرایەوە، لە دوور و نزیکەوە پێوەندی بە کوردەوە نەبوو. ئەمە تەشقەڵەیەکی سیاسی بوو بە کورد کرا لەماوەی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرێکی وەکو ستالین. پاشان مەسەلەکە سەری نەگرت و خۆیان وازیان لێ هێنا.

(٥٩)

ل٨٩٣ ماریزێ گارزۆنی: زانیاری ڕاست و گرنگ هەیە لەبابەت ئەم قەشە ئیتاڵییەی بەکوردناس ناسراوە، پێویستە لە ئینسیکلۆپیدیا زۆری لەسەر بنووسرێ، وەکو ئەوەی میسیۆنێری (موبەشیری) کاتۆلیکی بووە، بیست ساڵ لە شارەکانی مووسڵ و ئامێدی ژیاوە. لە ساڵی ١٧٨٧ کتێبی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگۆکێکی کوردی- ئیتاڵی بڵاوکردووەتەوە. کتێبەکە لەسەردەمی خۆیدا نرخێکی زانستی بووە، بەڵام ئێستا وەک یادگارێکی کۆنی کلاسیکی و مۆزەیی تەماشا دەکرێ. هەندێ لەو زانیارییانەی لەم پاراگرافەدا هاتوون، پێویستە ڕاست بکرێنەوە و لەسەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناسی وەربگیرێن.

(٦٠)

ل٩٠١ گەرمیانی: لە ئینسیکلۆپیدیا وا هاتووە کە لقێکە لە دیالێکتی گەرمیانی ناوەڕاست. بەپێی لێکۆڵینەوە و تیۆرییەکانی تۆفیق وەهبی «دیالێکتی گەرمیانی ناوەڕاست وجوودی نییە». هەرچی دیالێکتی گەرمیانی گەورەیە (کەرکووک و دەوروبەر) هەرێم، یان ناوچەیەکی جوگرافییە. زمانی ئەم ناوچەیە لەو سەردەمەوە ئەو خەڵکەی ناویان بوو بە کورد و بەدرێژایی مێژوو دیالێکتی گۆرانی بووە. تائێستاش لە گوند و دێهاتەکاندا شوێنەواریان ماوە. هەموو عەشیرەت و هۆز و تیرەی گەرمیانی گەورەی کەرکووک دەچنەوە سەر بنەماڵەکەی گۆران. لەدوای دروست بوونی شاری سلێمانی و دەسەڵاتی کوردی بەناوی بابانەوە ئەم دیالێکتە بەرەو کزی ڕۆیشتووە و دیالێکتی بچووکی سلێمانی (بابان) جێی ئەوی گرتووەتەوە. هەندێ پسپۆری زمانی کوردی دیالێکتی گەرمیانی بەیەکێکی سەربەخۆ دادەنێن لە دیالێکتی کرمانجی باشوور. بەپێی تۆفیق وەهبی ئەم دیالێکتە لەچوار دیالێکتی بچووک پێکهاتووە: سلێمانی، سۆرانی، موکریانی، ئەردەڵانی و دیالێکتی ناو کەرکووکی بە سلێمانی لە قەڵەم داوە. پێم وایە هەڵە نییە ئەگەر ئەوەی کەرکووک بەناوی گەرمیانییەوە ببێتە دیالێکتی پێنجەمی دیالێکتی کرمانجی باشوور.

(٦١)

ل٩٠٣ گەیلان: ڕاستتر ئەوەبوو ئەم پاراگرافەی بەناوی «گەیلانی غەرب» بنووسیایە، چونکە بەم ناوەوە ناوبانگی دەرکردووە و بەڕەسمی هەر بەم ناوەش ناسراوە بۆ ئەوەی لە ئاوەدانی «گەیلان»ی باکووری ئێران جیابکرێتەوە، چونکە ئەمەش پاراگرافێکی دیکەیە لە ئینسیکلۆپیدیاکەدا. ئەوەی شایانی گوتنە شێخ عەبدولقادری گەیلانی خەڵکی «گەیلان»ەکەی باکووری ئێران و لای زەریای قەزوینە.

(٦٢)

ل٩٣٦ لاهووتی: نووسراوە، شاعیر و سیاسی و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردە. ئەم ڕستەیە شێواوە، چونکە لاهووتی تەنیا بەنەژاد کوردی کرماشانە. نووسینی بە کوردی نییە، بە تایبەتی شیعر. لە ڕووسیا بە شاعیرێکی فارسی- تاجیکی دەژمێرا، چونکە زمانی تاجیکی و فارسی لە یەکترییەوە نزیکن، ئەوەی کردوونی بە دوو میللەت ئایینزایە. تاجیکەکان سوننەن. گیانی کوردایەتی لە لاهووتیدا هەبوو. ئەوەی من ئاگادارم لاهووتی باسێکی بەناوی «کوردستان و کوردی فارس» لەکۆواری «نۆڤۆی ڤۆستەرک= ڕۆژهەڵاتی نوێ» لە مۆسکۆ، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٢٣، ل٥٨- ٧١، بەزمانی ڕووسی بڵاوکردووەتەوە.

(٦٣)

ل٩٣٧ لاوک، ل٤٢٨ حەیران: هەردووکیان بابەتێکن لە ئەدەب و مەقام و ئاواز و گۆرانی میللی «فۆلکلۆر»، یەکەمیان لە دیالێکتی کرمانجی باکوور و دووەمیان لە کرمانجی باشوور بە تایبەتی لەناوچەی سۆران و موکریان کەوتووەتە ناوەوە. پێویستە ئەم دوو پاراگرافە جارێکی دیکە پێیدا بچنەوە.

(٦٤)

ل٩٨٤ مامە سەنی: ئەم پاراگرافە شێواوە،

زانیارییەکانی لەمەڕ مامەسەنییەوە وەک تیرەیەکی کورد و دیالێکتێکی زمانی کوردی زۆر ورد و بە تەواوی لەجێی خۆیان نین. ڕاستە مامەسەنی دیالێکتێکی زمانی کوردییە، بەڵام لقێکی کرمانجی باشوور نییە. پێویستە ئەم زانیارییانە ڕاست بکرێنەوە. لەم ڕووەوە سەرچاوەی ڕاست و باوەڕ پێکراو نووسینەکانی تۆفیق وەهبین.

(٦٥)

ل٩٨٦ مانی (٢١٦- ٢٧٦م): لەم پاراگرافەدا ئەوە هاتووە «لە ناوچەی میاندواو لەکوردستانی خۆرهەڵات لەدایک بووە». ئەم عیبارەتە چەندی بەچەند؟ ئەوە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ مانای ڕووداوێک ناگونجێ هەزار و حەوت سەد ساڵ پێش ئێستا ڕووی دابێ و بە لێکسیکۆنی زمانی کوردی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بگێڕدرێتەوە. ئەم بیروڕایە لەکامە سەرچاوە وەرگیراوە؟ کەی تەعبیری «کوردستانی خۆرهەڵات» بەو مانایەی ئێستا گەرەکە لەپێش زیاتر لەدوو هەزار ساڵ بووە! زاراوەی «کوردستانی ئێران» لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەدوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) کەوتە ناوەوە. هەرچی «کوردستانی ڕۆژهەڵات»یشە هەموو دوو سێ ساڵە پەیدابووە، ئەویش هیچ زانستییەکی جوگرافی تێدا نییە. بەهەڵە بۆ مەبەستی سیاسی دروست کراوە. نووسەر دەبوو بنووسێ لەناوچەی میاندواوی ئێستا لە دایک بووە، ئەگەر لەوە دڵنیا بێ لەوێ هاتووەتە سەر دنیا. لەوکاتەشدا ئایا ئەو ئاوەدانییە ناوی میاندواو بووە؟.

(٦٦)

ل٩٩٩ مەستوورەی کوردستانی (١٨٠٥- ١٨٤٧): دەبوو ئاماژە بەوە بکرێ مەستوورە شیعری بەزمانی فارسی نووسیوە و دیوانی هەیە، تەنیا دوو پارچە لیریکی ماتەمنامەی هەیە بە دیالێکتی گۆرانی بۆ کۆچی دوایی خوسرەو خانی مێردی والی ئەردەڵانی گوتووە. شیعری بە دیالێکتی کرمانجی باشوور نییە، وەکو هەندێ کەس بۆی دەچن، نووسینەکانی دیکەشی لە مێژووی ئەردەڵان و ئایینی ئیسلام بەفارسی نووسراون.

(٦٧)

ل١٠٠٩ مەمەند سیامەندۆڤ (١٩٠٩-....): بە هەڵە ناوی تۆمارکراوە. ڕاستییەکە «سەمەند سیابەندۆڤ»ە. هەندێ زانیاری ناڕاست لە پاراگرافەکەدا هەیە. بەرهەمی ئەدەبی کوردی هەیە، بەتایبەتی لەبابەت فۆلکلۆرەوە، بەڵام زۆر نییە. لە وەزیفەی حکوومەت گەیشتە پلەی وەزیری لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی کۆندا.

(٦٨)

ل١٠١٨ محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣- ٢٠٠١): دەبوو زیاتر لەسەر ئەم زانا بەکار و فرزەندە ڕاستگۆیەی کورد بنووسرێ. هەروەها دوا عیبارەت بەم جۆرە هاتووە «بەدەستی چەپەڵی تاوانبارێکی نەناسراو کوژراوە». لێرەدا پێویستە وشەی «نەناسراو» هەڵبگیرێ، چونکە ئەو کەسە، یان ئەو کەسانە ناسراون، بەڵام نابێ ئاشکرا بکرێن، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. بەم هۆیەوە شەهیدانی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف و جەمیل ڕۆژبەیانی و خەڵکی دیکەش، ئەوانەی پیلانیان دانا بۆ کوشتنیان ناسراون. ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی بەعس کارەکەی نەگەیاندووەتە ئەنجام، بەڵام ڕێی نەگرتووە و پێی ناخۆش نەبووە ئەم دووکەسە تیرۆر بکرێن.

(٦٩)

ل١٠٢١ محەمەد عارف (١٩٣٧-...): نووسینی ئەم پاراگرافە لە ئینسیکلۆپیدیای کوردی جارێ من بەزیادی دەزانم، چونکە محەمەد عارف و ئاوزەی ئەم هێشتا ماون. ئەگەر ناوی ئەو بنووسرێ پێویستە ناوی ئەوانیش بێ. هونەرمەندێکی وەکو ئازاد شەوقی بە تەمەن لەو گەورەتر بوو و کۆچی دواییشی کردووە کەچی ناوی نەهاتووە. لە ڕووی هونەریشەوە بەپێی ئیختیساس ئەگەر ئازاد شەوقی لە محەمەد عارف گەورەتر نەبێ کەمتر نییە. لەمەیدانی شێوەکاری کوردیدا دەکرێ لەماوەی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم ناوی دانیال عوزێر قەسابی هەولێری نەهێنرێ؟ پێویستە بۆ ئەو و هونەرمەندانی دیکەش لاپەڕەیەکی زۆر لە ئینسیکلۆپیدیادا تەرخان بکرێ و وێنەی بەرهەمە گرنگەکانیان بڵاوبکرێتەوە.

(٧٠)

ل١٠٤٠ مووسڵ: شاری مووسڵ ئەگەر بەکوردستان حسێب بکرێ، یان نەکرێ لەناو کوردستانی باکوورە نەک باشوور. لەسەر زێی گەورە (زێی بادینان) نییە، بەڵکو لەسەر زێی دیجلەیە. ڕاست لەوەدایە بگوترێ دانیشتوانی عەرەب و کوردن، چونکە لەناو شار ژمارەی

عەرەب هەندێک لەوەی کورد زیاترە، هەندێ تورکمانیش لە مووسڵ دەژین. هەرچۆنێ بێ مەدەنییەتی شارەکە تائێستا عەرەبییە.

(٧١)

ل١٠٥٤ میخائیل نەعیمە (١٨٨٩- ١٩٨٨): لە نووسەرە گەورەکانی عەرەبی لبنانە. لەقەبی «نوعەیمە»یە نەک «نەعیمە». لە ئینسیکلۆپیدیای کوردیدا لام وایە حەوت هەشت دێر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ.

(٧٢)

ل١٠٥٥ میدیا: ئەوە ڕاستە بەپێی لێکۆڵینەوە و تیۆرییەکانی تۆفیق وەهبی و پاشان ڤلادیمیر مینۆرسکی کوردی ئێستا لەنەوەی میدییە کۆنەکانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە هۆز و تیرە و میللەت و نەتەوەکانی پان ئێرانی کۆن و قەفقاس و خاکی تورکیای ئێستا ئەوانەی لە نەژادی هیندو ئەورووپین. هەتا هەندێک لە نەتەوە تورکەکانی وەکو خەڵکی ئێستای تورکیا و ئازربێجان و تورکمانی ئەم ناوچانە ئەوانیش لە نەتەوەی میدییەکانن، بەڵام بەزمان لە بنەماڵەی تورکە مەغۆلن.

(٧٣)

ل١٠٦٠ مێزۆپۆتامیا: پێویستە لەوە زیاتر لەناو ئەم پاراگرافەدا بنووسرێ. مێزۆپۆتامیا لەبنجدا لەوە فراوانترە ئەوەی لە ئینسیکلۆپیدیا نووسراوە. خاکی مێزۆپۆتامیا (بلاد مابین النهرین) لەناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر دەست پێ دەکات. هەرێمێکی گەورە و فراوانە «بین گۆل»ی پێ دەڵێن، بەزمانی تورکی واتە (هەزار گۆماو). مێزۆپۆتامیا لە هێڵی باکووری کوردستانەوە دەست پێ دەکا تا شەتولعەرەب و کەنداو. ئەم خاکە دەکرێ بەدوو بەشەوە، مێزۆپۆتامیای باکوور لە بین گۆلەوە تا شاخی حەمرین، واتە نزیکەی هەموو کوردستانی گەورە دەگرێتەوە، چونکە لقەکانی زێی گەورە و بچووک و سیروان (دیالە) دەڕژێنە ناو دیجلە. مێزۆپۆتامیای باشوور لە حەمرینەوە تا کەنداو. ئەم دیاردە جوگرافییە هانی دام لە کۆنگرەی ئەدەب لەدیاربەکر ( ) لەکۆتایی موحازەرە زانستییەکەم لەگێتی حەقیقەت بچمە دەرەوە و پێشنیارێکی سیمبۆلی و ڕۆمانتیکی و خەیاڵاوی و شاعیرانەم پێشکێش کرد و گوتم: وەرن پیاوی چاک بن، لەم مێزۆپۆتامیا گەورەیە لێرەوە هەتا شەتولعەرەب و کەنداو سێ دەوڵەتی فیدرالی لێ دروست بکەن بۆ تورک و عەرەب و کورد. ئەمە خەونێک بوو، بەڵام خەونێکی خۆش، خەونی خۆش حەقیقەت نییە.

(٧٤)

ل١٠٦٧ مێجەرسۆن، ئیلی بانستر (١٨٨١- ١٩٢٣): بەهیچ شێوەیەک نابێ «مێجەر»ی بۆ بنووسرێ، چونکە ئەمە پلەیەکی سوپاییە. ئەوە ڕاستە خۆی لە سوپای ئینگلیز ئەفسەر بوو، بەڵام ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێکی بەریتانی بوو، ناوی تەواوی «ئیلیا بانستر سۆن» بوو. بە نووسین و لە مەیدانی زانستیدا ناوی بەم شێوەیە دەنووسرێ «ئی. بی. سۆن».

(٧٥)

ل١٠٧٠ نابی (١٧١٢-....): نووسراوە شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە. ئەمە وانییە تەنیا بە نەژاد کوردە، بەرهەمی بەکوردی نییە هەمووی بەتورکییە. ئەوە هەیە شاعیرێکی گەورە و بەناوبانگ بوو. هەندێ لە شاعیرانی سەردەمی خۆی، ڕقیان لێ بووە و خۆشیان نەویستووە، لەبەر ئەوە هەجوویان کردووە، یەکێ لەو شیعرانە دەڵێ:

نابيي نابي إيدن حُسن نَظَر
أرفه كُردندن ظَرافت نه گذر

واتە (ئەو فیکرە گەشبینییەی نابی بە گەورە داناوە، ڕاست نییە، لە کوردێکی ئورفەیی چاوەنۆڕی زیرەکی و جوانی ناکرێ). هەندێ کەس لەناو کوردان شانازی بە شاعیرانی سێکوچکەی تورکی عوسمانی و شاعیرانی سێکوچکەی عەرەب دەکەن: فوزوولی و نەفحی و نابی، شەوقی و زەهاوی و ڕەسافی گۆیا هەموویان کوردن. بەلای منەوە ئەمانە هەموویان شاعیری گەورەی تورک و عەرەبن، خزمەتیان زۆرە، بەڵام ئێمە لە مەجالی ئەدەب و کولتوور و مەدەنییەتی کوردەوە نابێ ناویان بێنین و شانازییان پێوە بکەین. لە ئینسیکلۆپیدیا وەکو شاعیری تورک و عەرەب سەیریان بکەین.

(٧٦)

ل١٠٨٩ نوورجان: دەبوو ساڵی لەدایک بوون و کۆچی دوایی دیاری بکرێ. نووسراوە ئینگلیزی و فرەنسی زۆر باش زانیوە. بەڕاستی وا نەبوو، بەڵکو ئەوەندە ئەم دووزمانەی دەزانی تا پلەیەک دەیتوانی لەسەرچاوەکانی

ئەم دوو زمانەوە زانیاری پێویست هەڵێنجێ.

(٧٧)

ل١٠٩٩ نیزامی گەنجەوی (١١٤٤-١٢١٤م): لە ئینسیکلۆپیدیای کوردی پێویستە بنووسرێ نیزامی گەنجەوەی شاعیری گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەزمانی فارسی شیعری نووسیوە. دایکی بەنەژاد لە میرانی کوردە، بەڵام نابێ لەبەر ئەوە کورد شانازی پێوە بکا. نازانرێ باوکی لەچی نەتەوەیەکە. مەڵبەندی ژیان و زیندەگانی لە شاری گەنجەی ئازربێجانی ڕووسیایە. لەبەر ئەوە بایەخی زۆری پێ دەدەن، لەگەڵ ئەوەی وشەیەکی بە ئازربێجانی نییە، ڕەنگە ئەم زمانەی نەزانی بێ، بەڵام شانازی پێوە دەکەن.

(٧٨)

ل١١٠٩ هارقان، مارتن (١٨٥١- ١٩١٩): ئەم زانا ئەڵمانە تەنیا ڕۆژهەڵاتناس نەبوو، کوردناسیش بوو. لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەتایبەتی بایەخی بە مەم و زین (مەمی ئالان)ی ئەدەبی میللی داوە. پێویستە لە ئینسیکلۆپیدیا پشت گوێ نەخرێ و لەبابەت کوردناسییەوە ئاماژە بە هەموو کارە زانستییەکانی بکرێ.

(٧٩)

ل١١٢٦ هەولێر (ئەربیل): دەبوو پاراگرافەکە بەناوی «ئەربیل» بوایە نەک (هەولێر). پێویست بوو لە پاراگرافی «هەولێر» بنووسرێ بنوارە (ئەربیل). چونکە ناوەکە کۆنە، لەپێش مەسیحەوە ئاوەدانییەکە بەم ناوە ناسراوە. لە هەموو سەرچاوە و تۆمارەکانی مێژوو و نەخشەی سیاسی و مۆرفۆلۆژی هەموو گێتی بە شێوەی «ئەربیل» ناوی هاتووە.

لە ئینسیکلۆپیدیادا نووسراوە، بەدرێژایی ڕۆژگار بەکارهێنانی وشەکە «ئەربیل» بووە بە (هەولێر). بە شەش حەوت قۆناغی گۆڕانی وشە لە سیغەیەکەوە بووە بە یەکێکی دیکە. ئیتر وشەکە بەم گۆڕانانە لە «ئەربیل»ەوە بووە بە (هەولێر): «ئەربیلا، ئەربیل، ئەرویل، ئەوریل، هەوریل، هەولیر، هەولێر». ئەمە لێکدانەوە و تیۆری تۆفیق وەهبی-یە. دەبوو ئاماژەی پێ بکرێ. ئەوەی شیاوی گوتنە لەم لایەنەوە خەڵکی مووسڵ تا ئێستا ناوی شاری هەولێر بەشێوەی «ئەرویل» دەبەن.

(٨٠)

ل١١٦٦ ویلایەتی مووسڵ: پێویستە زانیارییەکانی ئەم پاراگرافە وردتر بن. ئەگەر لە سالنامەکانی عوسمانی وەربگیرێن باشترە.

(٨١)

ل١١٧٥ یەشار کەمال: لەم پاراگرافەدا ئەوە هاتووە گۆیا لە ساڵی ١٩٧٣دا خەڵاتی نۆبێلی پێ بەخشراوە. ئەمە ڕاست نییە. ساڵانێکە بۆ ئەم خەڵاتە پاڵێوراوە، بەڵام تائێستا وەری نەگرتووە. ڕۆمانی یەشار بەزمانی تورکی «ئینجە مەمێد» کراوە بە کوردی و بە ناوی «حەمەدۆک» بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم وشە تورکییە (إینجە ince) گەلێ مانا بەدەستەوە دەدا، وەکو: تەنک، ورد، باریک، دڵگیر، زەریف، زەعیف، لاواز، زیرەک، خۆشەویست، مەحبووب، دەنگو ئاواز و مۆسیقای تیژ و خۆش. بەم پێیە ئەگەر وەرگێڕانی کوردی ڕۆمانەکە «محەمەدی لاواز» نەبوایە و مانایەکی دیکە بوایە لەماناکانی «إینجە» باشتر بوو. ڕۆمانەکە مەمەد بە کەسانێکی خۆشەویست و زیرەک دەخاتە ڕوو.

ئەنجام

ئەمە بەشێکی کەم بوو لە تێبینییەکانم، بەڵام پێم وایە بێ کەڵک نییە نەک تەنیا بۆ خاوەنی ئینسیکلۆپیدیا بەڵکو بۆ هەموو نووسەر و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و ڕۆژنامەنووسێکی کورد.

ئەگەر دانەر سوور بێ لەسەر ئەوەی ئەم کارە بە تەنیا بگەیەنێتە ئەنجام، بەلای منەوە پێویستە پسپۆرەکان بەپێی ئیختیساس پێیدا بچنەوە. ئەو پاراگرافانەی تێیاندا باس لە کەس دەکرێ پێویستە ساڵی لەدایک بوون و مردنی دیاری بکرێ. باشتر ئەوەیە زیندوو ئەگەر زۆر دیار نەبێ ناوی نەچێتە ناو ئینسیکلۆپیدیاوە.

هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی، ٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠٠٨

چەمکی شێواز

محەمەد ئەللویی
لە عەرەبییەوە: ئیدریس عەبدوڵڵا
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیژی زمان)

وشەی (شێواز) لە نووسینی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی ئەدەب لە کاتی تیۆرێزەکردن و جێبەجێکردنیان لەسەر دەقەکانی ئەدەب، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت زۆر جار ڕەوانبێژە نوێیەکانیش لە نامەکانی خۆیان و دیدە هاوچەرخەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە، بۆیە حەزم کرد لەم چەند دێرەی خوارەوە تیشک بخەمە سەر ئەو وشەیە و بە خستنەڕووی ئەو پێناسانەی بۆی کراوە لە گۆشەنیگای جیا جیاوە، چەمکەکەی ڕوون بکەمەوە.

١ - شێواز لە ڕووی وشەییەوە

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی وەها لە بارەی شێواز هاتووە: (بە ڕیزی دار خورما و هەموو ڕێگەیەکی درێژەوەبووەوە دەگوترێت: شێواز)(١). (عەبدولقاهیری جورجانی)ش وەها پێناسەی (شێواز)ی کردووە: (تێکەڵەیەکە لە هەڵبەست و ئەو ڕێگەیەیە کە بۆی دەگیرێتە بەر)(٢)، بەڵام (حازم قەرتانجی) دەڵێت: (زاراوەی شێواز بەسەر ئەو بەیەکگونجاوییە دادەبڕێت، کە لە دانراوە مەعنەوییەکاندا لەبەرچاو دەگیرێت)، بۆیە وێنەی جووڵانەوەی ئیقاعی دەنوێنێت(٣)، بۆ واتاکان لە چۆنیەتی بەدوای یەکداهاتنیان و بەردەوامبوونیان، لەگەڵ شتانی دیکەی وەکو: (حسن الاطراد) و (بەیەکەوە گونجان) و (بە ناسکی گوازتنەوە لە لایەنێک بۆ لایەنێکی تر) و (بازدان لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر) (٤) " (٥) .

(حازم) وای دەخاتەڕوو، کە شێواز لەسەر مەسەلە مەعنەوییەکان دابمەزرێت، ئەوەش دەخاتە بەرامبەر ئەو

هەڵبەستەی، کە لەسەر دانراوە وشەییەکان دەوەستێت، ئەمەش بە پێچەوانەی دیدی (جورجانی)یە، کە پێی وایە هەڵبەست گشتگیرەو پێوەندی بە وشەو واتاشەوە هەیە(٦) ، (ئیبن خەلدوون)یش دەڵێت: (شێواز: بریتییە لەو ڕێگەیەی دەربڕینی تیا دەهۆنرێتەوە، یان ئەو قاڵبەیە، کە شتی تێدا خاڵی دەکرێت)(٧) .

ئەوەی لە پێناسەی ئەو سێ زانایەی سەروو سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەوەیە، کە ئەوان هەر یەکەو لە گۆشەنیگایەکەوە تەماشای (شێواز)یان کردووە، ئەوەتا لای (ئیبن خەلدوون) تایبەتە بە وێنەی وشەکان (فۆرم)، لای (حازم)یش تایبەتە بە وێنەی واتا، بەڵام لای (جورجانی) چەمکی شێواز هەردوو لایەنی واتایی و وشەیی دەگرێتەوە، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوانیان. ئەمەی دواییش تێڕوانینێکی گشتگیرترە بۆ شێواز.

٢- شێواز لە ڕەخنەی نوێدا

پێناسەی نوێ بۆ شێواز پێوەندداراە بە تیۆری (پێگەیاندن، یان هەواڵپێدان)، چونکە هەر کردەیەکی گوتاری پێوبستی بە بوونی سێ لایەنی (گوتاردەر و گوتار بۆدراو و گوتار) هەیە، کە بە (نێرەر و وەرگر و پەیام) دەناسرێن (٨) (٩)، بۆیە بە بێ بەرچاوگرتنی ئەو سێ بنەمایانەی گەیاندن، (نووسەر و خوێنەر و دەق) ناکرێ لە شێواز بکۆڵدرێتەوە (١٠)، ئەمە وای کردووە کتێبەکانی زانستی شێواز (شێوازگەرایی) (١١) پڕبن، بە پێناسەکانیان بۆ شێواز بە بەرچاوگرتنی ئەو ڕەگەزانە (١٢)، بۆیە هەرچەندە پێناسەکانی شێواز زۆر بن، بەڵام دەشێت یەکە یەکەیان بگەڕێنینەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ ڕەگەزانەی ئاماژەیان بۆ کرا (١٣)، چونکە بەبەرچاوگرتنی ئەوانەوەیە کە لێکۆڵەران هاتوونە پێناسەکانیان بۆ شێواز کردووە.

یەکەم: پێناسەی شێواز بە بەرچاوگرتنی قسەکەر (نووسەر)

بەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەگەزە شێواز وەها پێناسە دەکرێت: شێواز بریتییە لە ئاشکراکەری جۆری بیرکردنەوەی خاوەنەکەی، چونکە گوزارشتێکی تەواو لە کەسایەتییەکەی دەکات، بیر و سیفاتە مرۆییەکانی عەکس دەکاتەوە، دەری دەخات، کە چۆن بۆ شتەکان دەڕوانێت و چۆن ڕاڤەیان دەکات و سروشتی هەڵچوونەکانی وەدەردەخات، هەموو ئەوانەش جەخت لە خودییەت دەکەنەوە وەکو بنەمایەک بۆ پێناسەی شێواز.

تەنانەت هەندێ لە پێناسەکەرانی شێواز تا ئێستاش دەست بە پێناسەکەی (کۆنت بیفۆن) دەگرن و ئەو دووبارە دەکەنەوە، کە دەڵێت: (شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی، ناکرێت نەمێنێت، هەروەها ناگوازرێتەوەو ناشگۆڕدرێت)(١٤). ئەوەتا ئەو پێناسەیە کاریگەری زۆری لەسەر زۆرێکی ئەو لێکۆڵەرانە هەبووە کە دوای (بیفۆن) هاتوون، لەوانە (شۆپنهاوەر) کە لە بارەی شێوازەوە دەڵێت: (بریتییە لە ڕواڵەتەکانی فیکر).. هەروەها (ماکس جوب)، کە دەڵێت: (جەوهەری ئادەمیزاد لە زمان و هەستیارییەکەیدا خۆ دەنوێنێت)(١٥).

لە دوای ئەو پێناسانە، دەشێت پێناسەی شێواز وەها بخەمە ڕوو کە: شێواز بە پێی نووسەر بریتییە لەو شوێنپەنجە جیایەی داهێنەر، کە گوزارشت لە فیکر و کەسایەتی و هەست و سیفاتەکانی و لایەنەکانی دیکەی دەکات، یانیش: ئەو وێنەیەیە، کە لە بارەی لایەنە جیاوازەکانی داهێنەر، لە لایەن دەقەوە عەکس دەکرێتەوە.

دووەم: پێناسەی شێواز بە بەرچاوگرتنی قسەبۆکراو (بیسەر)

(قیرۆ) وای دەبینێت، کە شێواز بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەنگ کە بە هۆیانەوە گوتار بۆیە دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە بتوانێت بڕوا بە خوێنەر بکات و چێژێکی پێ ببەخشێ و سەرنجی ڕابکێشێ و خەیاڵی بوروژێنێت. (دی لوفر)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شێواز بریتییە لە دەسەڵاتی دەربڕین کە بۆ لای خۆیمان ڕادەکێشێت.. (کولان) (١٦) و (ئەحمەد شایب)یش هەروەهای بۆچوون، ئەوەتا (شایب) وای دەبینێت کە: دەشێت شێواز واتایەکی فراوانتر بگەیەنێت، بریتی بێت: (لەو هونەرە ئەدەبییەی، کە ئەدیب دەیکاتە هۆکارێک بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر و کارتێکردنی)(١٧).

جا هەرچەندە پێناسەکانی شێواز بە بەرچاوگرتنی قسە بۆ کراو زۆر بن، بەڵام هەموویان لە یەک شت یەک دەگرنەوە، ئەویش بریتییە لە: (هەبوونی کاریگەری

شـێـواز لەسـەر قـسـە بۆ کـراو)، جـا ئەو کـاریگەرییـە دەشێت، بڕواپێهێنان بێت، یان دەشێت چێژ پێ بەخشێن بێت، یان سـەرنج ڕاکـێـشـان و یانیش وروژاندنی خـەیاڵی، یان هەر کـاریگەرییـەکی تر بێت لەسـەر قسەبۆکراو.

بە بەرچاوگـرتنی ئەو پێناسـەیەی سـەرووش، دەشـێت پێناسەی شـێـواز وەها بخـەمە ڕوو، کـە: شـێـواز بە پێی قسەبۆکراو بریتییە لەو سیمایانەی دەق، کە کاریگەری خۆیان لەسـەر قسەبۆکراو (خوێنەر) بەجێ دەهێـڵن، جا کاریگەرییەکە هەر چییەک بێت.

لێـرەدا گـرنگ ئەوەیە، کـاتێک بەبەرچاوگـرتنی قـسـەبۆکـراو پێناسـەی شـێـواز دەکـەین، ئامـاژە بۆ کۆششەکانی (ڕیڤاتێر) بکەین، بۆ پێناسەکردنی شێواز کـە: (ئەو لایەنی قـسـەبۆکـراوی لەبەرچاوگـرتووە لە گەیاندنی ئەدەبی)(١٨)، ئیتـر هاتووە بە بەرچاوگرتنی کـاریگەری قسە (گوتار) لەسـەر قسەبۆکراو پێناسەی شـێـوازی کـردووە (١٩)، بەمـە قسـەبۆکراو (خوێنەر)ی هێناوەتە نێـو تیـۆری شـێـوازگـەرایی و(٢٠)، (قـسـەبۆکـراو)ی کـردۆتە درێژەوەبووەکی بەشـدار لە ڕاڤەکردنی شێوازی (٢١)، هەندێ لە لێکۆڵەرانی تریش وەکو (ڕیڤاتێر) بیردەکەنەوە، دەڵێن: ڕاڤەکردنی شێواز دەوەسـتێـتـە سـەر ئەو پێـوەندییـەی لە نێـوان دەق و کاردانەوەی خوێنەر دروست دەبێت، بۆیە دەشێت: خوێنەر بە ڕەگـەزێکی تیـۆری شـێـوازگـەرایی دابنرێت، یان بە هۆکارێکی یارمەتیدەر دابنرێت لە ڕاڤەکردنی شێوازی، یانیش هەردووکیان بێت (٢٢).

تێـڕوانینی (ڕیڤـاتێـر) بۆ شـێـوازگـەرایی بەوە جیـادەکرێتـەوە کـە: ئەو لە تیـۆری شـێـوازگـەراییـدا بە شێوەیەکی گشتی و لە ڕاڤەکردنی شێوازی بە شێوەیەکی تایبـەتی، ڕەهەندێکی خـاوەن گـرنگیـیـەکی گـەورەی بە خوێنەر داوە(٢٣).

سێیەم: پێناسەی شێواز بە بەرچاوگرتنی گوتار (دەق)

ئەم چەمکە بنەمـاکـانی خـۆی لە (خـاڵە بەهێـزەکـانی دیاردەی زمـانی لە تایبـەتمەندییـە زەقـەکـانیـیـەوە)ی وەردەگـرێت و (٢٤)، لەسـەر بیـرۆکـەی دووانەیی زمـان دەوەسـتێت، کـە زمـان دابەش دەکـاتە سـەر دوو ئـاسـتی لەیەک جیا (٢٥)، ئەوانیش: ئـاستی هەواڵی (ئاسایی) و ئاسـتی ڕەوانبـێـژی (داهێنانی)ن، کـە لە خـواروو تردا تیشکیان دەخەینە سەر.

لێرەدا دەشێت وەها پێناسەی شێواز بکرێت کە: شێواز بریتییە لەو پێوەندییە جیایەی جۆری ڕواڵەتی گوتە لە سنووری گوتاردا، ئەم سیمایەش بریتییە لە تۆڕی یەکتر بڕینی وشـە بە واتاکـەی و کـۆمـەڵـی هەڵبـەسـتـراوەکـان هەندێکیـان بە هەندێکی تریانەوە، لە هەمـوو ئەوەشـدا بنیـادی جۆریی (نەوعی)ی دەق پێک دێت، کە ئەمـەش خـۆی شـێـوازەکـەیەتی (٢٦)، لەو بۆچوونە نزیک پێناسەکەی (هیل)ە، کـە ئەویش وەها پێناسـەی شێـواز دەکـات و دەڵێت: (شـێـواز بریتـیـیـە لەو پەیامـەی، کـە پێوەندییەکانی نێوان ڕەگەزە زمانییەکان نەک لە ئاستی ڕستەدا، بەڵکو لە ئاستی چوارچێوەیەکی فراوانتردا وەکو دەق و گـوتـار لەخـۆدا هەڵدەگـرێت)(٢٧)، بۆیە وەکـو (سـتـاروبنسکی) دەڵێت: شـێـواز بریتـیـیـە لە (یاسای ڕێکخـراو بۆ جـیـهـانی ناوەوەی دەقی ئەدەبی)(٢٨)، ئینجا پاش ئەوانە (هیـالمسـالف) هات واتای شـێـوازی فراوانتر کرد و وەها گشتگیری کرد، کە هەموو پەیکەری گشتی دەق بگرێتەوە (٢٩).

دەشێ لێـرەدا ناساندنی شـێـواز لەوەوە سەرچاوەبگرێت کە لە دوای وشـەو ڕسـتـەو ئەرک و ئـامـاژەکـانیـاندا خـۆ دەنوێنێت، ئەوەتا (جـاکبسـۆن) وای دەبینێت: کـە دەقی ئەدەبی گـوتـارێکە (ئەرکـە شـیـعـرییـەکـانی(٣٠) گوتەی(٣١) بەسەردا زاڵ دەبێت)، هەروەکو چۆن هەندێ ڕەخنەگری تر وەهای دەبینن، کـە: (شـێـواز بریتـیـیـە لە کۆمەڵی توانا ئامـاژەییەکان لە گوتاری ئەدەبییدا)(٣٢) (٣٣).

هەروەها شێواز لێرەدا وەها پێناسەکراوە کە: (بریتییە لە بەکـارهێنانێکی تایبـەتی زمـان، لەسـەر بنەمـای بەکارهێنانی ژمارەیەک تواناو شیانەکان (احتمالات) دادەمـەزرێت و لە بەرانبـەر شـیـان و تواناکـانی دیکە جەختیان لەسەر دەکاتەوە)(٣٤)، ئەم پێناسەیە ئامـاژە بەوەش دەکـات، کـە شـێـوازی هونەری پێـویسـتی بە هەڵبـژاردن و لادان دەبێت، وەکـو دواتر باسـیـان لێـوە دەکەین. دیسانەوە شێواز لێرەدا وەها پێناسە کراوە، کە: بریتییە لەو چنینەی دەق کە پایەی ئەدەبی بۆ گوتار زامن دەکات(٣٥)، ئەو پێناسەیەش ئامـاژە بۆ ئەوە دەکات، کە شێواز بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی بە هۆیانەوە دەق لە

دیارده هونەرییە تێکهەڵکێشەکانی تر جیادەبێتەوەو بەرەو پلەی ئەدەبی بەرزی دەکاتەوە.

هەموو ئەو پێناسانەی سەروو بۆ (شێواز)، کە بە بەرچاوگرتنی گوتار (دەق) خراونەتەڕوو، جەخت لەسەر دیارده زمانییە جیاکەرەوەکانی دەق دەکەنەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە پێوەندییە بەشی و گشتییەکانی نێوانیان، لەگەڵ هەموو ئەوەی پێوەندی هەیە بەوەی پێشوو لە ئاماژە لەیەک جیاکان و واتا جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ هەموو ئەوەی وا دەکات دەق لە لایەنی شێوازەوە تایبەتمەندی خۆی ببێت.

لە دوای ئەو پێناسانە، دەشێت پێناسەی شێواز وەها بخەمە ڕوو، کە: شێواز بە بەرچاوگرتنی دەق بریتییە لە کۆمەڵێک دیاردەی زمانی هەڵبژێردراو و ئەرک پێدراو کە بە لادان پێکەوەنراون، لەگەڵ هەموو ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەیە، لە ئاماژەپێدان و واتاکان، کە هەموو ئەوە بە تۆڕێکی پێوەندی ناوەوەو دەرەوەی دەق تێکەڵ دەکرێت.

بۆ ئەوەی بگەینە پێناسەیەکی گشتگیرتر و وردتر بۆ شێواز، ئەوە لەسەرمان پێویست دەبێت ، بێین بە لەیەکدانی هەموو ئەو پێناسانەی بەبەرچاوگرتنی هەر سێ سەرچاوەکان (قسەکەر و قسەبۆکراو و گوتار) بۆ شێواز کراون، پێناسەیەکی نوێ دابێنین(٣٦).

ئەگەر ئەوەشمان کرد، ئەوە دەتوانین بڵێین: شێواز بریتییە لە کۆمەڵێک شێوازی زمانی، کە کاردەکەن بۆ دەوڵەمەندکردنی گوتەو چڕکردنەوەی گوتار و ئەوەی بە دوای ئەوەدا دێت لە خودی قسەکەر و پەردە هەڵماڵین لەسەر نهێنییەکانی و ئاشکراکردنی ئەو کاریگەریانەی، کە بەسەر گوێگردا دێن(٣٧).

ئەگەریش بێتو پێشتر واتای شێوازم بە بەرچاوگرتنی هەر ڕەگەزێک لە سێ ڕەگەزەکانی پێوەندیکردنەوە خستبێتەڕوو، دواتر پێناسەیەکی گشتگیرم بە بەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕەگەزانە بۆ شێواز کردبێت، ئەوە لێرەدا دەمەوێت کۆتایی بابەتەکەم، بە پێناسەکەی (شارل بالی) بێنم، (بەو پێیەی کە ناوبراو دامەزرێنەری زانستی شێوازە)، کە شێواز لای ئەو خۆی لە کۆمەڵێک لە ڕەگەزە ئیستێتیکییەکانی نێو زمان دەبینێتەوە، لە توانایدا دەبێت، کاریگەرییەکی سۆزاوی دەروونی لەسەر قسەبۆکراو جێ بهێڵێت)(٣٨)، ئەوەی لەو پێناسەیەش تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، (بالی) لەم پێناسەیەیدا بۆ شێواز لایەنی داهێنەری فەرامۆش کردووە و جەوهەری شێواز لای (بالی) خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە: (بەهای کارتێکردن لە درێژەی دەربڕیندا پایەیەکی تایبەتی پێبدرێت، بەڵام زانستی شێواز، لە لایەنی ئیستێتیکی دەروونی سۆزاوی)یەوە(٣٩) بەرەو ئاشکراکردنی ئەو بەهای کارتێکردنە دەڕوات.

ئەو پێناسانەی شێوازیش کە بە بەرچاوگرتنی گوتار دەخرێنە ڕوو، لە چەمکێکدا یەک دەگرنەوە، ئەویش چەمکی (لادان)ە(٤٠).

لادان

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شێوازی ئەدەبی بە گشتی و شێوازی شیعر بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەوەیە کە: ئەو شێوازە بە جۆرێک لە لادان لە بەکارهێنانی زمانی باودا جیادەکرێتەوە کە ئەمە گۆڕانێک بەسەر سیستمی دەربڕینی زمانەکەدا دێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تواناکانی زمان و هێزە شاراوەکەی (٤١).

زانایانی شێواز لە دوو ئاست بۆ زمان دەڕوانن

یەکەم: شێوەی گوزارشتکەری زمان کە هەموو دەیزانن، کە ئەمە ئەدای ئەرکی هەواڵگەیاندن دەکات لە گوتاردا، ئەم ئاستە ڕەوانبێژان بە گوتەی بنچینە (أصل الکلام)ی ناودەنێن.

دووەم: شێوەی داهێنانی، کە ئەمە لەسەر بەجێهێشتنی ئاستی یەکەم و لادان لێی بەرەو دەربڕینی هونەری دادەمەزرێت، گرنگی پێدانەکانی زانایانی ڕەوانبێژی و شێواز بەرەو ئەو ئاستە چڕدەبێتەوە(٤٢).

لادان لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا بە (العدول) ناودێرکراوە، (ئیبن و جننی)ش بە (انحراف)ی ناو ناوە(٤٣)، دیسانەوە ئەو چەمکە لەو گوتەیەی ڕەوانبێژان نزیک دەبێتەوە، کە بە پێچەوانەی ئاماژەدانی ڕواڵەت (خلاف مقتضی الظاهر)، یان بیستنی بیسەر بە بێجگەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد (تلقي المخاطب بغير ما يترقب) دەناسرێت(٤٤).

ئەوەی لەم ڕووەوە هەر زوو لای عەرەبەکان تێبینی کراوە، ئەوەیە کە هەندی ڕەخنەگر بۆی چوونە(٤٥)، لەوەی کەوا (جاحظ) لە (البیان و التبیین)دا ئاماژەی بۆ

دوو ئاستی زمانی کردووە، ئەوانیش بریتینە لە (ئاستی ئاسایی لە بەکارهێنانی گشتیدا)، لەگەڵ (ئاستی هونەری لە بەکارهێنانی تایبەتدا)، جا ئاستی یەکەم بە زۆرینەی خەڵکی تایبەت دەکات و مەبەست لەو ئاستەی زمان تێک گەیشتنی خەڵکییە لە پێویستییەکانی خۆیان، بەڵام ئاستی دووەم هی داهێنەرانەو مەبەست لێی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی پڕ لە کاریگەرییە، کە ئەم ئاستە بە پڕەنسیپی هەڵبژاردنی وشە و بەکارهێنانی باشتر و کاریگەرترەکانیان جیادەکرێتەوە(٤٦).

جا جۆرێکی (شێوازگەرایی)ش بە (شێوازگەرایی لادان) دەناسرێت، لێرەدا شێواز وەها پێناسە دەکرێت کە: بریتییە لە لادان لە نموونەیەکی دیکەی گوتەو وەها تەماشای دەکرێت کە ئەمە پێوەر، یان شێوەیەکی تایبەتە(٤٧)، هەروەکو چۆن لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی وەها پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە زانستی لادانەکان(٤٨).

ئەوەشی لەمە تێبینی دەکرێت ئەوەیە، (هەموو لادانێک شێواز نییە)(٤٩)، چونکە هەردەبێت پێوەندییەکی لادانی شێوازی بەو ئەرکەوە هەبێت کە لە ناو (دەق)دا ئەدای دەکات، ئەگینا دەبێتە گەمەیەکی شێوازی، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی ببێت(٥٠).

هەڵبژاردن

دیارە زاراوەیەکی دیکەی شێواز هەیە، کە ئەویش لە (لادان) کەم بایەختر نییە، ئەویش (هەڵبژاردن)ە، شتی زۆری لە بارەوە گوتراوە، چونکە لە کتێبەکانی شێوازگەراییدا پێوەندی هەیە بە زاراوەی (لادان)، لەبەر ئەوەش بە هەردووکیان بنەمای سەرەکی دیاردەی شێوازگەرایی پێک دێنن.

هەڵبژاردن بنەماو پڕەنسیپی بنجییە بۆ ڕاڤەکردنی شێواز، چونکە ڕاڤەکەری شێواز ئەو هەڵبژاردنە تەفسیر دەکات، کە ئەدیب لە نێوان تەواوی ئەداکردنە زمانییەکان ئەنجامی داوە (٥١)، لەبەر ئەوەی داهێنەر کردەی (گۆڕینەوە) لە نێوان کۆمەڵێک وشەی هاوواتا و ئامادە لە ڕەسیدە فەرهەنگییەکەی خۆی ئەنجامی دەدات، بە پێوەندییەکی گۆڕینەوە لە نێوانیان جێگیر دەبێت، بۆ قسەکەریش ئاساییە یەک لەو وشانە لە خاڵێکی دیاریکراوی زنجیرەی گوتارەکە بێنێت، ئینجا کردەی گۆڕینەوەکە لە چوارچێوەی لایەنی هەڵبژێردراو ئەنجام بدات (٥٢)، لێرەدا شێواز وەها پێناسە کراوە، کە: بریتییە لە هەڵبژاردنێک، یان پاککردنەوەیەک، بۆ سیما زمانییەکان، لە نێوان لیستێکی لەوانەبوونی ڕێپێدراو (الاحتمالات المتاحة) لە زماندا، کە نووسەر پێی ئەنجامی دەدات (٥٣).

ماوەتەوە بڵێم: کتێبەکانی تایبەت بە شێوازگەرایی بە دوورودرێژی لە بارەی (هەڵبژاردن)یان نووسیوە، چونکە گرنگی زۆری هەیە(٥٤).

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: (لسان العرب) ، ابن منظور ، ج ٧ ، دار صادر ، بيروت ، ط١ ، ٢٠٠٠م ، مادة (سلب) ، ص ٢٢٥.

(٢) (دلائل الإعجاز) ، عبد القاهر الجرجاني ، قراءة و تعليق : محمود شاكر ، مكتبة الخانجي و مطبعة المدني ، القاهرة ، ١٤٠٤ هـ ، ص ٤٦٩ .

(٣) ئیقاع بریتییە لە کۆی هۆکارە دەنگییە تیا شارەزاکان، کە شاعیر بە ئارەزووی خۆی بۆ پشت ئەستوورکردنی کێش و سەرواکانی و بۆ بەجێهێنانی واقیعێکی دەنگی جیا لە هۆنراوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت. بڕوانە: (النص الأدبي : تحليله و بناؤه : مدخل إجرائي) ، د.إبراهيم خليل ، دار الكرمل ، عمان ، ط١ ، ١٩٩٥م ، ص ٢٢٧ .

(٤) (منهاج البلغاء و سراج الأدباء) ، حازم القرطاجني ، تقديم و تحقيق : محمد الحبيب بن خوجه ، دار الغرب الإسلامي ، بيروت ، ط٢ ، ١٩٨١م ، ص ٣٦٤ .

(٥) (الأسس الجمالية للإيقاع البلاغي في العصر العباسي) ، د . ابتسام أحمد حمدان ، دار القلم العربي، حلب ، ط١ ، ١٤١٨هـ - ١٩٩٧م ، ص٨٢ .

(٦) بڕوانە: (الأسلوبية : مدخل نظري و دراسة تطبيقية) ، د . فتح الله أحمد سليمان ، الدار الفنية للنشر و التوزيع ، القاهرة ، ١٩٩٠م ، ص ٣٠ .

(٧) (المقدمة) ، ابن خلدون ، دار إحياء التراث العربي ، بيروت ، ١٤٠٨هـ ، ص ٥٧٠ .

(٨) نێرەر لایەنی یەکەمی پڕۆسەی گەیاندنە و بۆنێردراو لایەنی دووەمی ئەو پڕۆسەیەیە، نێردراو کردەی پێکهێنان و لەیەکدانی دەربڕینەکان ئەنجام دەدات، بۆنێردراویش کردەی لەبەریەک

هەڵوەشـاندنەوەی دەربڕین و ڕسـتـەکـان ئەنجـام دەدات، هەرچی گوتار، یان (پەیام)ە، ئەویش لایەنی سێیەمی پرۆسەی گەیاندنە، بریتییە لە کۆمەڵێک ئاماژە، کە بە پێی یاساو ڕێساکانی زمان لەیەک دراون.. بڕوانە: (الأسلوبیـة و الأسلوب) ، د . عـبـد السلام المسدي ، الدار العربية للكتاب ، ط٣ ، ١٩٨٢م ، تونس ، ص ١٣٣ .

(٩) بڕوانە سـەرچاوەی پێـشـوو، لا ٦٠. هەروەها بڕوانە: (حوليات الجامعة التونسية) ، العدد العاشر ، تونس ، مجلة تصدرها الجامعة التونسية، المطبعة الرسمية للجمهورية التونسية ، ١٩٧٣م ، ص ٢٧٨ ، ٢٧٩ .

(١٠) بڕوانە: (علم اللغـة و الدراسـات الأدبيـة : دراسـة الأسلوب ، البلاغة ، علم اللغة النصي) ، برند شبلنر ، ترجمه و قدم له و علق عليه : د . محمود جاد الرب ، الدار الفنية للنشر و التـوزيع ، القـاهرة ، ط١ ، ١٩٩١م ، من مـقـال بعنوان : (محاولات في الأسلوبية الهيكلية) ، د . عبد السلام المسدي ، ص ٥١ .

(١١) «علم الأسلوب» و «الأسلوبية» مصطلحان مترادفان .

(١٢) بۆ نموونە بڕوانە: (البحتري : دراسة أسلوبية) ، ابتسام حمزة عبدالرحمن عنبري ، رسالة دكتوراه ، كلية التربية للبنات بجدة ، ١٤٠٧ - ١٤٠٨هـ ، ص ٦ ، ٧ ، و كذلك : (الأسلوبية : مدخل نظري و دراسة تطبيقية) ، ص ٩ ، ١٠ ، و كذلك (البلاغة و الأسلوبية : نحو نموذج سيميائي لتحليل النص) ، هنريش بليت ، ترجمة و تعليق : د . محمد العمري ، دار إفريقيا الشرق ، الدار البيضاء - بيروت ، ط٢ ، ١٩٩٩م ، من ص٥٢ إلى ص ٥٧ ، هەروەها بۆ شـــارەزایی زۆرتر بڕوانە: (الأسلوبية منهجاً نقدياً) ، من ص ٢٢ إلى ص ٢٩ .

(١٣) بڕوانە: (مناهج النقد المعاصر) ، د. صلاح فضل ، دار الآفاق العربية، القاهرة ، ط١ ، ١٤١٧هـ - ١٩٩٧م، ص ١٠٧ ، ١٠٨ .

(١٤) بڕوانە: (الأسلوبيـة و الأسلوب) ، ص ٦٠ ، ٦٣ ، و كذلك : (الأسلوبية : مدخل نظري و دراسة تطبيقية)، ص ٩ ، و انظر أيضا : (الأسلوب : دراسة بلاغية تحليلية لأصول الأساليب الأدبية) ، أحمد الشايب ، مكتبة النهضة المصرية - مطبعة السعادة ، القاهرة ، ط٧ ، ١٣٩٦هـ ، ١٩٧٦م ، ص ١٣٤ .

(١٥) (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٦٣ .

(١٦) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٩ .

(١٧) (الأسلوب) ، ص٤١ .

(١٨) (علم اللغة و الدراسات الأدبية) ، ص٩٦ .

(١٩) بڕوانە : (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٧٩ .

(٢٠) بۆ زانیـاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (علم اللغـة و الدراسات الأدبية) ، من ص ٩١ إلى ص ٩٦ .

(٢١) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٥ .

(٢٢) بڕوانە سـەرچاوەی پێـشـوو، لا ٩٢. هەروەها بڕوانە: (الأسلوبية منهجًا نقديًا) ، من ص ١٣٠ إلى ص ٣٣ .

(٢٣) لە پرۆگـرامـەکـانی ڕەخنەی نوێ، (تیـۆری خـوێنەر لە دەقدا) زەق بووەتەوە، کە ئەمـە لەسـەر کردەی کـارلێکی خـوێنەر لەگەڵ دەق دەوەستێت.. بڕوانە: (اللغـة و الإبداع الأدبي) ، د . محمد العبد ، دار الفكر للدراسات و النشر و التوزيع ، القاهرة ، ط١ ، ١٩٨٩م ، ص ٣٨ .

(٢٤) (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٨٥ .

(٢٥) (الأسلوبية : مدخل نظري و دراسة تطبيقية) ، ص ٩ .

(٢٦) (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٨٦ .

(٢٧) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧ .

(٢٨) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٩ .

(٢٩) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٨ .

(٣٠) شـعـرییـەت: زاراوەیەکە لە زاراوەکـانی ڕەخنەی زمـانیی نوێ، وشـەیەکە ئەوە ناگـەیەنێت تەنیـا مەبەست لێی شیـعـر بێت، بەڵکو ئەدەب هەمووی دەگرێتەوە، بە شیعریش و پەخشانیش. بۆیە بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەڵە نەچێت لە تێگەیشتن لەو وشەیە، دەشێت وشـەی (ئینشـائـیـەت)ی لە باتی بەکـاربهـێنرێت، کـە بە مـانای داهێنان و داڕشـتنیش دێت، ئینشـائـیـەت ئامـانجی ئەوەیە: گوتارەکانی ئەدەب ڕێک بخات، بەو پێیەی کە دیاردەیەکی شێوە هەمـەڕەنگە، بەڵام پەرەنسـیـپی یەکگرتووی هەیە.. بڕوانە: (الأسلوبيـة و الأسلوب) ، ص ١٦٧ ، و انظر كـذلك : (النص الأدبي : تحليله و بناؤه) ، ص ٢٢٩ .

(٣١) (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٨٨ .

(٣٢) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ٩١.

(٣٣) بۆ شـارەزایی زیاتر لە بارەی ئەو سێ بەرچاوگـیـراوانەی شـێـوازگـەرایی، بڕوانە: (الأسلوبيـة : مـدخل نظري و دراسـة تطبيقية) ، من ص ١٣ إلى ص ٢٢ .

(٣٤) (الأسلوب : دراسـة لغـوية إحـصـائيـة) ، د . سـعـد مصلوح ، مكتبة الدراسات الأسلوبية "١" ، دار البحوث العلمية ، مطبعة حسان ، القاهرة ، ط١ ، ١٤٠٠هـ ، ١٩٨٠م ، ص ٣٣ .

(٣٥) (أثر اللسانيات في النقد العربي الحديث من خلال بعض نماذجه) ، توفيق الزيدي ، الدار العربية للكتاب ، تونس ، ١٩٨٤م ، ص ٩٢ .

(٣٦) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو٩١ ، هەروەها بڕوانە: (حوليات الجامعة التونسية) العدد الثالث عشر ، مقال بعنوان : (المقاييس الأسلوبية في النقد الأدبي من خلال (البيان و التبيين) للجاحظ) ، د . عبد السلام المسدي ، ص ١٥٥ ، ١٥٦ .

(٣٧) (التركيب اللغوي للأدب : بحث في فلسفة اللغة و الاستطيقا) ، د . لطفي عبد البديع ، مكتبة لبنان (ناشرون) – بيروت ، الشركة المصرية العالمية للنشر (لونجمان) – الجيزة ، ط١ ، ١٩٩٧م ، ص ٥٧ .

(٣٨) (الإبلاغية في البلاغة العربية) ، سمير أبو حمدان ، منشورات عويدات الدولية ، بيروت – باريس ، ط١ ، ١٩٩١م ، ص ٣٥ .

(٣٩) بڕوانە سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٤٠) بڕوانە: (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ٩٣ .

(٤١) بڕوانە: (الأسس الجمالية للإيقاع البلاغي) ، ص ٢٤٤ .

(٤٢) بڕوانە: (البلاغة و الأسلوبية) ، د . محمد عبد المطلب ، ضمن سلسلة " دراسات أدبية " ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، ١٩٨٤م ، ص ١٩٨، ١٩٩ ، و انظر كذلك : (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ١٠٣ ، ١٠٤ .

(٤٣) بڕوانە: (الخصائص) ، ابن جني ، تحقيق محمد علي النجار ، ج٣ ، الناشر دار الكتاب العربي – بيروت ، طبع دار الكتب المصرية ، ١٣٧٦هـ ، ١٩٥٧م ، انظر العدول : ص ٢٦٧ ، و الانحراف : ص ٢٦٨ .

(٤٤) (اتجاهات البحث الأسلوبي) ، ص ٢٣٣ ، ٢٣٤ .

(٤٥) د . عبد السلام المسدي ، انظر مقاله : (المقاييس الأسلوبية في النقد الأدبي من خلال (البيان و التبيين)) ، ص ١٥٨ .

(٤٦) بڕوانە: (أثر اللسانيات في النقد العربي الحديث) ، ص ٨٤ ، هەروەها بۆ وەدەست هێنانی شارەزایی زیاتر لە بارەی (لادان) بڕوانە: (نظرية اللغة الأدبية) ، خوسيه ماريا بوثويلو إيفانكوس، ترجمه: د . حامد أبو أحمد ، سلسلة الدراسات النقدية ، مكتبة غريب ، الفجالة ، من ص ٢٧ إلى ص ٣٨ ، هەروەها بڕوانە: (الأسلوبية منهجًا نقديًا) ، من ص ٥١ إلى ص ٥٦.

(٤٧) (في النص الأدبي : دراسات أسلوبية إحصائية) ، د . سعد مصلوح ، دار عالم الكتب ، القاهرة ، ط٣ ، ١٤٢٢هـ ٢٠٠٢م ، ص ٢٤ .

(٤٨) بۆ شارەزایی زیاتر لە بارەی شێوازگەرایی لادان بڕوانە: (علم اللغة و الدراسات الأدبية) ، من ص ٦٠ إلى ص ٧٤ .

(٤٩) (مفاتيح الألسنية) ، جورج مونان ، عرّبه و ذيّله بمعجم عربي فرنسي : الطيب البكوش ، منشورات الجديد ، تونس ، ١٩٨١م ، ص ١٣٦ ، ١٣٧ .

(٥٠) بڕوانە سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٥١) بڕوانە: (البحث الأسلوبي معاصره و تراث) ، د . رجاء عيد ، منشأه المعارف – الإسكندرية ، مطبعة أطلس – القاهرة ، ١٩٩٣م ، ص ١١٥ .

(٥٢) بڕوانە: (الأسلوبية و الأسلوب) ، ص ١٣٤ ، ١٣٥ .

(٥٣) (في النص الأدبي) ، ص ٢٥ .

(٥٤) بۆ نموونە بڕوانە: (علم اللغة والدراسات الأدبية) ، من ص ٨١ إلي ص ٨٦ ، و انظر الاختيار و علاقته بمستويي اللغة في (البلاغة العربية : قراءة أخرى) ، د. محمد عبد المطلب ، الشركة المصرية العالمية (لونجمان) – الجيزة ، مكتبة لبنان (ناشرون) – بيروت ، ط١ ، ١٩٩٧م ، ص ١١٥ ، بۆ (هەڵبژاردن)یش بڕوانە: (المقاييس الأسلوبية في النقد الأدبي من خلال (البيان و التبيين)) ، ص ١٥٩، و انظر أيضا (معجم المصطلحات العربية في اللغة و الأدب) ، مجدي وهبة و كامل المهندس ، مكتبة لبنان ، بيروت ، ١٩٧٩م ، ص ٢٢ .

سەرچاوە:

شبكة الفصيح لعلوم اللغة العربية – ٢٠٠٥/١٠/٢٩.

ڕێزمانی مێژوویی زمانی کوردی (١)

پییێر لۆکۆک(٢)

لە فەڕەنسییەوە: ئامر طاهر
(فەرەنسا)

ساڵانێکی دوورودرێژە کە بە پێچەوانەی زمانە ئێرانییە ڕۆژهەڵاتییەکان، زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان نەبوونەتە بابەتی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی قووڵ، یان هی سەرچاوەیەکی سەرەکی کە شێوازێکی دیاکرۆنیکی(٣) پێڕەو کردبێت. بە تایبەتی زمانی فارسی لەم ڕووەوە پشتگوێ خراوە(٤).

پێویست ناکات لێرەدا لە سەر هۆکارەکانی ئەم ناهاوسەنگییە لە لێکۆڵینەوەکاندا بوەستین. زۆری توێژینەوەکان لە سەر زمانە ئێرانییە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو ویستەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاتی خۆی لە یەکێتی سۆڤییەتدا هەبوو بۆ ڕاڤەکردنی، هاوکات دیاکرۆنیک و سەنکرۆنیکی ئەو زمانانەی لە سەر خاکی ئەو وڵاتە بە کار دەهاتن. لە لایەکی تریشەوە لێکۆڵینەوەی مێژوویی زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان بە هۆی دۆزینەوەی بەڵگەگەلێکی نووسراو بە فارسی ناوەندی و پارتی ئاسیای ناوەڕاست، تووشی هەندێ ئەسپایی بووەوە، چونکە چاوەڕوان دەکرا ئەو بەڵگانە کە چاپیان لەبەر قورسایی ناوەرۆکیان زۆر بە هێواشی دەچووە پێش، هەندێ ڕوونکردنەوە لەبارەی زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکانەوە بخەنەڕوو.

وەکو دەیزانین، لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا بە چاپ بوونی *Grammatica e Vocabolario della lingua kurda* ی Grazoni لە ساڵی ١٧٨٧دا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەستی پێکرد. ئەم بەرهەمە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و بەراوردکارییەوە لە گوتارەکانی E. Rödiger

و A.F. Pott دا به ناونیشانی «Kurdische Studi-en» کە لە ساڵی ١٨٤٠دوە تا ١٨٥٠ لە *Zeitschrift für die Kurde des Morgenlandes* چاپ بوون، بە کارهێنراوە.

Rödiger و Pott سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی لە ژێر باڵی خێزانی پارسیدا پۆلێن دەکەن، پێشتر دان بە هەندێ تایبەتمەندێتی زمانی کوردیدا دەنێن(٥). ڕاستییەکەی لەو کاتەدا «دیالێکتی پارسی» "dialecte perse" بەبێ جیاوازی ئاماژەی بە کۆی زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان دەکرد. بە هەرحاڵ، Rödiger پێی وایە کە زمانی کوردی و زمانی فارسی بە هاوسانی لە زمانی ئاڤێستاییەوە دوورن و دەبێ ئەم دوو زمانە وەکو دوو ئامۆزا، نەک دوو خوشک تەماشا بکرێن(٦).

ئەم دەربڕینە مەجازی و بەسەرچووە پیشانی دەدات کە ئەم نووسەرە زمانی کوردی بە زمانێک دادەنێت کە سەرەڕای نزیکایەتی لە زمانی فارسی، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت. بەم شێوەیە وەکو جۆرە کۆنایەتییەک لەچاو زمانی فارسی، ڕاناوی کەسی «ئەز» بە *azəm* ی ئاڤێستاییەوە نزیک کراوەتەوە(٧).

ئاوها ئەم زنجیرە وتارە فۆنەتیکێکی مێژوویی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی ناوی گیانلەبەران، کانەکان و ڕووەکەکان، بەڵام بەبێ مۆرفۆلۆژی مێژوویی لەخۆ دەگرێت.

لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژی مێژوویی هاوکات لەگەڵ فۆنەتیکدا بووە بابەتی بەرهەمە بەهادارەکەی Fer-dinand Justi کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە سەنپترزبۆرگ چاپ کرا. لەو کاتەدا هەندێ کەرەستەی وەسفی تازە لە بەردەستیدا بوون کە لەلایەن کۆمەڵێ لێکۆڵەری ڕۆژئاواییەوە بڵاوکرابوونەوە.

Justi دەستبەجێ پێ لە سەر تایبەتمەندێتی زمانی کوردی دادەگرێت. ئەو دەنووسێت: «زمانی کوردی ئەوەندە شتی تایبەت بە خۆی هەیە کە شایانی گەورەترین سەرنجی زمانناسانە. زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک بریتی نییە لە فارسی نارەسەن کە ساختارەکەی بە هۆی هەندێ یاسای گەشەسەندنی فۆنەتیکییەوە لە زمانی فارسییەوە ترازا بێت، بەڵکو زمانێکە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی کردووە»(٨). باڵکێشبوونی ئەم داکۆکییە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە بیست ساڵ دواتر، Paul Horn لە *Grundriss der iranischen Philologie* دا هێشتا نەیتوانیبوو بە ڕوونی ئەو سەرچاوە دیالێکتییە جۆراوجۆرانە دەستنیشان بکات کە بنەمای وشەگەلی زمانی فارسی پێک دێن و تێیدا ژمارەی وشەی وەرگیراو لە «زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان» - وەکو ئیمڕۆ ناویان لێ دەنێین - زۆرە. دەبێ بیست ساڵی تریش چاوەڕوان بێن تاکو پێوەندییە دیالێکتییەکانی زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی ڕوون دەستنیشان بکرێن.

Justi هەروەها پیشان دەدات کە زمانی کوردی ژمارەیەکی بەرچاوی وشەی پاراستووە کە لە هەموو، یان لە زۆربەی زمانە ئێرانییەکانی تردا نەماون. شێوەی ناولێنانی ئەژنۆ(٩) تەنیا لە زمانی کوردی و لە یەکێک لە زمانانی کافرستان (نوورستانی ئیمڕۆ)دا وەکو خۆی ماوەتەوە کە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی ئەفغانستانە و تێیدا هەندێ زمانی ئێرانی و هیندی زۆر کۆن زیندوو ماونەتەوە.

لە هەردوو بەشی ڕاڤەیی و مێژوویدا، ڕێزمانەکەی Justi بێ گومان بەسەرچووە. تەنانەت ئەو کەرەستە زمانەوانیانەی لەبەردەستیدا بوون، سنووردار بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو سەردەمە، بە کردەوە، ئەوە تاکە ڕێزمانی مێژوویی گونجاوی زمانێکی ئێرانی ڕۆژئاوایی بوو.

Eugène Wilhelm لە *Le Muséon* دا (١٠) خوێندنەوەیەکی بۆ دەکات و تێیدا بەش بەحاڵی خۆی ڕایدەگەیەنێت کە زمانی کوردی زمانێکی تەواو جیاوازە لە زمانی فارسی. با ئەوەش بێنینەوە بیر کە Justi لە پێش چاپبوونی ڕێزمانەکەی، فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی Auguste Jabaی(١١) لە ساڵی ١٨٧٩دا لە سەنپترزبۆرگ چاپکردبوو. هەرچەندە کە بەشە ئێتیمۆلۆژیکەکەی(١٢) بە گوێرەی خودی Justi (١٣) بە هۆی نەبوونی زانیاری لە سەر زمانە ئێرانییەکانی تر سنووردارە.

لە ١٨٩٨ -١٩٠١دا بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی *Grundriss der iranischen Philologie*

بڵاو دەبێتەوە. ڕاڤەکردنی مێژوویی زمانی کوردی تێیدا بەخامەی بەتوانای Albert Socin سپێردراوە(١٤). ئەو بەرهەمە سەنتێزێکی باشە؛ بەڵام هەندێ لە تازەییەوە بێ بەشە و لەچاو گرنگی زمانی کوردی و ئەو کارەی پێشتر لەلایەن Justiەوە ئەنجام دراوە، زۆر کتوپڕ دێتە بەرچاو.

پاش *Grundriss* بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوە وەسفییەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام لێکۆڵینەوە مێژوویییەکان ئیتر کەم دەبنەوە. دەبێ تا ١٩٣٩ چاوەڕوان بین تاکو نووسینەکانی دیالێکتۆلۆژی زمانی کوردی Friedrich Carl Andreas بە چاودێری قوتابییەکەی Kaj Barr بڵاوبکرێنەوە. Andreas کە بە هۆی تیۆرە شۆڕشگێڕانەکەی لەبارەی گواستنەوەی دەقی ئاڤێستاییەوە ناوبانگی دەرکردبوو، لە ١٨٧٥ەوە تا ١٨٨٢ سەفەرێکی دوور و درێژی لە ڕۆژهەڵاتدا کردبوو، بەڵام هەرگیز ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوت یاداشتە دیالێکتۆلۆژییەکانی خۆی سەبارەت بە زاراوەکانی ناوەندی ئێران و زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە.

ئەم بەرهەمە لە گەلێ ڕووەوە شایانی بایەخ پێدانە و جێی داخە کە تا ئێستاش وەکو پێویست سوودی لێ نەبینراوە. پێش هەموو شتێک، تێیدا وەسفی چوار دیالێکتی کوردی ئێرانمان لەبەردەستدایە کە نەناسراو یان کەمناسراون: گەڕووسیی بیجار، سنەیی گولباغییەکان، کرمانشایی و کۆرووونی. سەڕەرای دڵەڕاوکێی هەندێ لە نووسینە ئینتیباعییەکانی پەیوەست بەو سەردەمە و دوودڵییەکانی ناو شرۆڤەی ئەو بەڵگانەی پەنجا ساڵ پێش ئێستا بە دەستی Andreas نووسراون، ئەم بەرهەمە هێشتا بەهادارە. لەبەر ئەوەی تا ئێستاش هیچ شرۆڤەیەکی زانستی تەواومان لە زارە کوردییەکانی ئەو ناوچەیە لەبەردەستدا نییە.

لێهاتوویی تری ئەو بەرهەمە بە تایبەتی بۆ بابەتی ئێمە لەوەدایە کە بەرهەمێکی نە تەنیا وەسفی، بەڵکو مێژوویی و بەراوردکارییە. پێش وەسفکردنی هەر دیالێکتێک، فۆنەتیکێکی مێژوویی وردی بۆ کراوە. گوزارشتە مۆرفۆلۆژییەکەش بەرەو مێژوو ئاراستە کراوە و لێکسیکەکەی پڕە لە بەراوردی دەوڵەمەند. ئەم هەوڵەی Kaj Barr لە بوارێکدا کە تێیدا پسپۆر نەبووە، جێی ستایشە.

لە کۆتاییدا Kaj Barr خۆی لە کێشەی پۆلین کردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەدات کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

پاش شەڕی دووەمی جیهانی لێکۆڵینەوە مێژوویییەکانی زمانی کوردی تووشی جۆرە وەستانێک دەبن. دەبێ چاوەڕوانی ساڵی ١٩٧٦ بکەین تاکو بەرهەمی R.L. Cabolov لە مۆسکۆ بە ناوونیشانی *Očerk istoričeskoj fonetiki kurdskogo jazyka* و دوای ئەویش *Očerk istoričeskoji morfologii kurdskogo jazyka* لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو بکرێنەوە.

ئەم دوو بەرهەمە بەشداریەکی بەرچاو لە ساغکردنەوەی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆژی زمانی کوردیدا دەکەن. چاپبوونیان جێی دڵخۆشییە. ڕاستە لێرەدا کات و شوێنی ئەوەمان نییە خوێندنەوەیەکیان بۆ بکەین، بەڵام هەندێ تێبینی لەبارەیانەوە دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی ببنە جێی سەرنجی باسکارانی داهاتوو.

Cabolov دۆکیۆمێنتەکانی بە دوو گەورە زمانی ئەدەبی هەنووکەیی واتا کرمانجی و سۆرانی و هەندێ دیالێکتی جیاوازیانەوە سنووردار کردەوە. لە ڕاستیدا ئەو کەرەستانەی بەکاریان دەهێنێت، لە سنووری بەرهەمە تازەکانی MacKenzie، Bakaev، Kurdoev، بەدرخان، تاد، دەرناچن کە کرمانجی نۆرمالیزە(١٥) و هی ئەرمینیا و ئازربێجان و تورکەمەنستان و هەموو دیالێکتەکانی عێراق لەخۆ دەگرن. بێ گومان مەبەستی ئەوە بووە کە تەنیا پشت بە کەرەستەی باوەڕپێکراو ببەستێت و خۆی لەو فۆرمانەی لە بەرهەمە کۆنەکاندا هاتوون و هەندێ جار خراپ یاداشت کراون، دوورەپەڕێز ڕاگرێت. پێمان خۆش دەبوو کە ئەو زارە کوردییانەی ئێران کە لەلایەن Kaj Barrەوە ڕاڤەکرابوون، تێیدا بوونایە، بەتایبەتی نووسەر دەبوایە کۆی گریمانە سوودمەندەکانی Kaj Barrی بەرچاو بگرتایە.

لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی فۆرمە ئاڤێستایی و کۆنە فارسییەکان و تەنانەت هی دیالێکتۆلۆژی ئێرانی کۆن، هەموو کاتێ بە دڵنیاییەوە نییە. بەم شێوەیە، وشەی «سوار»(١٦) بە وشەی ئێرانی کۆن

aspa-bāra- *(١٧) (فۆرمی دروستکراوە) و بە هی فارسی کۆن *asa-bāra-* نزیک کراوەتەوە بە ێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی لەبارەی بنەڕەتە ڕاستەقینەکەیەوە لێ وەربگیرێت. کەچی ناوی «هەسپ» (١٨) چارەسەری کوردی *kv* ی هیندوئەوروپیمان بۆ دەسەلمێنێت و لەوێوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە *سوار* لە فارسییەوە وەرگیراوە و بە هەمان شێوەش سە(ک) (بە سۆرانی سەگ)؛ هەروەک چۆن پێشتر Justi بۆی چووبوو (١٩).

Cabolov هەروەها سەرنجی نەداوەتە ئەو نووسراوە لاوەکیانەی ماوەی چەندین ساڵە بۆ زمانی کوردی تەرخان کراون. ئەمەش وامان لێدەکات هەندێ لەبارەیانەوە بدوێین. لەم کورتە باسەی لێکۆڵینەوە مێژوویییەکانی زمانی کوردیدا تەنیا باسی ئەو بەرگە کتێبە بنەڕەتیانەمان کرد کە لەم بوارەدا چاپکراون، بەڵام دەبێ ئەوە بێنینەوە یاد کە لە کۆتایی سەدەی پێشووەوە (٢٠) زمانی کوردی لە چەندین بەرهەمی بواری زمانەوانی ئێرانیدا بەکارهاتووە. کەم جێی سەرنج نییە کە وشەگەلێکی بەرچاوی کوردی لە کارەکانی Bartholomae، Geiger، Hübschmann، Horn، Güntert، ... دا و بەم دواییەش لە لایەن Bailey، Gershevitch و کەسانی زۆری ترەوە بەکارهاتبن. هیوادارین کە هەموو ئەو ئێتیمۆلۆژییە بەربڵاوانەی ناو ئەم کتێبانە کۆ بکرێنەوە.

پێویستە لەم بەینەدا ئاماژە بە ڕۆڵی زمانی کوردی بکرێ لە مشتومڕەکاندا لەسەر بنەڕەتی زمانە هیندوئەوروپییەکان، لەبارەی دەلیلی «hêtre»ەوە (Buchenargument)، هەروا کە لە لایەن Hen-ning، Mayrhofer و Eilers ەوە بە کارهاتووە. ئەمە پاڵپشتی لەو سەرنجە دەکات کە زیاتر لە سەدەیەک پێش ئێستا لە لایەن Justiیەوە لەبارەی ڕەسەنایەتی و زیندوومانەوەی وشە کۆنەکان لە وشەگەلی زمانی کوردیدا خراوەتە ڕوو.

پێشنووسێکی کورتی لێکۆڵینەوە مێژوویییەکانی زمانی کوردی بێ گومان کارێکی ناتەواو دەبێت ئەگەر ئاماژەیەکی تەنانەت خێراش بە بوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ئەو کارانە نەکرێت کە لە لایەن خودی زمانەوانە کوردەکانەوە ئەنجام دەدرێن. بە کرمانجی بێ یان بە سۆرانی، لێکۆڵینەوە مێژوویییەکان لە شێوەی کتێب یان گوتاری چاپکراو لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاو دەبنەوە و شایەتی لە بایەخدانی کوردان بە مێژووی زمانەکەیان دەدەن.

بۆیە ئەم لێکۆڵینەوانە گەشەسەندنێکی ئومێدبەخشیان لە پێشە، بەڵام دەبێ بە ڕژدی ئەوەش بێنینەوە یاد کە گەشەسەندنی ڕاستەقینەی ئەم توێژینەوانە تەنیا لەوکاتەدا دێنە دی کە لەگەڵ پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان هاوشان بێت. دەزانین کە شێوەکۆنە مۆرفۆلۆژییەکان و بەرماوە لێکسیکییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ناوبەناو یان تایبەت لە هەندێ دیالێکتی دوورکەوتوو (پەراوێزکراو) و بەهۆیەوە پارێزکار، وەکو خۆیان بمێننەوە، بەڵام گەشەسەندنی زمانە نۆرمالیزەکان، کرمانجی، سۆرانی و زازا کە جێی دڵخۆشییە، مەترسی ئەوەشی لێ دەکرێت کە ببێتە هۆی بزربوونی ئەو نیشانانەی بۆ مێژوونووسی زمان زۆر گرنگن. بۆیە دەبێ پەلە لە لێکۆڵینەوەی ئەو زارە ناوخۆییانە بەتایبەتی لە ئێران و تورکیا بکرێت.

توێژینەوە مێژوویییەکان بە شێوەیەکی سروشتی بە کۆمەڵێ کێشەی بەرفراوانترەوە دەست پێدەکەن؛ وەکو پێوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانییە مۆدێرنەکانی تر، هەروەها لەگەڵ زمانە کۆنەکاندا، یان دیالێکتیزەبوونی زارە کوردییەکان خۆیان و وەکو پێشینەش ڕەچەڵەک و چۆنیەتی پێکهاتنی زمانی کوردی. ئەمەش بابەتێکی زۆر بەرفراوانە کە ئێمە تەنیا ئاماژەیەکی خێرای بۆ دەکەین.

دیارە سەرەڕای کەلێنەکانی ناو بەڵگەکانمان، دابەشکردنی دیالێکتەکوردییەکان بە سەر سێ دەستەی گەورەی - باکوور، ناوەند و باشوور-دا ئەمڕۆ جێگیر بووەتەوە. لەوەدەچێ کە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو خۆیان بە وردەکارییەکانی بواری زمانی کرمانجییەوە خەریک بکەن کە زۆر دەوڵەمەند و جۆراوجۆرە.

لێرەدا و لە پێوەندی بە دیالێکتۆلۆژیدا کێشەی پێشمایەکان(٢١) خۆی دەوروژێنێت. Minorsky و بەتایبەتی Kaj Barr (٢٢) سەرنجیان ڕاکێشاوەتەوە سەر بوونی پێشمایەیەکی گۆرانی لە بواری ئێستای کوردیی باشووردا کە تێیدا کۆنە ڤ - ی سەرەتای وشە

هەر لە شێوەی گۆرانی (وەکو: ڤا) ماوەتەوە. کەچی لە کرمانجیدا بووە بە بـ -: با. ئەم بۆچوونە کە لە An-dreasەوە ماوەتەوە، ڕێخۆشکەر دەبوو بۆ ئەو گریمانەیە کە کوردەکان لە ڕۆژئاواوە بەرەو ئەم ناوچەیە هاتوون.

لە چوارچێوەی بیرۆکەی هاوشێوەدا، لەوەدەچێ بە ڕادەی پێویست سەرنج نەدرابێتە یەکێک لە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی کرمانجی کە سیستمێکی کۆنسنانتیکی هەیە بە سێ زنجیرەی تەوژمۆکی کە بەداخەوە لە ڕێنووسی ئەمڕۆدا جیاناکرێنەوە؛ وەکو بۆ زوانەکییە پشتەوەییەکان لە وشەکانی "کەڕ"، "کەر" و "گەڕ" دا. هۆکارەکانی جیاوازی ئەم دوو فۆنێمە کپە بۆ من هێشتا ساغ نەبوونەتەوە؛ هەرچەندە لەم نموونانەدا، ئەوی یەکەم بۆ کۆنە تەوژمۆکی کپ (لە ئاڤێستاییدا -*karəna*) دەگەڕێتەوە و ئەوی تریش بۆ خشۆکێک (ئاڤێستایی -*xara*)، بەڵام ئەمە ناچێتە نێو چوارچێوەی بابەتەکەمان.

لەبەر چی کرمانجی پەرەی بەم سیستمە داوە؟ ئەمە داهێنانێکە، لەبەر ئەوەی نە لە دیالێکتەکانی تردا و نە لە زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکانی تردا نییە. دەتوانین بە شێوەیەکی ئاسایی بیر لە دیاردەی پێشمایە بکەینەوە، چونکە لە زمانی ئەرمەنیشدا سیستمێکی کۆنسنانتیکی هاوشێوە دەبینرێت و لەو زمانەشدا داهێنانێکە. شایانی بیرهێنانەوەیە کە زمانی ئاسی کە یەکێکە لە زمانە ئێرانییە بەکارهێنراوەکان لە قەوقاس، هەمان تایبەتمەندێتی هەیە. ئێمە لێرەدا لە بواری زمانەوانی قەوقاسیداین کە تا ئاناتۆلیای ڕۆژهەڵات تەشەنەی کردووە. دەکرێ لەوێوە بگەینە ئەو ئەنجامە کە نابێ لەم ناوچەیەدا بە دوای یەکەم شوێنی ئاکنجی بوونی کورداندا بگەڕێین، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەم سیستمە ناکرێ لە سەردەمێکی نوێدا هاتبێتە دی؛ تەنانەت لەبەر ئەوەی لە سەر بنەمای هەندێ بەربەرەکانی کۆن دروست بووە، بۆیە دەبێ وای دابنێین کە هاتنی کوردانیش بۆ ئەم ناوچەیە کۆنە و لەوە دەچێت لە پێش سەردەمی ئیسلامی ڕووی دابێت.

لێکۆڵینەوەی پێوەندی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانییە مۆدێرنەکانی تر لەوانەیە هەندێ ئاسۆی ترمان بۆ بکاتەوە. ئەم بابەتە چەندین جار تاقی کراوەتەوە بەتایبەتی لە لایەن Tedesco، Windfuhr، MacKenzie و کەسانی ترەوە. خۆم سەرنجم داوەتە هەندێ داهێنانی هاوبەش لەنێوان زمانی کوردی و هەندێ لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستی ئێراندا.

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پێشگرێکی کرداری کاتی دانی هەیە کە بۆ دروستکردنی کاتی ئێستا و کاتی ڕابردووی بەردەوام بەکاردێت. وەکو د - کم لە کرمانجی و دە - کەم لە سۆرانیدا. کەچی ئەم پێکهاتەیە لە دیالێکتە کرمانییەکانیشدا (لە ناوەڕاستی ئێران لە دەروبەری ئەسفەهان) بەدی دەکرێت. وەکو *ئەت* - *کیروون* بە دیالێکتی مەحەللاتی و ئێت - *کێران* بە دیالێکتی خونساری و تاد. لە لایەکی ترەوە کرداری کوردیی هاتن لە کاتی ئێستادا فۆرمێکی نائاسایی هەیە: *ئەز تێم*. "تـ - "ی سەرەتای کردار دەبێ هەمان پێشگری کاتی بێ کە لەگەڵ ڕەگی کرداردا یەکی گرتووە. لە چەندین دیالێکتدا پێشگری کاتی بە شێوەیەکی بەردەوام و لە هەموو کردارەکاندا "تـ - "ە. کەچی هەمان دیاردەی یەکگرتنەوە لە چەندین دیالێکتی کرمانیدا بەدی دەکرێت: *ئەتتوون* "بە مانای دێم" بە قوهروودی، *ئوتۆ* بە ئەبووزێیدابادی، *تورۆ* بە ئەردێستانی، تاد. و ئەم دیاردەیە تا ڕەگی هەندێ کرداری تریش کە بە بزوێنێ دەستپێدەکەن، تەشەنەی کردووە.

هەروەها زمانی کوردی بە شێوەیەکی جوزئی سیستمێکی ڕاناوی کەسی لکاوی پاشگریی پاراستووە کە لە کەسی سێیەمی تاکدا لەگەڵ دیالێکتە ئێرانییەکانی تردا جیاوازی هەیە: - ی (بەڵام لە فارسی و دیالێکتەکانی تردا: - ێش). کەچی ئەم پاشگرە تەنیا لە دیالێکتە کرمانییەکاندا دەبینرێتەوە. دەکرێ ئاماژە بە لەیەکچوونی تریش بکرێت، بەتایبەتی لە ئاستی وشەدا(٢٣).

جارێ کارێکی ئەستەمە کە هەندێ ئەنجامی دیاریکراو لەو زانیاریانەی لەبەردەستماندان، وەربگرین. ئایا دەبێ ئەو گریمانەیە بگرینەبەر کە زمانی کوردی و دیالێکتە کرمانییەکان لە تاقە دیالێکتێکی کۆنی ئێرانییەوە سەرچاوە وەردەگرن؟ یان دەبێ لێکچوونەکان بەپێی هۆکاری دراوسێتییەکی دەمدرێژەوە ڕاڤە بکەین؟ بێ گومان لە هەردوو حاڵەتدا پێویستە بۆ سەردەمێکی زۆر

کۆن بگەڕێینەوە.

وادێتە بەرچاو کە زۆر لەمێژەوەیە دیالێکتە کرمانییەکان لەو ناوچانەی داگیریان کردوون، قسەیان پێ دەکرێت: خاڵی هاوبەشیان لە گەڵ گرووپە دیالێکتییەکانی تردا نییە؛ ئەوانەی قسەی پێ دەکەن لە ڕابردوویەکی نزیکدا نەریتی کۆچبەرێتییان نەبووە و دانیشتوانی کۆمەڵێ شاری زۆر کۆنن، بۆیە بەجێ دەبوو کە ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ڕۆژئاوای میحوەری کاشان - ئەسفەهان - یەزد و بریتییە لە کۆنەوڵاتی میدیا، بە بێشکەی سەرەتایی کوردان ناوزەد بکەین.

ئەمە پێش هەموو شتێک ڕێگەمان پێ دەبەخشێت توخنی پرسیاری پێوەندییەکانی زمانی کوردی بە زمانە ئێرانییە کۆنەکان بکەوین. دەبێ لە دۆزینەوەی پێوەندی لە گەڵ زمانی ئاڤێستایی پاشگەز ببینەوە؛ چونکە بنیاتەکانی ئەم زمانە جارێ تەمومژاوین و تەنیا بەو بەڵگانەوە ناسراون کە لە ئێرانی ڕۆژهەڵات، واتا لە ئەفغانستانەوە سەرچاوە دەگرن. زمانی پارسیش کە بە ڕێگای نوسراوەکانی سەدەی شەشەم ناسراوە، هەندێ تایبەتمەندێتی هەیە کە تایبەتن بە خۆی.

لەگەڵ زمانی میدیدا هەموو دەرگایەک کراوەیە و هیچ شتێکیش شیاوی سەلماندن نییە و پێویستە خۆمان لە هەرجۆرە لەیەک نزیککردنەوەیەکی بێ بناغە دوورەپەرێز ڕابگرین. بەهۆی ئەو بەرماوە میدییانەی لە نووسینە هەخامەنشییەکاندا لەبەردەستماندان، زانیارییەکانمان سەبارەت بەم زمانە تا ڕادەیەک دیار، بەڵام زۆر سنووردارن. هیچ شتێک بەرپەرچی ئەو بۆچوونە ناداتەوە کە زمانی کوردی بەرماوەی زمانی میدی بێت، بەڵام هیچ شتێکیش ڕێگای سەلماندنیمان پێ نادات و تەنانەت دەکرێ دیالێکتە ئێرانییەکانی ئازەری و تالشیش لەبەر چەند هۆیەکی جوگرافی ناسراو، هەمان ئیدیعای باوکایەتی زمانی میدی بۆخۆیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ گریمانەیەکی وریایانە بگرینەبەر کە لە سەر بنەمای پێوەندیی لەیەکچوونی پەرەسەندنی دیالێکتە ڕۆژئاواییەکانی تر بنیات نراوە. لە سەردەمی هەخامەنشیدا لێکترگەیشتن لە نێوان زمانە ئێرانییە جیاوازەکاندا دەبێ شیاو بووبێت. هەروەک چۆن تێبینییە ناودارەکەی Strabon - هەر چەند درەنگتر - دەیسەلمێنێت، بەڵام پرۆسەی دیالێکتیزە بوون دەبێ هەر لەو سەردەمەدا لە ئارادا بووبێت. زمانی فارسی کۆن، زمانی میدی و زمانی ئاڤێستایی پێشتر زمانی جیاواز بوون. بۆیە دەکرێ بگەینە ئەو گریمانەیە کە زمانی کوردیش پێشتر پێکهاتووە و بە هەمان شێوەش زمانانی گیلەکی، مازەندەرانی، تاد.

ئەم کوردییە کۆنە بێ گومان لایەنێکی جیاوازی لە زمانە مۆدێرنەکەی هەبووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بڵێین ئەم زمانە مۆدێرنە کەی هاتووەتە دی. زمانی فارسی "مۆدێرن" بەش بە حاڵی خۆی لە سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامیدا دروست بووە، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە زمانی فارسی ناوەڕاستی بەڵگە ساسانییەکانی سەدەی سێیەم دەکرێ بە "فارسی"یەکی کۆن بژمێردرێت. بە هەرحاڵ لە ڕووی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە زۆر لە فارسیی مۆدێرنەوە نزیکترە تا لە فارسی کۆنی نووسراوە هەخامەنشییە دواییەکانی سەدەی سێی پێش زایین.

ئەمە مانای ئەوەیە کە لە ماوەی پێنج سەدەدا زمانی پارسی گۆڕانکاری گرنگی بە خۆیەوە بینیوە: نەمانی گەردانی ناوەکان(٢٤)، نەمانی نێر و مێ، هەڵپچڕانی سیستمی کرداری و بە شێوەیەکی گشتی چوون لە شێوەی زمانەوانی "سەنتێتیک"ەوە بەرەو شێوەی "ئانالیتیک"(٢٥). شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە لە هەمان سەردەمدا زمانی پارتیش گۆڕانکاری هاوشێوەی بە خۆیەوە بینی.

زانای بەراوردکار Antoine Meillet لە نووسینێکیدا کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە بیرکراوە و لە لایەن (O. Szemérenyi)ەوە خراوەتە ڕوو(٢٦)، بەدوای هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕانەدا دەگەڕێت کە ساختاری زمانێک تووشیان دەبێت. لێرەدا پێمان ناکرێ بچینە ناو وردەکارییەکانی بابەتەکەوە، بەڵام دیارە ئەم دیاردە کەمکەرەوەیەی بە هۆیەوە سیستمی فۆنەتیک سادەتر و مۆرفۆلۆژیش هەژارتر دەبێتەوە و دەبێتە هۆی پەیدابوونی سەنتاکسێکی وردتر و دەوڵەمەندی زارەکان، زیاتر لەو کاتەدا دێتە ئاراوە کە زمانێک لە ناوچەیەکی گەورەدا بڵاو دەبێتەوە، یان لە لایەن ژمارەیەکی بەرەبەرە زیاتری قسەپێکەرانەوە بەکار دێت.

به پێچەوانەوە زمانێک کە ژمارەیەکی هەرەزۆری ئارکائیزمی(٢٧) تێدایە - ئەمەش حاڵەتێکە کە لە زمانی کوردیدا لەچاو زمانی فارسیدا دەبینرێت - نیشانەی جێگیربوونی بەهێزی قسەپێکەرانی ئەو زمانەیە. کەواتا زمانی کوردی توانیویەتی لەو جووڵانەوە گەورانە قورتاری بێت کە لە سەردەمی سلووکییەکان و لەماوەی داگیرکاری ئەشکانییەکاندا تووشی دانیشتوانی ئێران هاتبوون، بەڵام لەوە زیاتر ناتوانین لەبارەیەوە بڵێین. ئەگەر لەوە دڵنیا بووینایە کە ئەو «کورد»انەی لە کتێبی پەهلەوی *کارنامەگی ئەردەشیری پاپەگان* دا ئاماژەیان بۆ کراوە، باووباپیرانی کوردانی ئەمڕۆن، دەمانتوانی ئەوەش ڕابگەیەنین کە ئەم نەتەوەیە و ئەم زمانە لە سەرەتاکانی سەردەمی ساسانییەکاندا و لە ناوچەیەکی نزیک لەو ناوچەیەی لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕەچاومان کردووە، پێشتر پەیدا ببوو.

ئایا دەبێ وای بۆ بچین کە بڵاوبوونەوەی کوردان لە ناوچەی کرمانی کۆنەوە و لە کاتی هێرشەکانی پارتەکان لە سەدەی سێیەم و دووەمی زایینداڕووی داوە و لەوکاتەدا چوونەتە ئاناتۆلیای ڕۆژهەڵات و پاشان بەشێکیان بەرەو ناوچەکانی گۆران لە باشووری کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ پاشەکشەیان کردووە؟

هەموو ئەمانە بێ گومان زۆر گریمانەیین و ئومێدەوارین کە لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دیالێکتەکان و تۆپۆنیمی(٢٨) و لێکۆڵینەوەی تازە و قووڵی سەرچاوەگەلی عەرەبی، ئارامی، سریانی، بیزەنتی، تاد، ڕوونکردنەوەی تازەمان پێ ببەخشن.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(1) Pierre Lecoq, «La Grammaire historique du kurde» in *The Journal of Kurdish Studies,* vol. II, Louvain, Peeters Press, 1996-1997, p. 31-36.

ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی

(La Langue kurde à l'horizon de l'an 2000)

لە پاریس لە نێوان ٢٨ و ٢٩ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٣دا پێشکەش کراوە.

(٢) پییەر لۆکۆک Pierre Lecoq فیلۆلۆگ و زمانەوانی بواری زمانە ئێرانییەکانە و پرۆفێسۆرە لە قوتابخانەی پراتیکی لێکۆڵینەوە باڵاکانی پاریس:

Ecole Pratique des Hautes Etudes: EPHE

(وەرگێڕ).

(٣) لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنیکی زمان بریتییە لە توێژینەوەی پەرەسەندنی زمان و گۆڕانکارییەکانی لەماوەی نێوان دوو کاتی دیاریکراوی مێژووەکەی. لێکۆڵینەوەی سەنکرۆنیکی زمان بە پێچەوانەوە بریتییە لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانێک تەنیا لە کات و ساتێکی دیاریکراودا. (وەرگێڕ. بۆ لێکدانەوەی زاراوە زمانەوانییەکان سوودمان لەم سەرچاوەیە بینیوە:

***Larousse, Dictionnaire de linguistique et des sciences du language,* sous le direction de Jean Dubois, Paris, Larousse, 1994.)**

(٤) پێویستە ئاماژە بە بەشی سێیەمی

Osnovy Iranskogo Jazykoznanija, Novoirranskie jazyki

بکرێت کە بە چاودێری V.A. Abaev, Moskva لە ساڵی ١٩٨٢ باس لە زمانی فارسی (لەگەڵ دەری و تاجیک) و دیالێکتەکانی باشووری ڕۆژئاوا و زمانانی کەناری دەریای قەزوین دەکات.

(5) "persische Sprachfamilie", ZKM 3,1840, p.1.

(6) «nicht sowohl in schwesterlichem als vielmehr in geschwisterkindlichem Verhältniss», *ibid.*, p. 2; Pott, p. 26.

(7) *Ibid*, p. 47;

فۆرمی *adam* ی فارسی کۆن جارێ نەناسرا بوو؛ بە هەمان شێوە زان- ی کوردی و دان- ی فارسی، p. 57.

(8) p. IV.

(9) *Kodk*, p. IV; cf. Garzoni, p. 154.

(10) *Le Muséon*, 2, 1883, pp. 431- 441.

(11) *Dictionnaire Kurde-Français d'August Jaba.* (وەرگێڕ)

(١٢) بۆ مانای وشەی "ئێتیمۆلۆژی" بڕوانە: ئامر طاهر، «خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردێکی زمانەوانی»، *ڕامان*، ژمارە ١١٨، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٨٨ - ٩٤ (وەرگێڕ).

(13) p. XI-XII.

(14) pp. 249-285.

(١٥) زمانی نۆرمالیزە ئەو زمانەیە کە هەموو ئەو فاکتەرانەی

لێ دوورخـراونەتەوە و لابراون کـە بە ناڕێزمـانی ژمـێـردراون و فـۆرمـێکی ئسـتـانداردی لێ دروست کـراوە. دەکـرێ زمـانی ئستانداردکراویشی پێ بگوترێت. (وەرگێڕ)

(16) Oč. fon., p. 59.

(١٧)* ئامـاژە بەو فۆرمـانە دەکات کە لە بنەڕەتەوە نەبوون و لە لایەن پسـپـۆرانەوە بە پێی یاسـاکـانی ئەو زمـانە دروسـتکراون و ڕاستن.

(18) p. 60.

(19) p. XI.

(٢٠) مـەبەسـتی نووسـەر سـەدەی نۆزدەیەمی زاییـنیـیـە. (وەرگێڕ)

(٢١) Substrat (کـە ئێـمـە وشـەی پێـشـمـایەمـان بۆ بەکارهێناوە) بریتییە لە هەر زمانێکی قسەپێکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە زمانێکی تر بە هۆی جۆراوجۆرەوە شوێنی گرتووە. ئەمـەش کاتێ باس لەو کـاریگەرییـە دەکەین کە زمـانە کۆنەکـە بە سەر زمانە تازەکەدا هەیبووە. (وەرگێڕ)

(22) *Op. cit.*, pp. 112-113.

(٢٣) ئەم بەراوردەی نێـوان زمـانی کـوردی و دیالێکتـە کـرمـانیـیـەکـان لە بابەتێکی داهاتوودا و بە وردەکـاریی زیاتر بلاودەکرێتەوە.

(٢٤) Déclinaison یان گـەردانی ناوەکـان بریتـیین لەو ئافـیکسـانەی لە فـرێزێکی ناویدا لەگـەڵ ناوێک، ڕاناوێک یان ئاوەڵناوێکدا دێن بۆ دەربڕینی کارکردە ڕێزمانییەکان یان کارکردە شوێن و کـاتییەکـانی فرێزەکە. بۆ نموونە لە کـرمانجیدا لە فرێزی ناویی (دایکا شێـرزادی)دا وشـەی شێـرزاد بە "ی" کـۆتاییـەکـەی گەردان کراوە. ئەمە یەکێکە لەم حاڵەتانە. بە هەمان شێوە "ێ" لە کۆتایی (دایکا نەسرینێ). (وەرگێڕ)

(٢٥) سەنتێـتیک بەو زمانە دوترێت کە هەوڵ دەدات چەندین مـۆرفـێم لە یەک وشـەدا کـۆبکاتەوە. پێـچـەوانەشی ئانالیـتـیکە. زمـانی فـەڕەنسی زمـانێکی ئانالیـتـیکە، چونکە کـارکـردەکـان لە ڕێگەی وشـەی سـەربەخـۆوە دەردەبڕێن و لە نـاو ڕسـتـەدا هەر یەکەیەک بەرانبەر بە ئەوانی تر تا ڕادەیەک سەربەخۆیە. (وەرگێڕ)

(26) *Recherche de linguistique. Hommage à Maurice Leroy*, Bruxelles, 1980, pp.206-214.

(٢٧) Archaïsme واتە شـێـوە یان فـۆرمـێکی وشـەیی یان ڕستەیی زۆر کۆن کە لەوانەیە لە مەترسی نەماندا بێت. (وەرگێڕ)

(٢٨) تۆپۆنیـمـی بریتـیـیـە لە لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی ناوی شوێنەکان و پێـوەندییان بە زمـانی وڵات و زمـانی وڵاتانی تر یان زمانە لەناوچووەکان... (وەرگێڕ)

لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو

کەریم کاکە

چۆنی دەڵێم ئەوهایە، قەڵەم بشکێت ئەگەر هێندەی سێبەری گەردێک زێدەڕۆیی لە خۆی هەڵگرتبێت، ژوور جێی من و سۆبەی لێنابێتەوە، کەچی چوار کەسی لە خۆی دانیشاندووە، کاتێ سۆبە دادەگیرسێنم دەبێ وەک پشیلەی ئاگر بۆ هاتوو خۆم لە قوژبنەکەی ئەوسەر گرمۆڵە بکەم، ناشکرێ سۆبە نەسووتێ، زستانی ناوزەنگ زستانێکە ساردترین سۆبە چیایەک دار دەسووتێنێ، زستانێکە تف بۆ ئاسمانێ هەڵدەی بە تفایەتی بۆ خۆت ناگەڕێتەوە، دەیکاتە پڕووشە بەفر، زستانێکە بەس ناوزەنگدیتیان دەزانن چ سەهۆڵبەندانێکە.. ژوور ژوورێکە ئەگەر لە چاوی ئەندازەوە تەماشای بکەیت جارێک بە چوار لایی خۆی نیشان دەدات جارێکی دی بە سێ لایی...

دانا گوتی:

«دەمەوێ تێبگەم ئەو ژوورە چۆن چۆنی هەڵکەوتووە؟»

واحێد بە نیازی ڕاستکردنەوە:

«بڵێ ئەو گۆڕە چۆن چۆنی هەڵکەوتووە؟»

ڕاسکۆ بۆ هەردووکیانی ڕاست کردەوە:

«لە ژیانمدا ژووری وا ڕێکم نەدیوە، ڕێکییەکەی لەوەدایە لە هیچ ڕێکییەک ناکات»

ئەو ڕاسکۆیەی لەوێ لە ژوورە کەمدووەکەی ناوزەنگ لە قوژبنێ دانیشتبوو، پیشەی ڕاستکردنەوەی ڕستان بوو، ناوی وا ڕۆیشتبوو، بەڵام هەشبوو دەیگۆت:

«ئەو کوڕە خۆی پێ ڕاستەڕێ ناکرێ چۆن....»

دانیشتنێکی شیرینە، چاییە، ژوور هەمیشە بۆنی چایەی لێدێ، هەر کاتێک، نیوەی شەوێ، پێش بەرەبەیان، هەر وەختێک کە ناوەختە، ئەگەر حەزت چووە چایە، وەرە ئێرە چایەک تێکە و بڕۆ، ئەو کوڕەی ڕزگار

ناوه کـه دەبوو ناوی ڕزگـار چایی با ، زۆر عـەشـقـه چایه ، دڵنیـام ئەگەر لە سەردەمی پێش پەیدابوونی چا لە دایک بایه ، سێ ڕۆژ نەدەژیا ، ئەو کـوڕه هەرجـارێک ڕێی بەو بارەگایه بکەوێت سەرێک لە ژووری چای دەدا ، جارێک گوتی:

«ئەو دوو بۆنه پێکەوه جـێگەیان نابێـتـەوه ، یان چایه یـان جگەره ، گـونـاهه ئەو دوو بۆنه تێکەڵاوی یەکـتـر بکرێن..»

ئەو کـوڕه چاییـه ڕقی دنیـای لە جگەره دەبۆوه ، لە کنه وی جگەره و چایه نەک هەر خزمایەتیـان لەگـەڵ یەکـدی نەبوو ، بەڵکو ڕێک بەهەشت و دۆزەخ بوون.

منیش گوتم:

«ئەو دوو بۆنه تەواوکەری یەکترن..»

دانیـشـتنێکی خۆشه ئەگەر لێـمان تێک نەچێت ، سێ برادەری کـۆن زۆر کـۆن ، برادەری منداڵی مـێـوانن ئەوڕۆ ، دانیـشـتنێکه شـارێک یادەوەری خـۆ نیـشـان دەدەن ، شـارێک یادەوەری هاتوونەتە قـسـه ، زوو زوو بێ ڕووخسەتخوازی مێوانەکان بەجێ دێڵم و درەنگ درەنگ دەگـەڕێمـەوه لایان ، دوور دەڕۆم زۆر دوور ، هەتا ناو هەولێـر گـیـر نابم ، دوا وانه ناکـەم ، بە سـەر دیواری قـوتابخـانەدا بازدەدەم ، پیـاسـەیەکی درێژ بە بن دیواری قەڵات و دادگادا دەکەم ، دەچمە ناو کتێبان ، دەیانبینمەوه ئەوانه و زۆر برادەری دی دەبینمەوه ، واحێد هاوپۆل ، یان هاو قوتابخانەم بوو ، لەگەڵ ڕاسکۆ منداڵی گەڕەکێکین ، دوو برای ئەو دانایه زۆر برادەرم بوون ، برادەریم لەگـەڵ سەرتیپیان بەهێزتر بوو ، بەڵام لە یادەوەریدا سەرداریان زیندووترە... هەر کـتـێـبـێکی مـارکس ، مـارکـسـیـەتت بویسـتـایه لە کن سـەرتیپ دەست دەکـەوت ، زۆر کـەس پێیان دەگوت:

لینینیش هێندەی تۆ مارکسی نەخوێندۆتەوه.

خـوێنەرێک بوو کـەس شـانی لە شـانی وی نەدەدا ، مەگەر ڕاسکۆ ، ئەو ڕاسکۆیەی لە چاوی دیاره ئەمڕۆ لەو ژووره کـولانکەییـه شـتـێک بقـەومـێنێ.. ئەودەمـانێ لە هەولێرێ دوو کەس لە کتێب کڕین ناویان هەبوو ، ڕاسکۆ و سـەردار ، بە داوای لێـبـووردن لە عـەزیز گـەردی ، یەکەمیان کتێبخانەیەکی هەبوو ، لە کتێبخانەی گشتیش دەوڵەمـەنتر ، هەرچی دەشـیکڕی دەیخـوێندەوه ، زۆر جـار دەیگوت:

«ئەوڕۆ پشـتی لینینم شکاند ، هەژده دەمژمـێری ڕێک خوێندمەوه..»

لە جێگەیەک خوێندبوومانەوه کە لینین شەو و ڕۆژی وا هەبووه حەڤده دەمژمێر سەری لە سەر کتێب هەڵنەگرتووه وخـوێندوویەتیـەوه.. وابوو من لە نزیکەوه ئاگـاداری ڕاسکۆ بووم زۆری دەخوێندەوه ، لە ناو هەمـوو گـەنجـانی گەڕەکی بەلاشاوه یەک چاویلکه لە چاوت دەدەی ، ئەویش ڕاسکۆ بوو ، دکتۆر جارێک پێیگوتبوو:

«کەم بخوێنەوه ، دەنا..»

ڕاسکۆ گوتبوویه دکتۆر:

«چاو بۆ خوێندنەوەی کتێب دروست کراوه..»

هەرچی سەرداره لە ڕاسکۆ پتـر کـتـێـبی دەکـڕی ، ڕۆژ نەبوو کـتـێـبـێک نەکڕێ ، قەردی دەکرد و بە کـتـێبی دەدا ، لەگـەڵ ئەوەش بڕوا ناکـەم دە کـتـێبی هەبووبێت ، سەردار هەندێک لەو کـتـێبانەی دەیکڕین نەیدەبردنەوه مـاڵێ ، لە ڕێ دەیفـرۆشـتنەوه ، بەردەوامیش لەو کـڕین و فـرۆشـتنه زیانی پێدەکەوت ، کـتـێبی وا هەبوو دوای لێکردنەوەی چەند لاپەڕەیەک بە نیـوەی نرخی کـڕین دەیفـرۆشـتـەوه ، کـتـێب هەبوو نەیدەفـرۆشـتـەوه دەیسـوتاند ، زۆر هەوڵم لەگـەڵی دا ، بێ کـەلک بوو ، وازی لەو تێکەوڵێکەیەش نەدەهێنا ، سەردار دەیگوت:

«من پێـچـەوانەی تۆم ، پێـچـەوانەی ڕاسکۆم ، پێچەوانەی سەرتیبی برامم ، پێچەوانەی دنیـام ، ئێوه کتێبی باش دەکڕن ، بەڵام من کتێبی خراب دەکڕم..»

باشم لە بیره کتێبی شەرەفنامەی چاپی ئەودیوی کڕی ، چەند لاپەڕەیەکی لێکردەوه ، بە زەرەر فرۆشتیەوه ، سەردار ناوه ناوه بزر دەبوو ، بە کـۆمـەڵێ کـتـێـبـەوه بە دیار دەکەوتەوه ، دەڕۆیی دەچووه سەر سنوور ، دەچووه ئاقـاری پێشمەرگه ، دەچووه هەموو جێگەیەک ، ترس لە کن شێر هەبوو لە کن ئەو کوڕه نەبوو ، سەردار زۆر جار دەیگوت:

«هەندێک کـتـێـب هەیه زۆر باشـه ، بەڵام چەند لاپەڕەیەکی ئەو کـتـێـبـه زۆر خـراپن ، دەبێت لێـیـان بکەمەوه ، ئەو لاپەڕانه خەڵک بە هەڵەدا دەبەن ، هەندێک کتێبیش هەن دەبێت بسووتێنرێن..»

من دەمگوت ، سەرتیپی براشی پێیدەگوت:

واز لەو ئیـشـه قـۆڕه بێنه ، چەندی دەدڕێنی ، چەندی دەسووتێنی؟ خۆ..

دەیگوت:

هەر باشه خۆ کەمتر دەبنەوه..

سـەردار قـسـەیەکی هەبوو زۆر و هەمموو جـارێکیش

بەیەک ئاوازە دەیگوتەوە:

«.... ، ..... ، .... لە سەرەوەی قسە و قسەلۆکن»

هەندێک لە برادەران ناویان لەو قسەیە نابوو «ئایەتی سەرداری سەعید سۆفی»

ئیدی سەردار هەر کتێب و بڵاوکراوەیەکی بدیتبا، قسە و قسەلۆکن لە سەر ئەو سێیە، دەیکڕین و دوای لادانی قسە و قسەلۆکەکان دەیفرۆشتەوە، بەڵام ئەگەر برادەرێکیش داوای لێکردبا کە فلان کتێبی بۆ بێنێ و پەڕیشی لێنەکاتەوە، دڵی نەدەشکاند، جارێک (بۆ کوردستان) ی هەژاری بۆ من هێنا، کە لێیم وەرگرت:

– لاپەڕەکانی تەواون؟

+ حەیفت نەکرد!

لەو ژوورە گچکەیە نازانم چەند لاییەوە، لە تەک ئەو سێ مێوانە جوانەوە بە دەم چایە و جگەرەوە، خەیاڵ خۆش بێت هەموو هەولێرم دەکرد و دەهاتمەوە و کەسیش بەو سەفەرانەی نەدەزانی... دانیشتنەکەمان لە کەناری ڕۆشنبیری و شیعر بوو، لە بیرم نییە هێندە لە سیاسەت نزیک کەوتبینەوە، زۆر نزیک بکەوتینایەتەوە یاڵڵا دەگەیشتینە تخووبی (پاکانە)کەی هادی عەلەوی، کەمتر قسە و باسی ئەو دانیشتنەم لە بیرە، ئەوەی لە بیرم مابێت، وەڕینی سەگەکان و زرمەی هەرەسەکان دەهاتنە ناو قسانەوە، کۆچی سووریشم دیت بە پێش دەرگای دانیشتنماندا تێپەڕی، لە ناو زرینگەی چا تێکدانیشدا گوێم لە دەنگی پەشێو و ڕەفیق سابیر و شێرکۆ بێکەسیش بوو، شاملۆ و فرووغیش سلاوێکیان کرد، زۆری دیش، سورخیش شیعرەکانی دەهاتنە ناو قسانەوە، وا بزانم دانا بوو گوتی:

«جوانی سورخی لەوەدایە وەک ئەوانی دی نانووسێت..»

هەر جارێک تەماشای دانام دەکرد، سەرتیپ و سەرداری برای بە جووتە دەهاتنە ناو چاومەوە و دانا ون دەبوو، سەردار شیعریشی دەنووسی لە بیرمە شیعرێکی لە سەر گیڤارا نووسیبوو، کۆپلەیەک یان پتری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بلاوکردبۆوە، لە چایخانەی عەبۆ، ڕۆژنامەکەی بە دەستەوە گرتبوو بۆمی خوێندەوە، سەرتیپیشمان لەگەڵ بوو، قسەیەکی کرد ئێستاش بە ئاوازەکەی خۆیەوە وا لە گوێمە:

«من کە شیعر لەسەر گیڤارا دەنووسم، دەبێت چەکەکەی ئەویش لە شان بکەم..»

سەردار ئازابوو، زۆریش ئازابوو، لە چاوی بەعس نەدەگەڕاوە، لە خۆپیشاندانەکان جێی وی هەمیشە پێشی پێشەوە بوو، واحیدیشی لەگەڵ بوو، سەردار پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، پێشمەرگە بوو، ئەو ساتەی هەواڵی مەرگیم بیست تەواوێک بۆی گریام..

لەو دانیشتنە ڕاسکۆ چووبووە بێدەنگییەکی سوارەوە، من درەنگ تێی گەیشتم کە ئەو بێدەنگییە تەقینەوەیەکی ترسناکی بە دواوەیە، چاوەکانی ئاسایی نەبوون، جوولانەوەی پێلوو و برژانگەکانی لە کۆمەڵە چەکدارێکی سەر لێشێواو دەچوون، ناوە ناوە کۆخەیەکی دەکرد، کۆخەی قورگ خاوێنکردنەوە، خاوێنکردنەوە بۆ قسە.. دوای ئەوەی هەستم بە نائاسایی ڕاسکۆ کرد، چیدی خۆم بە باڵی خەیاڵەوە وەنەکرد و نەهاتمەوە شار، بۆ ئەوەی بیهێنمە قسە پرسیارێکم لێی کرد، بە (ئا) یەک دەمکوتی کردم، پرسیارێکی دیشم کرد، بە (نا)یەک کە هەر لە (ئا)یەکە دەچوو جوانتر دەمکوتی کردم، چەند پرسیارێک بە دووی یەکدا هاتن، (ئا) و (نا) یەکانیش سەریان لە دووی یەکدی نا، هەر خەریکی قورگ خاوێنکردنەوە بوو، وازم لێی هێنا..

لە هەستاندا، دەنگێک تۆ بڵێ هاوارێک بەرز بۆوە:

+ بڕۆن، من نایەمەوە، ئێرە ماڵی منە، زوو بڕۆن دەی..

واحید بە سەرسامیەوە گوتی:

نایەیتەوە کەیفی خۆتە بەڵام بۆ وا بە تووڕەیی..

من ڕاست لە جێگەی خۆم تەزیم، تەماشای دووەکەی دیشم کرد ئەوانیش تاسا بوون، بە بێدەنگی تەماشای یەکترمان دەکرد، بە چاو لە یەکترمان دەپرسی چ بووە؟ بە ئاماژە، بە ئاماژەی لێو و دەست (نازانم، چ نازانم) مان بۆ یەکدی دەهاویشت، بە جۆرێک لە دڵشکاوی ڕۆیشتن، ڕەنگە من لەوان پتر نیگەران بووبم، هەتا خوار بارەگا لەگەڵیان چووم، دیار بوو هیچ کامێکمان هیچیان لە تووڕەبوون و مانەوەی ڕاسکۆ نەزانی، بەڵام دانا هێندەی گوت: من دوێنێ کە دیتم هەستم کرد ئاسایی نییە.

کە گەڕامەوە ژوورەکە دەبینم ڕاسکۆ چاوی لە تابلۆکان بڕیوە و پێدەکەنێ، ژوورەکەم پڕکردبوو لە تابلۆ..

+ ها بە چی پێدەکەنی

– بە زەمەن برا بە زەمەن..

چاویشی هەر بە تابلۆکانەوە هەڵواسراوە، کە لێی وردبوومەوە دیتم چاوی لە تابلۆی کاتژمێرەکە بڕیوە،

کـاتژمـێـرە تێکشـاوەکـە یان تواوەکـە، بەردەوامـیش پێدەکەنێ.. ویستم لێی بپرسم بۆچی لەگەڵ ئەو برادەرانە نەچوویتـەوە؟ بۆچی تووڕەتکردن؟ پێکەنین، پێکەنین، هەر پێکەنین..

– ئەگەرزەحمەت نییە چایەکی مارکسیانەم بۆ تێکە

+ چای مارکسیانە کووە؟

– تڕحێو بە خۆشی دەڵێ مارکسی..

چایەکم بۆی تێکرد، پێدەچوو مـارکسـیـانە بووبێت، چونکە زۆر بە جوانی و چێژەوە دەیخواردەوە، ناوە ناوەش پێکەنینێکی شیرین لە چایەکە شیرینتری بۆ دەکرد، من زۆر بە وردی لێی ڕامـابووم، هەمـوو عـەقـڵی خـۆم بەکارهێنا بۆ ئەوەی بزانم ئەو کوڕە ئاساییە، یان شتێک هەیە، دەتگوت تێگەیشت کەوتۆتە ناو نیگای تاقیگە و تاقی دەکرێتەوە:

– با پێت بڵـێم من زۆر ئاسـاییم لە تۆش و لەوانەی لەگەڵ من هاتن و بێ منیش ڕۆیشتنەوە ئاساییترم.

+ ئەوجا کێ گۆتیتی ئاسایی نیت؟

– ئەرێ ئەتو ڤاگنەرت خوێندووەتەوە؟

+ نا، شتێکی ئەوتۆشی لە بارەوە نازانم

– حـەیف! ئەو پیـاوە مـەزنە ناناسی، گـەورەترین نووسەرە لە دنیایێ، نا لە مەکسیم گۆرگی گەورەتر نییە، کەس لە مەکسیم گۆرگی گەورەتر نییە..

ڕاسکۆ هاتە سـەر نووسـەران، نووسـەرانی گـەورەی دنیـایێ، هەند بە وردی و لەسـەرەخـۆ باسی دەکـردن، ئەو گـومـانەی لە بارەی نائاسـایی ئەوەوە لە سـەرم بوو ڕەوییەوە، لە بیرمە لە بارەی هادی عەلەوییەوە گوتی:

+ منیش وەک ئەو پاکانەیەک دەنووسم.

– ئەتو لۆ؟ خۆ عەرەب نیت!

پێکەنینێک پێکەنی کـتری سەر سۆبەکە لەرییـەوە، گومانەکەم لا دروست بووەوە، بە نەرمییەوە گوتی:

+ من پاکـانە لە کـوردبوون دەکـەم، ئەدی نازانی کـورد چیان لە یۆنانییەکان کرد؟

– یۆنانییەکان یان ئەرمەنییەکان؟

+ یۆنانییەکان دەڵێم، لە ئەرمەنییەکان گەرێ.

– شتی وام نەزانیوە.

+ دیارە زۆربات نەخوێندووەتەوە؟

– زۆربا! با خوێندوومەتەوە، بەس..

بیـرم کـەوتەوە کـە لە ڕۆمـانی زۆربا چاوم بە وشـەی (ئەکـراد) کـەوتووە، بەڵام نەدەهاتەوە بیـرم وشـەکە لە چ ڕسـتـەیەکـدا هاتبـوو، جگە لەوەش لە بیـرمـە لەکـاتی خـوێندنەوەی ئەو ڕۆمـانەدا لەو باوەڕە بووم، ئەو وشـەیە هەڵەی چاپ بێت و ڕاستییەکەی (ئەتراک)ە.

ڕاسکۆ پێکەنینێکی دیکەشی کرد، بەڵام زۆر نەرمـتر لەوەی پێشوو، گوتی:

+ ئەگەر ئەو ڕۆمانە بخوێنیتەوە، تێدەگەیت کورد چەند غـەدریان لە یۆنانیـیـەکـان کـردووە، ڕاویان ناون، هەر مـێـژوونوسـێک ئەوەی بگوتبـا باوەڕم نەدەکـرد، بەڵام کازانتـزاکی وای گوتووە، تێگەیشـتی! بۆیە من پاکانەی خۆم دەنووسم، بۆ زۆربای دەنێرم، ههه ها ها..

وا بزانم شـتـێکی نزیک لەوەم گـوت: ئەگـەر واش بێت هەر دەستی تورکی تێدا بووە..

لە زۆرباوە بازی دەدایە ناو (تاوان و سزا)، دەیگوت:

خـۆ پیـرێژنەکـەی دیسـتـۆفـسکی دەناسی؟ من هێندە لەگـەڵ کـوشتن نیم، بەڵام لەگـەڵ کـوشـتنی ئەو جـۆرە کـەسـانەم، دەک دەسـتت خـۆش بێت ڕاسکۆلنیکۆف، نازانی چەند ڕەشـوڕووت لەو دنیـایە بە پێـخـواسی دەسـووڕێنەوە، چەند برسی لە پەنا دیوارەکـانی دنیـا، دنیای کەلاوە سەر دەنێنەوە، لەو لاوەش ئەو جۆرە کەسانە پارە گل دەدەنەوە دواییش.. ئا من دەسـتـخـۆشی لە پاڵەوانەکەی تاوان و سزا دەکەم کە ئەو پیرێژنەی کوشت، هەزار جـار دەڵێم دەسـتـەکـانت خـۆش بێت، ئەی ڕاسکۆلنیکۆفی پاڵەوان..

من هەڵمدایێ:

+ بەس وا بزانم پاڵەوانەکـە لەو کـوشـتنە پەشـیـمـان بووەوە..

– پەشـیـمـانبـووەوە نەبووەوە کـەیفی خـۆیەتی، من ئەو ڕاسکۆلنیکۆفەم کە تەوری بە دەستەوەیە..

لە تاوان و سزاوە چووە ناو (دادگا) وە زۆر سـەیر زۆر هونەرمـەندانە وێنەکانی دادگـای نیشـانی من دەدا، باشم لە بیـر نـییـە چی دەکـرد و زۆر ڕسـتـەی ناو دادگـای چۆن دەگـوتەوە، هێندەم لە بیـرە چاوی لە چاوی من بڕیبـوون، گـوناهەکـانی خـۆی دەژمـارد، باسی ئەوەی دەکـرد، کـە ئەویش دادگـایەکی وەک ئەوەی کـافکا دەنووسـێت و دەیگوت:

من یۆنانیم کـوشـتـووە، من پیـرێژنەکـەی ناو تاوان و سزام کوشت...

لە پڕدا دەنگی دەگۆڕا و بێژەرییانە دەنگی هەڵدەبڕی:

منیش حەمەدۆکم، تۆش حەمەدۆکی، دانا و واحیدیش

حەمەدۆکن، سەرداریش حەمەدۆک بوو، سپارتاکۆس بوو، ئێمە لە ستەم یاخی بووین، هەمووشمان لە چاوەڕوانیداین، وا نییە ئەدی؟ بۆ قسە ناکەیت؟

منیش گوتم: با، وایە..

گریان قورگی گرت، لەوە دەچوو تاوانێکی گەورەی کردبێت و پەشیمانی دایگرتبێت، یان خەریکی کێشانی نەخشەی تاوانێک بێت و پەشیمانییەکی پێشوەختە لێی هەڵوەشێنێتەوە، هەر لەو ئان و ساتەدا من هەستم کرد تووشم بە تووشی ڕاسکۆلنیکۆفی تاوان و سزا بووە، هەر بۆیەش لەم گێڕانەوەدا ئەو کوڕەم بە ڕاسکۆ ناودێر کردووە، (ڕاسکۆ لە ڕاسکۆلنیکۆفەوە هاتووە و لە ڕاستگۆش دوور نییە) دەنا ناوی خۆی نەجات بوو..

ئەو جارە بە دەستی خۆی چایەکی تێ کرد:

+ چای ئەو ژوورە زۆر مارکسیانەیە.. بە من بڵێ وەخت نییە (گۆدۆ) بگات؟ دەمێکە مرۆڤایەتی چاوەڕوانی ئەو ژنە جوانەیە، ئەتو زانیوتە گۆدۆ ژنە؟

– لە کێ بزانم!

دەزانی باشت نەخوێندووەتەوە دەنا دەتزانی.

+ دە بۆم ڕوون بکەوە بزانم..

– لەوە گەڕێ، کەمێک سەرم دێشێ، پێویستم بە خەوە، بە یارمەتی سلفادۆر دالی و پیکاسۆ سەرخەوێک دەشکێنم..

لە سەر پشت ڕاکشا، تەماشام کرد زۆر سەیر چاوی بە بنمیچەکەدا دەگێڕا، چاوی لە سەر کلاشینکۆفەکە ڕاگرت، کلاشینکۆفەکەم بە دیوارەوە هەڵواسیبوو، لە خۆوە ترس دایگرتم، یەکپێ هەستام و کلاشینکۆفەکەم هێنا خوارێ، بۆ وەی هەست بە هیچ نەکات، کەوتمە خاوێنکردنەوەی، مەخزەنەکەی سەریم بەتاڵ کرد و لە جێگەی خۆیم هەڵواسییەوە.. ڕاسکۆ هەر ڕاکشاوە و چاو دەگێڕێ، بانگم کرد:

+ هەستە بچین نان بخۆین، درەنگە.

– ئا، ببوورە، من تۆم ماندوو کرد، کاکە نازانی، ژیان چەند منی ماندوو کردووە، ئەرێ بە هاوڕێیان بڵێ من هاتوومە ببمە پێشمەرگە..

+ خەمت نەبێت.

لە ژوورێک جێگەیان بۆ کردەوە، بەڵام مەگەر بۆ نووستنەکە دەنا هەر لای من بوو، خەریکی ئەو چەند کتێبە بوو کە لەولاو لەملا دەستم کەوتبوون، ئەو کوڕە کە قسەی دەکرد هەمیشە دەتگوت گریان لە قورگیەتی، لە دەنگیەوە هەستت دەکرد دنیا غەدری لێ کردووە..

لە قسە کردن دەمژمێر دوای دەمژمێر لە کورتی دەدا، بەڵام ئەوەش نەبوو لە قسە بکەوێت، هێشتا هێندەی من و حەوتی وەکو من قسەی دەکرد، قسەکانیشی هی ئەوە نەبوون لێی بێزار بیت، من لێیان بێزار نەدەبووم، ئەو چەند ڕۆژە باسی یەک گەڕەک ڕۆمانننووس و چیرۆکنووسی بۆ کردم هی وای دەگوت و باسی دەکردن من هەر ناویانم نەبیستبوو، لە خۆوەش نەیدەدا بەرێ، هەموو ئەوانەی خوێندبووەوە کە بۆ منی باس دەکردن، بەوەش دەمزانی کە خوێندبوونیەوە کاتێ باسی ئەوانەی دەکرد کە من خوێندبوومنەوە یان شتێکم لە بارەیانەوە دەزانی، هەڵەی لە ناوەکان یان لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان نەدەکرد..

ئەو کوڕە بە شێوەیەک باسی لە کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان دەکرد، هیچ چارت نەدەما جگە لە گوێ شلکردن، دەستبەرداری قووڵترین و جوانترین خەیاڵی خۆت دەبوویت و خۆت ڕادەستی جوولە و قسەی ڕاسکۆ دەکرد، ئەو ڕاسکۆیەی ڕێک دەتگوت ئەو پاڵەوانە، یان ئەو کەسایەتیەیە کە قسەی لێوە دەکات، بریا وەک من چاوتان لێبایە کاتێ دەچووە ناو (کاتژمێر بیست و پێنج)ەکە چۆن جلی پاڵەوانەکەی لەبەر دەکرد و شێوەی دەنگی خۆی وەک بڵێی وەک هی وی لێدەکات و دەیگوت:

«نا، من ئەو ئیشە ناکەم چاڵ بۆ هاوڕێ کۆمەنیستەکانم هەڵناکەنم..»

یان ئەو دەمەی خۆی دەکردە ئەو کوڕە شەرمنەی کە لە دوورەوە تەماشای (گوڵی ڕەش)ی دەکرد، ڕاسکۆ لەوێ ئەکتەرێکی جوان بوو، دەرهێنەرێکی بە توانا بوو، لە ژوورە بە ناو ژوورەکەی ناوزەنگ بە تاقی تەنێ گوڵی ڕەشی هێنایە سەر شانۆ، منیش تاقە تەماشاکەر..

ڕاسکۆ دوای ئەوەی شانۆکەی تەواو کرد، پرسی:

– گوڵی ڕەش کتێبێکی جوانە، دیوتە؟

+ کتێبە یان ناوی چیرۆکێکە، خوێندوومەتەوە..

– ناوی چیرۆکەکە و ناوی کتێبەکەشە.

زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە شێرزاد حەسەن کۆمەڵە چیرۆکێکی بە (گوڵی ڕەش) ناودێر کردووە، دەمویست لە ناوزەنگەوە بە هاوار هاوار بکەم و سوپاسی بکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناوە، وام هەست دەکرد لەبەر خاتری من ئەو وای کردووە، ئاخر چیرۆکی گوڵی ڕەش لە کنە من دەقێکی پیرۆز بوو، لە کنە من سوورەتێکی جوان بوو،

زۆر ئایەتیم لەبەر بوو..
– بوزرگی عەلەویت خوێندووەتەوە؟
+ نا، بەس ناویم بیستووە، هیچیم نەخوێندووەتەوە.
– دەزانی ... ڕۆمانی هەیە.
ئەو ژمارەیەی گوتی ئێستا لە بیرم نەماوە.
+ هیچی کراوەتە عەرەبی، کوردی؟
– نازانم، من بە فارسی خوێندوومنەتەوە.
+ دیارە فارسییەکەت باشە، لە ئێران بوویت؟
– دەزانی لە کوێ فێرە فارسی بووم؟ لە کونە فیراران، هەر لە بەلاشاوە لە حەوشەی خۆمان کونەکم لێدابوو، ئەما کون! سەدام هەرچی سەگی دنیا هەیە بە دوو پێ و چوار پێوە بە مالی مەی وەرکردبا نەیاندەدیتمەوە، لە جێگەی دیش کونم هەبوو، لە (گردیش) هەمبوو، لە جێی دیش..

بە باسکردنی بەلاشاوە هەستم کرد ڕاسکۆ بۆنی بەلاشاوەی لێدێت، ئەو بەلاشاوەیەی منداڵیمی لە خۆیدا وەک خۆی و بێ هیچ گەچلانێک پاراستووە، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵەی نێوان ئێستام و منداڵی کە سەردانی دەکەمەوە، وا دەزانم منداڵەکەی جارانم و ئەو دارتێلانە جوان دەناسمەوە کە پێیاندا هەڵدەگەڕام.

+ بە تاریکی، ئەدی کونی فیراران تاریک نییە؟

ڕاسکۆ چاوەکانی شێتانە هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد:

– بەرێوەڵلا هەند تاریکە هەند تاریکە، دەڵێی شەوی ناو شەوە، بەڵام برات یەک لایتی هەڵدەکرد، بەڵام لایت! کونی فیراری لە کۆشکی کۆماری ڕووناکتر دەکردەوە، ئەوجا تۆ قسەکانم لەبیر مەبەوە، من لەو کونانەوە فێرە فارسی بووم، ئەو ڕۆمانانەی وا باسیان دەکەم زۆریانم لەو کونانەوە خوێندۆتەوە، دەزانی سەرمایەکەی مارکس ئەو سەرمایەی وا بزانم کەم کۆمەنیست خوێندوویەتیەوە، هەر لە کونی فیراران، لە کونەکەی گردیش خوێندمەوە..

هەستێکی وام لا دروست بوو کە بەرانبەر ڕاسکۆ نەخوێندەوارم، لە خۆم گەیشتم کە ئەوچەند ساڵە چەندم لە پاش داوە، چەند لە کتێب دابڕاوم، وا بزانم خۆزگەم بۆ کونەفیراران خواست..

نیگاکانی ڕاسکۆ نیگای ئاسایی نەبوون، چاوەکانی سەیر لە دەوروبەریان دەڕوانی، خۆ ئەو ساتانەی چاوی لە چەک دەبڕی زۆر ترسناک خۆی نمایش دەکرد، بارەگا هەموو هەستیان بەو ترسناکییە کردبوو، من نەمدەویرا لە تفەنگەکەم ببمەوە، لەگەڵ خۆمم دەگێڕا، یان مەخزەنەکانم دەشاردەوە و ئەوەی سەریشیم لە فیشەک بەتاڵ دەکرد.. ئەو کوڕە خەریک بوو شێتم بکات، زۆربەی کات زۆر ئاسایی و لە سەرەخۆ بوو، بە تایبەتی ئەو کاتانەی باسی کتێبی دەکرد، جار و باریش سەد سووندت دەخوارد لەوەتەی هەیە شێتە..

– ئەرێ بۆچی تفەنگێکم نادەنێ؟

+ تفەنگت لۆ چییە؟ خەریکە سەردەمی تفەنگ بە سەر بچێت..

– قسەی وا مەکە، من پێشمەرگەم، پێشمەرگەش بێ تفەنگ نابێت، سەردەمی تفەنگ بەسەر ناچێت، شۆڕشێکی خوێناویان لە پێشە، شۆڕشێکی لینینی.. دەزانی باوەڕم بەخوێن ڕشتن نیە، بەڵام ئەو خوێنەی کە لە (تاوان و سزا) ڕژا بە لامەوە ئاساییە، ئەوەش بزانە مەبەستم ڕشتنی خوێنی پیرێژنێکی بێچارە نییە.

قسەکەی تەواو نەکرد، بە هەموو هێزی دەستی، ناولەپێکی لە ناوچەوانی خۆی دا و زرچەی هات و ئاخێکی وەهاشی هەڵکێشا نەبێتەوە، تەماشاکردنێک تەماشای کردم وەک ئەوەی قەت منی نەدیتبێت و بە لایەوە سەیربێت لە تەکیەوە دانیشتووم، تەواوێک لێم ڕاما، وەک بڵێی ناسیبێتمیەوە بزەیەکی دۆستانەی بۆم کرد و ڕاکشا، متەقی لە خۆی بڕی، پێدەچوو نەیەوێت کەس هەست بە هەناسەشی بکات، جگەرەکەیم کوژاندەوە، پێدەچوو تازە فێرە جگەرە بووبێت، لە جگەرە گرتنیرا دیار بوو، بە دیاریەوە دانیشتم و جگەرەم بە جگەرە پێدەکرد..

زۆری نەبرد ڕاسکۆ لە دیدی بارەگاوە بووە جێی مەترسی، جێی گومان، جێی بێزاری، جێی..جێی شتێک لەوانە یان تێکەڵەیەک لەوانە، لە پەناوەگوێم لێدەبوو هەر یەکەی قسەیەکی دەکرد، قسەکان لە چەند ڕستەیەک یەکیان دەگرتەوە:

ڕستەیەک:

«ئەو کوڕە کەتنێکی لە چاوە! نابێت لە بارەگا بمێنێت».

دەمویست بێمە قسە و بڵێم:

«ئەو کوڕە بە قەت بەژنی هەموومان کتێبی خوێندووەتەوە، لێی مەترسن..»

پەشیمان دەبوومەوە، ڕاسکۆلنیکۆفی تاوان و سزام بیر دەکەوتەوە ئەو کوڕەی ڕاسکۆ هەمیشە باسی دەکرد..

ڕستەیەکی دی:

«دوور نییە لە ئەمنەوە هاتبێت..»

دەمویست بڵێم: «نا ئەو کوڕە لە کونە فیرارانەوە هاتووە، لە ماڵی کتێبەوە هاتووە..»

نەمدەگوت، چاوە ترسناکەکانی زمانمیان لە گۆ دەبرد، دەترسام کەتنێک بکات..

ڕستەیەکی دیش:

«ئەو کوڕە بە ئەنقەست وەک شێتان خۆی نیشان دەدات، پێویستە دارکاری بکرێت تا..»

ئیدی خۆم پێرانەگیرا:

«نا، وا نییە، ئەو کوڕە پێویستی بە خەستەخانە هەیە، خەستەخانە»

ئەو قسەیەم سەرنجی کەسی ڕانەکێشا، نازانم نە من بە دەنگێکی زۆر نزم گوتم و نەگەیشتە گوێی کەس، نە بە ئەنقەست گوێی خۆیان گران کرد!

سەر و ڕیشێکی تۆزاوی دەتگوت قەت ئاو و سابوونی نەدیتووە، سەر و ڕیشێکی ئاڵۆزکاو پێنەدەچوو شانە بناسێت، جلەکانی چڵکن، چەند جار هەوڵم لەگەڵی دا گەرماوێک بکات نەیکرد، کوڕێک کە ناوێکی وەکو (پێشپێش)ی هەبوو بەژنێکی دارتێلیشی هەبوو، لەبەر ڕاسکۆ هەڵدەهات، بیانکوشتبا ئامادەنەبوو جێیەکی بە جێیەکی وی بکەوێت، ئەو پێشپێشە زۆر واسواس بوو، بێزی لە هەموو شتێک دەبووەوە، دەستی بە هەر شتێک بکەوتایە تا حەفت دەستە سابوونی لە دەستی نەدایە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، تا بۆی بکرایە خۆی لە تەوقەکردن لا دەدا، بەڵام کە تووش دەبوو، سابوونێکی خەرج دەکرد، زۆر کات پەنجەوانەی لە دەست دەکرد، بەڵام لە پەنجەوانەکەیشی بە گومان بوو، ئەگەر کەوچکە چای لێوەرگرتبای جوان جوان دەیشووشت ئەوجا دەیخستە پیاڵەکەی خۆیەوە، کلوو بەفر چەند بێگەردە! دە لە بەری هەڵدەهات دەیگوت پیسم دەکات، ئەو کوڕە گومانی لە سابوون و تایتیش هەبوو بە گوێی خۆم گوێم لێی بووە گوتوویەتی خۆزگە لە دنیا سابوونی خاوێن دەبوو، نەبێتە بوختان، کاتێک دەستەکانی خۆی بەر یەک دەکەوتن تا جوان نەیشووشتبان لە خۆی نزیک نەدەخستەوە، لە بارەی ئەو پێشپێشەوە چەند قسەیەک لە سەر زاران بوو یەکیان وا بزانم لە داهێنانی کوڕێک بوو کە (کوردۆ)یان دەگۆتێ:

«تەماشای دەستی بکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ دەچتە ئاوێ، ئەوها بڕوا ساڵ وەرناسووڕێتەوە بێ دەست دەمێنێتەوە»

(مام جوامێر)یکیش هەبوو گۆتبووی:

«من خەمی ئێستام نییە، ئەو دەمەی ژنی هێنا چ دەقەومێ، ئەوا پەنجەکانی بە پەنجەوانە پاراست، ئەی جێگاکانی تری بە چی دەپارێزێت!!»

قسەی سێیەم لە زاری ئیداریەکەی بارەگا وا بزانم هەڵکەوتی ناو بوو، کەوتبووە سەر زاران:

«ئەو کوڕە بە قەت حزبێک سابوون خەرج دەکات»

لە خۆڕا نییە ئەو پێشپێشەم هێنا ناو ناوانەوە و واسواسیەکەیم خستە ڕوو، بۆ تەواو کردنی سەرهاتی ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، پێویستمان بەو پێشپێشە و بە کوڕێکی دیش دەبێت کە ناوێکی وەک (یۆ یۆ)ی هەیە.

ویستیان ڕاسکۆ بەڕێ کەن، کەچی پێداگری لە مانەوە دەکرد، لەوەوە پتر بووە جێی گومانی بارەگا، لە پەناوە پێیم گوت:

+ بە قسەی من دەکەیت، بڕۆوە کن واحێدو..

– وا مەڵێ، ئێرە جێگەی منە، ئێرە پێش ئەوەی بارەگای ئێوە بێت، بارەگای منە، من مارکسیم، ئەوانە لادەرن، دەبێت بێنەوە سەر خەت..

+ تۆ واز لەو قسانە بێنە، ئەو بارەگایە تۆیان ناوێت، کە ئەوان تۆیان نەوێت تۆش ئەوانت نەوێت..

– نا ناچمە هیچ جێگەیەک و لێرە دەمێنمەوە..ناچم..ناچم..

+ ئەگەر من لە جێی تۆ بم دەچمە ئێران..

ویستم بڵێم سەر لە دکتۆر بدە.

بە غەزەبەوە تەماشایەکی کردم، چاوی بە دەر و دیواردا گێڕا، پێدەچوو لە دووی تفەنگەکە بگەڕێ، ڕەنگە واش نەبووبێت.. زۆر ترسام..

ئێ، چەند جارێک بانگیان کرد و ویستیان بە قسەی خۆش بە ڕێی کەن، سەری نەگرت، ترسام لەوەی ئەو کوڕە کەتنێکی گەورەی لە چاو بێت، زۆر لەگەڵی هەوڵم دا بڕوا، نەڕۆیشت، ئاخر بە شێوەیەک چاوی دەبڕییە تفەنگەکان بە جارێ زراومی بردبوو..

بە هەڵەدا نەچووبم خەریکی خوێندنەوەی (دونی ئارام) بووم ئەو ڕۆمانە کاتی خۆی لە بناری پێرس هەندێکیم لێی خوێندبووەوە، پێش ئەوەی بە چیاش بکەوم، هەر ئەو ڕاسکۆیەی وا وەک کەتیرە بە بارەگاوە نووساوە و لێی نابێتەوە، بۆمی هێنا، بەڵام خۆشاردنەوەیەکی بە دوو داهات، تەواوم نەکرد.. گوێم لە هاوارێک بوو، هاوار چ

هاوار! یەک بە دۆڵی ناوزەنگ دەنگی دایەوە، هاوارێک گریانی گەڕەکێکی لێوە بەرز دەبووەوە، تۆ لە بیرت بێت، دەنگی ئاسایی ڕاسکۆ پڕ لە گریان بوو، ئەدی دەبێت دەنگە هاوارییەکەی چۆن بێت، زوو ناسیمەوە، هاواری ڕاسکۆم زوو ناسیەوە، یەک پێ هاتمە دەرێ، ناوزەنگ لە دەمی ڕۆژئاوابووندا بوو، چ ببینم! ئەوە ڕاسکۆیە لە خوارەوە، لە دەو چەمەکە بە بەینی گابەردە گەورەکان غاردەدا، نەمدیت کەسی بە دواوە بێت، چوومە سەر ئەو گابەردەی کەمێک لەولای دەرگای ژوورەکە دەتگوت بەرانی دەشتی بەڕانەتییە قیت وەستابوو، بەر لەوەی دیمەنی دی ببینێ و هەندێ قسە ببیستینەوە با گوێ لە هەندێ لە درووشمەکانی ڕاسکۆ بگرین:

بژی مارکس بژی لینین.. کرێکارانی دنیا و قیامەت یەکگرن.. هەر شەکاوە بێت ئالای سووری کۆمەنیزم.. بژی زۆربا، زۆربا.. پایەدار بێت ڕاسکۆلنیکۆف.. بژی حزبی شیوعی..

لەو بەر چەمەکە لە سەر بەردێک ڕووە و بارەگا ڕاوەستا و درووشمەکانی خۆی دەگوتەوە و دیتم دابەزی و دەیویست بەرەو بارەگا بێتەوە، چوار شەقاوی گەڕانەوەیی نەهاویشتبوو، دوو پێشمەرگە غاریان دایێ، هەڵات، کەوتنە دووی، هەڵاتنەکەی بازنەیی بوو، بە دەوری بارەگا، دوو پێشمەرگەکە ڕادەوەستان، ئەویش ڕادەوەستا، دەکەوتنە دووی، غاری دەدا، بارەگا پشتی چیا بوو پێشی چەم، ئیدی ئەو گەمەیە بەو هەوراز لێژیەدا بە ناو ئەو هەموو گابەردەیە درێژەی کێشا، بزر دەبوون بە دیار دەکەوتنەوە، کەمێک درەنگ زانیم ئەو دوو پێشمەرگەیە پێشپێش و یۆبۆن، ئاخر من چاوی ناسینەوەم هەر لە سەر ڕاسکۆ بوو، هەموو بیرکردنەوەشم هەر لە کنە وی، ئیدی تا نزیک دڵنیایی، دڵنیابووم لەوەی یەک لەو دووە لێیان داوە، یان هەردووکیان پێکەوە کە هاوارەکەی ڕاسکۆم دەهاتەوە گوێ ئەو هاوارەی گەیشتە سەری مامەندە، دەگەیشتمە ئەوەی هەردووکیان پێکەوە لێیان داوە، بەڵام نزیکیم لە دڵنیایی لە گومانێکیش دووری نەدەخستمەوە، دەمگوت ڕەنگە هاوارەکەی لێکەوتەوەی لێدان نەبێت و تەقینەوەی ئەو تووڕەییە بووبێت کە دەمێک بوو کەلەکەی دەکرد، دەمگوت باشە ئەگەر دەستی پێشپێش بە جێگەیەکی ڕاسکۆ کەوتبێت، خۆ بە ڕووبارێک ئاو و کارگەیەک سابوون خاوێن نابێتەوە، یان ئەگەر یۆبۆ لێی دابێت دەبێت چ پەشیمانییەک دایگرێت، پەشیمانییەک تا سنووری هەڵقرچان و توانەوە، هەر خۆم بە خۆمم دەگوت نا ڕەنگە لەوەیان پەشیمان نەبێتەوە، ئەوەیان جیایە لەوەی گۆرین، باشم لە بیرە تووڕەیی یۆبۆم هاتەوە ناو چاو، ئەو کوڕە لە کاتی شەڕ و تووڕەبووندا دەتگوت ئامۆزای فیرعەونە، من جارێک لە قەندیلێ جێگەیەک هەبوو وابزانم (گوێزێ)یان دەگۆتێ، لەو گوێزەش بە هەڵەدا مەچوو نەک هەر گوێز دەنکە بەڕوویەکیشت لێی نەدەدیتەوە، ئێ لەوێ ئەو یۆبۆیە هەڵەم نەکردبێت پێشپێشیش لەوێ بوو، دەمەو عەسرانێکی هاوین، یان دەمەو پایزی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی عەرەب بووە قڕەقریان، هەرچۆنێک بوو لێکیان کردنەوە و شەڕ نەکەوتەوە، بەڵام دیارە یۆبۆ بۆی لە ناو نانێکی گەرم هەڵگرتبوو، شەو نیوەی شەو بووە هاتو هاوارێک، من هەر زراوم چوو، هەتا درەنگیش هەر وا تێگەیشتم کە بە سەرماندا دراوە، ئێ، ئەو یۆبۆیە لە کاتی ئێشکگری خۆی و لە شیرنەی خەوێی ئەو بە سەری داداوە، دەیانگوت بە ئاگاداری پێشپێشیش، چووەتە سەرسینگی و وەریگەڕاوەتێ، ئەگەر ئەو پیاوە خەوتووە دەنگی گەورە نەبایەو بارەگای وەئاگا نەهێنایە ئەوا بێ هیچ گومانێک یۆبۆ دەبووە عیزرائیلی ئەو پێشمەرگە عەرەبە و بێ ئیزنی خوداوەند گیانی دەکێشا، دوایی نازانم چۆن ئاشت بوونەوە، بەڵام ئەوەم لە یاد ماوە کە ئەو یۆبۆیەی لە تووڕەبووندا فیرعەون بوو پەشیمانیەک دایگرت گوێت لە هەڵقرچانی دەبوو، توانەوەیت دەدیت.. من کە ئەو وێنەیەی یۆبۆ و پێشپێشم دەهاتەوە پێش چاو، دەمگوت دەبێت چیان لەو ڕاسکۆیە کردبێت و چی لێ بکەن!

ناوزەنگ خەریکە بچێتە تاریکیەوە، غارغارێنەکەش درێژەی هەیە، گوێم لێیە دەڵێن: کاکە بڕۆ وازمان لێبێنە، ئێ چیت لێمان دەوێ؟!

دەنگی ڕاسکۆ بەرزتر و گریاناویتر دێتە گوێ: دێمەوە، دێمەوە بە ئالای سوورەوە دێمەوە، ئەوەتا ئالای سووری کۆمەنیزم لە سەر گردەکەی (گردیش) لە سەر مزگەوتەکەی(بەلاشاوە) دەچەقێنم و هەتا دنیا دنیایە دەبێت بشەکێتەوە..

لە بیرمە ئەو وشە گریاناویانەی ڕاسکۆ گریاندمیان هێزیان لێم بڕی، کەمێک پێشتر دەمویست بچمە لای و دەستی بگرم و ببیمەوە بۆ بارەگاکەی واحید، ئیدی نەمتوانی.. گردیش و بەلاشاوەکەی ڕاسکۆ هێزی بە پێوە

ڕاوەستانیان لێ وەرگرتمەوە، تا ئەو کات لە سەر بەردەکە ڕاوەستابووم و وەک میلی دەمژمێر دەخولامەوە، لەگەڵ ڕاسکۆ دەخولامەوە، ئەو تەوافی بارەگای دەکرد و منیش تەماشاچی.. ئەوانەی ئەوێ کەسیان لە واتای گردیش نەدەگەیشتن، بە چی بزانن، گردیش گوندێکە کەوتۆتەناو ئەو زوورگانەی ئەگەر لە سەر قەڵاتی هەولێرەوە ڕووە و ڕۆژهەڵات بڕوانی جوان دیارن، گردیش گوندی باوکی ڕاسکۆیە، گردیش ئەو گوندەیە کە لە بن عەردەکەی لە کونێک لە کونەکانی ئەو عەردە لە لایەن ئەو کوڕەی وا ڕاوی دەنێن، سەرمایەی مارکس خوێندراوەتەوە، بەلاشاوەش گەڕەکە لاچەپەکەی هەولێر ئەو گەڕەکەی ڕێک دەکەوتە سەر ئەو ڕێگایەی بۆ گردیش دەچوو، بەلاشاوە گەڕەکەکەی ڕاسکۆ، ئەو ڕاسکۆیەی لە حەوشەی ماڵێ و لە بن بەرمیلی ئاوێ کونێکی لێدابوو، زوو زوو بە خۆو کتێب و لایتەوە دەچووە ناوی و لە دنیا بزر دەبوو...

تەقەیەک بە ئاگای هێنامەوە، ئا، من لەوێ نەمابووم، بە ڕێی گردیشەوە گەیشتبوومەوە بەلاشاوە و لە دووی کونە فیرارەکەی ڕاسکۆ دەگەڕام، تەقەکە منی هەڵدایە سەر بەردێکی بەرزتر، بەردێک لە هاوینان و وەختی عەسران بەشێک لە باخەکەی ڕێبوار عەرەبی لە سێبەر دەگرت، ئەو دەمەی تەقەکە منی بە ئاگاهێنایەوە و هەڵیدامە سەر بەردی سەر باخەکە، ناوزەنگ خەریک بوو بچێتە تاریکیەوە، بەڵام هێشتا گابەرد و بەران لێک جیا دەکرانەوە، هێشتا بینایی ڕاسکۆی تێکەڵی پێشپێش و یۆ یۆ نەدەکرد.. گوێم لێبوو، گوتیان:

چ نیە هەر بۆ ترساندنیەتی..

لە دوای تەقەکە ڕاسکۆم دیت لەو پێچە دەسووڕایەوە کە ناوزەنگی دەگەیاندەوە زەلێ، ڕاسکۆ بزر بوو، ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، لە تاریکی بزر بوو، بەڵام دەنگی هەر دەهات، دیار بوو دروشمەکانی خۆی دەگوتەوە، دواتریش هەموو سەر لە ئێوارانێک گوێم لە هاواری ڕاسکۆ دەبوو، لە گوێی من دۆڵی ناوزەنگ بووە دۆڵی هاوار.، جارێک برادەرێک گوتی:

«گوێی خۆت لەو هاوارە بەتاڵ نەکەیتەوە، دڵنیابە سەر لە ئێوارەیەک شێت دەبیت و بە دەردەکەی نەجات دەچیت...»

پێدەچوو ماوەیەکی باش لە سەر بەردی گەورە بە هەڵتووتکاوی مابمەوە، لە بیرمە دەستێک ئێستا لە بیرم نییە کێ بوو، منی بردەوە ژوورێ، ئەوەشم لە بیرە ئەو شەوە خەوم لێنەکەت، هەر ئەو شەوە نا شەوی دواتریش، دواتر پێکەوتم کە ڕاسکۆ پەڕیوەتەوە ئێران، ڕاستی من سەرەتا وای بۆ چووم کە خۆی ڕادەستی حکومەت کردبێتەوە، ڕاسکۆ هەڵات و بێخەوی بە برژانگمەوە هەڵواسی، ڕاسکۆ هەڵات و هاوارێکی ترسناکی ڕژانده گوێی منەوە، ڕاسکۆ هەڵات و لە گێڕانەوەی سەرهاتەکانی ڕاسکۆلنیکۆف و ئەوانی دی کردم، ڕاسکۆ هەڵات و بۆنی گوڵاوی بەلاشاوەشی لەگەڵ خۆی برد، ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، ئەو کوڕەی ڕەنگە هەر کتێب ئەوەی بە سەرهێنابێت کە بەسەری هات، ڕاویان نا، هەڵات، هەڵات..

باش بوو کۆڵەپشتەکەی دکتۆر هۆشەنگ فریام کەوت، ئەو کۆڵەپشتەی لەوەتەی هەیە حەبی خەوی لێنەبڕاوە، ئەو دکتۆرە هەر بە حەب نا بە نیو بوتڵ عەرەقیش بە هانامەوە هات..

لە بیرمە ڕقم لە دونی ئارام هەستا، هاتەوە بیرم ئەوە سێیەم جارە هەر جارەی لە جێگەیەک دەست بە خوێندنەوەی بکەم هەر جارەی شتێک بووە هۆی ئەوەی دەسبەرداری بم، ئەوەشم لەبیرە گوتم:

ئیدی دونی ئارام ناخوێنمەوە.

دوای ئەوەی دنیای سیاسەت لە پڕدا سەرمەقوڵاتێکی خواردو هاتینەوە شار، برایەکی ڕاسکۆ هاتە لام و دەیویست ئەو کەسانە بناسێت کە ئەزیەتی براکەیان داوە، چاوی سوور و ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو لە تۆڵە، منیش سەرهاتی ڕاسکۆم لە نووکەوە وەک خۆی بۆی گێڕایەوە، بێجگە لە پەڕاندنی پێشپێش و یۆیۆ دێرێک چیە نەمپەڕاند، پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکات دیتم ڕەشی و سوورییەکەی تۆڵەی کاڵ ببوونەوە، دواتر بیستم ڕاسکۆ کتێبخانەیەکی کردووەتەوە، لە دڵی خۆم گوتم ڕەنگە ناوی لێنابێت کتێبخانەی زۆربا، یان ڕاسکۆلنیکۆف، کاتێ کتێبخانەکەیم دیتەوە، لە دوورەوە پیتە گەشەکانی (مەم و زین) لە چاو دەدرەوشانەوە، چاوم لە چاوی بڕی هێشتا...

ماکس شیلەر
فینۆمینۆلۆژی زانین و بەهاکان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئەدەبیات)

پێشەکی

چالاکییەکی زانستی و ئەکادیمیانە کە پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەڵمانیادا سەرنجی ڕاکێشاوە. جێگیربوونی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل بووە لەگەڵ ئەو کۆششەی کە بۆ جێبەجێ کردنی میتۆدەکەی کراوە. ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی لە بوار و کایە و مەیدانی سۆسیۆلۆژیدا. دەتوانین، پشت ئەستوور بە سەرچاوەکان، بڵێین فەیلەسووفی ناودار ماکس شیلەر بووە کە بەپێی ڕێباز و پەیڕەوێکی ئەکادیمیانە، سەرکەوتنیشی تێدا بەدەست هێناوە، ئەم ئەرکەی ڕاپەراندووە.

ماکس شیلەر (١٨٧٤- ١٩٢٨ز) لە ژیان و چالاکی ئەکادیمیانەیدا، دوای ئەوەی خوێندنی لەلای ڕۆدۆلف ئۆیکن تەواوکردووە، لە گۆڕەپانی فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژی- سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتیدا) و لە سۆسیۆلۆژی مەعریفە و تیۆری زانین و ئاکار و فەلسەفەی ئایین و کۆمەڵگەدا خامە ڕەنگینەکەی بەوپەڕی بڕشتی و پێزەوە چەندین بەرهەمی تۆمارکردووە. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان هۆسەرل (١٨٥٩- ١٩٣٨ز) یەکەم کەس بووە کە وەک ڕێبازێکی ڕێکوپێکی فەلسەفە فینۆمینۆلۆژی داهێناوە، ماکس شیلەریش یەکەم کەس بووە کە بەکردەوە ئەم ڕێبازەی جێبەجێ کردووە(١) و لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیدا بەکاری هێناوە، شاکاری «فۆرمالیزم لە ئاکاردا و ئاکاری مەتریالیستی بەهاکان» و «جەوهەر و فۆرمەکانی هەست و سۆز» و هەرسێک بەندی «سۆسیۆلۆژی و تیۆری جیهاندید ١٩٢٤ز» و چەند بەرهەمێکی تر، ڕاستی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست

دەکەنەوە.

١- ناوی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی Phanomenlogie کە لەوشەی لاتینی فینۆمێن Phanomen لە سەدەکانی ناوەڕاست کەوتۆتەوە و ئینجا لەلای کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) بەشێوە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهێنراوە. وشەکە خۆی واتا دیاردە و ئەوەی بەدەردەکەوێ و دەکەوێتە بەرچاو دەدات.

کانت ئەم چەمکەی بۆ تیۆری دیاردەکان بەکارهێناوە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی شت، شت لەخۆیدا لەو دیاردانەی کە دەربارەی شتەکە خۆی بەر هەستێک لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێ. بەم پێیە زانین وەک بابەت و پرۆسە دەکرێ بە سێ بەشەوە:

- کەرەسەکە کە بابەتی هەست پێ کردنەوە و لە دەوروبەرەوە بەرهەستێک لە هەستەکان دەکەوێ. ئەمە تەنیا دیاردە و کەرەسەی خاوە و لە بابەتەکان خۆیان دێت و دەکەوێتەوە.

- وێنەی زانینەکە بریتییە لە ڕێکخستنی کەرەسە خاوە هاتووەکە و ئینجا داڕشتنی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک. ئەم کارو چالاکییە بریتییە لەوەی وێنەیەک بە کەرەسە خاوە خۆشکراوەکە ببەخشرێ.

- لایەنی سێیەمی زانین چالاکی و پرۆسەی شت زانینەکە، کە وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە دەیانزانین.

ئەم تیۆری زانینەی کانت دوو لایەنی ڕوون و ئاشکرای لێدەکەوێتەوە کە توند و تۆڵ بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە، جگە لەوەی دووەمیان ئەنجامێکە لە یەکەمیان کەوتۆتەوە و تەواو کەریشیەتی:

یەکەم: توانای زانینی مرۆڤ ڕادەو سنووری هەیە و ناکرێ لەو ڕادە و سنوورە تێپەڕ بکات، خۆ ئەگەر تێپەڕی کرد، ئەوە دەکەوێتە نێو چاڵی هەڵە و سەر لێشێوان و وڕێنە کردنەوە. سنووورداری زانینی مرۆڤ ئەو مەبەستە دەردەخات کە ئێمە تەنیا دیاردە و ڕوخساری شت دەزانین کە بەهۆی هەستەکانەوە پێمان گەیشتووە. ڕاستێتی و هەقیقەتی شت، واتە شت لەخۆیدا Ding an sich چییە و چۆنە؟ هیچ کاتێک دەستمان پێی ناگات و نایزانین و بەنەزانراوی دەمێنێتەوە. لێرەوە دەکرێ بوترێ کە لە سروشتدا نە قانوون و یاسای سروشتی هەیە نە نەزم و سیستم و ڕێکوپێکی، بەڵکو قانوونەکانی سروشت و نەزم چەند چوارچێوەیەکی مێشکین مرۆڤ و مێشکی مرۆڤ خستوونیەتە نێو سروشتەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ خۆی وایە کە نەزم و قانوون نەک ئاژاوە و نارێکوپێکی بنەمای سروشتی ژیانن.

دووەم: ئەوەیە کە کانت ناوی شۆڕشەکەی کۆپەرنیکۆسی(٢) لێناوە. بەلای کانتەوە تاوەکو سەردەمی خۆی وا باو بووە کە دەبوو لەزانیندا مرۆڤ پابەندی ئەو دەوروبەرە بێت کە تێیدا دەژی و چالاکە. واتە وا دانراوە کە زانینی مرۆڤ و ئەو شتانەی دەیانزانێت پابەندی ئەو کەرەسە و بابەتانەی دەوروبەر بوون کە مرۆڤ لێیانەوە شتی زانیوە، بەڵام کانت کۆششی کردووە ئەم دەستەواژەیە بەرەواژۆ بکاتەوە بەوەی هەوڵی داوە، هەر نەبێ جارێک بۆ ئەوەی لەبابەتی زانین و میتافیزیکدا باشتر بەرەو پێش بچێ، وای دابنێ کە لەمەولا بابەتەکانی دەوروبەر کە سەرچاوەی زانین و پابەندی زانینی مرۆڤ بن.

٢- ئەم هەوڵەی کانت لەبواری تیۆری زانیندا ئەگەر شۆڕشیش نەبێ، ئەوە هەنگاوێکی بەرچاوە بەرەو پێش نراوە. هەنگاوەکەش بریتی بووە لە سوود وەرگرتن لە هەردوو ڕێبازی ئەزموونی و ژیرەکی پێکەوە. زانین ڕاستە بە وێنە و کەرەسە هەستیەکان دەست پێدەکات، بەڵام ئەم کەرەسە خاوە نابێتە مایەی دروست بوونی پەی بردنی هەستەکییانە، بەڵکو دەبێ چەند بیرۆکەیەکی پێشییانەی apriorie بخرێتە سەر، کە ئەو بە (چەمکەکان) ناوی بردوون وەک: بۆچوون، گەوهەر، هۆیەکی، شیاوەکی، ناچاری ئینجا کات و شوێن. ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی ژیری مرۆڤ و کەرەسە و هاوردە هەستییەکان پێکەوە دەبەستنەوە و ڕێکوپێکیان دەکەن و ئینجا ڕێگا بۆ بڕیار (حوکم) خۆش دەکەن. هەر ئەم چەمکانە کە ڕاستی بابەتیانە بەزانینی مرۆڤ دەبەخشن.

هەردووک لا هەست و ژیر بە یەکەوە ڕۆڵی ڕەنگ ڕشتنی ئەو بابەتە دەگێڕن کە بە زانین ناو دەبرێ و هەردووکیان بەبێ یەکتری نابن. جا بۆیە قسەکەی کانت دروستە کە وتوویەتی:

«بیرۆکەکان بەبێ ناوەرۆک بۆش و بەتاڵن، سەرنجدانەکانیش بەبێ چەمکەکان کوێر و نابینان». (٣)

کەوابوو، پشت ئەستوور بەو هەڵوێستەی کانت، **یەکەم:** زانین لە دوو ڕەگەز، لەدوو لایەن پێک دێت:

– کەرەسە (مادە)

– وێنە.

ئەم دابەشکردنە هەڵوێستی کانت دەردەخات کە پلەیەکی ناوەندی لەنێوان ڕابەرانی ڕێبازی ئەزموونی و ڕێبازی ژیرەکیدا گرتووە. بێ گومان ژیری مرۆڤ بەبێ کەرەسە و هاوردەکانی هەستەکان، ژیرێکی بێ ناوەرۆک و بەتاڵ دەبێت. ئینجا کەرەسە بەبێ بیروژیر نابێت و دەبێ وێنە چ بایەخێکی هەبێت ئەگەر کەرەسەیەک نەبێت ڕێکی بخات و دوا ڕوخساری پێ ببەخشێت. وێنە لەخۆیدا لەو پێوەندییانە بەولاوە نییە کە لایەنەکانی بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دوا فۆرمی پێدەبەخشێ. بۆ نموونە وێنەی مرۆڤێک ئەو پێوەندییەیە کە سەر و هەردوو دەست و مل و سینگ و قەد و باڵاو قاچەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

دووەم: بابەتی هەبوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر و نەزم و ڕێکوپێکی و قانوونە سروشتییەکان.

کاتێک بەشتێک دەگوترێ ڕاستەقینەیە، یان واقیعییە، ئەگەر بوونی هەست پێکراوی لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا هەبوو، سروشت و کۆمەڵگە و دەوروبەری مرۆڤ ڕاستە لە شوێن و کاتی دیاریکراودا هەن، بەڵام ئایا دەکرێ بە دڵنیاییەوە باسی شتێک بکرێ کە بوونی سەربەخۆی هەیە و بوونی بابەتی تر پشت ڕاست دەکاتەوە، کات و شوێن. ساغ کردنەوەی بوونی دەوروبەر توندوتۆڵ بەپشت ڕاستکردنەوەی بوونی کات و شوێنەوە بەندە. لێرەوە کێشەیەکی گرنگی تیۆری زانین دێتەکایەوە. کات و شوێن چین؟!

بەپێی بۆچوونی کانت شوێن و کات لەدوو وێنە بەولاوە نین. یەکەمیان سەر بەهێزی هەستە دەرەکییەکانە کە بریتیین لە پێنج هەستەکان. دووەمیشیان پێوەندی بەهێزی هەستی ناو ناخەوە هەیە، واتە بابەتێکی دەروونی (نەفسی)یە. ئەمەیە مەبەستی کانت کە وتوویەتی:

«کات و شوێن دوو سەرچاوەی شت زانینن.... ئەوان هەردووکیان فۆرم و ڕوخساری بێگەرد و ڕووتی سەرنجدانە هەستەکییەکانن» (٤). لەم بۆچوونەوە هیچ جۆرە بوونێکی سەربەخۆی کات و شوێن ساغ نابێتەوە.

پێشتریش بارکلی (١٦٨٥-١٧٥٣ز) وتبووی بوونی شتێک بەوە بەندە بە هەستێک لە هەستەکان بزانرێ و پەی پێ ببردرێ. باشە ئەگەر ئێمە پەی بەشتێک نەبەین، ئەو شتە بوونی دەبێ، یان نابێ؟!

سێیەم: هیچ گومان لەوەدا نییە کە زانینی مرۆڤ بەدوو سەرچاوە و بە دوو ئامراز دەکەوێتەوە:

– هەستەکان

– ژیر، یان تێگەیشتنی (فام) Verstand

لەبەرانبەر ئەم دوو ڕەنگییەشدا دەکرێ دەوروبەر، جیهانی دەرەوە، یان جیهانی نامن nicht- ich بەپێی ئەم بۆچوونە بکرێت بەدوو بەشەوە

– جیهانی دیاردەکان.

– جیهانی ڕاستەقینەی شت لەخۆیدا.

پشت ئەستوور بەوەی پێشتر وترا کە تاکە ئامرازی پێوەندی نێوان ئێمەو دەوروبەر هەستەکان بن و هەردوو چەمکی کات و شوێنیش لەوێنەیەکی هەستەکان (بە هەردوو جۆریانەوە) بەولاوە نەبن دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ بە ڕاشکاوی بڵێت:

– جیهان و دەوروبەرێکی ڕاستەقینەی سەربەخۆ هەیە و بوونەکەی لەسەر ئێمە پەکی نەکەوتووە کە دەکرێ پێی بوترێ جیهانی شت لەخۆیدا. هۆکاری ئەو دیاردە و بۆچوون و وێنانەیە ئێمە بەهۆی هەستەکانمانەوە دەیانزانین، بەڵام ئەم جیهانە لەخۆیدا چییە و چۆنە؟ هەرگیز لە توانای مرۆڤدا نییە شتێکی ڕاستەقینەی لێ بزانێ. هەوڵدان بۆ زانینی ئەم جیهانی شتە لە خۆیدا سەرناکەوێ و هەر لەمێژەوە بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەو سیستمە جۆر بەجۆرە نازانستییانە کە میتافیزیکیان پێ وتراوە.

– ئێمە شتەکان چۆنن نایانزانین، بەڵکو ئەوەی لەتوانامانداە هەیە بیزانین و دەیزانین تەنیا دیاردەی شتەکانە، واتە شتەکانن بەو شێوەیەی بۆمان بەدیاردەکەون، بەڵام شتەکان لەخۆیاندا بە نەزانراوی وەک گرێ کوێرەیەک دەمێننەوە.

– هەوڵدان بۆ ساغ کردنەوەی بوونی شت لەخۆیدا کە دەکرێ بە جیهانی دەوروبەریش ناو ببرێ، یان کۆشش کردن بۆ ساغ کردنەوەی نەبوونی ئەم جیهانە، هەردووکیان وەک یەک بایەخێکی زانستییان نییە، چونکە هەوڵ و کۆششەکە لە پەنابردنە بەر چالاکی هەستەکان و ئەزموون

Erfahrung (کە بە عەرەبی- خبرة-ی پێدەگوترێ) بەدەر نییە. ئەم ئەزموونەش خۆی بەچەند هەلومەرجێک پشت ئەستوورە(٥)، دەکرێ ئەم مەرج و تایبەتمەندییانەی بزانرێن و باس بکرێن، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناکرێ و لەتوانادا نییە بەهۆی ئەزموونەکە خۆی ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە، چونکە ئەوان مەرجی بوونی ئەزموونەکەن.

فینۆمینۆلۆژی زانین

هۆسەرل دامەزرێنەری ڕێبازی فینۆمینۆلۆژییە، ئەو بەواتاو شێوەیەکی تری جیاواز ئەم وشەیەی بۆ ناولێنانی ڕێبازەکەی هەڵبژاردووە و بەکاری هێناوە. بەلایەوە فینۆمینۆلۆژی ڕێباز و تیۆری جەوهەرە، ڕێباز و تیۆری واتاو دەلالەتی شتەکانە، بەو پێیە بوونە تاکییە ڕیالیستییەکەیان کە تەنیا فۆرمێکی دیاردەییە، بخرێتە نێو دووکەوانەوە و جیابکرێتەوە. لێرەدا پەنا دەبرێتە بەر هۆش و ئاگای مرۆڤ Bewusst sein. ئەم پەنابردنە بەرهۆش و ئەزموونە ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لەکاتی توێژینەوەدا دەستبەرداری هەڵکەوت و دەوروبەر و واقیع بێت، بەو نیازەی هاوردە ڕاستەوخۆیەکی هۆش و ئاگا (شعور) شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی واقیع بەوپەڕی بێگەردی و ڕوونی و ئاشکرایی پەی پێ ببردرێ و ئینجا جەوهەر و چییەتی ڕاستەقینە، بابەتی ئەم هۆش و ئەزموونە بەدەست بهێنرێ، بابەتی ئەم ئەزموونە (ئەم خبرەیە) پێی دەگوترێ دیاردە واتە فینۆمین و لێرەوە ناوەکە کەوتۆتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لایەنگیرێکی ئەم ڕێبازە پەی بە بوونەوەرێک بەرێت بەپێی ڕێباز و میتۆدی ئەم تیۆرییە، دەبێ بایەخ بە چالاکی و کاری پەی پێ بردنەکە خۆی بدرێت، ئەوکاتە ڕاستەوخۆ پەی بردن و تێبینی کردنی بابەتەکە کە پێشییانە بووە لەگەڵ چییەتی و پوختەی ناوەرۆکی هۆش دەکرێن بەبابەتی توێژینەوە و لایەنەکانی تری پشتگوێ(٦) دەخرێن. ئەگەر بێتو تیۆری ئامانجەکی Intention بخرێتە سەر ئەم لایەنە و لەبەرچاو بگیرێ، وێنەیەکی ڕێکوپێکی ئەم ڕێبازە دەستگیر دەبێت.

فرەنتس برێنتانو (١٨٣٨- ١٩١٧ز) کە هۆسەرل لە نەمسا گوێی لە وانەکانی گرتووە لە دوو بابەت سوودی لێ وەرگرتووە:

یەکەم: دیاردە دەروونییەکان لە دیاردە سروشتییە (فیزیکییەکان)«٧» جیاوازن.

دووەم: ئامانجەکی هەست و هۆش و ئاگا. واتە پێوەندی دەستیاوی نێوان هۆش و ناوەرۆک و بابەتەکەی.

کە مرۆڤ دەڵێ هەست، سۆز، هۆش، ئاگا، هەریەکێک لەمانە بابەت و ناوەرۆکی دیار و تایبەتی خۆی هەیە. هەست بەرانبەر بەچی؟! مرۆڤ لەچی هوشیارە و ئاگای لەچییە؟ هیچ پرۆسەیەکی هۆش و ئاگا بەبێ بابەت و ناوەرۆک نابێت. ئەو ناوەرۆکەش ئەگەر جۆرە پەی بردنێکی ناخ و ناوەکی بوو، پێوەندی بەزانستی دەروونەوە دەبێ. دەبێ بەبابەتی ڕەوانشناسی (سایکۆلۆژی) بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پەی بردنەکە، دەرک کردنەکە دەرەکی بوو ئەوە بابەتی فیزیک، زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی)..تاد. کە باسی هەست و هۆش و بۆچوون و بڕیاردان و حەز کردن و خۆشەویستی دەکرێت هیچ کامێک لەم چالاکییانە بەبێ بابەت و ناوەرۆک نابن، لە بۆچووندا شتێک هەیە کە وێنا کراوە. لە بڕیارداندا دەربارەی شتێک و بابەتێک بڕیار دەدرێت، حەزکردن و خۆشەویستیش بەبێ بابەتێک، شتێک، کەسێک نابێت کە ئەم چالاکییە دەیگرێتەوە. کەوابوو ئامانجەکی بریتییە لە جۆرە پێوەندییەک بە بابەتێکەوە کە ناوەرۆکی چالاکییەکەیە لەم کەشوهەوا هزرییەدا ماکس شیلەر دەستبەکاربووە و پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی گرتووەتە بەر و باسکردن و شرۆڤەکردنی دیاردەکانی ژیان و زانین و کۆمەڵگەی گرتووەتە ئەستۆ.

جۆرەکانی زانین

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەرهەمەکانی شیلەر بدرێت، دەردەکەوێ کە پشت ئەستوور بە میتۆد و ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی، ئەم بابەتانەی بە بەتێروتەسەلی گرتووەتەوە: کێشە و بابەتی تیۆری زانین، ئاکار، سۆسیۆلۆژی زانین، ئەنترۆپۆلۆژی«٨»...تاد.

قسەکردن لە بابەتی زانین، ئەوەندەی پێوەندی بەم ڕێبازەوە هەیە، چەند خاڵێکی لێدەکەوێتەوە کە لە یەکتری جیاناکرێنەوە و ناشکرێ وەک بنەمایەک پشتیان پێ نەبەسترێ بۆ نموونە:

- جیاکردنەوەی کارو چالاکی زانین لەو بابەتەوە کەرەسەیەی کە دەیزانی.

- ڕۆڵی خودی مرۆڤ لەو پرۆسەی زانینەدا(٩)

- جگە لەوەی کە ژیر هێزێکی ڕێکخەر و پەیوەستی نێوان بابەتە هاوردەکانی پەی بردنی هەستەکییانەیە، هێزی زانین و پەی بردنی بەگوهەر و چییەتی شتەکانیش هەیە.

- هۆش لێرەدا دەبێ بەخودی توێژەرەوە و بابەتی توێژینەوەکە، بۆیە دەکرێ ئەمە بە هەنگاوێک دابنرێت بەرەو وەلانانی جیاوازی نێوان ئەو ململانێیە مێژوویی‌یەی کە لەنێوان ڕێبازی ئایدیالیزم کە بەپلەی یەکەم بایەخی بەخودی مرۆڤ داوە، لەگەڵ ڕێبازی ڕیالیزم کە بایەخی بەبابەتی زانینەکە داوە و لایەنی خودی مرۆڤ بە پلەی دووەم داناوە، دابنرێ، بەم پێیە خود و بابەت دەبن بە دوو لایەنی توندوتۆڵ و بەیەکەوە بەستراو و یەکتری تەواوکار کە ئەویش هەست و هۆشی شت زان و بابەتی زانراوە.

زانین پرۆسەیەکی ورد و ئاڵۆزە، بەچەند قۆناخێکدا تێدەپەڕێ تاوەکو خەت و خاڵ دەدا و دوا ڕوخسار و فۆرمی پێدەبڕێ. هەروەها چەند جۆرێکی لەیەکتری جیاوازی هەیە. ئەم جۆر و جیاوازییەش بەپێی ئەو بابەت و ئامراز و میتۆد و ڕێبازە کە بەکاردەهێنی و پەیڕەو دەکرێ دیار و دەستنیشان دەکرێت. بەتێکڕایی دەکرێ چوار جۆری زانین باس بکرێت:

یەکەم: زانینی بڕوا و ئایین: ئەمەش پەنا دەباتە بەر سرووش (وەحی) بۆ گەیشتنە ئەنجام. (ئەمە لێرەدا بابەتی ئێمە نییە، بۆیە پتر باسی لێوە ناکەین).

دووەم: زانستی زانستییانە: ئەم جۆرە پەنا دەباتە بەر میتۆد و ڕێبازی زانستییانە وەک ئیندەکشن (زانستە ئەزموونییەکان) و دیدەکشن (زانستە بیرکارییەکان).

لە یەکەمیاندا زانست لە نموونەی بچووک و هەندەکییەوە دەست پێدەکات و پلە بەپلە و هەنگاو دوای هەنگاو دەگاتە قانوون و بنەمایەکی گشتی کە دەشێ بەسەر نموونە تاک و هەندەکییەکاندا (الجزئي) بگونجێ و جێبەجێ بکرێت. لێرەدا ڕادەی زانینەکە ڕێ تێچوون دەبێ و بڕ دەکات تا ئەوکاتەی نموونەی تر ڕاستییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

لەدووەمیاندا دیدەکشن، بەپێچەوانەوە توێژەرەوە لە بنەما و یاسایەکی گشتی هەمەکییەوە (کلي) هەوڵدەدات بەرەو تاک و نموونە بچووکەکان بێتە خوارەوە. ئەمە پەیڕەوی هەردوو زانستی بیرکاری و ئەندازەییە و ڕاستی و دروستییەکەی لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا گومان هەڵنەگرن. زانینی زانستییانە کارەکتەر و تایبەتمەندییەکی ڕووتی ئەبستراکتییانەی هەیە. ئەو بابەتەی لێوەی دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێ ڕاستەقینە زانستییەکان Die Wissenschaftliche Tatsache ئەم بابەتە بەپێچەوانەی ڕاستەقینە سروشتییەکانەوەیە کە بابەتی زانینی هەست و هەستەکییە.

لە پرۆسەی زانینی زانستییانەدا میتۆدی تایبەتی بۆ توێژینەوە و توێ توێ کردنی بابەتی ڕاستەقینە زانستییەکە دەگرێتەبەر. لەپێشەوە بابەتەکە لە کەرەسەی ڕاستەقینەی سروشتی جیادەکرێتەوە بەوەی وردە وردە ڕووت و پەتی و ئەبستراکت دەکرێت. شت و بابەت و ڕووداوەکان لە بەرگی ماددە دادەماڵرێن و دەکرێن بە چەند چەمکێک کە پتر لە بوونەوەرێکی (کەرەسەیەکی) هزری دەچن و لێیانەوە چەند بنەمایەک دەکەوێنرێتەوە. بەم پێیە هزری زانستی لە پرۆسەی زانینی زانستییانەدا هەڵسوکەوت Operieren لەگەڵ چەندین سیمبۆلی ڕووتی ڕۆنراوی هزریدا«١١» دەکات تا دەگاتە ئەو پلەیەی وێنەیەکی ڕێکوپێک لەسەر شێوەی تابلۆیەکی ڕەنگین دەربارەی جیهان دەداتە دەست کە وێنەی جیهانی پێدەگوترێ Weltbild کۆششە زانستییەکەی ئەینشتاین کە بەتیۆری تایبەتی و گشتی ڕێژەیی دادەنرێت سەرکەوتووترین نموونەی ئەو وێنە زانستییانەیەی جیهانی دەوروبەرە سەرەڕای تێبینی کردن بریتییە لە چەندین تیۆری و قانوون و چەمکێکی تیۆرییانە کە سیمبۆل ئاسا لە چالاکی زانستیدا پشتیان پێدەبەسترێ.

سێیەم: زانینی میتافیزیکیانە

لەم بوارەدا بابەت و میتۆد و ئەنجام و دوا وێنەی کێشراوی چالاکییەکە لەهی زانست جیاوازن.

کەرەسەی هاوردە لەلایەن هەستەکانەوە و ڕاستەقینە سروشتییەکان کە لە شتەکانی جیهانی دەوروبەرەوە کەوتوونەتەوە، ئەو زانینەی لە ڕێگای هەستەکانەوە دەستگیربوون دوای ئەوەی بەهۆی ژیرەوە مشتومڵ دەکرێت و دەخرێتە نێو چوارچێوەی تایبەتی دیاریکراوەوە، پەیدا دەبێت. ئەم زانینە کە وەک تابلۆیەکی هونەرمەندی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا

نەخشاوە، پێی دەگوترێ جیهاندیدی Wel-tanschauuny. ئەم جیهاندیدەییە کە خەسڵەتێکی میتافیزیکی هەیە لەهی زانست جیاوازە بەوەی زانینی زانستی تەنیا دەربارەی دیاردەیەکە، دەربارەی بەشێکی بچووکی ڕاستەقینە و دیاردە زانستییەکانە، بەڵام ئەم زانینە میتافیزیکییە هەمەکی و سەرتاپاگیرە، لە پرۆسەی زانینی میتافیزیکیدا کۆشش ناکرێت ئەم شتە تاکە، یان ئەوی تریان لێک بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت، بەڵکو هەوڵ دەدرێت لەچوارچێوەیەکی گشتی هەمەکیدا هەموو شتەکان لێک بدرێنەوە و شرۆڤە بکرێن، یان هەوڵ دەدرێت لێکدانەوەیەکی سەرتاپاگیر بۆ تێکڕای شتەکان بەگشتی ڕەنگ بڕێژدرێ. مەبەست ئەوە نییە سروشت و جەوهەر و چییەتی (ماهیة)ی هەندێک شت، بەڵکو ئەوەیە سروشتی هەموو شتەکان بەگشتی بزانرێت و لێک بدرێتەوە. لەم هەوڵ و کۆششەدا تەنیا بایەخ بە کات و شوێنی تایبەتی دیاریکراو نادرێت، بەڵکو هەموو شوێن بەگشتی و هەموو کات بەتێکڕایی، هۆکاری دوور و سەرەکی قەومانی شت بەگشتی نەک تاکە هۆکار و هۆی نزیک«١٢»، لەبەرچاو دەگیرێن. سروشتی بنەڕەتی ڕاستەقینە و دوا هۆکاری قەومانی شتەکان بەگشتی ئەوەن کە بایەخیان پێدەدرێت. بۆ نموونە شیلەر هەوڵی نەداوە تایبەتمەندێتی تاکەکەسان بزانێت، بەڵکو ویستوویەتی و پرسیویەتی «مرۆڤ چییە؟» بەمە مەبەستی مرۆڤ بەگشتی بووە نەک ئەم و ئەو.

چوارەم: زانینی جەوهەری شتەکان«١٣»

ئەم جۆرە زانینە بنەمای تیۆری زانینی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژییە کە ئەوان وشەی Die Wesensschan بەرانبەر بە جۆرە سەرنجدان و وردبوونەوە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیان بەکاردێنن کە بەڕاستەقینەی بێگەرد، یان بە ڕاستەقینەی فینۆمینۆلۆژی ناو دەبەن. لەم پرۆسەیەدا بایەخ بەو دەستەواژانە نادرێت کە بابەت و کەرەسەکانی دەوروبەر دەردەبڕن و هەروەها سەرگەرمی توێژینەوەی گێڕاندنەوەی ئەم دەستەواژانە نین بۆ سەر چەند دەستەواژەیەک کە ناوەرۆکی هەستەکان دەربڕن و بیکەن بەبابەتی توێژینەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەن (فینۆمێنۆلۆژیستەکان) جۆرە جیاوازەکانی ئەزموونە هزری و هۆشییەکان Erlebnisse شی بکەنەوە و لە دواییدا بنیادە ئامانجەکەی شرۆڤە بکەن. ئەم پرۆسەی زانینە لەلای ئەم ڕێبازە بەسێ قۆناغی جیاواز و سەربەخۆ، بەڵام توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراودا تێدەپەڕێ تاوەکو دەگاتە ئامانج.

یەکەم: بڕیارنەدان، یان هەڵپەساردنی بڕیار (حوکم نەدان) لەم قۆناغەدا وشەی لاتینی ئێپۆخێ«١٤» بەکاردەهێنرێ Epoche و هەموو بابەتەکان دەخرێنە نێو دوو کەوانەوە بەبێ ئەوە بە ئەرێ، یان نەرێ هیچ بڕیار و حوکمێک لە بارەیانەوە بدرێت. ئەم بنەمایە لەخۆیدا دوو لایەنی هەیە:

- لایەنێکی ئەرێ و لەبار تێیدا داوا دەکرێ کە ڕاستەوخۆ ڕوو لە شتەکان خۆیان بکرێت«١٥» واتە بایەخدان تەنیا بەو بابەت و کەرەسەیەی کە بە ئاشکرا لەهۆش و ئاگای توێژەرەوەدا دەردەکەون، بەتایبەتی ئەو جەوهەر و سروشت و چییەتییە نەگۆڕانەی بە سەرنجدانێکی تایبەتی پەیان پێدەبردرێت.

- لایەنێکی نەرێ و نالەبار. لەم پرۆسەیەدا داوا دەکرێ مرۆڤی توێژەرەوە خۆی لەهەموو بیروبۆچوون و بڕیارێکی پێشتر ڕزگار بکات. ئینجا ژیر یەکسەر بوونی شتەکان بخاتە نێو دووکەوانەوە بۆ ئەوەی سەرنجدان و تێفکرینی ڕاستەوخۆ ئاراستەی تایبەتمەندی و خەسڵەتی جەوهەری شتەکان بکات، وەک چۆن لە هۆش و ئاگادا دەرکەوتوون. بۆ نموونە بوونی ئەو شتانەی لەدەوروبەری مرۆڤدا هەن بە خودی مرۆڤ خۆیەوە دەخرێنە ناو کەوانەوە و هیچ بڕیارێک لە بارەیانەوە نادرێ، بەڵکو توێژەر بە هەموو توانایەکی ژیرییەوە بایەخ بە ناوەرۆکی هۆش و ئەزموونەکەی دەدات، واتە ئەو چالاکییەی وەک دیاردەیەکی بێگەرد«١٦» شتەکە و کەرەسەکەی وێنا کردووە.

دووەم: بەلایەکدا خستنی جیاوازی نێوان خۆ و بابەت«١٧»:

وەک باوە لە تیۆری زانیندا بەپێی ڕێبازەکە لایەک لەم دوولایەنە بایەخی پێدەدرێت و دەخرێتە سەر ئەوی تریان. هەندێک وەک بارکلی لە پرۆسەی شت زانیندا ڕۆڵی گرنگ و سەرەکییان داوەتە خۆ و خودی مرۆڤ، هەندێکی تر بە لایانەوە بابەت، دەوروبەر خۆی بنەمایە و خود لە ئامرازێکی وەرگر بەولاوە نییە. هۆسەرل و ماکس شیلەر بەم جۆرە پێوەندی نێوان بابەت و خودی مرۆڤیان چارەسەر کردووە: هۆش و ئاگا تەوژمێکی نەپساوەیە،

لەناوەرۆک و ڕوخساردا ئەو خۆیەیە کە شت دەزانێ، لەهەمان کاتیشدا ئەو بابەت و کەرەسە و ناوەرۆکەیە کە دەزانرێ و دەبێتە بابەتی زانین، بۆیە هەردووکیان وەک دوو تای یەک تەرازوو بەرانبەرن و بەم پێیە جیاوازی لەنێوان خود و بابەتدا نامێنێ. هۆش، ئاگا لە ڕوخسار و ناورۆک پێک هاتووە، یەکەمیان بەنۆئیسێ noese دووەمیان بە نوئیما noema ناودەبرێت«١٨». ئەم دوو وشە لاتینە کە یەکەمیان واتای بیروهزر و زانین و هەست پێکردن دەدات و ئەوی تریان ئاماژەیە بۆ بابەتی مادەی کە جۆرە درێژبوونەوەیەکی هەیە و دەکرێ بوترێ ئەوەی لە هزریدا وێنا کراوە و بە خەیاڵدا هاتووە، هەڵوێستی دیکارت دێنێتەوە یاد کە باسی: بیرو کەرەسەی کردبوو هەریەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆشی پێبەخشی بوون. نۆئیسێ ڕوخسارێکی فەرمی ژیرە، کەرەسەیەکی بێگەردی ئامانجەکی ئەو ئەزموونەیە کە مرۆڤ بە هزر و هەست لە ژیانیدا پێیدا تێدەپەڕێ، کە بە ئەڵمانی ئەو ئەزموونە بە Erlebnis زانراوە. وشەی نۆئیما ناوەرۆکێکی هزری ئیدیالی نۆئیسێیە. هەردووکیان پێکەوە دوو بابەتی توند و تۆڵ بەیەکەوە بەستراو و تەواوکەری تەوژمی هۆش و ئاگان و ئەو کەرەسەیەن کە فینۆمینۆلۆژی لێوەیان دەکۆڵێتەوە.

سێیەم: شرۆڤەکردن.

ئەم لایەنە بەگێڕاندنەوە، گەڕانەوە «بۆ سەر شتەکان» ناودەبرێت، بەڵام لێرەدا «شت» بە مەبەستێکی تر بەکارهاتووە. شت مەبەست لە ناوەرۆکی هۆش و ئاگایە، یان مەبەست لەو بابەتەیە کە ڕاستەوخۆ لە هۆشدایە. کە دەبێ وەک کەرەسەیەک بەشێوازی فینۆمینۆلۆژییانە شرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە مرۆڤ چاوی دەکاتەوە دارسێوێک دەبینێ، بەهیچ جۆرێک بایەخ بە دارسێوەکە نادات و بیر لەوە ناکاتەوە کە خۆشی وەک بوونەوەر (گەوهەرێکی) فیزیکی- سایکۆلۆژی بوونی هەیە یان نا، بەڵکو شێواز و میتۆدی شرۆڤەکردنی فینۆمینۆلۆژییانە بەو جۆرەیە کە دەبێ مرۆڤ بە تەواوەتی بابەخ بەو ئەزموونە هزری و هۆشییە بدات کە دەربارەی دارسێوەکە هەیەتی«١٩»، واتە بەوپەڕی هزر و بیر تۆکمەییەوە ڕوو بکاتە چالاکی و پرۆسەی وێناکردنی دارسێوەکە کە دیاردەیەکی (فینۆمێنی) بێگەردە و ئەرکی فینۆمێنۆلۆژی ئەوەیە کە پەردە لەسەر بنەما بنیادییەکانی ئەزموونە هزری و هۆشییەکە لابدرێت.

مرۆڤ و بەهاو کۆمەڵگە

ماکس شیلەر لەبەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخی بەمرۆڤ و بەهاکان و کۆمەڵگە داوە و دەکرێ بە دامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆژی فینۆمینۆلۆژییانە دابنرێت- لە شاکاری «مەڵبەندی مرۆڤ لە گەردووندا» بە تێروتەسەلی شرۆڤەی ئەم پرسیارەی کردووە:

مرۆڤ چییە؟! ئەم پرسیارە لە بەرهەمەکانی ڕابەرانی ئەم ڕێبازەدا پرسیاری جەوهەری فینۆمینۆلۆژی دانراوە. بە باوەڕی شیلەر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ناکرێ مرۆڤ لەگەڵ زیندەوەر و ڕووەکدا بەراورد بکرێت، چونکە مرۆڤ:

- بوونەوەرێکی جیهانییە Weltoffenheit
- زمانی هەیە کە پێی دەئاخڤێ.
- بیردەکاتەوە«٢٠» و ڕادەمێنێ و تێدەفکرێ Re-flexivitat
- جگە لە ژیر دڵیشی هەیە. ئەوی کەسایەتی مرۆڤ لەژیاندا دەنوێنێ تەنیا هەر ئەوە نییە کە شت دەزانێ و تێدەگات، بەڵکو ئەوەیە کە «خۆشی دەوێ» و خۆشەویستی کەسایەتییەکەی دیاری دەکات.
- مرۆڤ چەند بەهای هەیە کە لەژیانیدا ڕێ نیشاندەرن.

لەچوارچێوەی وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو «مرۆڤ چییە» بەلای شیلەرەوە سێ وەڵام لەبەردەستدان:

یەکەم: وەڵامی تەورات.

دووەم: ئەنترۆپۆلۆژی یۆنانی- ئەنتیک

سێیەم: تیۆری پەرەسەندنی چارلس داروین«٢١».

ئەم سێ وەڵامە بەسێ جۆر مرۆڤیان وێناکردووە کە هەریەکە بەپێی قۆناغ و سەردەم و شوێن جیاوازە و بڕواو ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو دەردەبڕێ.

لە تەوراتدا باسی ئەوە کراوە کە بوونەوەرێکی ترانسندنتالی کە ئەو بە (ڕەبی مووسا) ناوی بردووە یەکەم بوونەوەری بەناوی ئادەمەوە داهێناوە (خەلق) کردووە. ئەم بوونەوەرە لە ژیانیدا هەڵەیەکی گەورەی کردووە بەوەی سەرپێچی لە فرمانی داهێنەرەکەی کردووە و لەبەری درەختی زانینی خواردووە، بۆیە خۆی و نەوەکانی دوای ئەو و تا ئەمڕۆش گوناهبارن، ئەرکی

سەرشانی مرۆڤ ئەوەیە کە هەمیشە ئەم هەڵەیەی لەبەرچاو بێت و هەوڵ بدات باجی هەڵەیەک بدات کە خۆی نەیکردووە! داهێنان (خەلق) و گوناه و ئۆباڵی سەرشان دیارترین خاڵی ئەم جیهاندیدەی تەوراتن دەربارەی مرۆڤ.

لە ئەنترۆپۆلۆژی یۆنان- ئەنتیکدا، بەتایبەتی لەلای ئەرستۆتالس مرۆڤ بەوە پێناسە کراوە کە بوونەوەرێکی ژیرە. ئەم ژیرییەی لە زیندەوەرانی تر جیای کردووەتەوە. لەم جیهاندیدەدا جۆرە بەراوردکردنێک هەیە کە زیندەوەر و مرۆڤ دەگرێتەوە و خۆیشی بریتییە لە زنجیرەیەکی سێ ئاڵقەیی کە لە ڕووەک و زیندەوەر و مرۆڤ پێک هاتووە.

لە جیهاندیدی تیۆری پەرەسەندندا مرۆڤ وەک بوونەوەر بەزنجیرەیەک قۆناغی پەرەسەندندا تێپەڕیوە تاوەکو ئەو دۆخ و وێنەیەی ئێستای پێ بڕاوە. بابەتەکە بریتییە لە زنجیرەیەکی ئاڵقە بەیەکەوە گرێدراوی پەرەسەندن و بەرەو پێش چوون تاوەکو لەلای مرۆڤ کۆتایی هاتووە. بەلای شیلەرەوە هیچ کامێک لەم سێ جیهاندیدییە نیشانەیان نەپێکاوە، وێنە و بۆچوونێکی پوخت و دروستی مرۆڤیان نەداوەتە دەست. مرۆڤ خۆی لەخۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ کۆمەڵگەی بچووک (خێزان) و بەبێ کۆمەڵگەی گەورە ژیانی ئاسان نابێت، من بەبێ تۆ، خۆم بەبێ ئەوانی تر ناگونجێ و لەکردن نایەت و تەنانەت هزر و بیری مرۆڤیش ناتوانی «منی بۆ تۆ» وێنا بکات کە مرۆڤ دەڵێ من، یەکسەر ئەوەش لەگەڵیدا دێت کە «هیچ منێک بەبێ ئێمە بوونی نییە»«٢٢» هۆشیاری و ئاگای خۆیەتی بەهیچ جۆرێک ناکرێ و لەتوانادا نییە لە هوشیاری کۆ و بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی دابڕدرێ، هەروەها ئاشکراشە کە مرۆڤ سەرنجی خۆی و ناخی خۆی دەدات، وەک ئەوە وایە سەرنجی کەس و شتێکی تر بدات، بۆیە بیرۆکەی «ئەوانی تر» وشەی «تۆ» هەمیشە بەشێکە لە بەشە جەوهەرییەکانی ئەو هۆش و ئاگایەی ئێمە دەربارەی خۆمان هەمانە. «ئەوانی تر» بەهیچ جۆرێک کەرەسە و بابەت بگرە وەک من جەوهەرە.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی مرۆڤ ڕاستە چەندین لایەن و پێداویستی بیۆلۆژی هەیە کە لە خانەی زیندەوەرەکانی تر نزیکی دەکەنەوە، بەڵام ئەو لەخۆیدا ژیر و فام و هۆشی هەیە، بیردەکاتەوە و بگرە هەست و سۆز و خۆشەویستی و خواست و بەهاشی هەیە.

ئەوی کەسایەتی مرۆڤ لە بەرانبەر بوونەوەر و زیندەوەرەکانی تردا ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە و ئەوەی کەسایەتی مرۆڤ لە چاو جەوهەرە زیندووەکانی تردا دیار و دەستنیشان دەکات ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە توانای هەیە زانینی میتافیزیکیانە لە بارەی خودی خۆی و لە بارەی پلەوپایە و مەڵبەندەکەی لە گەردووندا بە دەست بهێنێ، جگە لەوەی کە گیان و Geist چەندین بەهای هەیە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا:

بەهاکان چین و چۆن دەکرێ مرۆڤ تێیان بگات؟ هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە پشت ڕاستکردنەوەی بوونی سیستمێکی ئاکار کە ڕێ و شوێن بۆ کردار و ڕەوشت دابنێ توندوتۆڵ بە بوونی کایە و دەڤەری بەهاکانەوە بەندە.

بەهاکان بەسەر دوو بوار و چوار جۆردا دابەش دەکرێن:

یەکەم: ئەو بەهایانەی بابەتی زانستی بەهاکانن بەگشتی کە بە لاتینی Axiologie پێدەگوترێ.

دووەم: بابەتەکانی تیۆری بەها (مەنتیق، ئاکار، جواناسی- ئێستێتیکا). وەک چاکەکاری، بەدکاری، خانەدان، ڕاستی جوان، دزێو، پایەبەرز، شکۆ...تاد.

بەهاکان چەند چەمکێکن بەهۆی وشەی: چاکە و چاکەکاری و بەدکاری، خانەدان، پایەبەرز، شکۆ دیار و دەستنیشان دەکرێن. بەهاکان بەپێی ناوەرۆک و بابەتەکەیان دەگۆڕێن و خۆیان لەخۆیاندا چەند دیاردەیەکی بنەڕەتین. Urphanomene لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بەپێی هەلومەرج و دیاردە فرە ڕەنگییەکانی ژیان و کۆمەڵ بەهای جیاواز هەیە کە بەپێی پلەو پایەیان دەکرێ بەم جۆرە دابەش بکرێن:

یەکەم: بەها ئاینییەکان: پیرۆز، تابۆ... تاد

دووەم: بەها گیانییەکان وەک: داد،نادادی، جوان، دزێو.

سێیەم: بەها ئاکارییەکان (هەستەکییەکان)«٢٤» وەک: پەسند و ناپەسند...تاد.

چوارەم: بەها زیندووەکان Vital، یان بەهاکانی ژیان؛ وەک: پایەبەرز، شکۆمەند، ساکار، سووک و چرووک، بەختەوەری، لەش ساغی، بەهاکانی شت زانین و قانوون و هونەر...تاد.

ئەم جۆرە بەهایانە هەندێک ڕاستەوخۆ پێوەندییان

بەخودی مرۆڤەوە هەیە کە دەکرێ بەهای کەسایەتییان پێ بوترێ و هەندێکی تریان توندوتۆڵ بەشت و مـــەکی دەوروبەرەوە گرێدراون، ئەمانە چەند بەهایەکی شمەکین. بۆ نموونە بەهای خانەدان و شکۆمەند دەدرێتە پاڵ مرۆڤ، ئەوانەش کە پێوەندییان بەو شتانەوە هەیە کە دەخوازین و دڵ دەیانگرێت بە چەند بەهایەکی شـمـەکی ناودەبرێن. بایەخی بەهایەک کاتێک دەردەکەوێ تاچەندە درێژخایەن و بەردەوام دەبێت و ئایا خـــۆی لەخـــۆیدا وەک بەها سەربەخۆیە، یان پشـتی بە بەهایەکی تر بەسـتـووە بۆ ئەوەی بەهابێت.

لە سۆنگەی فینۆمینۆلۆژی بەهاکانەوە شیلەر سەرنجی کۆمەڵگە و دیاردەکانی داوە و هەوڵی داوە پێشـیـیـانە apriorie جەوهەری پێکهاتە و بنیادە کۆمەڵایەتییەکان بزانێ و تێ بگات و شرۆڤەی بکات.

شـــیلەر بەپێی ئەو ڕەوش و دۆخ و هەلومـــەرجـــەی سەردەمی خۆی بیروبۆچوونەکانی دارشتووە. لەو باوەڕەدا بووە کە جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان فۆرم و ڕوخسارەکانی زانین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە بۆیە وای بۆ چووە کـــە هزر و بیـــروبۆچوون ئەو هێـــز و فـاکـتـەرەیە کـە بەشـێـوازێکی بنەڕەتیـیـانە ناوەرۆک و ڕوخساری پێوەندییەکانی کۆمەڵگە دیار و دەستنیشان دەکـات. پشت ئەسـتـوور بەم بۆچوونە سێ جـۆرە زانین لەناو کۆمەڵگەدا لە ئارادان:

یەکەم: زانینی دەسەڵاتدار Her Schaftswissen کە دەکرێ بە زانینی توانای بەرهەمهێنان ناوببرێت. ئەمە ئەو زانینەیە کـە پشت ئەسـتـوور بە فـیـزیک و زانسـتـە سروشـتـییەکـان، سروشت وا لێک دەداتەوە کـە پابەندی بنەمـاو قـانوونی هۆیەکـیـیـە و لە بنەڕەتدا دەکـرێ بە یارمەتی خواستی دەست ڕۆیشـتـوویی زیندووی مرۆڤ سروشت کۆنترۆڵ بکرێت.

دووەم: زانینی پەروەردەکردن، یان زانینی جەوهەر ئەم زانینە ئامـراز و ڕێگە و شێـوازێکی زانسـتـیـانەیە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤ.

سـێـیـەم: زانینی پاک (پیـرۆز) Heilwissen. ئەو زانینەیە کـــە پێـــوەندی بە بڕواو بـاوەڕ و ئایینەوە هەیە«۲۵».

ئەم دابەشکردنەی جـــۆری زانین بە ڕوخـــســـار و ناوەرۆکەوە واپێدەچێ پتر کاردانەوە و ڕکەبەری کردنی بیروبۆچوونەکانی مارکس بووبێ کە ئەو سەردەمە لەکۆڕ و کـۆمـەڵەکـانی ئەورووپا بابەتی قـسـە لەسـەرکـردن و توێژینەوە بووە. لەکـاتێکدا مـارکس زانینی بە بەشـێک لەسـەر خـانی کـۆمـەڵگە داناوە و خسـتـوویەتییـە سەر بنەمای ئابووری- کۆمەڵایەتییەوە و زانینی ئیدیالیستی بە ئیـدیۆلۆژی چین و توێژە دەست ڕۆیشـتـــووەکـانی کـۆمـەڵگە داناوە بەرانبەر بە مـەتریالیـزم کە ئایدیۆلۆژی چین و تاقم و توێژەکانی ژێرەوەی کـۆمـەڵگەیە. ئەم جۆرە شێوازانەی زانین و هزریش بەهۆی پێوەندییە ئابووری و کۆمـەڵایەتییەکانەوە خەت و خاڵ دەدەن و دەستنیشان دەکـــرێن. لێـــرەوە ئەرکی زانســـتی کـــۆمـــەڵایەتی (ســـۆســـیـــۆلۆژی) بووە ڕوونی بکاتەوە بۆچی چین و توێژێکی دیاریکراوی کـــۆمـــەڵگە بیـــروبۆچوون و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراوی پەسندکردووە.

سەرچاوە و پەراوێز:

1- Stegmuller, Wolfgang., Hauptsro mungen der Gegenwarts philosophie. Bd. I. sechste Aufloge Stuttgarg 1978. S.96.

2- Kant, Immanuel., kritik der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlay. Hamburg 1956. S19-20. BXVI.

3- Kant, I., Ebenda. s.95. A. 51-10.

4- Kant, I., Ebende s.81. A. 39- B. 56.

٥- جماعة من الفلاسفة الانگليز المعاصرين. نشر دى. اف. پيرز.، طبيعة الميتافيزيقا. ت: د. كريم متي. مطبعة الارشاد بغداد، ١٩٦٨ ص١٢٢.

٦- زيدان، دكتور محمود، نظرية المعرفة. دارالنهضة العربية بيروت، ١٩٨٩ ص٧٢ فما بعد.

7- Pivcevic, Edo., Vom Husserl Zu Sart-tre. Auf den Spuren der Poanomenologie. List Verlay Munchen. Bd. 1643. S.59 ss.

8- Rod, Wolfgang., GeschichLe der Phi-losophie. Bd.12 Munchen 2004. s.164 ff.

٩- بوخينيسكى، تأريخ الفلسفة المعاصرة في اوربا. ت: محمد عبدالكريم الوافي، طرابلسى- ليبيا بلا. ص٢٣٥.

١٠- حسنين، الدكتور حسن حنفي، قضايا معاصرة. ج٢. دارالفكر العربي- بمصر بلا، ص٣٠٧.

11- Stegmuller, W., Ebenda. S.100.

١٢- جماعة من الفلاسفة الانگليز المعاصرين: المصدر نفسه. ص١٢٣.

١٣- بوخـينيـسكى، هەمـان سـەرچاوە بە عـەرەبى. ل٢٢٤-٢٢٥.

14- Emerich Coreth, Peter Ehlen., Philosophie des 20. Jahrhunderts. Bd. 10. Berlin 1986. S17.

- Picevic, Edo., Ebenda. S. 94. ff.

١٥- كرم، يوسف: تأريخ الفلسفة الحديثة. مكتبة الدراسات الفلسفية دارالمعارف بمصر ١٩٨٦ ص٤٦٠.

16- Lubcke, Poul., Edmund Husserl: Die Philosophie als strenge Wissenschaft. In: Anton Hugli, (Hrsg). Philosophie im 20. Jahrhundert. Rowohlt Taschenbuch Vrl. Hamburg 1992. s.76- 78.

١٧- حسنين، الدكتور حسن حنفي: المصدر نفسه. ص٣٠٨ فما بعد.

18- Pivcevic, Edo., Ebenda. S.90.

- Coreth, Emerich., Ebenda. s.19.

19- Lubcke, Poul und Hugli, Anton., Ebenda s.77.

20- Holzhey, Helmut., Philosophische Antropologie. In: Geschichte der philosophie. (Hrsq) von Rod, Wolfgang Bd. 12. Die Philosphie des ausgeh. 19. u. des 20. Jahr. 2. Munchen 2004. S.213.

21- Holzhey, Helmut., Ebenda. S.215.

22- Pivcevic, Edo., Ebenda. S.130.

23- Henckmann, Wolfhart., Max Scheler: Phanomenologie der Werte. In: Philosophie phie des 20. Jahrhunderts. (Hrsg) von: Margot Fleischer. Darmstadt. Primus Verlag 1996. S.97.

24- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.170.

- بوخينيسكى. المصدر نفسه ص٢٢٨ فما بعد.

- برهييه، اميل. تأريخ الفلسفة. الفلسفة الحديثة ١٨٥٠-١٩٤٥.

ج٧- ترجمة: جورج طرابيشى. بيروت ١٩٨٧ ص٢٤٩.

25- Rod, W., Ebenda. S.175-176.

فەلسەفەی نیتشە

جیل دۆلۆز
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

نیتشە دوو شێوازی گوزاربەخش لەنێو فەلسەفەدا ئاوێتەی یەکتری دەکات، وشەی کۆکراوەو هۆنراوە. ئەو دوو شێوازەش لەنێو فەلسەفەدا لەدوای خۆیان وێناکردنی تازە بەرهەم دێنن، وێنەی تازە بۆ هزر و هزرڤان. نیتشە لە شوێنی نموونەی مەعریفە و دۆزینەوەی حەقیقەت، دێت هەردوو چەمکی ڕاڤەکردن و ڕاستکردنەوە بەکار دێنێت و جێگیریان دەکات. چەمکی یەکەم دەستنیشانی مانا دەکات، بەشێک لە مانا و شەزەرات کە تایبەتە بەدیاردەیەک، کەچی ئەویتریان دەستنیشانی بەهای بەدوایەکدا هاتنی ماناکان دەکات و شەزەرات، یان بەشەکان کۆدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەفرەییان کەم بکاتەوە، یان بیانسڕێتەوە.

وشەی بەیەکەوە کۆکەرەوە بە وردی لەیەک کاتدا بریتییە لە هونەری ڕاڤەکردن و ئەو شتەی کە پێویستە ڕاڤە بکرێت، لە هەمان کاتیشدا هۆنراوە هونەری هەڵسەنگاندن و ئەو شتەیە کە دەبێت بەهاکەی دەستنیشان بکرێت. ڕاڤەکاریش کەسایەتییەکی فیزیۆلۆژی، یان پزیشکییە، چونکە دێت تەماشای ئەو دیاردانە دەکات وەکو ئەوەی کە ئاماژەی نەخۆشی بن و بەزمانێکی کۆکەرەوە دەدوێت و قسە دەکات، کەچی کەسایەتی هەڵسەنگێنەر کەسایەتییەکی هونەرمەندە و لە ڕوانگەکان ڕادەمێنێت و ئافرێدەیان دەکات، ئەو لەمیانەی هۆنراوەوە قسە دەکات و دەدوێت. فەلسەفەکاری ئاینده، لەیەک کاتدا هونەرمەند و پزیشکە، بەکورتی خۆی یاسادانەرە.

ئەو وێنەیەی فەلسەفەکار، کۆنترین وێنەیە لەبارەی

نیتشه

کەسایەتی مرۆڤی فەلسەفەکارەوە هەبووبێت، ئەوە وێنەی فەلسەفەکاری پێش سوقراتە، فیزیۆلۆژی و هونەرمەندێ کە دێت جیهان ڕاڤە دەکات و ڕاستی دەکاتەوە. باشە ئێمە چۆن لەو پێوەندییە گەرموگوڕە تایبەتییەی ئاینده و ئەسڵی تێدەگەین؟ فەلسەفەکاری ئاینده لەهەمات کاتدا دۆزەرەوەی جیهانە کۆنەکانە، ڕابردوو و ئەشکەوتەکان، هیچ شتێکیش ئافرێدە ناکات مەگەر ئەوانە نەبێت کە زۆر لەمێژە لەڕووی جەوهەرییەوە لەبیر چوونەتەوە.

لە ڕوانگەی نیتشەوە، ئەو شتەی کە زۆر لەمێژە بیر چووەتەوە بریتییە لە یەکێتی نێوان هزر و ژیان. ئەوەش یەکێتییەکی ئاڵۆزە، هەنگاوێک بۆ ژیان و هەنگاوێکیش بۆ هزر. شێوازەکانی ژیانی مرۆڤ ئاماژەن بۆ شێوازەکانی بیرکردنەوە و جۆرەکانی بیر کردنەوە لە ژیان بەرهەم دێنێت. ژیان هزر چالاکتر دەکات، هزریش دێت ژیان باشتر جێگیر دەکات و دەیسەپێنێت.

ئەو جۆرە یەکێتییە بەر لە سوقراتییە، ئێستا لەلای ئێمە تەنانەت بیرۆکەکەشی نەماوە، ئێمە هیچ بیرۆکەیەکمان نەماوە تەنیا ئەوە نەبێت کە تێیدا هزر ژیان لغاو دەکات و دەیشێوێنێت و بەعەقڵانی دەکات، ژیانیش تۆڵەی خۆی دەکاتەوەو هزر شێت دەکات و لەگەڵ خۆیدا دەیفەوتێنێت. ئێمە هیچ ڕێگەچارەیەکمان لەبەردەستدا نەماوە، تەنیا ڕازیبوون نەبێت بەهەڵبژاردنی شتێک لەنێوان ئەو دووانەدا: یان ژیانێکی خراپ، یان هزرڤانی شێت.

ژیانێکی زۆر عاقڵانە بۆ هزرڤان و هزر و بیرۆکەی شێتانە بۆ بوونەوەری زیندوو، کانت و هۆڵدرلین، بەڵام هێشتا سەرلەنوێ هەستکردن بەجارێکی تری دۆزینەوەی یەکێتییەکی جوان هەر ماوە، بەجۆرێک شێتی بەشێک نەبێت تێیدا، ئەو یەکێتییەی کە وا لە یەکێک لەشتە دەگمەنەکانی ژیان دەکات ببێتە وشەیەکی کۆکەرەوە بۆ هزر، دواتریش لەمیانەی هەڵسەنگاندنی هزرەوە بتوانێت ڕوانگەیەکی تازە بۆ ژیان بدۆزێتەوە.

نهێنی پێش سوقراتییەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان، هەر لەسەرەتاوە فەوتا بوو. ئێمە دەبێت وا بیر لەفەلسەفە بکەینەوە کە هێزە، یاسای هێزەکان ئەوەیە کە ناتوانن دەرکەون بەبێ ئەوەی خۆیان لەپەنای ڕووپۆشێک حەشار بدەن، کە پێشتر بوونی هەبووە.

دەبێت ژیان لاسایی مادە بکاتەوە، دەبوو هێزی فەلسەفی بگاتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت بمێنێت، لەکاتێکدا کە لەیۆنان لەدایک دەبوو. پێویست بوو فەلسەفەکار ڕێگای هێز و ڕەوتەکانی پێشووتر بگرێتە بەر، ڕووپۆش و ماسکی کاهینی بخاتە سەر ڕووی خۆی.

فەلسەفەکاری یۆنانی لاو شتێکی هەبوو لەوانەی پێشتر کاهینەکانی خۆرهەڵات هەیانبوو، ئەمڕۆش لەبارەی ئەو پرسانەوە خەڵک بەهەڵەدا دەچێت، زەردەشت و هیراکلیتس، هیندۆس و ئەیلییەکان، میسری و ئەمبادۆکلیس، فیتاگۆر و چینییەکان، هەموو ئەو جۆرە ئاوێتەبوونانەی کە دەشێت هەبوو بن.

قسە لەبارەی چاکەکاری فەلسەفەکاری ئایدیالی دەکرێت، قسە لەبارەی زوهدو خۆشەویستی بۆ حیکمەت دەکرێت. خەڵک ناتوانن لە دابڕان و هەستی تایبەتی تێبگەن، مەبەستە ناعاقڵانەکەی بوونێکی مەترسیدار کە خۆی لەپشت ئەو ماسک و ڕووپۆشانەوە حەشار دەدات. نهێنی فەلسەفە مادام لەسەرەتاوە ون بووە، پێویستە لە ئایندەدا بدۆزرێتەوە.

کەواتە کارێکی پیلان بۆ کێشراو بووە کە فەلسەفە

لەنێو مێژوودا گەشە نەکات تەنیا لەڕێگای ئاست دابەزین و هەڵگەڕانەوەی لەدژی خۆی نەبێت، ئەوەش لەمیانەی کەوتنە نێو داوی ڕووپۆش و ماسکەکانی خۆیەوە. ئەوە لەبری یەکێتی و ژیانێکی کارا و هزرێکی سەلمێنراو، دەبینین هزر دێت ئەرکی بڕیاردان لەسەر ژیان بۆ خۆی دەستنیشان دەکات، بەرەنگار بوونەوەی لەڕێگای هەندێک بەهای بانگەشە بۆ کراودا، پێوانەکردنی بەو بەهایانە پێوانە دەکات و سنوورێکیان بۆ دادەنێت و سەرکۆنەیان دەکات.

ئەوە لەکاتێکدا کە هزر دەبێتە نێگەتیف، دەبینین بەهای ژیان کەمتر دەبێتەوە و دەسبەرداری کارایی خۆی دەبێت، دەچێتە سەر شێوە هەرە لاوازەکانی خۆی، شێوەیەکی نەخۆش کە تاکە شێوەی گونجاوە لەگەڵ ئەو بەهایانەی بە بەهای باڵا ناسراون. سەرکەوتنی ئیرتیکاس و کاردانەوەی لە ژیانی کارا و نەفیکردنی هزری سەلمێنراو.

سەبارەت بە فەلسەفەش، ئەنجامەکان زۆر گەورەن، چونکە هەردوو سیفەتی فەلسەفەکارو یاسادانەر بریتی بوو لەڕەخنەکردنی هەموو بەها باوەکان، واتا بەها باڵاکانی ژیان و ئەو پرنسیپەی کە پاشکۆیەتی و ئافرێدەکردنی بەهای تازە، بەهایەک بۆ ژیان کە داوای بنەماو پرنسیپێکی تازە بکات.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا کە ئاستی فەلسەفە دادەبەزێت، فەلسەفەکاری یاسادانەر بوارو دەرفەت لەبەردەم فەلسەفەکاری ملکەچدا دەکاتەوە. لەبری ڕەخنەکردنی بەها باوەکان، لەبری ئافرێدەکاری بەهای تازەو هەڵسەنگاندنی تازە، پارێزەری بەهاکان دەردەکەوێت و سەرهەڵدەدات.

لەحاڵەتێکی ئاوادا، فەلسەفەکار دەسبەرداری ئەوە دەبێت کە فیزیۆلۆژی و پزیشک بێت و دەبێتە میتافیزیکست، واز لەوە دێنێت چیتر شاعیر بێت و دەبێتە مامۆستایەکی گشتی و لەبەرخۆیەوە دەڵێت گوایە ئەو کەوتووەتە ژێر باری پێداویستییەکانی حەقیقەت و عەقڵ، بەڵام لەپشت ئەو پێداویستییانەی عەقڵەوە، زۆرجار ئەو هێزانە دەناسینەوە کە هەرگیز هێندەو تا ئەو ئاستە عاقڵ نین، ئەوانیش دەوڵەت و ئایین و بەها باوو سواوەکانن.

فەلسەفە ژماردنی هەموو ئەو هۆکارانە ناگرێتەوە کە مرۆڤ وەکو پاساوێک بۆ ملکەچییەکەی بۆ خۆی دەیانخاتە ڕوو، فەلسەفەکار هەر دەست بەخۆشویستنی ئەو حەقیقەتە دەگرێت، بەڵام ئەو حەقیقەتە ئازاری کەس نادات و وەکو ئافرێدەکراوێکی دڵپاک دەردەکەوێت کە حەز بەژیانێکی خۆشگوزەران دەکات و بەردەوام بەڵێن بەهەموو دەسەڵاتەکان دەدات، کە ئەو هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش بێت ئاڵۆزی و پشێوی نانێتەوە، چونکە ئەو خۆی لەخۆیدا جگە لەزانستێکی پەتی چی دیکە نییە.

فەلسەفەکار بەدەسپێک لەتوانای خۆی لەسەر بەرگەگرتنی کێشەکانەوە ژیان هەڵدەسەنگێنێت، هەڵگرتنی کێشی قورس، ئەو کێشە قورسانە بریتین لەبەها باڵاکان. ئەوە ئەو ڕۆحە قورسەیە کە لەنێو سارادا کێش هەڵگرو کێشەکە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ژیانی کاردانەوە و کەم بەها، هزری نێگەتیڤ و بێ بەها کراو. ئەوکاتەش لەوەهمی ڕەخنەو تارمایی ئافرێدەکردن زیاتر هیچمان بۆ نامێنێتەوە، چونکە هیچ شتێک لەوە ناکۆک و دژکار تر نییە کە لەنێوان ئافرێدەکار و هەڵگردا هەیە. ئافرێدەکردن بریتییە لە سووک کردنی ژیان و دابەزاندنی کێشەکەی و دانانی توانای ژیانێکی نوێ، ئافرێدەکار یاسادانەرو سەماکارە.

دابەزینی ئاستی فەلسەفە لەگەڵ سوقراتدا بەڕوونی دەردەکەوێت. ئەگەر ئێمە میتافیزیکا وا دابنێین کە بریتییە لەیەکتر جیاکردنەوەی دوو جیهان، بەدژکاری و ناکۆکی نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆک، ڕاست و هەڵە، ماقووڵ و هەست پێکراو، ئەوە دەبێت بگوترێت کە سوقرات میتافیزیکا ئافرێدە دەکات، وا لەژیان دەکات ببێتە شتێک کە دەشێت بڕیاری بەسەردا بدرێت و سنووری بۆ دابنرێت و هزریش بکرێتە ئەو پێوەرو ئاستەو بەناوی بەهای باڵای - خوایی، حەقیقی و جوان و خێر و.. بەسەریدا مومارەسە بکرێت. ئەگەر وردتر بین، دەبینین لەگەڵ سوقراتدا نموونەی فەلسەفەکاری ملکەچی خۆبەخش دەردەکەوێت.

بەڵام با بەردەوام بین، با بەسەر سەدەکاندا باز بدەین، کێ لەو باوەڕەدایە کانت چاکسازی لەنێو ڕەخنەدا کردووە، یان سەرلەنوێ بیرۆکەی فەلسەفەکاری یاسادانەری دۆزیوەتەوە؟ کانت دێت ئابڕووی ئەو هەوڵە

ساختانە دەبات کە بۆ مەعریفە دەدرێن، بەڵام نموونەی مەعریفەیی ناخاتە ژێر پرسیار. دێت ئابڕووی ئەخلاقی ساختە دەبات، بەڵام بانگەشە ئەخلاقییەکان ناخاتە بەر وتوێژو دیالۆگ، سروشتی بەهاکان و ئەسڵ و بنەچەی ئەو بەهایانە ناخاتە بەر وتوێژو دیالۆگ. گلەیی ئەوەمان لێدەکات کە ئێمە کایەو بەرژەوەندییەکانمان تێکەڵاو کردووە، بەڵام کایەکان بەساغ و سەلامەتی دەمێننەوە و دەستکاری نەکراون، بەرژەوەندی عەقڵیش پیرۆزە "مەعریفەی حەقیقی و ئەخلاقی حەقیقی و ئایینی حەقیقی".

دیالیکتیک خۆی لەخۆیدا درێژە پێدان و کشانی ئەو توانای پاڵەوانییەیە، دیالیکتیک ئەو هونەرەیە کە داوامان لێدەکات شتە باشە بردراوەکانمان بگێڕینەوە. هەموو شتێک بۆ ڕۆح دەگەڕێتەوە وەکو بزوێنەرێکی دیالیکتیک و ئەنجامێکی ئەو، یان بۆ وشیاری خودی، یان تەنانەت بۆ مرۆڤیش وەکو بوونەوەرێکی جۆری، بەڵام ئەگەر شتە باشەکانمان لە خۆیاندا گوزارشت بوون لە ژیانێکی ناتەواو، لەبارەی هزرێکی شێواوەوە، لەو حاڵەتەدا گێڕانەوەیان سوودی چییە، یان سوودی چییە ئەگەر ببینە بابەتی ڕاستەقینەیان؟

ئایا کاتێک کاهین دەسەڵاتەکانی لێ دامالرا، ئایینیش هەڵوەشێنرایەوە و سڕایەوە، وەکو ئەوەی پرۆژەی چاکسازی ئایینی کردی؟ ئایا خواوەند کوژرا کاتێک مرۆڤ بۆ خۆی شوێنگەی خۆی داناو دەستنیشان کرد و دەسبەرداری شتە جەوهەرییەکان نەبوو، مەبەستم شوێنە؟ تاکە گۆڕانکاری لێرەدا بریتییە لەوەی مرۆڤ لەبری ئەوەی لەدەرەوەڕا بار بکرێت، بەخۆی دێت کێش و قورسایی دەخاتە سەر پشتی خۆی.

فەلسەفەکاری ئاینده، فەلسەفەکار – پزیشک بەخۆی دێت بەردەوام دەستنیشانی یەک نەخۆشی دەکات لەنێو کۆمەڵێک ئاماژەو هێمای نەخۆشیدا. دەشێت بەهاکان بگۆڕێن و مرۆڤ شوێنی خواوەند بگرێتەوە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی جێگای حەقیقەت، یان خێر، یان خواوەند بگرنەوە، شتە جەوهەرییەکان ناگۆڕێن، واتا تێڕوانین و ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە بەو بەهایانەوە پەیوەستن، چ نوێ بن، یان کۆن، بەردەوام ئێمە بۆ ئەوە بانگهێشت دەکرێین تاوەکو ملکەچ بین و کێش و قورسایی باربکەین، تاوەکو دان بەو شێوە کاردانەوانەی ژیاندا بنێین، شێوە تۆمەتبارکەرەکانی هزر.

کاتێکیش چیتر نامانەوێت لەو کارەماندا بەردەوام بین، چیتر ناتوانین بەرگەی کێش و قورسایی بەها بالاکان بگرین، داوامان لێدەکەن کە هەندێک واقیعی بین، بەڵام ئەو واقیعە وەکو ئەوەی هەیە، بەوردی ئا ئەوەیە کە بەها بالاکان دروستیان کردووە، "بۆیە دەبینین تەنانەت وجودییەتیش لە ڕۆژگاری ئێستاماندا هەندێک تاموچێژی ئەو کێش و قورساییەی هەڵگرتووە، بۆ شارەزاییتان، ئەوە تاموچێژێکی دیالیکتیکییە کە لە نیتشەی دادەبڕێنێت".

نیتشە یەکەم کەسە کە فێری کردین بەتەنیا کوشتنی خواوەند بەس نییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەبەهاکاندا. لەنێو بەرهەماکانی نیتشەدا شێوازو جۆرەکانی مردنی خواوەند فرەو جیاوازن و دەگەنە نزیکەی (١٥) جار، هەر هەموشیان زۆر جوانن، بەڵام بکوژی خواوەند بەپێی یەکێک لە جوانترین گێڕانەوەکان ناشیرینترین کەسە. مەبەستی نیتشەش ئەوەیە پێمان بڵێت مرۆڤ ناشیرینیش دەبێت کاتێک بە ئەنقەست – ئێستا ئازاد بووە لەپێداویستی بوونی دەسەڵاتی دەرەکیدا – خۆی لەو شتانە دوور دەخاتەوە کە لێی قەدەغە کراون و بەشێوەیەکی ڕەمەکییانە خۆی دەخاتە بەر کێش و قورساییەک کە تەنانەت خۆیشی چیتر پێی وانییە لەدەرەوەڕا هاتبێت.

بەو شێوەیە مێژووی فەلسەفە لەسوقراتییەکانەوە تاوەکو دەگاتە هێگلییەکان، مێژووی ملکەچی درێژخایەن بووە، مێژووی ئەو پاساوانەی بۆ ئەو ملکەچییە خراونەتە ڕوو.

ئەو بزاڤەی ئاست دابەزینە هەر بەتەنیا دووچاری فەلسەفە نایەت، بەڵکو گوزارشت لە سەیرورەیەکی گشتیتر دەکات، لەو گوتەزایە بنچینەیی و تایبەتییەی مێژوو. ئەوە ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو هەمان پرنسیپە کە زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکانی لێ هەڵدەقووڵێت، ئەو ڕووداوانەی دەستنیشانی هزرو ژیانمان دەکەن، دەستنیشانی هێماو ئاماژەکانی ئاست دابەزین و داڕووخان دەکەن. تەنانەت فەلسەفەی ڕاستەقینەش وەکو فەلسەفەیەک بۆ ئاینده هەرگیز ئەوەنده

مـێـژوویی نـیـیـە وەکـو ئەوەی ئەبەدییـە، دەبێت لەنێـو زەمەنێکدا بێت کە زەمەنی خۆی نەبێت، هەرگیز زەمەنی خۆی نەبێت.

هەمـوو ڕاڤەکـردنێک بریتـیـیـە لە دەسـتنیـشـانکردنی مـانای دیاردەیەک، مـاناش لەپێـوەندی نێـوان هێزەکـاندا سەرهەڵدەدات و دێتە بوون، هەندێکیـان لەوانەوە دەست پێـدەکـەن و هەندێکیـشـیـان کـاردانەوەی ئەوانن لەنێـو کـۆمـەڵێک بەدوایەکدا هاتووی ئاڵۆزدا. دیاردەیەکـیش هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، بەردەوام دەتوانین هێـزە کـارا بەراییەکانی کردنەوە و تێکشکاندن دەستنیشان بکەین، ئەوە لەپاڵ هێـزی کاردانەوەی لاوەکی بۆ خۆ گونجاندن و ڕێکخـسـتنەوە. ئەو جـۆرە جـیـاکـردنەوەیە هەر بەتەنیـا جـیـاکـردنەوەیەکی چەندایەتی نـیـیـە، بەڵکو ئەوە جیاکردنەوەیەکی جۆرایەتی و نموونەییشـە - تیپـۆلۆژی، چونکە جەوهەری هێـز بریتـیـیـە لەوەی لەگەڵ هێزەکـانی تردا لە پێوەندیدا بێت. لەو پێوەندییەدا جەوهەرو جۆری خۆی بەدەست دێنێت.

پێـوەندی نێـوان هێـزو هێـز بەویست ناو دەبرێت، بۆیە پێـویسـتـە پێش هەمـوو شـتێک خـۆمـان لەو ڕاڤەکـردنە ئاوەژووکـراوانە لابدەین کـە لەبارەی پرنسـیـبی ویسـتی توانای نیـتشەیی هەیە، چونکە ئەو پرنسیپە مانای ئەوە نـیـیـە کە بەلایەنی کـەمەوە ویست توانای گـەرەک بێت، یان حەز بەکۆنترۆڵکردن بکات. مـادام ویسـتی توانا وا ڕاڤەدەکرێت کە بەمانای ئارەزوو کردن بۆ کۆنترۆڵ دێت، ئەوە بێگومـان وای لێـدەکـرێت ببـێـتـە پاشکۆی بەها باوەکـان، تەنیـا ئەو خـۆی دەبێت توانای ئەوەی هەیە دەستنیشانی ئەوە بکات کە کێ دەبێت دانی پێدا بنێت گـوایە بەتواناترە لەو حـاڵەتەدا، یان لەحـاڵەتێکی تردا، لەو ململانێیە، یان یەکێکی تردا.

بەو شێوەیە سروشتی ویستی توانا وەکو پرنسیپێک بۆ هەمـوو هەڵسـەنگاندنەکـان فـەرامـۆش دەکـرێت، وەکـو پرنسـیپێکی شـاراوە بۆ ئافرێدەکردنی بەهای تازەی دان پێـدانەنراو. نیـتـشـە دەڵێت ویسـتی توانا لەنێـو حـەز پێکردندا نـیـیـە، لەوەرگـرتنیـشـدا نـیـیـە، بەڵکو لەئافرێدەکردن و لەبەخشیندایە.

توانا وەکـو ویسـتی توانا ئەوە نـیـیـە کـە ویست گەرەکیەتی، بەڵکو ئەوەیە کە ویست "دیۆنیزۆس خۆی" گەرەکیەتی. ویستی توانا توخمێکی جیاکارییە کە ئەو هێـزانەی لێ هەڵدەهێنجرێت کـە بەرانبـەر یەکـتـری ڕادەوەستن و تایبـەتمەندی هەر یەکـێکیـان لەنێـو ئەوانیتریشدا هەیەو ئاوێتە بوون. بۆیە بەردەوام وا وێنا دەکـرێن کـە بریتین لەتوخـمی بزوێنەر و هەوایی و فـرە. بەویسـتی تواناوە هێـز دەجـوڵێنرێت و هەر بەویسـتی توانـاشـەوە ملکەچ دەبێت. لەگـەڵ نموونەی هێـزو تایبـەتمەندییـەکـانی هەردوو ڕوو دەگـونجـێن، هەردوو تایبـەتمەندی ویسـتی توانا سـیـمـا، کـۆتایی و گـۆڕاوە بەردەوامـەکـانن قـووڵتر لەوەی تایبەتە بەو هێـزانەی کـە لێی هەڵدەهێنجێنرێن. چونکە ویستی توانا وا لەهێزەکان دەکـات جـێگـیـر بن و لەگـەڵ خـۆشـیـاندا جـیـاوازییـە تایبـەتییـەکـانی خـۆیان جـێگـیـر بکەن، لێـرەدا سـەلماندن سەرەتایەو نەفیکردنیش ئەنجامە وەکو گوێگرتنی زیاتر.

بەڵام جیاکاری هێزە کاردانەوەکان بەپێچەوانەیەوەیە، سەرەتا بەوە دەست پێدەکەن کە هەو نین، تاوەکو دەگاتە ئاسـتـەکـەی تری، نەفـیـکردن سـەرەتایەو لەمـیـانەی نەفـیـکردنیـشـەوە دەگـاتە سـەلماندن. کەواتە سـەلماندن و نەفـیـکردن دوو تایبـەتمەندی و جـیـاکـاری ویسـتی توانا، وەکو چۆن کار و کاردانەوە تایبەتمەندی و جیاکاری هێزن. وەکـو چۆن ڕاڤـەکـردن بنەمـاکـانی مـانا لەنێـو هێـزدا دەدۆزێتەوە، ئەوە هەڵسەنگاندنیش بنەماکانی بەها لەنێو ویستی توانادا بەدی دەکات.

دواتریش، بەپێی ئیـعـتـیـباراتی زاراوەکـانی پێـشـتـر، چیـتـر هزری نیـتـشـە وا ناخـرێتـە ڕوو کـە گـوایە دوالیـزمـیـیـەتێکی سادەیە، چونکە وەکو ئەوەی دواتر دەبینین، لە جەوهەردا دەگەڕێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە فرە، فرەییە و نەفیکردنیش تا ئەوپەڕە.

بەهەرحـاڵ مـێـژوو دەمـانخـاتە بەردەم یەکێک لەدیاردە سەیرو سەمـەرەکانی خـۆی، کاتێک هێـزە کاردانەوەکان سـەردەکـەون، ئەوە نەفی بەسـەر ویسـتی توانادا سـەر دەکەوێت! ئەوەش هەر تەنیا پێوەندی بەمێژووی مرۆڤەوە نـیـیـە، بەڵکو پێـوەندی بەمێژووی ژیانەوە هەیە، بەلایەنی کەم مێژووی زەوی وەکو ئەوەی مرۆڤ لەسەری دەژی.

دەبینین لە هەمـوو شـوێنێکدا "نەخـێـر" بەسـەر "بەڵێ"دا سـەردەکـەوێت، بەردەوام کـاردانەوە بەسـەر کـاردا سـەردەکـەوێت. تەنانەت ژیان خـۆیشی گـونجـاوترو

ڕێکخـراوتر بووەو بۆ شـێـوەی لاوەکی کـورت بووەتەوە بەجۆرێک ئێمە تێناگەین کار مانای چییە. هێـزەکانی زەویش خـەریکە لەسـەر ئەو خـاکـە وشک و برینگە کۆتاییان دێت.

ئەو سـەرکـەوتنە هاوبەشـەی هێـزە کـاردانەوەکـان و ویستی نەفیی، نیتشە ناوی دەنێت عەدەمییەت، یان سـەرکـەوتنی کـۆیلە. بەڕای نیـتـشـە، شـیکردنەوەی عـەدەمـیـیـەت بابەتی سـایۆکـۆلۆژیایە، لەکـاتێکدا سـایکۆلۆژیا خـۆی سـایۆکـۆلۆژیای گـەردوونیـشـە - کۆسمۆس.

سـەبارەت بەفـەلسـەفـەیەک بۆ هێـز، یان بۆ ویست، پێـدەچێت زەحـمـەت بێت ئەوە شـرۆڤـە بکەین کـە چۆن هێـزەکـاردانەوەکـان سـەرکـەوتوو دەبن، چۆن کـۆیلەو لاوازەکان سەردەکەون، چونکە ئەگەر ئەو سەرکەوتنە لە میانەی پێکهێنانی کۆبوونەوەی گەورەو هێزێکی گەورەتر بێت لەهێزی بەهێزەکان، ئەوە ئێمە شـتێک نابینین کە گـۆڕا بێت، ئەی باشـە هەڵسـەنگاندن چۆن جـۆرایەتی دەکرێت، بەڵام لە ڕاسـتیـدا لاواز و کـۆیلەکان لەڕێگای کـۆکردنەوەی هێـزەکـانی خـۆیانەوە سـەرناکـەون، بەڵکو لەمیـانەی لەکار خستنی هێزی ئەویترەوە سەردەکەون، لایەنی بەهێـز لەکـار دەخـەن لەو کـارەی کـە دەتوانێت ئەنجـامی بدات. ئەوان سـەردەکـەون، لەبەر ئەوە نا کـە هێزیان پێکهێناوە، بەڵکو لەمیانەی هێزی دوژمنەکەی خـۆیانەوە سـەردەکـەون. ئەوانە دێن سـەیرورەتێکی کاردانەوە بۆ هەموو هێزەکان دروست دەکەن، ئەوە ئاست دابەزینە.

نیتشە لە ئێستاوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێوەرەکانی خەبات لە پێناوی ژیان و ڕیزبوونی سروشتی، لە نەخۆش و لاوازەکان نزیک دەکەوێتەوەو چونکە ناتەواوو لاوەکین - ئێمە ئەو شتە بەنەخۆش وەسف دەکەین کە ژیانێکە تەنیا پشت بە سـەیروورەتی کـاردانەوەیی دەبەسـتێت. بەمـانایەکی تر، لەحـاڵەتی مرۆڤدا پێـوەرەکانی مێـژوو لەکـۆیلەکـان نزیک دەکەوێتـەوە چونکە کـۆیلەن. ئەوەی سـەرکـەوتنی عـەدەمـیـیـەت پێکدێنێت بریتـیـیـە لە سەیروورەتی نەخۆش بۆ هەموو ژیان، سەیروورەتی کۆیلە بۆ هەمـوو ژیان. بۆیە خـۆمـان لەو مـانا پێـچـەوانانەی نیتشە لادەدەین، گوزارشتی وەکو بەهێزو لاوازو گەورەو کۆیلە. دیارە کۆیلە ناتوانێت دەسبەرداری کۆیلایەتی خۆی بێت کـاتێک دەگـاتە دەسـەڵات، لاوازیش ناتوانێت دەسبەرداری لاوازی خۆی بێت.هێزە کاردانەوەکان کاتێک سـەردەکـەون هەرگـیـز ناتوانن دەسـبـەرداری کـاردانەوەی خۆیان بن.

هەموو ئەوانە لەلای نیتشە بەتیبۆلۆژیای جۆرایەتییەوە پەیوەستن، تایبـەتن بەهیچ و پووچی و مـیـهـرەبانی. گەورەکانی ئێمە کۆیلەبوون لەنێو سەریرورەتدا سەرکەوتن - کـۆیلەیەکی گـشـتگیـر، مـرۆڤی ئەوروپایی، مـرۆڤی مـاڵیکراون لیـبۆک.. نیـتـشـە وڵاتە تازەکـان وەکو شـانە مـێـروولە وەسف دەکـات کـە تێـیـدا سـەرکردەی بەتوانا بەهۆی هیچ و پووچییەوە سەردەکەون و دەبەنەوە، بەهۆی تووشـبـوونیـان بەو هیچ و پووچی و قـەشـمـەرزاریـیـە لیبۆکییە.

ئاڵۆزی نیتشە هەر چەندە زۆریش بێت، بەڵام خوێنەری بەئاسانی تێدەگات ئەو گەورەکانی کە نازییەکان وێنایان کـردبوو لە چ خـانە و پێگەیەک داناوە. کـاتێکیش عـەدەمییەت سەردەکەوێت، تەنیا ئەو کاتە ویستی توانا دەوەستێت لەوەی چیتر مانای ئافرێدەکردن بدات، بەڵکو دەبێـتـە مـانای ویستی توانا و ئارەزووی کـۆنتـرۆڵکردن وەکـو ئەوەی ئەو بۆخۆی، یان خەڵک بەهای باو و پارەو سامان و دەسەڵاتی پێبدەن.

بەهەرحاڵ، ویستی توانا بەتەواوی ویستی کۆیلەیە، ئەو شێوازەیە کە لەمیانەیدا کۆیلە، یان کەسێکی ناتەواو بیـرۆکـەیەکی لەبارەیەوە وێنا دەکـات، یان پراکـتـیکی دەکـات کـاتێک کـە سـەردەکـەوێت. ڕوودەدات کـە نەخۆشێک دەڵێت :" ئای ئەگەر تەندروستیم باش دەبوو، ئەوهاو ئەوهام دەکـرد"، - خـۆ ڕەنگە ئاوهاش بکات - بەڵام پرۆژە و وێناکـردنەکـانی ئەو کـاتەی تایبـەتە بەنەخـۆشـێک، تەنیـا نەخـۆش. هەمـان قـسـەش لەبارەی کۆیلەوە هەر ڕاسـتە، لەبارەی وێناکردنی بۆ پرسی تواناو کـۆنتـرۆڵ. هەمـان قـسـەش لەبارەی کـاردانەوەی مـرۆڤ ڕاستە، مەبەستم وێناکردنی بۆ کار.

لـەهەمـــــوو شـــــوێنێکدا ســـــەراوژێری بەهـاو هەڵسـەنگاندنەکان هەیە، لەهەمـوو شوێنێکدا شـتەکـان لەڕوانگەیەکی تەسکەوە تەماشـا دەکرێن، وێنەکـان وەکو چاوی گـا سـەراوژێر دەکـرێنەوە. یەکـێک لەگـەورەترین

قسەکانی نیتشە ئەوەیە کە دەڵێت:" پێویستە بەردەوام لەبەرانبەر لاوازەکاندا بەرگری لەبەهێزەکان بکەین".

با ئێستاش لەحاڵەتی مرۆڤەوە تەماشای قۆناغەکانی سەرکەوتنی عەدەمییەت بکەین. ئەو قۆناغانە دۆزینەوەیەکی گەورەن لەنێو درەوننناسی نیتشەییدا، گوتەزاری تیبۆلۆژی قوڵاییەکانن:

ئیزتیغان: ئەوە هەڵەی تۆیە، ئەوە هەڵەی تۆیە ... تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنێکی خستنەسەرانەیە. ئەوە هەڵەی تۆیە ئەگەر لاوازو بێ ئومێدیت. ژیانی کاردانەوەگەرایی لەبەردەم هێزی کاردا ون دەبێت و واز لەوە دێنێت کارلێکراو بێت. کاردانەوە دەبێتە شتێکی هەستناک، ئیزتیغانێک لەدژی هەموو بکەرێکدا مومارەسە دەکرێت. کارو کردە سەرزەنشت دەکرێن: خودی ژیان خۆی تۆمەتبار دەکرێت، لەتوانای خۆی دادەبڕێنرێت، لەهەموو ئەو شتانە دادەبڕێنرێت کە دەتوانێت ئەنجامیان بدات. کاوڕ دەڵێت: منیش دەتوانم هەموو ئەو شتانە بکەم کە هەڵۆ دەیانکات، من چاکەخوازم بۆیە کاری وا ناکەم، با هەڵۆ بتوانێت وەکو من بکات....

هەستکردن بەهەڵە: ئەوەی هەڵەی منە... چرکەساتی وەرگرتنی بیرۆکەکان لەناوشیاریدا. مادام هێزە کاردانەوەگەراییەکان ژیانی بەسنارەوە کردو بردی، دەتوانێت بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە. ئەو هەڵە دەشارێتەوەو دەبێژێت گوایە تاوانبارەو لەدژی خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام ئا بەو شێوەیە نموونەکان پێشکەش دەکرێن، بانگەشەی هەموو ژیان دەکات بۆ ئەوەی بەگەڵی بکەوێت، تا ئەوپەڕ دەسەڵات بەدەست دێنێت، کۆمەڵێکی کاردانەوەگەرایی پێکدێنێت.

نموونەی زوهدییانە: چرکەساتی زێدەڕۆییکردن. ئەوەی ژیانی لاواز و کاردانەوەگەرایی دەیخوازێت لە کۆتاییدا بریتییە لە نەفیکردنی ژیان. ویستی توانا لەلای ئەو بریتییە لەعەدەم وەکو مەرجێک بۆ سەرکەوتنی. بەپێچەوانەوە، ویستی عەدەم تەنیا ژیانێکی لاوازو شێواوو کاردانەوەگەرایی قبووڵە، حاڵەتی وا کە نزیکە لەسفر. ئەوکاتە هاوپەیمانێتی پڕ لەدڵە ڕاوکێ دادەمەزرێت. بەشێوەیەک بڕیار لەبارەی ژیانەوە دەدرێت بەدەسپێک لەبەهاکانەوە کە دەگوترێت لەخودی ژیان بەرز و باڵاترن، ئەو بەهایانە دژ بە ژیانن، ئیدانەی دەکەن، بەرەو عەدەمەییەتی دەبەن، بەڵێنی ڕزگاری نادەن تەنیا بەو جۆرە ژیانە نەبێت کە زۆرتر کاردانەوەگەرایی و لاوازترو نەخۆشترە. ئەوە هاوپەیمانێتی خواوەندی – عەدەم و مرۆڤە – کاردانەوەگەراییە.

هەموو شتێک سەراوژێرە، کۆیلە بەگەورە ناو دەبرێن، لاوازەکانیش بە بەهێز، هیچ و پووچەکانیش بە میهرەبان. دەگوترێت یەکێکیان گوایە بۆیە بەهێزو میهرەبانە چونکە لەژێر قورسایی بەها باڵاکاندایە، هەست بەخۆی دەکات کە بەرپرسیارە. تەنانەت ژیانیش، وەکو شتێکی قورس دێتە بەرچاوی.

هەڵسەنگاندنەکان ئەوەندە شێواون بەجۆرێک ئێمە ئێستا نازانین هەڵگری ئەو قورساییە کۆیلەیەو ئەوەی هەڵی دەگرێت کۆیلایەتییە و هەڵگرەکەش خۆی لاوازە، بەپێچەوانەی ئافرێدەکار، بەپێچەوانەی سەماکار. چونکە مرۆڤ لەڕاستیدا تەنیا لاوازی هەڵدەگرێت و واش لەئەوی تر ناکات هەڵی بگرن تەنیا بەویستی عەدەمەوە نەبێت. (بڕوانە لیبۆکەکەی زەردەشت و کەسایەتی کەر).

بەپێی بۆچوونەکانی نیتشە، ئەو قۆناغە ڕابردووانەی عەدەمییەت لەگەڵ ئایینی یەهوودی، دواتر مەسیحیدا دەگونجێت، بەڵام ئەوەی دواتر چەندە فەلسەفەی یۆنانی ئامادەسازی بۆ کردووە، واتا دابەزینی ئاستی فەلسەفەی یۆنانی. بەشێوەیەکی گشتی تر نیتشە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئەو قۆناغانە ئەسڵی گوتەزا گەورەکانی هزرن: من، خواوەند، هۆکار، مەبەست... تاد، بەڵام عەدەمییەت لێرەدا ناوەستێت و ڕێگای خۆی دەبڕێت تاوەکو مێژوومان دروست بکات.

مردنی خواوەند: چرکەساتی وەرگرتنەوە. لەمەودایەکی دووردا مردنی خواوەند وەکو درامایەکی دژ بەئایینی بۆمان دەدرەکەوێت، وەکو پرسێک لەنێوان خوای یەهوودی و خوای مەسیحیدا. ئێمە ئێستا باش نازانین کە ئەوە کوڕە دەمرێت بەهۆی ئیزتیغانی باوکەوە، یان ئەوە باوکە کە دەمرێت تاوەکو کوڕ سەربەخۆ بێت و ببێتە کۆسمۆپۆلیتی، بەڵام قەشە پۆڵس کە بنەماکانی مەسیحییەتی دامەزراندووە لەسەر ئەو بیرۆکەیەیە کە مەسیح لەپێناوی گوناهەکانی ئێمەدا دەمرێت. لەگەڵ چاکسازی ئایینیدا، مردنی خواوەند دەبێتە پرسێک زیاتر

لەنێوان خواوەند و مرۆڤدا بێت. تا ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بکوژی خوایە، هەوڵدەدات خۆی وا پیشان بدات کە ئەو بارە نوێیەی هەڵگرتووە. ئەنجامی لۆژیکی ئەو مردنەی گەرەکە، بۆئەوەی ئەو خۆی ببێتە خواوەند، خۆی جێگای خواوەند بگرێتەوە.

بیرۆکەی نیتشە ئەوەیە کە مردنی خواوەند ڕووداوێکی گەورەیە بەڵام بەس نییە، چونکە عەدەمییەت بەردەوامە، هەر ئەوەتە شێوەکەی گۆڕاوە. عەدەمییەت پێش کەمێک بەمانای بێ بەهایی ژیان و نەفیکردنی ژیان دەهات بەناوی بەهای باڵاوە، ئێستاش نەفیکردنی ئەو بەها باڵایە و گۆڕینی بە بەهای زۆر مرۆڤانەتر " ئەخلاق جێگای ئایین دەگرێتەوە، بەرژەوەندی و پێشکەوتن و مێژووش جێگای بەها خواییەکان دەگرنەوە".

هیچ شتێک نەگۆڕاوە، چونکە ژیانی کاردانەوەیی خۆی و کۆیلایەتی سەرکەوتوو دەبێت لەمیانەی بەها مرۆڤایەتییەکاندا کە ئێستا لەسایەی بەها مرۆڤایەتییەکاندا سەردەکەوێت. ئەوە هەمان هەڵگر و هەمان کەرە کە بارکرابوو بەزەخیرە خواییەکان، کە تەنیا بەرانبەر بە خوا لێیان بەرپرسیارە و لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خودی تەنیا خۆی هەڵدەگرێت.

بگرە لەنێو سارای عەدەمییەتدا هەنگاوێکی زۆرتریش چووەتە پێشەوە، ئێستاش هەموو واقیعەکە دەورە دەدات، بەڵام تەنیا دەورەی ئەو بەها باڵایانە دەدات کە ماونەتەوە، واتا پاشماوەی هێزە کاردانەوەییەکان و ویستی عەدەم. بۆیە نیتشە دێت لەنێو بەشی چوارەمی کتێبی زەردەشتدا وێنەی نالەبارییەکی مەزن دەکات بۆ ئەو کەسانەی ناویان دەنێت "خەڵکانی سەرکەوتوو". ئەوانە دەیانەوێت شوێنی خواوەند بگرنەوە و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانن، بگرە پێیان وایە ئەوان سەرلەنوێ واقیعی پرسەکەیان دۆزیوەتەوەو مانای سەلماندنیان بەدەست هێناوەتەوە.

بەڵام تاکە سەلماندن کە دەتوانن ئەنجامی بدەن بریتییە لە"بەڵێ" ی کەر، ئای – ئا، ئەو هێزە کاردانەوەییەی بە خۆی هەڵگری ئەنجامەکانی عەدەمییەتەو پێی وایە هەموو جارێک دەڵێت بەڵێ کاتێک نا هەڵدەگرێت. (ئێستا دوو ئەنجامی نوێ هەن تێڕامانێکی قووڵ لەخۆ دەگرن لەبارەی بەڵێ و نەخێر، لەبارەی ڕەسەنایەتی یا فریودانیان، نووسینەکانی نیتشە و جۆیس).

دوا مرۆڤ و ئەو مرۆڤەی هیلاکی دەوێت: چرکەساتی کۆتایی. کەواتە مردنی خواوەند ڕووداوە، بەڵام ڕووداوێکە چاوەڕوانی ماناو بەهای خۆیەتی. مادام ئێمە بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنە ناگۆڕین کە پشتی پێ دەبەستین، مادام بەها کۆنەکان بە بەهای تازە دەگۆڕینەوە، ئەوە پێکهاتەی نوێ لەنێوان هێزە کاردانەوەخوازییەکان و ویستی توانا دروست دەکات، ئەوە شتێک نەگۆڕاوەو ئێمەش لەژێر دەستی بەهای کۆندا ماوینەتەوە.

ئێمە باش دەزانین بەها هەن بەکۆنەیی لەدایک دەبن و هەر لەگەڵ لەدایکبوونەوە گونجاوی لەنێو خۆیاندا هەڵدەگرن و ناتوانن هیچ سیستەمێک بشێوێنن و بلەرزێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، عەدەمییەت زۆرترو زۆرتر دێتە پێشەوە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا پووچییەکەی زۆرترو باشتر دەردەکەوێت. چونکە ئەوەی لەمردنی خواوەنددا دەردەکەوێت بریتییە لە هاوپەیمانێتی هێزە کاردانەوەخوازەکان و ویستی عەدەمە، مرۆڤی کاردانەوەیی و خواوەندی عەدەم، کە لەکاتی دابڕاندایە، مرۆڤ بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە دەسبەرداری خواوەند بووەو خواوەند چاک دەکاتەوە.

چەمکە نیتشەییەکان گوتەزای ناوشیارین، گرنگ ئەو شێوازەیە کە لەمیانەیدا دراما لەنێو وشیاریدا دروست دەبێت. کاتێک هێزە کاردانەوەخوازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەسبەرداری ویست بوون و زیاترو زیاتر ڕووەو بازنەی عەدەم هەنگاو دەنێن لەجیهانێکدا کە زۆرترو زۆرترو لە بەها خواییەکان و مرۆییەکان دادەماڵرێت.

دوای خەڵکە زیرەک و سەرکەوتووەکان دوا مرۆڤ دەردەکەوێت کە دێت و دەڵێت: هەموو شتێک پووچە، وا باشترە بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەناو بچێت! نەبوونی ویست باشترە لەویستی نەبوون! بەڵام لەسایەی ئەو دابڕانەوە ویستی عەدەم دەگۆڕێت و دەبێتە دژی هێزە کاردانەوەییەکان و نەفیکردنی ژیانی کاردانەوەخوازی لەخۆیدا، سروشی ئەوەش بەمرۆڤ دەدات کە بەشێوەیەکی کار ئارەزووی تێکشکاندنی خود بکات. جگە لەدوا مرۆڤ، مرۆڤێکی تر هەیە کە حەز بەهیلاکەت دەکات، لەو خاڵەدا لەکۆتایی عەدەمییەت (نیوەی شەو) هەموو

شتێک ئامادە دەبێت، بۆ ئەستەمی ئامادە دەبێت.

مەحاڵی هەموو بەهاکان بەو شێوەیە دەردەکەوێت: سەیرورەتێکی کارای هێزەکان، سەرکەوتنی جێگیری لویستی توانا. لەژێر حوکمی عەدەمییەتدا نێگەتیڤ شێوەی زیستی تواناو ناوەرۆکەکەی وەردەگرێت، بەڵام سەلماندن تەنیا دووەمەو دەچێتە ژێر باری نەفی و بەروبوومی نێگەتیڤ وەردەگرێت و هەڵیان دەگرێت. تەنانەت بەڵێی کەریش، ئای - ئا، بەڵێیەکی ساختەیەو لەکاریکاتێری سەلماندن دەچێت.

ئێستا هەموو شتێک دەگۆڕێت، سەلماندن دەبێتە جەوهەر، یان ویستی توانا، کەچی نێگەتیڤ دەمێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەک کە ئەوە بسەلمێنێت وەکو شەڕانگێزییەکی تایبەت بەسەلماندن، وەکو ئەو گەواڵەیەی کە بروسک بەدوای خۆیدا دێنێت، وەکو ڕەخنەی هەمەکی کە هاوشانی ئافرێدەکردنە.

بەوشێوەیە زەردەشت سەلماندنێکی پەتییە، بەڵام ئەوەی نەفیکردن تا ئەو پەڕ هەڵدەگرێت ئەوەیە کە وای لێبکات ببێتە کار، پلەیەک لەخزمەتی ئەوەدا بێت کە دەسەلمێنێت و ئافرێدە دەکات. بەڵێی زەردەشت لەگەڵ بەڵێی کەرەکە جیاوازو دژ بە یەکە وەکو چۆن ئافرێدەکردنیش لەگەڵ هەڵگرتنی کێش و قورسایی جیاوازە. نەخێری زەردەشت لەگەڵ نەخێری عەدەمییەت دژکارە وەکو چۆن شەڕانگێزیش لەگەڵ ئیزتیغان دژکارە.

ئەو جۆرە مەحاڵییە بریتییە لەسەراوژێر کردنەوەی پێوەندی نێوان سەلماندن و نەفیکردن، بەڵام پێمان وایە مەحاڵی مومکین نابێت، تەنیا دوای عەدەمییەت نەبێت. پێویست بوو تاوەکو دوا کەس بڕۆین، تاوەکو ئەو مرۆڤەی هیلاکەتی گەرەکە، تاوەکو نەفیکردن کە هەڵگەڕاوەتەوە لەدژی هێزە کاردانەوەخوازەکاندا، بۆ خۆی ببێتە کار و بچێتە خزمەتکردنی سەلماندنێکی باڵاتر" لێرەوە نیتشە چەمکی عەدەمییەتی دۆڕاو بەکار دێنێت، عەدەمییەتێک کە لەسەر دەستی خودی خۆی دۆڕاوە".

سەلماندن بەهێزترین توانای ویستە، بەڵام چی دەسەلمێنرێت؟ زەوی، ژیان، ...، بەڵام چ شتێک شێوەی زەوی و ژیان وەردەگرێت کاتێک دەبنە بابەتی سەلماندن؟ شێوەیەکە ئێمە نایزانین، ئێمە کە لەسەر زەوییەکی وشک و برینگی ئەو خاکە نیشتەجێین و لەنزیک خاڵی سفردا دەژین. ئەوەی عەدەمییەت بڕیاری لەسەر دەدات و خۆی بۆ ماندوو دەکات تاوەکو نەفی بکات، بوون نییە، چونکە زۆر لەمێژە زانراوە کە بوون وەکو نەبوونە وەکو چۆن برا لەبراکەی خۆی دەچێت. ئەو بەمانایەکی تر فرەییە، یان سەیرورەتە.

عەدەمییەت وا تەماشای سەیرورەت دەکات وەکو ئەوەی شتێکە دەبێت لەنێو بووندا لەخۆ بگیرێت، فرەیی وەکو شتێکی لادەرەو خراپەکار وایە دەبێت دادگایی بکرێت و لەخۆ بگیرێت. لێرەدا سەیرورەت و فرەیی تاوانبارن، ئەوە یەکەم وشەو دوا وشەی عەدەمییەتە. بۆیە لەژێر سایەی حوکمی عەدەمییەتدا پاڵنەرەکانی فەلسەفە سۆزێکی ڕەش دەبێت، بێزاری. نازانین ئەوە چ پەژارەیەکە، چ دڵەڕاوکێیەک و هەستێکی شاراوەیە بەگوناه.

بەپێچەوانەوە، یەکەم وێنە مەحاڵی فرەیی و سەیروورەت بۆ ئاستی توانا بەرز دەکاتەوەو دەیانکاتە بابەتی سەلماندن. لەنێو سەلماندنی فرەییشدا خۆیشی کردەیی فرەیی بوونی هەیە. خۆشی وەکو تاکە پاڵنەری فەلسەفە دەردەکەوێت. ئا ئەوەتا ئەو فرتوفێڵەی کە عەدەمییەت دەسەڵاتی خۆی لەسەر بنیادناوە: بریتییە لەبەرز کردنەوەی بەهای سۆزە نەفیکراوەکان، یان هەستە خەمبارەکان. (پێشتر لۆکریس باسی ئەوەی کردووەو سپێنۆزاش خستوویەتییە ڕوو. بۆیە نیتشە وێناکردنی فەلسەفەی وەکو توانا لەسەر سەلماندن قبوڵ کردووە، وەکو خەباتێکی کردەیی لەدژی فریوخواردن، وەکو دەرکردنی نەفیکراو، یان نێگەتیڤ).

فرەیی وا چەسپاوە کە فرەییە و سەیرورەتیش وا چەسپاوە کە سەیرورەتە، واتا لەیەک کاتدا سەلماندن و چەسپاندن بۆ خۆی فرەییە و دەبێتە خۆی. هەروەها سەیرورەت و فرەییش بۆ خۆیان سەلێنراون، لێرەدا شتێک هەیە بەتەواوی لەوازی ئاوێنە دەچێت لەنێو سەلماندنی چەمکدا. " ئەی سەلێنراوی ئەبەدی ... من تا ئەبەد سەلێنراوی تۆم". وێنەی دووەمیش بریتییە لەمەحاڵ، کە سەلێنراوی سەلێنراوە، دووانەیی، دوانەی خوایی دیۆنیزۆس - ئاریان.

بەپێی ئەو سیما ڕابردووانە، دیۆنیزۆس ڕێگا بەخۆی دەدات جیاواز بێت. ئێمە دوورین لەدیۆنیزۆسی یەکەم،

ئەوەی کە نیتشە لەژێر کاریگەری شۆپنهاوردا وێنای کردبوو وەکو ئەوەی ژیان لەشتە ئەسڵییەکانی داماڵێت، وەکو هاوپەیمانێکی ئەپۆلۆن لەپێناو بەرهەمهێنانی تراژیدیادا.

ڕاستە لەوەتەی تراژیدیا لەدایکبووە دیۆنیزۆس وا تەماشا دەکرا کە دژکارە لەگەڵ سوقرات، بگرە زیاتریش لەمیانەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەپۆلۆندا. سوقرات لەژێر ناوی بەهای باڵاوە ژیانی تۆمەتبار دەکردو بڕیاری لەسەر دەدا، بەڵام دیۆنیزۆس هەستی دەکرد کە نابێت بڕیار بەسەر ژیاندا بدرێت و ژیان دادپەروەرانەیەو خۆی بایی خۆی پیرۆزە. بەهەرحاڵ، هەرچەندەی نیتشە لەڕێگای بەرهەمەکانییەوە دەچێتە پێشەوە، ئەوەندە دژکاری ڕاستەقینەمان بۆ دەردەکەوێت.

دوایی چیتر دیۆنیزۆس دژی سوقراتیش نەبوو، بەڵکو دژی لەسێدارە دراوبوو. شەهیدبوونیدا بەیەکەوە دەردەکەوێت، بەڵام بەشێوەی جیاواز ئەو شەهیدبوونەیان ڕاڤەدەکرێت، هەڵدەسەنگێنرێت، شەهیدبوون لەلایەک دژە ژیانەو لەلایەکی تریش پرۆژەیەکی تۆڵەسەندنەوەیە لەنەفیکردنی ژیان، لەلایەکی تریشەوە سەلماندنی ژیانە، سەلماندنی سەیرورەت و فرەییە، تەنانەت لەنێو دڕاندن و پارچە پەرت و بڵاوەکانی دیۆنیزۆسیشدا.

سەماو پێکەنین و ڕۆح سووکی سیفەتە جیاکارەکانی دیۆنیزۆس بوو، وەکو توانایەکیش بۆ سەلماندن، باسی ئاوێنەی ئاوێنەکانی دەکات، بازنێک لەبازنەکانی. پێداویستییەک هەیە بۆ سەلماندنێکی تر تاوەکو سەلماندن بسەلمێنرێت. دیۆنیزۆس دەزگیرانێکی هەبوو ناوی ئاریان بوو" دوو گوێچکەی بچووکت هەیە، دوو گوێچکەی منت هەیە، وشەیەکی جوانی تێبخە". تاکە وشەی جوان لێرەدا بریتییە لە بەڵێ. ئاریان کۆتایی بەکۆمەڵی ئەو پێوەندییانە دێنێت کە دەستنیشانی دیۆنیزۆس و فەلسەفەکاری دیۆنیزۆسی دەکات.

چیتر فرەیی ناچێتە ژێر باری تاک و سەیرورەتیش ناچێتە ژێر باری بوون، بەڵام بوون و تاکگەرایی شتی باشتر لەوە دەکەن لەو مانایەی کە دەستیانداوەو مانایەکی نوێ لەخۆ دەگرن. چونکە تاک ئێستا بەفرەییەک دەگوترێت کە فرەیە، پارچە پارچەیە، بوون بەسەیرورەتێک دەگوترێت کە سەیرورەتە. ئەوە دڵی نیتشەییە، یان وێنەی سێیەمی مەحاڵ.

ئێمە چیتر لەمیانەی بوونەوە دژایەتی سەیرورەت ناکەین، چیتر لەمیانەی تاکەوە دژایەتی فرەیی ناکەین "مادام ئەو دژکارییانە گوتەزای عەدەمییانەن". بەپێچەوانەوە، ئێستا یەکێتی فرەیی دەسەلمێنرێت، بوونی سەیرورەت، یان وەکو ئەوەی نیتشە دەڵێت پێداویستی ڕێکەوت دەسەلمێنرێت.

دیۆنیزۆس یاریزانە، یاریزانی ڕاستەقینەش ڕێکەوت دەکاتە بابەتی سەلماندن، دێت شەزەرات و پارچەکانی ڕێکەوت دەسەلمێنێت و لەو سەلماندنەوە ژمارەی پێویست لەدایک دەبێت کە سەرلەنوێ سەرکێشییەکە دووبارە دەکاتەوە (هەڵدانی زار).

ئێمەش دەبینین وێنەی سێیەم چییە: وێنەی گەڕانەوەی بەردەوامە. گەڕانەوە مانای بوونی سەیرورەتە، یەکێتییەکی فرە، پێداویستی ڕێکەوت. بۆیە دەبێت خۆمان لەوە لابدەین کە وا لەگەڕانەوەی بەردەوام بکەین ببێتە گەڕانەوەی خودی هەمان شت Retour du Meme. ڕەنگە ئەوەش خۆ لادان بێت لەفۆرمی مەحاڵی و گۆڕانی پێوەندی بنچینەیی. چونکە Meme – لێرەدا بەمانای هەمان شت دێت – لەپێش بوونی جیاوازدا بوونی نییە تەنیا لەنێو گوتەزاری عەدەمییەتدا نەبێت. ئەوە Meme نییە کە دەگەڕێتەوە، چونکە گەڕانەوە شێوەی ئەسڵی Memeە کە تەنیا لەبارەی جیاوازەوە دەگوترێت، لەبارەی فرەوە، لەبارەی سەیرورەتەوە.Meme ناگەڕێتەوە، بەڵکو گەڕانەوە Memeە وەکو ئەوەی دەردەکەوێت.

مەترسی هەڕەشە دەکاتە سەر جەوهەری گەڕانەوەی بەردەوام. دەبێت پرسی گەڕانەوەی بەردەوام لەهەموو ئەو بابەتانە دەرباز بکرێت کە ساختەو بێ سوودن. هەندێکجار پرسیار لەبارەی ئەوە دەکرێت کە چۆن نیتشە توانیویەتی بڕوای بەبیرۆکەیەکی وا نوێ و بەهێز بکات، بیرۆکەکە کە پێدەچێت لەلای فەلسەفەکارانی کۆن هەبووبێت، بەڵام بەوردی نیتشە دەیزانی لەلای فەلسەفەکارانی کۆن بوونی نییە، نە لەنێو یۆنان و نە لەنێو خۆرهەڵاتییەکاندا، مەگەر بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو و نامسۆگەر نەبێت و بەمانایەکی تەواو جیاواز لەو مانایەی نیتشە پێیداوە.

نیـتـشـه پێـشـتـر زۆر تێـبـینی ڕاشکاوانەی لەبارەی هیـراکلیـتس هەبوو، بۆیە دانانی گـەڕانەوەی بەردەوام لەسـەر زمـانی زەردەشت وەکـو مـارێک لەسـەر لێـواری گەروودا مـانای وایە دەیەوێت بیـرۆکـەیەک بۆ زەردەشت بگێڕێتەوە کە ئەو نەیتوانیوە وێنای بکات. نیتشە دەست بەشرۆڤەکردنی ئەوە دەکات کە ئەو هەڵساوە کەسایەتی زەردەشـتی وەکـو تەوریە وەرگـرتووە، وەکـو سـەراوژێر کردنێکی مانا و مەجازێکی نێردراوو چەمکی نوێی پێ سپاردووە کە ئەو نەیتوانیوە پێکیان بێنێت و دروستیان بکات.

لەگـەڵ ئەوەشـدان نیـتـشـە لەنێـو زۆر دەق پێی وایە گەڕانەوەی بەردەوام وەکو بازنەیەک کە دەگەڕێتەوە سەر هەمـوو شـتـێکن بۆ ئەو شـوێنەی کـە Meme بۆی دەگەڕێتەوە وەکـو بازنەیەک بەرەو خۆی دەگەڕێتـەوە، بۆ ئەوەی کـە پێـشـتـر هەبوو، بەڵام ئەو دەقـانە مـانای چی بەدەستەوە دەدەن؟ نیتشە هزرڤانێکە بیرۆکەکانی خۆی بەشانۆیی دەکات، واتا وەکـو ڕووداوی لەدوایەکدا هاتوو پێشکەشـیـان دەکـات لەسـەر چەند ئاسـتێکی جیـاواز. پێشتر ئەوەمان لەبارەی مردنی خواوەند بینی.

گەڕانەوەی بەردەوام بریتییە لەبابەتی دوو نمایش، خۆ دەکـرا نمایشـی زیاتریش هەبێت ئەگـەر شـێـتی کـارەکـانی نیتشەی نەوەستاندبووایەو ڕێگای نەگرتبووایە لەوەی کە نیـتـشـە خۆی دەیویست بەڕاشکاوی و بەڕوونی بیـانخاتە ڕوو. بەهەرحـاڵ، ئەو دوو نمایشـەی بۆمـان مـاونەتەوە یەکـێکیـان پێـوەندی بەزەردەشـتی نەخـۆش هەیە و ئەویتریشیان بە زەردەشتی نیمچە ساغ.

ئەوەی وا دەکـــات زەردەشت نەخـــۆش بێت بەوردی بیـرۆکـەی بازنەیە، بیـرۆکـەی ئەوەی هەمـوو شـتـێک دەگـەڕێتـەوە، Meme دەگـەڕێتـەوەو هەمـوو شـتـێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو حاڵەتەی پێشتر هەبووە، چونکە لەو حاڵتـەدا گەڕانەوەی بەردەوام گریمانکراو نییە، لەهەمان کـاتیـشـدا گریمانکراوێکی پووچ و مـەترسـیـدارە. پووچە لەبەرئەوەی هاوشـانی یەقـینێکی سـروشـتی و ئاژەڵی و ڕاسـتـەوخـۆیە (بۆیە کـاتێ: هەڵۆ و مـار دەیانەوێت دڵنەوایە زەردەشت بدەنەوە وەڵامیان دەداتەوە کە: واتان لەگـەڕانەوەی بەردەوام کـردووە قـسـەیەکی دووبارە بێت، گەڕانەوەی بەردەوامتان بۆ فۆرمێکی تەواو ناسراو کورت کردووەتەوە، زیاتر لەوەی پێویستە).

مەترسیداریشە، چونکە ئەگەر ڕاستە هەمـوو شـتـێک دەگـەڕێتـەوەو دەچێتـەوە سـەر ئەو فـۆرمەی کـە هەیبـووە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا هیچ شـتـێکی سـەیر لەگـەڕانەوەی بەردەوامـدا هەیە ئەگـەر لەنێـو بازنەیەکـدا بێت، واتا گـەڕانەوەی هەمـوو بێت، گـەڕانەوەی Meme بێت، گـەڕانەوە بێت بۆ Meme، بەڵام مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە نییە.

نهـێنی نیـتـشـە لەوەدایە کـە گـەڕانەوەی نهـێنی ئینتیقاییانەیە، ئینتیقاییانەیە بەشێوەیەکی دووانەیە، یەکەم وەکو بیرۆکەیەک. چونکە یاسایەکمان پێدەدات بۆ سەربەخۆیی ویستی دەرباز بوو لەهەموو ئەخلاقێک، جا هەر چییەک بێت کە من گەرەکمە (تەمبەڵیم، ترسنۆکیم، چاکەکارییەکەم)، دەبێت بمەوێت وەکـو چۆن گـەڕانەوەی بەردەوامم گەرەکە.

گەڕانەوەی بەردەوامی بیرۆکەی ئینتیقائی نییە، بەڵکو بوونی ئینتیـقـاییـشـە. سـەلماندن بەتەنیا دەگـەڕێتـەوە، بەتەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەکرێت بسـەلمێنرێت، تەنیا خۆشی دەگەڕێتەوە. هەموو ئەوانەی دەکرێت نەفی بکرێن، هەمـوو ئەوانەی نەفـیکراون، بزاڤی گـەڕانەوەی بەردەوام بەلاوەیان دەنێت. ئێمە دەمانتوانی لەوە بترسین کـە پێکهـاتەی عـەدەمـیـیـەت و کـاردانەوەخـوازی بەشێوەیەکی بەردەوام نەگەڕێنەوە.

چونکە بوون لەمـیـانەی سـەیرورەتەوە دەسـەلمێنرێت، هەمـوو ئەو شـتـانە لەخودی خۆیدا دەردەکـات کـە دژی سـەلماندنن، هەمـوو شـێـوەکـانی عـەدەمـیـیـەت و کاردانەوەیی، هەستکردن بەهەڵەو ئیزتیغان و ... تەنیا یەکجاریش بەدییان دەکەین. بۆیە مرۆڤی بچووک و هیچ و پووچ و عـەدەمـیـیـەت و کـاردانەوەییش دێنەوە، بۆیە زەردەشت بەهەمـوو بێـزاری خـۆیەوە هاوار دەکـات کـە ناتوانێت و نایەوێت و ناوێرێت بڵـــێت گـــەڕانەوەی بەردەوام.

باشـە چی ڕوویدا کاتێک زەردەشت چووە نێو حاڵەتی نەقاهەتەوە؟ باشە زۆر بەسادەیی بڕیاری دا بەرگەی ئەو شتانە بگرێت کە پێش کەمێک بەرگەی نەگرتبوو؟ ئەو قـبـوولی گـەڕانەوەی بەردەوام دەکـات، لەشـادییـەکـەی تێـدەگـات. باشـە ئایا مـەسـەلەکـە بەگـۆڕانێکی

سایکۆلۆژییانەوە پەیوەستە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو پەیوەستە بەگۆڕان لە تێگەیشتن بۆ گەڕانەوەی بەردەوام و ماناکەی.

زەردەشت دان بەوەدا دەنێت کاتێک نەخۆش بووە هیچ شتێک لەگەڕانەوەی بەردەوام تێنەگەیشتووە. ئەوە مانای بازنە نییە، مانای گەڕانەوەی هەمان شت نییە و گەڕانەوەش نییە بۆ هەمان شت، ئەوە شتێکی سادە نییە بۆ بەکارهێنانی ئاژەڵان و سزایەکی غەمبارانەی ئەخلاقیش نییە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤانە بێت.

زەردەشت لەهاوشێوەیی و لێکچوون تێدەگات (گەڕانەوەی بەردەوام - بوونێکی ئینتیقائیبیانە). بەهەر شێوەیەک بێت، کاردانەوەخواز، یان عەدەمی، چۆن دەشێت نەفیکراو بگەڕێتەوە ئەگەر گەڕانەوەی بەردەوام بریتی بێت لەو بوونەی گە لەبارەی سەلماندنەوە دەگوترێت، لەبارەی سەیروورەت لەحاڵەتی کردەوە؟ (ئەستێرەیەکی بەرز بۆ بوون، هیچ هیوایەک نییە پێی بگات، هیچ نەفییەک نییە پیسی بکات).

گەڕانەوەی بەردەوام بریتییە لەدووبارە بوونەوە، بەڵام ئەو دووبارە بوونەوەیەی کە شتەکان هەڵدەبژێرێت، ئەو دووبارە بوونەوەی کە ڕزگارکەرە. ئای کە نهێنییەکی سەیری دووبارەبوونەوەی ئازادیخوازو هەڵبژێردراوە. کەواتە مەحاڵ فۆرمێکی چوارەم و کۆتایی هەیە: بەدوای مرۆڤی باڵادا دێت و بەرهەمی دێنێت، چونکە مرۆڤ لەنێو جەوهەری مرۆڤانەی خۆیدا بوونەوەرێکی کاردانەوەخوازە و هێزەکانی خۆی لەگەڵ عەدەمییەتدا کۆ دەکاتەوەو گەڕانەوەی بەردەوام ڕەتی دەکاتەوەو دەری دەکات.

مەحاڵی پێوەندی بەگۆڕانێکی ڕیشەییەوە هەیە لە جەوهەردا، لە مرۆڤدا بەرهەم دێت، بەڵام مرۆڤی باڵاش بەرهەم دێنێت. مرۆڤی باڵا بەڵگەیە لەسەر تێرامان لەبارەی هەموو ئەو شتانەی دەشێت بسەلێنرێن، فۆرمی باڵای ئەو بوونەوەرەی کە هەیە، ئەو نموونەیەی کە نوێنەرایەتی بوونێکی ئینتیقائی دەکات.

بۆیە کەوتووەتە سەر لێواری دوو ئەسڵ، لەلایەک لەمرۆڤدا بەرهەم دێت لەڕێگای دوا مرۆڤ و ئەو مرۆڤەی کە هیلاکەتی گەرەکە، بەڵام لەدوایانەوە وەکو دابڕانێکی جەوهەری مرۆڤانە و گۆڕانێک تێیدا، بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەگەر لەمرۆڤدا بەرهەمیش بێت، ئەوە بۆ مرۆڤ نییە، ئەوە بەرهەمی دیۆنیزۆس و ئاریانە. زەردەشت خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی یەکەم، چونکە پلەیەک لە خوار دیۆنیزۆسە، چونکە پەیامبەر و مزگێنی بەخشی ئەوە.

زەردەشت مرۆڤی باڵا بەکوڕی خۆی ناو دەبات، بەڵام کوڕەکەی لێی تێدەپەڕێنێت، کوڕەکەی کە باوکی ڕاستەقینەی بریتییە لە دیۆنیزۆس، بەو شێوەیە وێنەی مەحاڵ کۆتایی دێت: دیۆنیزۆس، یان سەلماندن، دیۆنیزۆس - ئاریان، یان سەلماندنێکی دووانەییانە، گەڕانەوەی بەردەوام، یان سەلماندنی دووانەیی، مرۆڤی باڵان، یان نموونەی سەلماندن و ئەنجامەکەی.

ئێمەی خوێنەرانی نیتشە پێویستە خۆمان لە چوار مانای پێچەوانە لابدەین:

لەبارەی ویستی تواناوە، پێدەچێت ویستی توانا بە مانای ویستی کۆنترۆڵ بێت، یان مرۆڤ توانای گەرەک بێت.

لەبارەی بەهێز و لاوازەکانەوە: پێدەچێت بەتواناتر لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ئەو کەسانە بن کە خاوەن هێزن.

لەبارەی گەڕانەوەی بەردەوامەوە: پێدەچێت مەسەلەکە پێوەندی بە بیرۆکەیەکی کۆنەوە هەبێت، لە گریک و هیندی و بابلییەکان وەرگیرابێت، زیاتریش پێدەچێت مەسەلەکە پێوەندی بە بازنەیەکەوە هەبێت، یان بەگەڕانەوەی Meme هەبێت، بەگەڕانەوە بۆ Meme.

لەبارەی کارەکانی دواییەوە: پێدەچێت ئەو کارانە زێدە بن، یان لە شێتی دایماڵیوە.

سەرچاوە:

نیتشە، جیل دولوز، ترجمة: د. أسامة الحاج، الطبعة الأولى ١٩٩٨، بيروت.

(مەرگی ئاوێنە) گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی مانا

بنەمـایەکی ڕەخنەیی کـە دەشـێت لە خـوێندنەوەی دەقـێکی لەم جـۆرەوە سـەرچاوە بگرێت، ئەسـتـەمی جیاکردنەوەی مانای شیعرییە لەخوێندنەوەی ڕەخنەیی و تێڕامانی ئەدەبیدا.

لەبەر ئەوەش کە دەستەبەرکردن و سنوورکێشی هەموو پێکهاتە سیمانتیکییەکان لە مانا و مەبەست و هێما و ئاڵوگۆڕەکانی تر، لەقەبارەی ئەم بەدواداچوونە ڕەخنەییە فراوانترە، بۆیە وا باشترە تەنیا لەو ڕووانەی پێکهاتە بنیادییەکانی شیعرەکە بدوێین کە دەمانگەیەنێتە ئاستێک لە کرداری شیکردنەوەی نیشانە بەکاربراوەکان کە جۆرە ڕێکەوتنێک لەنێوان دەقەکە و خوێنەردا بهێنێتە دی.

بە بۆچوونی من هەندێک بەشی دەقە شیعرییەکانی (سەباح ڕەنجدەر) بەگران ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدەن، بۆیە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین دروستی ئەو بۆچوونە ساغ بکەینەوە. پاش ئەوەی کاری دووبارە خوێندنەوە و بەراوردی دەقەکان بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵین.

یەکێک لە تەکنیکە سەرەکییەکان کە شاعیر لە ڕووی داڕشتنی زمانەوە زیاتر پێیەوە خەریک ببوو دەستکاری کردنی بینای سێنتاکسی بوو لە ڕستەدا. لە بەشی هەرە زۆری ئەم دەقـەدا گـەڕانەوەیەکی ئاشکرا بۆ ئەو بینایە دەردەکەوێت کە ڕەنگە بە گەڕانەوە بۆ لۆژیکی شیعری بێتە بەرچاو:

لە سیما دیارەکانی ئەو تەکنیکەی لابردنی فرمانەکانی (بوون)ە لە ڕستـەدا و بەکـاربردنی یەک بەدوای یەکی

ئاوات محەمەد ئەمین
(کەرکووک)

(ناو) و (ئاوەڵناو) و دووبارەبوونەوەی بەردەوامی (ی)ی پێوەندییە.

ڕووبار دەمی داپچڕاوی ئادەم ⟵ ناو+ ناو+ ی+ ئاوەڵناو+ی + ناو

بەردەکانی ڕۆخی ⟵ ناو+ی + ناو+ ی

ددانی کەوتووی ⟵ ناو+ ی+ ئاوەڵناو+ ی

کەلاوەکان مەمکی حەوا ⟵ ناو+ ناو+ ی+ ناو

شاعیر کاری گرێدانەوەی فرمانەکانی (بوون) بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت کە شێوەیەکە لە کرداری سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕستە شیعرییەکان بە مەبەستی بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ پێکهاتە مانایە قووڵەکان کە لە بنەڕەتدا بە ئامادەکراوی لە مێشک و زەینی شاعیردان، بەڵام لە پێکهاتە ڕووکارەکاندا وەک بەشێک لە بۆشاییەکانی دەقەکە داڕێژراون، ئەوەش ڕاز و نهێنی گەڕانە بەدوای شتە شاراوەکاندا کە پێکەوە جیهانی دەقەکە پێک دەهێنن و نەخشەی ئەو جیهانە دەکێشنەوە.

دەبێت خوێنەر لە کردارێکی زەینی و لەسەرەنجامی هەڵبژاردنێکی دروستی تەواوکەرەکاندا، کە لە شێوەی مۆرفیمە پاشگرەکانی (بوون، ڕاناو، نەفی) دان (بە پێودانگی یاساکانی ڕێزمانی کوردی)، بگاتە چوارچێوەکانی مانا و سنوورە نادیارەکانی جیهانی دەقەکە، بەو پێیە دوا شیانەکانی ئەو چەند ڕستەی سەرەوە بەم شێوەیە دەبن:

ڕووبار دەمی داپچڕاوی ئادەم (ه)، یان (بوو)، یان (نییە، نەبوو)

بەردەکانی ڕۆخی

ددانی کەوتووی (ن)، یان (بوون)، یان (نین، نەبوون)

کەلاوەکان مەمکی حەوا (ن)، یان (بوون)، یان (نین، نەبوون)

بەڵام لە هەندێک شوێنی تردا بەجێهێشتنی تەواوی ئەم تەکنیکە بەدی دەکرێت:

سەرزەمین کەڕنەڤاڵی تەواوی تێدا {نییە}

خوێندنەوە مەحاڵ{ه}

مەودای ڕێگاکان دیار{ن}

(پۆل دی مان)ی ڕەخنەگر لەو باوەڕەدایە کە هیچ دەقێک لەدەرەوەی ڕێزماندا دروست نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگری (هەڵوەشانەوەگەرایی) هەوڵی

سەباح ڕەنجدەر

گونجاندنی هاودژی نێوان (ڕێزمان) و (وێنە) دەدات، یان ڕاستییە ڕێزمانییەکان و کرداری خودی لەدەقدا. ئەگەر (مەرگی ئاوێنە) لەپابەست بوونی بە بنەما ڕێزمانییەکانەوە (دەرکەوتنی مۆرفیمە لابراوەکان) بە گەڕانەوە دابندرێت بۆ کرداری شیعری لە پانتایی زەمەندا، ئەوە دەبێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی یەکە بنەڕەتییە ئامادەکانی ناو ڕستە سەرەکییەکان و گوزارشتە هێماکارییەکانی ناو دەقەکەوە بگەینە دەرەنجامێکی ئەرێیی. ئەو هەوڵە ڕەخنەییە کە (سێ) تەوەر لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: ئامادەیی بەردەوامی (م)ی ڕاناوی کەسی یەکەم (بکەر)، بەواتای ئامادەیی (خود)ە لە چەقی دەقەکەدا.

دووەم: بوونی کرداری شیعرییە لە شێوەی پێوەندی نێوان بکەر (خود) و جیهانی دەرەوەیدا (بەرکار).

سێیەم: ئامادەیی کاریگەری کات (زەمەن) لە مەودای سنوورەکانی (ژیان) و (مردن)دا کە لەحاڵەتی بوونە (بەرکار)دا جەمسەری بەرانبەر بەخود پێک دەهێنن.

ئەو کرداره شیعرییە لەمامەڵەیەکی دوو جەمسەرەدایە لەگەڵ دوو زەمەنی جیادا. (زەمەنی دەق و زەمەنی دەرەوەی دەق) لەچوارچێوەی کاردانەوەیەکی بابەتییانەی خود لەگەڵ دەرەوەیدا. (جیهان) کە لەبنەڕەتدا مانای

گشتی و مەبەستی تەواوی دەقە شیعرییەکە پێک دەهێنن، دەگاتە کۆتایی.

ئەو بینا ئەندازەییەش کە دەقەکە لەسەری بیناکراوە دەشێ لە شێوەی تێهەڵکێش، دوو بازنەی لەناویەکدا بێت. (بازنەی ژیان و بازنەی مردن) کە (خود) چەقی هەردوو بازنەکە پێک دەهێنێت، بەڵام شاعیر لەژێر حوکمی دەسەڵاتی وشەدا لەشێوەی لاکێشەکانی (ژیان) و (مردن) دایڕشتووە.

بە هەرحاڵ سەرەتا و کۆتایی ئەم شیعرە (لەڕووخانەوە تا گەڕانەوە بۆ خۆڵ) وەک دەقێکی ئەندازەیی لەنێوەندی هەردوو چوارچێوەکەدا، بابەتە سەرەکییەکە دەخاتە ڕوو کە ململانێی (خود) و (جیهان)ە، ئەوەش زیاتر بەلای کێشەی (بوون) بە مانا فەلسەفییەکەیدا دەشکێتەوە. جا با بزانین هێڵی بەیانی کرداری شیعرییەکە (پێوەندی نێوان خود و جیهان) لە کوێوە دەست پێدەکات و چ ئاراستەیەک وەردەگرێت.

سەرەتا ئامادەبوونی خود بۆ یەکەم جار لە دەقێکی شاعیردا بە واتای خۆ ئاشکرا کردن و هەڵوێست وەرگرتنە لە جیهان و چوونە ناو بازنەی ململانێیەکەیە بە مەبەستی ساغکردنەوەی سروشتی پێوەندییەکە و دەستەبەرکردنی ماناکان و خۆدان لە پرسیارە



ئەزەلییەکان. ڕووبەڕووبوونەوەی خود (دیوی نەفیکەرەوەی جیهان و بوون) لەسەرەتاوە ئاراستەکەی بەرەو خامۆشی دیاری دەکرێت. ئەو هۆیانەی بەکارهاتوون بۆ ساغکردنەوەی سروشتی پێوەندییەکە بریتین لە:

ناسین (کە دەرەنجامێکی وارسکی پێوەندییەکانە). (کردارێکی زەینی وابەستەیە بە هۆشەوە بۆ دۆزینەوەی سروشتی پێوەندییەکان). زمان (وەک هێمایەک بۆ گفتوگۆی بەردەوامی پێوەندییەکان).

بەرلەوەی (خود) خۆی لەنێوەندی یەکەم بۆشایی (چوارچێوەی ژیان)دا ببینێتەوە، لەچوارڕیانی ژیان و مردندا بەبێ خواست مل دەنێت. دوو ڕێگا بەرەو ژیان (ژیانی نامۆیی و ژیانی دڵنیایی) دوو ڕێگاش بەرەو مردن (مردنی جەستە و لەناوچوون و مردن بە واتای ڕەهابوونی گیان پەڕینەوە بەرەو نەمری).

یەکەم دانپیانانی خود لە بۆشایی بازنەی ژیاندا (نەناسین)ە. نەناسینی ژیان لە بێهوودەیی ساڵەکانی تەمەندا، تەنانەت لە تەمەنی سەرەتا ئەفسانەییەکان و پێشبینییە خەیاڵییەکانی (هوما)ی خۆشبەختیدا کە سەرەنجام نامۆیی خود و مەحاڵی ناسینە. لێرەدا سنوورەکانی بازنەی (ژیان) لەسنوورەکانی بازنەی (مردن) تەواو نزیک دەبنەوە تا ئەو ڕادەیەی خودێکی مردووی بێ سەرو شوێن لە چوارچێوەی مردندا ڕووبەڕووی تەلیسمێک دەبێتەوە کە لە دەرەوەی پەی پێ بردنی زەین و هۆشیارییە، کە لەگەڵ هەوڵە سەرەتا ئەفسانەییەکانی خوێندنەوە و پێشبینییەکانی (هوما)دا سەرەنجام ونبوون و مەحاڵی خوێندنەوە پێک دەهێنن. ئەوکاتە دوو ڕێگا هاو ئاراستەی ژیان و مردن لە وەڵامی (نەفی) خود دا دەگەنەوە یەک.

ئەوسا خود (بکەر) لە هەوڵی گرتنەبەری دوو ڕێگای هاوئاراستەی (خۆ سەلماندنی) خۆیدا دەبێت. لێرەدا خاڵی لادانی هێڵی بەیانی کرداری شیعرییەکە دەست پێدەکات، بەڵام ئەمەیان هەوڵێکی نەرێیی لە دەرگادانی (ئەگەر)ەکانە (ئەگەر بکرێ حەز دەکەم) کردنێک لەودیو سنووری ماقووڵداو لە خەونی دەستەمۆکردنی (هومای ناقۆڵا)دا:

کەی بکرێ
دەکرێتە دەکرێ
بکرێ و دەکرێ

پەڕینەوەیەک بۆ بازنەی دووەمی ژیان، پاش دوورکەوتنەوە لە (خود) و هەڵاتن لە تاوانبارکردن بە ژیان لە بازنەی یەکەمدا. ئەو کاتە چوارچێوەکانی ژیان سنووری مردن بە (خاکی دڵخۆش) و (پەنجەرە) و (ئەستێرەی هەمیشە هەڵاتوو) دەنەخشێنن. بەو چەشنە دوو ڕێگاکەی تری ژیان و مردن لە وەڵامی (خۆسەلماندنی) خوددا دەگەنەوە یەک، پاشان دەردەکەوێت کە ئەو خاڵی لادانە هێڵێکی وەهمی بە ئاراستەی خەیاڵدا کێشابوو.

دوای مەحاڵی ناسین و خوێندنەوە، بەئاگاهاتنەوەی خود ئاراستەی هێڵە بەیانییەکە بەرەو ئەو پنتە دەبات کە سەرەتا و کۆتایی تێیدا یەکانگیر دەبنەوە. ئەوەش بە پەنابردنە بەر دەسەڵاتی وشە و هۆکاری سروشتی و سەرەکی پێوەندی کە (زمان)ە.

(خود) لەسەرەتاوە هەستکردنێک بە بێ بەشبوون لە تەواوی میراتی قسەکردن لە خۆدا بەدی دەکات کە ئەمەشیان دان پێدانانێکە بە ئەستەمی پەڕینەوە لە سنووری وشە یاساغەکان لەنێوان هێماکانی ترس (ئاگر و پۆلیس) و ئاسوودەیی (چەتر، دەرگا)دا، بۆیە ناچار پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی هێمای وشە یاساغەکان لە دەربڕینی جیاوازدا لەشێوەی (ڕەسم) و لە (دەرەوەی پێشانگای هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراو)دا. لە وێنەکێشانی هێماکاری وشەدا تەنیا تابلۆی دوو کۆتری ئاشق لەو پێشانگایەدا بەدی دەکرێت لە دەرەوەی یاساکانی بەرد و یاساغیدا. پاشان لەدان پێدانانێکی ورێنە ئاسادا حەزی سبەینێیەکی گەش بەدەردەکەوێت. ئەوسا سنوورەکان، زەمەن لە نەفیکردنی جیهاندا مانایەکی تر بە مردن دەدەن (ژیان- ژیان)، کە (جووت بوونی هەمیشەیی) خودە لەگەڵ حەزە بە کۆتەڵبووەکاندا ڕوو لە ڕێگاکانی خامۆشی دەکات بە ناو نیگای تاوانباریدا پاش ئەوەی ڕازیبوون بە واقیعێکی درۆ بە (کۆتری دەبەنگی) دەسپێرێت.

گفتوگۆی خود لەگەڵ دەرەوەیدا لە دوو شێوەدا دەرکەوتووە، کە هەردووکیان یەک ئاراستەیان هەیە، یەکەمیان لەگەڵ زەمەندا (ژیان و مردن)، دووەمیان لەگەڵ بەرکارێکی (مرۆڤ)نادیاردا کە دەشێ بەدیوی دەرەوەی خود دابندرێت، یان لە بەکارهێنانێکی هێماییدا (کۆتر) کە بە هەمان (مەدلوول) بێت.

لە ونبوون و بێهوودەیی گفتوگۆدا کە سێیەمین (هۆ)یە بەکارهاتووەکانە (ناسین، خوێندنەوە، زمان) بۆ دۆزینەوەی سروشتی پێوەندی خود لەگەڵ دەرەوەدا (کرداری شیعری) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر توانیویەتی لە تابلۆیەکی هاوکێشەیی ئەندازەییدا هارمۆنی لە نێوان جیهانی دەقەکە و دەرەوەیدا دروست بکات لە ڕەسم کردنێکی شیعریی نوێی پێوەندی نێوان خود و جیهاندا، هەروەها لەمامەڵەکردنێکی جیادا لەگەڵ هەردوو زەمەنی دەق و دەرەوەیدا توانیویەتی لە تێهەڵکێشێکی هونەریدا مەودا شاراوەکانی کێشەیەکی فەلسەفی خودی ڕەنگڕێژ بکات.

سەرچاوە:

سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خواوەند (دیوانی شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦. دەقی (مەرگی ئاوێنە)، ل٩٧ تا ١٤٠.

لە خەوما، لەنێوان دوو سەدەدا

خوێندنەوەیەکی نوێی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب

ئەگەرچی نووسین کردەیەکی خودییە، بەڵام هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەم و قۆناغەی کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەق بەرهەم دێت، ئەرکی نووسین تەنیا پیشاندانی ڕووە گەش و جوانەکەی ژیان نییە، یان ڕاستتر بڵێین تەنیا بەخستنەڕووی دیوە جوانەکەی قۆناغ و سەردەمێک ئەرکی نووسەر کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەرکی سەرەکی و بناغەیی نووسەر لە بەرهەمهێنانی دەقدا خستنەڕووی ئەو لایەنانەی ژیانە کە کەموکورتییان تێدا دەستنیشان کردنی ئەو کەموکورتیانەیە.

هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین نووسین گەواهیدەری ئەو ڕووداوانەیە کە لە قۆناغێکی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن. قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..)ی نالی گەواهیدەری قۆناغێکی شاری سلێمانی و گێڕەرەوەی سۆزی غەریبی خودی (نالی)یە. هاوکات وەڵامەکەی سالم-یش (جانم فیدای سروەکەت..) ئەویش شاهیدێکی ڕاستگۆی قۆناغی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بابان و هێرشی ڕۆمەکان و داگیرکردنی شاری سلێمانییە لەلایەن ئەو داگیرکەرانەوە. سالم زۆر بەوردی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی نالی داوەتەوە کە لە نامە شیعرییەکەیدا کردوویەتی و وەکو فۆتۆگرافەرێکی لێهاتوو وێنەی هەموو کووچە و کۆڵانەکانی شاری سلێمانی بۆ نالی گواستۆتەوە.

گرنگی ئەم شیعرە تەنیا لەوەدا نییە کە دەقێکی شیعری هەست بزوێن و پڕە لە سۆزی غەریبی و نیشتمان... تاد، بەڵکو گرنگی ئەم دەقە لەوەدایە

ئارام سدیق
(سلێمانی)

مێژووی قۆناغێک دەگێڕێتەوەو نالی و سالم هەردووکیان دەبنە مێژوونووسێکی ڕاستگۆی ئەو قۆناغە. ئێمە لەبەر دەیان هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی زۆر شت و مێژوونووسیشمان نەبووە تا ڕاستی و وردەکاریەکانی ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە، بۆیە شاعیرانمان لەوسەردەمەدا ئەرکی مێژوونووسیشیان بینیوە. ئەگەرچی هەردوو دەقەکەی نالی و سالم زیاتر بە شان و باڵی باباندا هەڵیان داوەو دژی ڕۆمەکان کاریان کردووە، بەڵام ئەو دوو دەقە لە ڕیزی جوانترین ئەو دەقانەن کە مێژووی ئەدەبی کوردی شانازیبان پێوە دەکات، بەڵام بەهۆی تێپەڕبوونی قۆناغ و هوشیاربوونەوەی زیاتری نووسەران و ڕۆشنبیرانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات لەنێو نووسەراندا سەری هەڵدا لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیددا چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێک ڕەخنەیان لە دەسەڵاتەکەی گرتووە و کەموکوڕییەکانیان دەستنیشان کردووە، ئەگەرچی لەوکاتەدا ڕەنگە ڕاستەوخۆ نەیانتوانیبێ ڕەخنەکانیان ئاراستە بکەن، بەڵام لە ڕێی دەقی ئەدەبی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان ئاراستەی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود کردووە کە دەکرێت ئەو ڕەخنانە وەکو سەرەتای ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی سەیر بکرێت.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمەیە قسەکردنە لەسەر چیرۆکی(لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) کە یەکێکە لەو چیرۆکانەی هەندێک بەیەکەم چیرۆکی کوردی دەزانن و هەندێکی تر (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف بە یەکەم چیرۆکی کوردی دەزانن، بەڵام ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کاری ئێمە نییە و ئێمە تەنیا دەمانەوێت لەم نووسینەدا لەسەر چەند لایەنێکی ئەم چیرۆکە قسەبکەین. تا نەوەی نوێ هەم ئاگاداری ئەو قۆناغەی مێژووی ئێمە بێت و هەم ئەو چیرۆکە لە خانەی لەبیرچوونەوە دەربهێنێت.

لەخەوما شێوەیەکی ساکاری گێڕانەوەی لەخۆگرتووەو کات و شوێن تێیدا ونە، بەڵام ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونە کە چیرۆکی "لە خەوما" لە زەمانی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفیددا نووسراوە و ڕووداوەکانیش گێڕانەوەی واقیعی ئەو سەردەمەیە. گرنگی ئەم چیرۆکە تەنیا لەوەدا نییە کە یەکەم چیرۆکی کوردییە، بەڵکو گرنگی ئەم تێکستە لەوەدایە کە یەکەم هەوڵی نووسەری کوردە بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی. ئەگەرچی هەندێک کەس پێیان وایە کە ئەم چیرۆکە ویستوویەتی خزمەت بەدەسەڵاتی بێگانەی ئینگلیز بکات، بەڵام من تەواو پێچەوانەی ئەو ڕایانە لەم چیرۆکە دەڕوانم و پێم وایە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەخنەگرتنێکی بوێرانەی تێدایە لەمەڕ دەسەڵاتی شێخ مەحموود و دەسەڵاتی ئینگلیزیش. ئەگەر ئێمە بەوردی لە چیرۆکەکە ڕامێنین هەست بەوە دەکەین کە نووسەر تەنیا لە هەوڵی خستنەڕووی ڕووە تاریک و ناشایستەکانی سەردەمی شێخ مەحموود دا نەبووە، ڕاستە هەوڵی خستنەڕووی ئەمەی داوە، بەڵام لە هەوڵی ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزەکانیشدا بووە و ئەمەش بەڕوونی لە چیرۆکەکەدا و لەڕێی دەنگە جیاوازەکانییەوە خراونەتەڕوو. لە خەوما لەڕێی کەسی یەکەمی تاکەوە دەگێڕێتەوە کە کەسێکی هەژارەو بەدوای کاردا شاری خۆی بەجێ دێڵێ و دەیەوێ لەشارێکی تردا ئیشێکی دەست بکەوێت و پاش ئەوەی دەچێتە شارەکەی تر لەوێ بەتۆمەتی جاسووسی دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە و چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

لەزیندانداا گێڕەرەوە (کەکەسی سەرەکی چیرۆکەکەشە) ئاگاداری زۆرێک لە ئیش و کارەکانی ناو زیندان دەبێت لەم ڕێگەیەوە نووسەر چەندین وێنەی جیاجیا و کەسایەتی جۆراوجۆر دەخولقێنێت، هەر لەو ڕێگەیەشەوە ڕەخنەی توند هەم ئاراستەی دەسەڵات و هەم ئاراستەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات. نووسەر ڕەخنەی توند لە مەلایانی دەرباری دەسەڵات دەگرێت و پێی وایە ئەوان نەدین دەزانن و نەدیانەت و تەنیا ماستاوچی دەسەڵاتن. مەلاکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە لەگەڵ ئینگلیزی کافردا ببنە هاوپەیمان، بەڵکو دەیانەوێ لەگەڵ تورک ببنە هاوپەیمان، چونکە دژی دین و دیانەتەکەیان نییە، ئەمە یەکێکە لە مەنەلۆژە کورتەکانی نێو ئەو گرتووخانەیەی کە گێڕەرەوە (کە کەسی سەرەکی چیرۆکەکە)ی تێدا زیندانە.

یەکێک لەو خاڵانەی بنیادی چیرۆک بەهێز دەکات زمانە. زمانی ئەم چیرۆکە زمانێکی گوندییە. هەڵبەت ئەو چیرۆکانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا نووسراون زمانێکی گوندی بەسەریاندا زاڵە. ئەم حاڵەتەش لە چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد

موختار جافیش ڕەنگدانەوەی هەیە، هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە کورد وەکو گەلێکی بندەست خاوەنی شار و شارستانی نەبووە و شارەکانیش هەڵگری هەمان خاسیەتی گوند بوون، بەڵام لە فۆرمی گەورەتردا. گێڕانەوەش وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا بە شێوەیەکی ساکارە و لە ڕێگەی کەسی یەکەمی تاکەوە دەگێڕدرێتەوە.

دەمەوێ لێرەدا بۆ لایەنی ناوەرۆک لەم چیرۆکەدا بگەڕێمەوە. کرۆکی ئەم چیرۆکە باس لە جاسووسی و تێوەگلان دەکات بە کاری جاسووسی. کەسی سەرەکی ئەم چیرۆکە کە (گێڕەرەوەیە) بە تۆمەتی جاسووسی دەخرێتە زیندانەوە پاش ئەوەی مـــاوەیەکی زۆر لە زیندانـدا دەمێنێتەوە و ڕۆژانە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت و بە هاوار و نزای تۆمەتبارکراوەکە چیرۆکەکە کۆتایی دێت. نووسەر دەیەوێ لەم چیرۆکەدا پەنجە بخاتە سەر قووڵترین و دێرینترین زامی کۆمەڵگەکان بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی. زامێک کە دەیان بگرە زیاتریش لە شۆڕشەکانی ئێمەی زیندەبەچاڵ کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی لە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە. جاسووسی ئەو زامە سەخت و دزێوەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی کە ئێمە لەڕێی ئەمەوە دەیان جار هەوڵی دروستبوونی دەوڵەت و ئەزموونی سیاسی و ئازادمان لە دەستچووە، داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ویستوویانە چ لە ڕێی جاسووسی کوردی (ناوەکی) و چ جاسووسی (دەرەکییەوە) هەوڵی لە باربردنی دروستبوونی کیانی کوردی بدەن. ئەوەی ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت تەنیا ئیشکردنە لەسەر ڕووە سیاسییەکەی چەمکی (جاسووسی) و ناڕاستەوخۆش ئەو دووفاقییەی کەسێتی کورد دەخاتەڕوو کە خاوەنی کەسایەتییەکی دەمامکدارە. کەسایەتییەک لە دەرەوە و لە نێو کۆمەڵدا دەمامکێک دەپۆشێت و خودی خۆیشی لە ناوەرۆکیدا خاوەنی کەسایەتییەکی ترە.

جەمیل سائیب لە ڕێی چەند مەنەلۆژێکەوە ئەو دووفاقییەی کەسایەتی کورد دەخاتەڕوو لەلاپەڕە(٧١) دەڵێت: من بۆچی بۆ ئەو خەڵکە خۆم تووشی ئازار و دەردی سەری بکەم، ئەوەی قازانج و خێری خۆمی تێدا نەبێت نایکەم. لێرەوە تێدەگەین نووسەر دەیەوێت لەڕێی چەند ئاماژەیەکی تیژتێپەڕەوە چەند نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە بخاتەڕوو. ئەم نەخۆشیانە بەر لە سائیب هیچ کەسێکی تر لەسەر ئەم مەسەلەیە نەدواوە، ئەمەش خاڵی درەوشاوەی ئەم چیرۆکەیە.

کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەوڵی بچووککردنەوەو لەباربردنی ژیانی ئاسایی دراوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانانەش دەیان و سەدان ڕێگەی جۆراو جۆری بەکار بردووە. لێرەدا کاری من نییە ئاماژە بەسەرجەم ئەو ڕێگایانە بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو کە نووسەر لەم چیرۆکەدا ئاماژەی بە چەند ڕێگەیەک داوە لەوانە جاسووسی و هاوکات گۆڕینەوەی دوژمنێک بەدوژمنێکی تر، کە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە مەلاکانی دەربار بۆچوونیان بەرانبەر داگیرکەری تورک باشتر بوو تا ئینگلیز. لەم حاڵەتەی دواییدا و لە دیالۆگێکدا چەند کەسێک کە لە گفتوگۆدان ئاماژە بەوە دەکەن هەرچۆنێک بێت ئەم داگیرکەرەی هاتووە (مەبەستیان لە ئینگلیزە) باشترە لە تورک، چونکە ئینگلیز زۆر بێ شەهامەت و دیکتاتۆرن. لێرەوە تێدەگەین کە گەلی ئێمە هەمیشە لێبۆکی گەمەی نێوان داگیرکەران بوون و لە چەندین لاوە هەوڵی قبوڵکردنی نەرمڕەوەکەیانمان داوە.

یەکێک لە ئەفسەرە باڵاکانی ئەو بنکەیەی کە(پاڵەوان)ی چیرۆکەکەی لێ گیراوە، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر (بەد)ی ناو خۆمان لێمان بگەڕێن، ئەوە ئێمە بۆ خۆمان زۆرچاک دەژین. ئاماژەدان بەم حاڵەتە کارێکی گرنگە، ئێمە پێشتر وتمان کە داگیرکەران دەیانەوێت لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، بێنە ناو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە و هاوکات لەوێوە هەوڵی ڕووخاندن و کەشفکردنی نهێنییەکانی بدەن. ئاماژەدان بەکەسانی(بەد)ی ناو خۆمان دەست خستنە سەر ئەو برینە قووڵەی کە قارەمانانی قەڵای دم دمی بەرەو مەرگ برد، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت شۆڕش و بزووتنەوەی کوردی پێوەی دەناڵێنێ. پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی "سائیب"یش بەهەمان تۆمەت لەزیندانە ئایا چارەنووسی چییە؟ ڕەنگە ئەگەر چیرۆکەکە بە(تەواوی) بگەیشتایەتە دەستی ئێمە، چارەنووسێکی هەبووایە، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکەش لێرەدا کۆتایی بێت کە لەبەردەستی ئێمەی خوێنەردایە، ئەوە نووسەر زیرەکانە دەیەوێت کۆمەڵگە بەگشتی و خوێنەر(تاکەکانی) بەتایبەتی لەهەوڵی

دیاریکردنی چارەنووسێکدابن بۆ ئەو جاسووسە، یان کەسانی جاسووس بەگشتی.

دواجار دەمەوێ دووبارە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم چیرۆکە لەڕووی گێڕانەوەوە سادەو ساکارەو مەنەلۆگەکان زۆر سادەن، هەروەها زیاتر لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیانە دەچێت، چونکە وەسفی ئەو جێگایانەی کراون وەسفێکی قووڵ نین و سادەن، هەروەها من بڕوام بەوەش هەیە کە ناکرێت بە چاوی ئێستاوە لەو چیرۆکە بڕوانین، بەڵام سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەش ئەم چیرۆکە بەلای منەوە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە پێگەیەکی دیاری لە نێو ئەدەبی ئێمەدا هەیە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی کۆنە، یان یەکەمین چیرۆکی کوردییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەفەسێکی جوانی ڕەخنەگرتنە لەدەسەڵاتی کوردی، لە زەمەنێکدا کە تاکی کورد هوشیاری نەبوو و تەنیا گوێگربوو. هاوکات کورتە چیرۆکەکە لە ژێر هەر مەرام و پەیامێکدا نووسرابێت، ئەوە قسەیەکی ترە وەکو ئەوەی هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیر دەڵێن بۆ خزمەتکردنی دەسەڵاتی ئینگلیز و دژی حکومەت و دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفید نووسراوە وەکو پێشتریش هێمای بۆ کرا ئەم قسەیەم قبوڵ نییە، چونکە پێم وایە هەموو دەسەڵاتێک لە دنیادا ئەگەر دیموکراسیترین دەسەڵاتیش بێت لە کەموکوڕی بەدەر نییە و دەکرێت ڕەخنەی لێبگیرێت. کەسانێکیش دەبێت ڕەخنە لەو کەموکوڕیانە بگرن، بۆیە ئەگەر چیرۆکەکە بە هەر هۆیەک نووسرابێت، ئەوە (جەمیل سائیب) توانیویەتی چیرۆکێکی جوان و مۆدێلێکی نوێ لە ڕەخنەگرتنی دەسەڵات لە نێو ئەدەبی کوردیدا بهێنێتە ئاراوە کە پێشتر بوونی نەبووە، یان زۆر کەم بووە، هەروەها وەکو نالی و سالمیش بۆتە مێژوونووسێکی قۆناغێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی و شاهیدێکی سەدەی ڕابردووە و هاوکات ئامادەییشی لەم سەدەیەشدا هەیە وەکو بابەتی بوونی، بۆیە هەر لێرەوە دووبارە خوێندنەوە و چاپکردنەوەی ئەم چیرۆکە، ئاشناکردنی بە نەوەی نوێ کارێکی جوان و بەسوودە.

بەها کەلەپوورییەکان و نوێگەری لە هونەری تەلارسازیدا

کامەران تاهیر
(کەرکووک)

لە هەزارەی دەیەمی بەر لە زایین، واتە لە چاخی بەردینی ناوەڕاستدا، گۆڕانکارییەکی مەزن ڕووی دا، کۆتایی بەدوا چاخی بەستەڵەک هات، مرۆڤەکان ئەشکەوت و پەنابەردینەکانیان جێهێشت و ڕوویان کردە دەشت و دۆڵەکان، بەشێوەیەکی کاتی لەکوخە بازنەییەکان جێواربوون، کە ئەمە بە یەکەمین تەرزی خانوو، یان ماڵ دادەنرێت، لە دیرۆکی تەلارسازیدا، پاشماوەکانی ئەم قۆناغە لە (زاوی چەمی)ی نزیک ئەشکەوتی شانەدەر و (کەریم شار)ی نزیک چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە، بەڵام قۆناغی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستاندا بۆ هەزارەی حەوتەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە و بەردەوام دەبێت تاکو دۆزینەوەی نووسین لە ٣٢٠٠پ.ز لە میسۆپۆتامیادا، کە یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی چاخی بەردینی نوێ، ئەوەبوو مرۆڤەکان توانییان خانووەکانیان بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر و جوانتر چێ بکەن، ئەمەش بەدەستپێکی بەجێوار بوونی هەمیشەیی دادەنرێت، ئەم ئاراستەیەش وای کرد دواتر گوند و کۆمەڵگەی جۆراوجۆر سەرهەڵبدەن و گۆڕانکاری مەزن بەسەر ژیانی مرۆڤەکان و پێوەندی کۆمەڵایەتیدا بێتەکایەوە، پاشماوە تەلارسازییەکانی ئەم قۆناغەش لە دەڤەری (چەرمۆ)ی سەر بە پارێزگەی کەرکووک و گوندی (شمشارە) لە دەشتی ڕانیە لە پارێزگەی سلێمانی بەرچاو دەکەون.

لێرەوە دەکارین بێژین هونەری تەلارسازی کوردی ڕەگ و ڕیشەی بۆ قۆناغ و دەورانە دوور و جیاوازەکانی دیرۆکی ئەو گرووپ و ڕەگەزانە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمانی دواتردا میللەتی ئێمەیان پێک هێنا.

بەواتایەکی دیکە ڕیشەی ئەم هونەرە لای کوردان وەک پێکهاتەیەکی ئەتنی ڕیشەکەی بۆ سەردەمانی



ئیمپراتۆریەتی سۆمەرییەکان، میدییەکان و کۆنتریش دەگەڕێتەوە، واتە ئەو قۆناغە مێژوویيانەی، بەدەورانی «ئۆرۆکی وەرکا» دێتە ناسکرن، کە خەسڵەتی ئەو گوند و شارانەش لەو قۆناغەدا زۆربەی هەرەزۆریان، لەسەر بنەمایەکی بازنەیی، یان هێلکەیی دروست کراون، ئەو مۆدێل و تەرزانەی تاکو ئەمڕۆش ماونەتەوە و ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکەن «قەڵای هەولێر، قەڵای کەرکووک، قەڵای شێروانە، قەڵای خانزاد،...تاد» ئەم ستایلەش بەچەندان هۆکاری سەربازی و ئابووری و ئێستێتیکیانە پەیوەست بووە کە تێیدا تەواوی ئەو پێوەرانەی لەو سەردەمەدا باوبووە، بۆ شەقام و کۆڵانەکان و ئەستووری دیوار و بەرزییەکانیان و قوللەی پاسەوانەکان و دەرگە و دەروازەکان بەهەند وەرگیراوە.

میللەتی ئێمە وەک تەواوی میللەتانی دیکە، کاریگەرێتییان لەسەر تەرز و ستایلی هونەری تەلارسازی هەبووە، کە لە میسۆپۆتامیا و وڵاتانی دوور و نزیکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە ئارادابووە، هەروەسا ڕۆڵیان لەسەرهەڵدانی چەندان تەرزی نوێ و ستایلی جیاواز لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا گێڕاوە، دیسان نابێ کاریگەرێتی میللەتانی دیکەش لەسەر هونەری تەلارسازی کوردی و تێکەڵابوون لە تەکیدا فەرامۆش بکرێت،لەم سۆنگەیەوە دەکارین بێژین میللەتی ئێمەش لەم دەرەتانەدا وەک میللەتانی دیکە کارلێکەر و کارلێکراو بوونە، هیچ میللەتێک لەم یاسا و ڕێسای وەرگرتن و بەخشینەدا بەدەر نەبووە و نابێت، تەنیا ئەو کۆمەڵگە و میللەتانە نەبێت، کە بە کۆمەڵگەی داخراو و مردوو دەژمێردرێن، دەنا کۆمەڵگە زیندووەکان ئەم وەرگرتنە بەشێوەیەک لوول دەدەن و لەنێو خودی خۆیاندا دەیتوێننەوە، کە هەرگیز هەستی پێناکرێت و دەبێتە بەشێکی بنەڕەتی، وەک خەسڵەتێکی ڕەسەنیش خۆی نمایش دەکات، بۆیە میللەتی ئێمە پشکی دیاری خۆی هەیە لە ڕۆنانی تەواوی ئەو ژیار و شارستانییەتە یەک بەدوای یەکانەی لەم دەڤەرانەدا سەریان هەڵداوە، کە لە قۆناغێکی دواتردا لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت پووکاوەتەوە، کە ئێمە ناکارین لێرەدا ئاماژە بەو هۆکار گەلانە بکەین، بۆیە لێرەدا چەند چمکێکی تەلارسازی کوردی نیشان دەدەین، کە لەتەلارسازی میللەتانی دیکەی دەڤەرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە:

* خانووی سێ دلی (سەدیر) ئەم ستایلە خانووە بریتییە لە سێ ژوور، وەکو نیوەکەوانەیەک خۆی نمایش دەکات، هەیوانێک لەنێوانیاندا هەیە، کە لەدەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان درێژەی هەیە، یان ڕەنگدانەوەی تەلارسازی کۆنە، بۆ نموونە لە ئەشکەوتی قزقاپان جۆرێک لەم خانووە چێ کراوە، هەر ژوورێک تەرمی میدییەکی تێدا نێژراوە، ئەم تەرزە تەلارسازییەش میدییەکان لە گۆتییەکانیان وەرگرتووە و کۆشکی (نوعمانی کوڕی مونزیر) بەناوی (خەوەرنەق و سەدیر)، کە لە (حیرە) دروستکرا، نموونەی تەلاسازی کوردییە، پەڕیوەتە کۆمەڵگەیەکی دیکەوە.

* کەوانەی تیژ: ئەم ستایلەی کەوانەش مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) پێی وایە لە تایبەتمەندێتی هونەری تەلارسازی کوردییە و خزیوەتە نێو هونەری تەلارسازی میللەتانی دیکەوە، بە تایبەتی لە پەرستگەکاندا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە.

* گومبەت، یان گومەز: شێوازێکی دیکە و خەسڵەتێکی ڕەسەنی هونەری تەلارسازی کوردییە، بەڵگەش لەچەندان پەرستگەی دێرینی کوردستان تاکو ئەمڕۆ خۆی نمایش دەکات، نموونەش کۆنە پەرستگەیەکە لە ئاکرێ، کە لەم جۆرە گومەزەی تێدا دروستکرابێت و بۆ دەورانی میدییەکان دەگەڕێتەوە.

* کاتی خۆی کاسییەکان لەنێوان هەر (٢-٣) ڕیزەدیوار، دارێکی درێژ، یان کاریتەیان لەباتی ڕێزەدیوارێک بەکاردەهێنا، هەروەسا دارێکی دیکەیان لەچێکردنی دیوار بەکاردەهێنا، کە لەشێوەی سونگولکەدا بوو، کە ئەم دارانە دەبوونە مایەی پاراستنی دیوارەکە.

* بەر لەسەدەیەک چەندان تەرزی خانووبەرەو نەخشاندن و ڕەنگاندن لەچیای قەرەچووخ دەبینران وەک خانووەکانی بازاڕی مەخموور و خانووەکانی ناو ئەشکەوتی بێ بنی گاورانی کلکەداره بزمارەی قەرەچووخ، بەڵام مخابن کەمێکی نەبێت ئیتر شوێنەوار و پاشماوە بەجێماوەکانیان بە تەواوی بەکۆتا هات.

* شوێنەوارەکانی شارێکی دێرینی نزیک گوندی سەربیری سەر بە پردێ، کە شارێکی کاسییە، دەتوانرێ تۆژینەوەی وردی لەبارەوە بکرێت، ئاخۆ ئەو تەرزە لەکوێی دیکەدا دەبینرێت و لە کوێشدا ڕەنگی داوەتەوە.

پێشڤەچوون و پەرەسەندنی میللەتەکان، کۆمەڵگەکان، وڵاتەکان، لەهەر قۆناغ و سەردەمێکی مێژوودا دەشێت لەچەندان ئاستەوە دەست نیشان بکرێت، یەکێک لەو ئاست و ئاراستانەش هونەری تەلارسازییە، بەو پێیەی هۆکارێکی ماتریالی زیندووە، بەڵگەیەکی گرنگیشە بۆ بوون و ئاستی ژیار و شارستانیەت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا.

داگیرکار و کۆڵۆنیالی لەهەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بووبن، تا بۆیان کرابێت هەوڵیان داوە مۆرک و شەقڵی هونەری و وێژەیی و تەنانەت ستایلی بیرکردنەوەی خۆیان بسەپێننە سەر ئەو دەڤەرانەی کۆڵۆنیالیان کردوون، هەرچەندە ئەوشاڵاوانە بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرێتی خۆیان هەبووە، بەڵام لەم سەردەمەدا لە ئاکامی تێکەڵاوبوونی زیاتری کۆمەڵگەکان و جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیا ئەم کاریگەرێتییانە زیاتر و زۆرتریش بەدی دەکرێن، شتێکی بەڵگە نەویستە هەمیشە لایەنی بەهێز لەڕووی تەکنۆلۆژی و ئابووری و زانست و زانیارییەوە دەکارێت کاریگەرێتی لەسەر لایەنی بەرانبەر چێ بکات.

لێرەوەش سەرنجی ئەوە دەدرێت، کە چۆن تەرز و ستایلی نوێی هونەری تەلارسازی ڕۆژئاوایی و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و چەندان وڵاتانی دیکەی پێشکەوتووی ئاسیایی، هەژموونی خۆیان لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) پەخش دەکەن، زۆر جۆرە نەخشە و نەخشەسازی نوێ و هاوچەرخانە دەخەنە ڕوو، کە مرۆڤەکان بەرانبەر ئەو کۆشک و تەلار و باڵەخانە و ساختمانە نایاب و جوان و ڕازاوانەدا سەرسام و ئەبڵەق دەبێت، کە ئەو تەرز و ستایل و کەرەستە و ئامرازانەی تێیدا بەکارهاتوون، پێکهاتەیەکی سەرسوڕهێن دروست دەکەن، کە بەڕاستی لە بنیادی ئەندازەیی و هونەری و ئێستێتیکیانەوە، وەک تابلۆیەکی هونەری شێوەکاری خۆی بەرجەستە دەکات، ئەمەش ئاوێزانبوونی هەردوو کایەی هونەری تەلارسازی و هونەری شێوەکاری نیشان دەدات، بۆیە ئەم جۆرە تەرز و نەخشەسازییە نوێیانەی هونەری تەلارسازی هاوچەرخ لەتەواوی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەژموونی هەیە، تەنانەت تاڕادەیەک لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا ئامادەیی هەیە، کە ڕەنگە تەمەنی بۆ نزیکەی سەدەیەک بگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەم ئاراستەیە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تادێت بەرفراوانتر و زیاتر خۆی ڕەنگڕێژ دەکات، کە ڕەوشەکە لێرەدا وا دەخوازێت هەڵوەستەی بەرانبەر بکرێت، ئەمە لەدوای ئەو هەڕەشانەی کە دەکرێنە سەر کولتوور و کەلەپووری میللەتێک، کە خەریکە بەرەو نغرۆ بوون و ئاوابوون دەچێت، ئەمەش لە ئاکامی ئەو ڕووخاندن و وێرانکارییەی کە دەیان خانووبەرەو کۆشک و تەلاری ناوازە و چەندان گەڕەکی دێرین لەشار و شارۆچکە جیاجیاکانی تەواوی پارچەکانی کوردستان بەبێ سڵەمینەوە، دەکەونە بەر کەڵبەی شۆفەڵ و بێباکانە هەرەسیان پێدەهێندرێت و دەکرێنە بازاڕ و فرۆشگە و گەراج و...تاد، یان شاری دێرینی میللەتی ئێمە لەهەندێک پارچەی کوردستان، لە ئاکامی دروستکردنی بەنداو، ژێرئاو دەکەوێت، بەبێ ئەوەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لەو ڕووەوە بەدەنگەوە بێت، کە پێویستە ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو ئاریشە گرنگانە بدۆزرێتەوە، چونکە ئەوە هەر وێرانبوونی و بەکۆتاهاتنی شارێک ناگەیەنێت، بەڵکو سڕینەوە و بەکۆتا هاتنی کولتوور و کەلەپووری میللەتیک و چەندان تەرز و ستایلی هونەری تەلارسازی لێدەکەوێتەوە.

لەکاتێکدا تەواوی ئەو تەلارگە و گەڕەک و شارە دێرینانە گەواهیدەرێکی زیندوون بۆ بڕگەیەکی مێژووی شارستانیەت و ژیاری میللەتی ئێمە، بۆیە دەکرێت ئەم ڕەوشە، کە تاکو نهۆ درێژەی هەیە هەڵوەستەی لەسەر

بکرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت، وەک دەبێژن ئەوەی لە توانای خۆماندایە و دەکارین لەو وێرانکارییانە دەربازیان بکەین، با دەربازیان بکەین، بەرلەوەی کـــار لەکـــار بترازێت، ئەمە نابێ بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە کە ئەنتی هونەری تەلارسازی لێبکەوێتەوە، بەڵکو هەوڵ بدرێت پارێزگاری لەو کولتوور و کەلەپوور و بەها هونەرییە نایابەی خۆمان بکەین و ببێتە جێگەی شانازی بۆ نەوەکانی ئایندە و بۆ خەڵکانی دیکە، کە ئێمە ڕەگ و ڕیشەمان بەناخی ئەم خاکەدا ڕۆچووە و مێژووەکەشی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، هەروەک چۆن لە شارەکانی وەکو ڕۆما، پاریس، لەندەن، قاهیرە، دیمەشق، تاران، ئەستەنبوڵ...تاد پارێزگاری لە خانووبەرە و گەڕەکە دێرینەکان دەکات، بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن خەسڵەت و تایبەتمەندییە ڕەسەن و بنچینەییەکانی ئەو گەڕەکانە وەک خۆیان بمێننەوە، حکوومەتەکانیان بودجەی تایبەت بۆ بووژانەوە و نۆژەنکردنەوەیان تەرخان دەکات، چونکە بەشێکە لە کولتوور و بەهای ئەو میللەتانە و هەرگیز ئامادەنین، بڕگەیەک لە دیرۆکی خۆیان وێران بکەن.

کەواتە ئێمە بەرانبەر شاڵاوێکی وێرانکەر و هەژموونێکین کە خۆمان بەبێ ئەوەی هەست بکەین، یان هەست نەکەین دەخوازین تەواوی خەسڵەت و تەرزەکانی هونەری تەلارسازی هەزار ساڵەمان زیندە بەچاڵ بکەین و لەجێگەیدا تەرز و ستایلێکی دیکە قوت بکەینەوە، بەواتایەکی دیکە دەخوازین لەهەمان شوێندا تەلارسازییەکی کۆمەڵگەیەکی دیکە ڕێک وەک خۆی، بۆ کۆمەڵگەی خۆمان بگوازینەوە بەبێ ئەوەی هۆکارە جیاجیاکانی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەهەند وەربگرین، ئێمە دەبێ هەولێری کۆن، سلێمانی کۆن، کەرکووکی کۆن، دهۆکی کۆن، کۆیەی کۆن،... تاد وەک خۆیان بهێڵینەوە، گەڕەکی نوێ و شار و شارۆچکەی نوێ لە ڕووبەرو پانتایی دیکە، بە گوێرەی نەخشەکێشانی شارنشینی نوێ و هاوچەرخانە ڕۆبنێین.

هەرچەندە ڕەنگە زۆر کەس بەبێ ئەوەی لایەنی لایەنی ئەرێنی کولتوور و بەهای نوێی هونەری تەلارسازی بەهەند وەربگرێت، یەکسەر داکۆکییەکی کوێرانە لەکەلەپووری دێرین دەکات و هەموو چەمک و بەهایەکی نوێش بەبێ بیرکردنەوە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی زیاتریش ئەم ئاراستەیە ئاڵۆزتر دەکات، ئەو دەنگانەیە، بەبێ ئاگایی و بەبێ پاشخانێکی ڕۆشنبیری و مەعریفی پیرۆزی دەبەخشنە تەواوی بەهاو کولتوور و چەمکەکانی ڕابردوو، بەزێدەڕۆییەکی زۆر و تێڕوانینێکی ڕۆمانسیانەشەوە وابەستەیی خۆیان پێیەوە شەتەک دەدەن، هەوڵیش دەدەن هەر شتێکی نوێ و هەر ئاراستەیەکیش بۆنی نوێبوونەوە و نوێگەری لێ بێت ڕەت بکەنەوە.

بۆیە پابەندبوون بە ڕەسەنایەتی و داکۆکی و پارێزگاریکردن لە هونەری تەلارسازی دێرین، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، فەرامۆشکردنی چەمکە نوێیەکانی ئێستای ناگەیەنێت، بەڵکو تەلارسازی زیندوو، ڕەسەنایەتی خۆی لە هەناوی کۆمەڵگە و خودی ژینگەکەی خۆی سەرچاوە دەگرێت و تەواوی بەهاکانی تەلارسازی نوێ و هاوچەرخ بەرجەست دەکات، واتە هەڵگری هەموو ئەو بەها کولتووریانەی تەلارسازی مۆدێرنە، کە دەبێ لە تەلارگەری نوێدا ڕەنگ بداتەوە.

بۆیە هەندێک لەو ئەندازیار و نەخشەسازانەی ئەمڕۆ پێیان وایە بە گواستنەوەی چەند ڕەگەز و توخمێکی هونەری تەلارسازی دێرین و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ هونەری تەلارسازی نوێدا، دەکارن پارێزگاری لەبەهاو خەسڵەتە

بنەڕەتییەکانی کولتووری تەلارسازی ڕابردوو بکەن، دیارە ئەو جۆرە تێگەیشتنە و بەو ئاراستەیە جگە لەخۆیان ناکارن هیچ کەسێک چەواشە بکەن، چونکە بەگواستنەوەی ئەو ڕەگەزانە و تێئاخنینی لە تەک ڕەگەزە نوێیەکانی هونەری تەلارسازیدا، شێواندن و ناهاڕمۆنیەتێک بەرهەم دەهێنێت، تەنانەت ناکارێت، بەو شێوازە ئیشکردنە، هەرگیز لە پرۆسەی داهێنان نزیک بکەوێتەوە.

هەر تەلارگەیەک، لە هەر شوێنێکدا، بە چەندان پێوەر پابەندە، بۆیە ئەو کۆشک و تەلارانەی دوێنێ بەو نەخشەسازییە باوەی خۆیان بۆ ژیان و گوزەرانی دوێنێ شیاوبوونە، لەهەمان کاتدا ناکارین تەواوی ئەو خانووبەرانەی لەسەر ستایلێکی ڕۆژئاواییانەش چێدەکرێن، لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوی پێداویستییەکانی ئێمە و کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمە فەراهەم بکەن، کە ئەمەش بۆ چەندان هۆکاری ژینگەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئۆلی...تاد دەگەڕێتەوە، بۆیە ڕەنگە هەندێک لەم هۆکارانە، یان کۆی هەموو ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە ڕۆڵی کاریگەر لە پێکهاتەی نەخشەدانانی گشتی لەهەر شارێکدا دەگێڕن، هەر ئەم هۆکارانەش ستایل و کەسایەتی و تەرزی هونەری تەلارسازی لەکۆمەڵگەکاندا دیار دەکەن، لێرەوە ڕەوشەکە وا دەخوازێت بەشێوازێکی زانستی و بابەتیانە هەم قسە لە بارەی چەمکی کەلەپوور و بەهاکانی بکرێت، هەمیش پێناسەیەکی وردی بۆ بکرێت، بە دنیابینییەکی نوێ و هاوچەرخانەش شیتەڵ بکرێت، بۆیە دەبێ ئارمانجی تێڕوانینی ئێمە، تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی کەلەپوور و بەها کەلەپوورییەکان دوورکەوتنەوە بێت لە بە پیرۆزکردنی بەها کەلەپوورییەکان، بەڵکو دەبێ ئاوێتە و ئاوێزانی ئەو بەهایانە بین، کە هەر ئیشکردنێک بەم ئاراستەیە لە ئاکامدا وا دەکات بکارین خەسڵەتەکان، ڕەگەزەکان، ئەدگارەکان و هێڵە گشتییەکانی هونەری تەلارسازی کوردی دەست نیشان بکەین، دواتریش هەر ئەو خەسڵەتانە دەکارن نەخشی دیار بگێڕن، لەدەست نیشانکردن و چێکردنی شوناسێکی نوێ بۆ هونەری تەلارسازی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەم ستایل و تێڕوانینەش وادەکات لەلایەکەوە بکارێت تەواوی ئەو پەرەسەندنە بەلەزانە لەخۆ بگرێت، کە تەکنۆلۆژیای نوێ لەکایەی هونەری تەلارسازیدا بەرهەمیان هێناوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەمدیس هونەری تەلارسازی نوێش دەکارێت، کەڵک لە کەلەپوور وەربگرێت، بۆ ئەوەی ئەو بەهایانە بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، کە لەم دەرەتانەوە شارەکانی کوردستان خودان کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی تەلارسازین، بەڵام تاکو نهۆ فەرامۆش کراوە، بەهیچ جۆرێکیش نەتوانراوە ئاوڕی لێبدرێتەوە و سەودای لەتەک بکرێت. بەم پێیە قسەکردن لەسەر بەها کەلەپوورییەکان و نوێگەری لە هونەری تەلارسازیدا بابەتێکی یەکجار پەلوپۆدار و ئاڵۆزە، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە تەلارسازی کوردی هەڵسەنگێنین، کارەکە قورستر دەبێت، لەکاتێکدا سەرچاوە و ئاماری ورد و دروست و بەڵگەنامەی پێویست لەسەر تەواوی تەلارسازی کوردستان لەبەردەستدا نییە، بۆیە تاکو نهۆ نەتوانراوە تۆژینەوەیەکی تۆکمە و کۆنکریتی سەبارەت بەم کایە گرنگە بخرێتە ڕوو.

کەواتە لەبەراییدا دەبێ چۆنێتی تێگەیشتن و سەوداکردنمان لە بەرانبەر کەلەپووری تەلارسازی دەست نیشان بکەین، کە ئاخۆ کەلەپووری تەلارسازی چی دەگرێتەوە؟ بوارەکانی چین و چۆنن؟ هەرچەندە زۆربەی خەڵکان بە هەڵە لە کەلەپووری تەلارسازی گەیشتوون و پێیان وایە کەلەپووری تەلارسازی بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تەلار و خانووبەرەو کەڤاڵ و بەردو کەڤرانەی، تاکو نهۆ وەک خۆیان ماونەتەوە، بەدەر لەو ئارمانجانەی ئەو تەلارانەی لەپێناودا بەرهەم هاتوون، کە ئەمەش بۆچوونێکی نا دروستە، چونکە تەواوی ئەو تەلار و خانووبەرەو شوێنەوار و کۆشک و تەلارانەی ئێمە ئەمڕۆ دەیانبینین، ڕەنگە زۆرێک لەو تەلارانە سادە و ساکاربن، کە لە سەردەمانێکی یەکجار زوو ڕۆنراون، بۆ پاراستنی مرۆڤەکان لە دوژمن و ناحەزەکانیان، یان بۆ خۆپاراستن لە درندەی کێوی، یان بۆ خۆپاراستن لە هەلومەرجە سروشتییەکان.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین ئەو تەلار و خانووبەرانە لەسەر بنەما و سیستمێکی هونەری تەلارسازییانە چێ نەکراون، بەڵکو لەو کەرەستە و کەلوپەلانە ڕۆنراون، کە لە ژینگەی ئەو گرووپانەدا بوونیان هەبووە و لەبەر دەستدابوون، (هەر بۆیە تەلارسازی بەچەمکە وردو زانستییەکەی، تاکو هەزارەی چوارەمی پ.ز سەری هەڵنەداوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە چالاکی مرۆڤەکان لە ڕووی

تەلارسازییەوە لەماوەی هەزاران ساڵ بسرینەوە، بەڵام بەڵگەیەکی ژیاری نییە، هەمدیس تەلارگەری بریتی نییە لە ژیارەکان، بەڵکو گەواهیدەرێکی ماتریالییە لەسەر ژیار، بۆیە تەلارگەری و هونەری تەلارسازی، بەبێ بووژانەوەی ژیاری هەرگیز بوونی نییە، بۆیە ئەوەی لە شارەکانی خۆماندا دەیانبینین، لەو شوێنەوارە تەلارسازییانە، ناشێت ئەمڕۆ کەڵکیان لێوەربگرین، چونکە ئەو ئامانج و مەبەستانەی لە پێناویدا چێکرابوون، لەم سەردەمەدا بەسەرچوون، وەک پەرستگە و قەڵا و خان و کەڤاڵەکان...) بەم پێودانگە دەکارین کەلەپووری تەلارسازی دەست نیشان بکەین، بەو پێیەی ئەو تەلار و کۆشک و خانووبەرانە، تاکو نهۆ دەشێت هەندێک لەو تەلارە، یان هەموو تەلارەکە بۆ ئامانجێکی دیکە بەکاربهێنرێت.

بەڵام تاکو نهۆ نەتوانراوە سەرەتاکانی هونەری تەلارسازی کوردی وەک هونەر دەست نیشان بکەین، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چونکە ئاسان نییە بکارین تەواوی بنەماکانی ئەم هونەرە لە کۆمەڵگەی ئێمە لە دەورانە مێژوویيە جیاجیاکاندا بە وردی دەست نیشان بکەین، کەواتە هەر توێژینەوەیەک لەم کایەیەدا ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ و بەربەستی جۆراوجۆر دەبێتەوە، تەنانەت ناتوانرێت ناوی ئەو ئەندازیار و وەستا دەست ڕەنگینانەش بزانرێت، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕۆنانی ئەم هونەرە لە تەواوی کوردستاندا گێڕاوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەک لەم ڕووەوە بەدی ناکرێت، ئەگەرچی زۆرجاریش ئەو ئەندازیار و وەستا داهێنەرانە لەلایەن هەندێک لە میرو سوڵتانەکانی سەردەمانی خۆیانەوە، لەپای ئەو داهێنانەی لەبواری هونەری تەلارسازیدا ئەنجامیان داوە، بوونەتە قوربانی، هەر تەنیا بۆ ئەوەی کۆشک و تەلارێکی دیکەی هاوچەشنی ئەوەی دروستی کردووە، لە دەڤەرێکی دیکە دووبارە نەکاتەوە، یان نهێنییەکانی ئەو تەلارانە لای خەڵک وەک تەلیسم و مەتەڵێک بە شاراوەیی بمێنێتەوە و تێیڕوانن، هەروەک چۆن مێژوونووسان باس لە (سنمار)ی تەلارساز دەکەن، دوای تەواوکردنی کۆشکەکەی (نوعمانی کوڕی مونزیر) لەباتی پاداشت و خەڵاتکردن، لەملی دەدرێت و دەبێتە قوربانی و داهێنانە تەلارسازییەکانی وادەکات لەلایەن بەدکاران کۆتایی بەژیانی بهێنرێت.

ئەگەرچی لێتوێژەرە عەرەبەکان بەدەست بێ سەرچاوەیی لەبارەی هونەری تەلارسازییەوە دەناڵێنن، چ جای ئێمەی کوردان، کە خودان قەوارەی ڕامیاری نەبووینە، تاکو قۆناغێکی سەقامگیر و ئاسوودەیی لە ئارادا بێت، بۆ ئەوەی بزاوتی تەلارسازی تێدا تۆمار بکرێت.

نەخشەدانانی شار، لە ڕووی تەلارسازی و شارنشینییەوە، بە گرنگترین ڕەگەزی نەخشەدانانی هەر شارێکی نوێ دادەنرێت، ئەورووپا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، نەخشەدانانی شارەکانی بەخۆوە بینی، کاتێک ساڵی ١٨٩٨، لەلایەن (هیوارد)ی ئەندازیار چەند پێشنیارێک خرایە ڕوو، بۆ ڕۆنانی شارێک تژی بێت لە پارک و باخچە گشتییەکان و... تاد، کە لەسەر شێوازێکی ئەندازەیی و هونەری دروست بکرێت.

کۆمەڵگەی کوردان وەک کۆمەڵگەیەکی دنیای ئیسلام لەڕۆنانی کۆشک و تەلار و باڵەخانە جیاجیاکانی تەلارگەری لە جیهانی ئیسلامی ڕۆڵیان هەبووە، لێرەوەش خۆشبەختانە ڕەخنەگر و لێتوێژەر و پسپۆرانی عارەبی بواری هونەری تەلارسازی گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامە، کە زۆربەی تەلارسازان، لە دەسپێکی سەردەمی ئیسلامی بیانی بوون، یان لە ئایینەکانی دیکەن، کە ئەمە لەلایەن مێژوونووسانی عەرەبەوە دان پێدانانێکی بوێرانەیە، چونکە هەرگیز ئەوان دان بەسەروەری و داهێنانەکانی نەتەوەکانی غەیرە عارەبدا نانێن، کە ئەمە شتێکی یەکجار سەیرە لەلایەن ئەوانەوە، هەروەسا ئەو ڕاستییە لێتوێژەرەی بیانیش پشت ڕاستی دەکەنەوە، بەڵام وەکو ئاماژەی بۆ کرا، تەواوی ئەو وەستایانە بوونەتە سەربازی ون و هیچ سەرچاوەیەک ناتوانێت ناوەکانیان ساغ بکاتەوە، کە ڕۆڵی مەزن و داهێنانی بێ وێنەیان لە بواری تەلارسازی لەسەردەمانی خۆیاندا ئەنجام داوە.

مێژووی کۆنترین سەرچاوە، کە لە بارەی بنەماکانی تەلارسازی تۆمارکرابێت بۆ سەردەمی گریکەکان دەگەڕێتەوە، کە لەبارەی چەمکەکانی وەک ڕێژەو سستمە تەلارسازی و پەیکەسازییەکان، قسەی تێدا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا (فیترۆفیۆس)ی ڕۆمانی، کە لەسەدەی یەکەمی زایینیدا ژیاوە، بە یەکەم تەلارساز دادەنرێت، کە لەبارەی هونەری تەلارسازی نووسی بێت، بەرهەمەکانیشی پرەنسیپە هونەری و فەلسەفییەکانی تەلارسازی تێدا تۆمارکراوە، کە تاکو دوای سەردەمی ڕێنیسانسیش لە ئەورووپا پشتیان پێ دەبەسترا،

فیترۆفیۆس قسە لە بارەی چەمکەکانی پێکهاتەی هونەری و نیگارکێشان دەکات، هەمدیس لەبارەی پیشەی تەلارسازی نووسیوە، هەروەسا بیروبۆچوون و پرەنسیپە بەناوبانگەکانی خۆی لەبارەی تیۆری شێوە و مەرجەکانی دروستکردنی تەلارسازی خستووەتەڕوو، لێکۆڵینەوەیەکیش لەبارەی پرەنسیپەکانی نەخشەکێشانی شارنشین نووسیوە و لە بارەی هەندێک لە بەها هونەرییەکانی تەلارسازی وەک هاوجووتبوون و هاوچوون یەکبوون تۆژینەوەیەکی ئەنجام داوە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستیش سەرەڕای قۆرخکردنی تەلارسازی لەلایەن کڵێسا و هاوپەیمانەکانیان لە گەورە دەرەبەگەکان، بەڵام تەلارسازە کارامە و داهێنەرەکان، توانییان درێژە بە کارەکانیان بدەن و پارێزگاریش لە پێگەی دیاری خۆیان بکەن و داهێنانی هونەری نایاب و بەرز لەو کایەیەدا بەرهەم بهێنن، لەم سەروبەندەشدا لەناوەڕاستی سەدەی پازدەیەمدا «ئەبرتی» بەدەرکەوت، وەک یەکەم کەس لەسەردەمی ڕێنیسانس لەبارەی تیۆری تەلارسازی بنووسێت، تیۆر و وێناکردنەکانی خۆی لەبارەی کڵێسای نموونەیی خستەڕوو، لەدوای «ئەبرتی»یش بە سەدساڵ (بلادیۆ) ١٥٠٨- ١٥٨٠ سەری هەڵدا، کە زۆر کاریگەر بوو، بە تەلارسازانی سەردەمی ڕێنیسانس، کە بەر لەخۆی شوێن پەنجەیان دیاربوو، کتێبێکی لەبارەی (ئیستێتیکا)وە نووسی، بەم شێوەیە پەرەسەندن و بەرەو پێشڤەچوونی نووسین و کارلێکردن و ڕەخنەی تەلارسازی لە ئەورووپادا بەردەوام بوو، تاکو لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە گەیشتە چڵەپۆپە، کە ئەو قۆناغەش بەدەسپێکی پەرەسەندنی هونەری تەلارسازی و دەسپێکی سەرهەڵدانی تەلارسازی نوێ دادەنرێت، کە تاکو نهۆ درێژەی هەیە و ئەمڕۆش لە قۆناغێکی یەکجار پێشکەوتوو و سەرسوڕهێندایە. تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم هیچ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند لە ڕۆژهەڵات ئەنجام نەدراوە، هەرچەندە چەندان لێتوێژەرەوە ئاماژە بەم دیاردەیە دەکەن، بەڵام هیچ شرۆڤەیەک لەم ڕووەوە نەخراوەتە ڕوو، بەڵام د. جاسم دەباغ پێی وایە [کە بۆ ئەو ئاستەنگە مێژوویە هەمیشەیی و ڕادەی بەیەکداچوونی نێوان کەلەپوور و نوێگەری لەئارادایە، بۆیە تەلارسازی ئیسلامی بۆ نموونە، خودان پاشخانێکی تەلارسازی نییە و لەدەسپێکی سەردەمی فتوحاتەکانی ئیسلامدا، موسڵمانان پشتیان بەستووە بە تەلارساز و هونەرمەندان لەشارستانیەتە پێشکەوتووەکانی دراوسێیان وەک فارسەکان، یان بێزەنتییەکان).

کۆڵینکارییە شوێنەوارییەکان ئەوەیان سەلماند، کە کەلەپووری تەلارسازی ڕۆژهەڵاتی ڕەگوڕیشەی بۆ پێنج هەزار ساڵ بەر لەزایین دەگەڕێتەوە، کۆنترین شوێنەواریش لەو ڕووەوە دۆزرابێتەوە بریتییە لە خانووی سۆمەرییەکان، کە خودان پانتاییەکی کراوەیە و ئەمڕۆ بە (خانووی کراوە) نێوزەد دەکرێت، بنەماکانی نەخشە کێشانی ئەم خانووە، تاکو نهۆ لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە کوردستانیشەوە بوونیان هەیە و باووباڵاوە، کە لەیەکچوون و هاوجووتبوونێک هەیە، لە زۆربەی بنەما نەخشەسازی و نەخشە کێشانەکانی لە ئاستی گەڕەکەکانی شارە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەک هەر شارێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی تەلارسازیانەی خۆی دەپارێزێت، کە ئەمەش وەکو گوتمان بۆ چەندان هۆکاری ژینگەیی و جوگرافی و ئۆلی دەگەڕێتەوە، هێماگەریش بەشداری دەکات لەسەر پێکهێنانی شوناسی هەر شارێک لەو شارانەی ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەوەی دێتە پێشەوە ئەوەیە ئاخۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانە بۆچی تەرز و ستایلی (خانووی والا) لای میللەتانی ڕۆژهەڵات وەک خۆی ماوەتەوە، وێرای ئەو گۆڕانانەی لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوورییەکان، تەکنۆلۆژییەکان هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردانەهاتووە بریتییە لە کەشوهەواو سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، کە ئەمە وای کردووە ستایلی (خانووی والا)، تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەبێت، هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەخانووبەرەی ئەو میللەتانەدا بەدی نەکرا، کە لەژێر ڕکێفی عوسمانییەکاندا بوون، ئەو پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕە بەرفراوانەی لەم دەرەتانەدا ڕوویدا، بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کاتێک پەرەسەندن و پێشڤەچوونە شارستانییەکان چەندان پێداویستی تەلارگەری نوێی، وەک زانکۆکان، شوێنی حەسانەوە، وێستگەی شەمەندەفەر، کارگەکان، بانکەکان، کتێبخانەکان هۆڵی سینەماکان...تاد هێنایە پێشەوە، کە تەواوی ئەم تەلارسازییە نوێیانە ئامانج و مەبەستی نوێی قۆناغەکە

سەپاندبووی، کە ناشێت هیچ کۆمەڵگەیەک دەسبەرداری بێت، ئەم ئاراستە نوێیەی تەلارسازیش وای کرد چەندان ئاستەنگ و ئاریشە ڕووبەڕووی کەلەپووری تەلارسازی ببێتەوە، هەربۆیە کەلەپووری تەلارسازی دێرین، بە هەموو ئەو قووڵی و ڕەهەندە مێژووییەی هەڵگری بوو، هیچ زەمینەسازی و ئامادەسازییەکی تێدانەبوو بۆ ئەو چەشنە فەرمان و ئامانجانەی، کە ئەم ستایلە تەلارسازییە نوێیەی لەپێناودا هاتەکایەوە.

پرسی نێوان بەها کەلەپوورییەکان و نوێگەری ئاریشەیەکە، لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا هەیە ئەگەرچی ئەوروپا، تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە نەخشەساز و تەلارسازانی ئەوروپا، بۆ ڕۆنانی تەلارگەری لەو جیاوازانەدا دەگەڕانەوە، بۆ کەلەپووری دەوڵەمەندی خۆیان، تەنانەت لەسەردەمی ڕێنیسانس و دواتریش، تاکە سەرچاوە، کە ئاوڕیان لێی داوەتەوە کەلەپووری ڕۆمانی بوو، بەها تەلارگەرییەکانیان لێی هەڵدەگۆزی، بەڵام ئەوروپایی و ئەمریکییەکان هەر زوو خۆیان لەتەک گۆڕانکارییە شارستانییەکان سازاند، لەسەر دەستی پێشەنگانی هونەری تەلارسازی نوێش، تاڕادەیەکی زۆر بەها کەلەپوورییەکان پاشەکشەیان کرد، چونکە نەیدەتوانی پێداویستییەکانی سەردەمە نوێیەکە فەراهەم بکات، لێرەوە کولتوور و کەلەپوورێکی نوێ سەری هەڵدا، ئەویش بەرهەمی پەرەسەندن و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کەرەستەکانی تەلارسازی و خانووبەرە چێکردن بوون، ئەم کەلەپوور و کولتووره نوێیەی تەلارسازیش بەهای جیهانی و گەردوونیان تێدایە، ئەم ڕەوشە نوێیەش وای کرد، کەرەستەی تەلارسازی هەرزان و بێژمار بە ماوەیەکی کورت، بکارێت باڵەخانەی هەور بڕ و ستوونی و چەندان باڵەخانەی دیکەی وەک نەخۆشخانە و مۆزەخانە و هۆڵی وەرزش..تاد سەرهەڵبدات، کە لەتوانای کەرەستە و ئامراز و ئامێری لۆکاڵی و دێرین نەبوو بکارێت، بەرسڤی ئەم ڕەوشە نوێیەی پەرەسەندنی تەلارسازی بێت، کە ڕۆنانی هەر خانووبەرەیەک بە کەرەستەی دێرین تێچوون و کاتێکی زۆر دەخوازێت، بۆیە هەمدیس ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو، بۆ پاشەکشەکردنی کەلەپوور و چێکردنی خانووبەرە و باڵەخانەکان لەسەر ستایلی دێرین.

تەنانەت لێتۆژان و ڕەخنەگرانی نوێی تەلارسازی وای دەبینن کە بەها کەلەپوورییەکان ناتوانین (ماڵ) بە چەمکە نوێیەکەی لەم سەردەمەدا فەراهەم بکەن، چونکە چەمکی (ماڵ)، ئەگەر دوێنێ شوێنی حەسانەوە و پشوودان بووبێت، لەدوای گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەردەم، نووکە هەم بووەتە جێگەی حەسانەوە، هەمیش کارکردن... لێرەوەش چەندان پانتایی نوێ لەخانووبەرەی نوێدا (ماڵ) بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و چەندین کەرەستەی ناوماڵی دیکە دەبێ دەستەبەر بکرێت، کە (خانووی والا)، یان (خانووی دێرین) ناکارێت، ئەم چەشنە ژوور و پانتاییانە بێنێتەدی، هەر ئەمەش وای کرد خانووی نوێ، ماڵی نوێ، کە خودان پانتایی داخراوە، ئەو ئاستەنگ و ئاریشانەی، کە لەخانووی کراوە و دێرین هەبوو، ڕێگە چارەی پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە و بەشێواز و ستایلێکی ئیستێتیکی و هونەرییانەی بەرز چێ بکرێت، کە ئارام بەخش بێت و ئاسوودەیی و ئارامی بەمرۆڤەکان ببەخشێت لەم سەردەمە جەنجاڵ و تژی لە ژاوە ژاوەی ئەمڕۆ، کە ئەستەمە بەسانایی بکارێت سەر خەوێکی خۆش و هێمن بشکێنێت، ئەگەر لەچرکەساتێکدا دەیان زیندەخەون و مۆتەکە تەنگەتاوی نەکەن.

سەرچاوەکان:

- العمارة العربية بين التراث و المعاصرة د. جاسم الدباغ.

- العمارة وتخطيط المدن د. جاسم الدباغ.

- بیناسازی کوردی لەنێوان ڕەسەنایەتی و لاسایکردنەوەدا، ژ٨١، برایەتی ئەدەب و هونەر.

- وادي الرافدين مهد الحضارة، ليوناردو ولي.

- لەپێناو نووسینەوەی هونەری تەلارسازی کوردی، گۆڤاری شانەدەر، ژ(١٢).

ئەزموونی ڕیژیسیۆرێک یارییە خەونێک

د. فازیل جاف
(سوێد)

کــە دایک لە دیمەنی دووەمی شــانۆنامــەی یارییــە خەونێکی ستریندبێرگدا مۆمەکەی بەردەمی دەکوژێنێتەوە دەستبەجێ تاریک دادێن، ئەمە دەکرێت هێمایەک بێت بۆ مردنی دایک، هەرچەندە ستریندبێرگ خۆی ئاماژە بەوە ناکـات کە دیمەنەکە بە مـردنی دایک کـۆتایی پێ دێت، بەڵام دایک چیـدی لە دیمەنەکـانی داهاتوودا ناگەڕێتەوە. ڕیژیسـیـۆری سـوێدی مـاتس ئێک لە نمایشـەکـەی خـۆیدا لەسەر شانۆی نەتەوەیی «دراماتن» لە ستۆکهۆڵم دیمەنەکە بە مردنی دایک کۆتایی پێ دێنێت، لە نمایشـەکـەی سەر شانۆی نەتەوەییدا لە ڕەبات ئەو دیمەنەم بە مەرگی دایک کۆتایی پێ هێنا.

دیمەنەکــە خــۆی لە خــۆیدا خــەونە و لەناو یارییــە خـەونێکدایە. هەر بە تەکنیکی خـەون دیمەنیش دەگـۆڕێ، گۆڕانێک کە لە شێوەی خزاندایە بۆ ناو دیمەنێکی دیکە.

نهێنی پشت دەروازە داخراوەکە

دەرگایەکی گەورە دەلاقەیەکی پێوەیە لە شێوەی گەڵای بەرسیمە، لە ناو دیوارێکی کۆندایە، دەرگاوان ئافرەتێکە شـاڵێکی پۆشـیـوە، لە هەمـان کـاتدا شـاڵەکە دەچنێت. سـاڵەهایە ئەم دەرگـایە دەپارێزێت، بەڵام کـاتێک کـە ئەفسەر لێی دەپرسێت کەس هەیە لەو دیوی دەرگاکەوە؟ دەڵێت هەرگیز ئەم دەرگایەم بە کراوەیی نەبینیوە.

لەلای چەپی ئەم دیمەنەدا درەختێکی زەیزەفۆن هەیە، کە چەند گەڵایەکی سەوزی کاڵی پێوەیە، لە هەندێک دیمەندا گەڵای سەوزی پێوەیە، لە هەندێکیشدا گەڵاکان وەریون.

ئەم درەخـتـە هێـمـای زەمـەن و گـۆڕانی وەرزەکـانـە، لە چەشنی درەخـتـەکـەی بێکێت لە گـۆدۆدا، بەڵام ئەوەی بێکێت ئەرک و وەزیفـەی زیـاترە، لە سـەنتـەری فـەزای

شانۆدا مانا و دەلالەتی گرنگتری بەخۆوە گرتووە و پتر دەچێتە ناو جەرگەی ڕووداوەکانەوە. ئەمە لە نرخی ئەم بەکارهێنانەی ستریندبێرگ کەم ناکاتەوە، بەتایبەت ئەم بەلانی کەمەوە پێش لە نووسەرانی ئەبسیۆرد هێمای لەم چەشنەی بەکارهێناوە.

هەر لەسەر دیوارەکە و لەلای چەپدا، جێگایەکی تایبەت بە ئەفیش هەڵواسین هەیە، ئەفیشەوانێکە خەریکە ئەفیش هەڵدەواسێت. ئەگنێس لە دەرگاوان دەپرسێت چەند دەبێت خەریکی چنینە، ئەمیش لە وەڵامدا دەڵێت: بیست و شەش ساڵە، ئەمەش بۆ کارێکی لەم چەشنە زۆر نییە.

ئەفیشەوان بە ئەگنیس ڕادەگەیەنێت کە ئەم دەرگاوانە کاتی خۆی سەماکەری باڵێ بووە، کاتێک کە خۆشەویستەکەی بەر لە بیست و شەش ساڵ بەجێی هێشت و ڕۆیشت سەمایەکەی ئەمی لەگەڵ خۆیدا برد و ئیدی لە سەماکردن کەوت.

دوا ڕۆژی تاقیکردنەوە

ئەفیشەوان بەپێچەوانەی دەرگاوان شادمانە بەوەی کە هەیەتی و گلەیی و گازندە لە هیچ ناکات، بگرە زۆریش شادمانە بەوەی کە تۆڕێکی دەسک سەوز و سەندووقێکی ماسیگرتنی هەیە. پەنجا ساڵی تەمەنی لەسەر ئەوە داناوە، تاکو بەدەستی هێناوە. ئەگنێس داوا لە دەرگاوان دەکات کە لێگەڕێت شاڵەکەی ئەو لەسەر بکات و لە جێگای ئەوە دانیشێت تەماشای خەڵکی بکات، دەرگاوان خواستەکەی بۆ بەدی دەهێنێت. ئەگنێس شاڵەکە دەپۆشێت و لە جێگای دەرگاوان دادەنیشێت.

ئەمڕۆ بە قسەی دەرگاوان دوارۆژی تاقیکردنەوەی قبووڵکردنی هونەرمەندانە لە ئۆپیردا، ئەمڕۆ بۆیان دەردەکەوێت کە وەردەگیرێن یان نەء، ئەوانەی کە قبووڵ ناکرێن زۆر پەرێشانن. هونەرمەندێک بە گریان دەردەکەوێت، زویر و خەمبارە و دیارە لە تاقیکردنەوە دەرنەچووە.

عاشقێکی شادمان بە چەپکێک گوڵەوە

بەڵام فەرموون ئەوە یەکێکی شادمان و دڵخۆش بەرەو ئێرە دێت. ئەفسەر دیسانەوە دەردەکەوێت. چەپکێک گوڵی بە دەستەوەیە، بانگ لە ڤیگتۆریای خۆشەویستی دەکات، داوای لێ دەکات دەرکەوێت، هەموو شتێکی ئامادە کردووە، گالێسکەکە ئامادەیە و مێزەکەی ڕازاندووەتەوە و شامپانیاش لە ناو سەهۆڵدا دانراوە، تەنیا ئەوەی کەمە. لە شوێنێکی نادیارەوە دەنگێک دێت: وا هاتم، بەڵام کەس بە دەر ناکەوێت.

ئەفسەرەکە کە لە دیمەنی دووەمی شانۆنامەکەدا ئەگنێسی ناسیوە، ئێستا نکۆڵی لە ناسینی دەکات، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت حەوت ساڵە چاوەڕێی ڤیکتۆریا دەکات. ورد دەبێتەوە کە درەختەکە بۆ هەشتەمین جار گوڵی گرتووە. پاشتر دەیەوێت بچێتە ژوورەوە بۆ ناو شانۆکە و چاوی بە ڤیکتۆریا بکەوێت، بەڵام دەرگاوان ڕێگای پێ نادات.

ئەفسەر تەماشای گوڵێک دەکات، منداڵی خۆی دێتەوە یاد، بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، تاکو هێدی هێدی ئێوارە دادێت و تاریکی باڵ بەسەر شانۆدا دەکێشێت، ئەفیشەوان کەرەستەکانی خۆی دەپێچێتەوە، دەیەوێت بڕوات تاکو نانی ئێوارە بخوات. ئەفسەر دەڕوات تەلیفۆن بۆ قەڵاکە بکات و داوا لە جامچییەکە بکات کە پەنجەرەی دوو جامی بۆ ساز بکات، چونکە وا هەوا ساردی کردووە، کە ئەو دەڕوات تەواو تاریک دادێت، دەرگاوانەکە چرا هەڵدەکات.

شاڵێک هێمای ئەشکەنجە و ناسۆری مرۆڤە

ئەفسەر دەگەڕێتەوە، شێوەی گۆڕاوە، ماندووە، چەپکە گوڵەکەی دەستی سیس و ژاکاوە. دەرگاوان داوا لە ئەگنێس دەکات شاڵەکەی بداتەوە، بەڵام ئەو دەیەوێت لە بری ئەو دەرگاوانی بکات تاکو لە ژیان و بەسەرهاتی مرۆڤ پتر شارەزا بێت. ئەگنێس هەست دەکات شاڵەکە گەلێک قورسە و خەریکە لەشی دەسووتێنێت. دەرگاوان بە دڵی دەکات، شاڵەکەی بۆ بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات.

دیسانەوە ڕووناک دادێت، گەڵای دارەکە وەریون، پاییزە، ئەفسەر دەگەڕێتەوە، تەمەنی پێوە دیارە، سەر و ڕیشی سپی بوون، چەپکە گوڵەکەی دەستی وەریون و تەنیا لاسکەکانیان ماوە و جلوبەرگەکەی شەپرێوە و کۆنە.

ئەفسەر ئەوەندە کەنەفت و ماندووە داوا لە ئەگنێس دەکات کە جێگای بۆ چۆڵ بکات لەسەر کورسییەکەی دانیشێت. بۆ ساتێک خەوی لێ دەکەوێت، بەڵام لە ناکاو ڕادەپەڕێت و بۆ لای دەرگاکە دەڕوات. ئەم دەرگایە

ئۆقرەی لێ بڕیوە و لێ ناگەڕێت بۆ یەک سات هەست بە ئارامی بکات.

خولیای دیوی ئەو دیوی دەرگاکە ئارامی: دەبێت لە پشت ئەم دەرگایەوە کەسێک هەبێت.

شەو و ڕۆژ/ تاریک و ڕووناک

دەنگی مۆسیقا دەبیسترێت، ئەفسەر وای بۆ دەچێت کە ئیدی پرۆژە دەست پێدەکات. تاریک دادێت، ڕووناک دادێت، تاریک و ڕووناک، تاریک و ڕووناک، بۆ نزیکەی دە جار، ڕووناکی دەگۆڕێت. ئەگنێس دەڵێت ئەمە ڕەحمەتی خواوەندە کە دەیەوێت ڕۆژگاری ئەشکەنجەو ناسۆری بۆ کورت بکاتەوە، بۆیە ڕۆژەکان وا خێرا ڕادەبوورن.

ئەفیشەوان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، دەڵێت تۆڕەکە ئەوە نەبوو کە ئەم ئاواتەخوازی بوو. ئەفسەر دەڕوات بۆ ئەوەی تەلیفۆن بۆ وەستای قفڵ بکات، تاکو دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە.

لەسەر شانۆدا تەنیا ئەگنێس و ئەفیشەوان دەمێننەوە، ئەگنێس لێی دەپرسێت لەوانەیە تاوانی دەریا بێت، کە تۆڕەکەی بەکار نەبووە، بەڵام ئەو پێی وا نییە. ئەگنێس پێی وا نییە، کە تۆڕەکە سەوز بێت. دیسانەوە تاریک دادێت و دارەکە گەڵا دەکات.

ئەفسەر دەگەڕێتەوە، پاشان چەند کەسێکی جیاواز دەردەکەون، سەماکەر، گۆرانیبێژ... تاد، ئەفسەر هەواڵی ڤیکتۆریا لە هەموویان دەپرسێت و داوایان لێ دەکات کە نەڕۆن، چونکە ئەمڕۆ دەرگاکە دەکرێتەوە و نهێنی ئەو دیوی دەرگاکە بۆ هەمووان دەردەکەوێت، بەڵام هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەری چنگ ناکەوێت. هەموو ئەمانە لە ئەفسەر کۆ دەبنەوە و چاوەڕێن دەرگا بکرێتەوە.

بە ناوی یاسا نابێت ئەو دەرگایە بکرێتەوە

وەستای جامچی پەیدا دەبێت، ئەفسەر لێی دەپرسێت کە ئەم جامچییە یان وەستای قفڵ چاککەرە، دەڵێت نەخێر من جامچیم، وەستای قفڵ، پێی نەکرا خۆی بێت، من لە بری ئەو هاتووم، هیچ کێشەیەک نییە، من دەتوانم دەرگاکە بکەمەوە. هەموو لە وەستای جامچی کۆ دەبنەوە، بەڵام لە ناکاو پۆلیسێک پەیدا دەبێت و بە ناوی یاساوە ڕێگایان لێ دەگرێت «بەناوی یاسا، کردنەوەی ئەم دەرگایە قەدەغەیە»

ئەفسەر نارەزایی خۆی بەرانبەر بەم فەرمانەی پۆلیس دەردەبڕێ: خوایە، هەر ئەوەندەی بتەوێت کارێکی نوێ و مەزن بکەیت، یەکسەر گیروگرفتت دێتە پێشێ، مەسەلەکە دەگەیەنینە دادگا. بۆ لای پارێزەر. با بزانین یاسا چی دەکات، بۆ لای پارێزەر.

بیرۆی پارێزەر

دیمەنی داهاتوو بیرۆی پارێزەرە. ئەم دیمەنە تا ڕادەیەک دیمەنی پارێزەری ناو ڕۆمانی دادگای کافکامان بیر دەخاتەوە. پارێزەر کابرایەکی بە فەسالە، سەر و سیمای ماندووبوون و ئەشکەنجەیەکی زۆری پێوە دیارە. دوو کەس لە بیرۆکەیدا کار دەکەن، یەکەمیان یەک دەستە و دووەمیان یەک چاو.

پارێزەر دەست بەجێ ڕوو لە ئەگنێس دەکات و داوای لێ دەکات کە شاڵەکەی بداتێ تاکو بیسووتێنێت و هەموو ئەو ئازار و ناسۆرەی لەگەڵدا بڕوات. کچەکە نایەوێت شاڵەکەی بداتێ. دەیەوێت زیاتر لە ئازار بگات.

پارێزەر دیوارەکانی بیرۆکەی پیشان دەدات کە هەموو فایلی تاوان و گوناهە، هەروەها دەستەکانی پیشان دەدات کە بەهۆی تاوانی خەڵکەوە ڕەش هەڵگەڕاون. لە هەموو تاوانێک سەختتر و توندتر تاوانی جیابوونەوەی ژن و مێردە.

مرۆڤ بەستەزمانە

ئەگنێس بەرانبەر بەمە دەڵێت: مرۆڤ بەستەزمانە. پارێزەر دەڵێت «ئەو کەسەی کە باڵندان دەژێنێت، پێویستە دابەزێتە خوارێ تاکو بزانێت مرۆڤ چەند بەستەزمانە» لە ناکاوێکدا ئەفسەر لە دیمەنەکەدا بە دەردەکەوێت، هەمان پرسیار دووبارە دەکاتەوە: ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟ پەنجەی بۆ دۆڵابی پارێزەرەکە درێژ دەکات کە پێی وایە لە دەرگای شانۆکە دەچێت، ئەویش پێی دەڵێت: نەخێر نەخێر.

زەنگی ناقووس دەبیسترێت، ئەفسەر وا دەزانێت کەسێک مردووە و زەنگەکە زەنگی ناشتنە، پارێزەر دەڵێت: نەخێر، بڕوانامەی دکتۆرا دابەش دەکەن، دەبێت بڕۆم ببم بە دکتۆر لە یاسادا، ڕەنگە تۆش حەزت لێ بێت ببی بە دکتۆر و چەپکە گوڵێکت بەرکەوێت؟

ئەفسەر خۆی ئامادە دەکات بۆ دکتۆرا وەرگرتن.

کلێسا

ئەمجا دیمەن یەکسەر شێوەی کلێسا وەردەگرێت، ئۆرگۆنێکی گەورە و ئاوێنەیەکی لێیە. بەشەکانی زانکۆ، فەلسەفە، ئایین، پزیشکی و یاسا لە بنەوەی شانۆدا دیارن. ئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامەی دکتۆرا ساز دەکرێت، بەڵام تەنیا پارێزەر بڕوانامەی پێ نادرێت. هەموو بەشداران چەپکی گوڵی دکتۆرایان بەر دەکەوێت ئەو نەبێت.

لەم نەهامەتییەدا ئەگنێس دێت بۆ لای، ئنجا شاڵێکی سپی پێیە: تەماشاکە شاڵەکەم شۆردووە، بەڵام بۆچی بەم شێوەیە وەستاوی؟ چەپکە گوڵێکت بەر نەکەوت؟

پارێزەر: نەخێر، شایستەی ئەوە نەبووم.

ئەگنێس بەرەو ئۆرگۆنەکە دەڕوات، چەپکێک دڕکی پێدەبەخشێت کە پێی وایە زیاتر لەگەڵ ئەودا دەگونجێ، ئاوازێکی بە ئۆرگۆنەکە بۆ دەژەنێت کە هیچ دەنگێکی لێوە نایەت، تەنیا سەدا و نووزەی کەسانێکی ستەمدیدە دەبیسترێت:

«ئەی نەمر، ئەی نەمر، بمانپارێزە، بە دلۆڤانی خۆت بمانپارێزە. منداڵانی خۆت بپارێزە خودایە، لێمان تووڕە مەبە.

ئەشکەوت

شانۆ تاریک دەکرێت، کچ و پارێزەر لە ئەشکەوتێکدان، لە بنی بنەوەی شانۆدا شێوەی دەریا دیارە، گوێیان لە دەنگی دڵۆپەیە، پارێزەر پێی وایە ئەوە فرمێسکی مرۆڤە. کچەکە پێی سەیرە کە دەبێت هیچ شتێک نەبێت کە مایەی شادی بێت و خۆشی ببەخشێت. پارێزەر دەڵێت بەڵێ، خۆشەویستی کە خۆشترین شت و تاڵترین شتە، ئەگنێس دەڵێت: دەمەوێت تاقی بکەمەوە.

ماڵەوەی پارێزەر

ماڵی پارێزەر بریتییە لە ژوورێکی سادە، لە بنەوە دەرگایەکی لێیە، کە ئەو دیوی بیرۆی پارێزەرە و لێیەوە گوێمان لە دەنگی خەڵکی هەژارە کە شکایەت دەکەن و دەیانەوێت کاریان مەیسەر بکرێت.

کریستینا خەریکە کاغەز بە دیوارەکاندا دەلکێنێت و بە دەم کاغەز لکاندنەوە دەڵێت: دەلکێنم، دەلکێنم.

ئەگنێس تەنگە نەفەس دەبێت و هەناسەی پێ نادرێت، پارەشیان نییە تا بۆ خانوویەکی گەورەتری بگوازنەوە. لەسەر خواردن ڕێک ناکەون، ئەگنێس حەزی لە کەلەرم نییە، پارێزەریش لە ماسی. ئەو کۆرپەیەی کە دەبوایە ببوایە بە مایەی بەختیاری و پێکەوە ژیانیان، ئێستا بووە بەهۆی ناسازییان. منداڵەکە زۆر دەگرێت، باوکی بێ تاقەت دەکات و بۆی دەبێتە مایەی نیگەرانی و شەڕ و دەمەقاڵێ لەسەر گەلێ کێشەی ورد و بێ نرخی ناوماڵ دەکەن.

لە ناکاودا ئەفسەر دێتە ژوورێ، لە لوتکەی بەختەوەریدایە، پێی وایە ئیدی ڕێگای بەختەوەری بۆ تەخت و لووس بووە. پارێزەر لێی دەپرسێت: ئەی بە چی دەژیت؟ ئەویش دەڵێت: شتێک هەر دەبێت پێی بژیت، هەر ئەوەندە کەسێکت هەبێ خۆشت بوێت.

بەرەو بەهەشت

ئەفسەر داوا لە ئەگنێس دەکات لەگەڵیدا بڕوات بۆ فاگەرڤیک، لەوێ هاوینە، لاوێتی، منداڵی و گوڵ، هەتاو و گۆرانی و سەما و ئاهەنگە. هەردوو دەڕۆن بۆ فاگەرڤیک. واتە بۆ بەهەشتی سەر زەمین.

ئەفسەر و ئەگنێس ڕاوەستاون لە کاتێکدا دیمەنەکە بۆ سکام ستوند دەگۆڕدرێت، شاخ و چیای سووتاو، کۆتەرە داری سپی و ڕەشی لێیە و لە پشتەوەش پاشماوەی دارستانێکی سووتاو دەبینرێت لەگەڵ چەند توالێتێک و گەوڕی بەرازیش. لە خوارتریش چەند هۆڵێکی وەرزشی دەبینرێن کە بۆ نەخۆشەکان تەرخان کراون.

لەناو ئەو هۆڵانەدا کەسانێک مەشق دەکەن وەکو ئەوەی مەشق لەسەر ئامێری ئەشکەنجەدان بکەن. لە خوارتریش چەند زنجێک هەن کە لەشێوەی فڕن و بۆڕیدان. پاشتر تێدەگەین کە ئەمە کەرەنتینەیە و ئەو کەسانەی تێدا گل دەدرێنەوە کە تووشی پەتای کۆلێرە هاتوون.

بەرانبەر بەم فەزا ڕەش و دڵگوشێنەرە، لە دووری دوورەوە جێگایەکی دیکە دەبینین کە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەم جێگا ناخۆشەیە. کەنداوێکی پڕ لە درەختی سەوز دیوارەکانی بە ئاڵا ڕازاونەتەوە. لە کەنداوەکەدا چەند بەلەمێک، چەند ڤێللایەکی ئیتاڵی دیارە.

بەرپرسی کەرەنتینەکە پیاسە دەکات. پاشان چاوی بە ئەفسەر و ئەگنێس دەکەوێت. ئەفسەر پێی وایە ئێرە فاگەرڤیکە، بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە ئێرە سکامسۆندە،

هەرچۆنێک بێت نایەوێت ئەگنێس بە ئەفسەر بناسێنێت، چونکە پێی وایە کچی ئیندرای خواوەندە.

شاعیرێک قوڕ دەشێلێت

لەناو ئەو خەڵکە سەیرەی کە لەو کەرەنتینەیەدان، لە ناکاوێک شاعیرێک دەردەکەوێت، ئنجا بەلەمێک دەگاتە جێگاکە و دوو دڵداری گەنجی لێ دادەبەزن. ئەفسەر بە بینینی ئەو شۆخە گەنجە ڤیکتۆریای خۆشەویستی خۆی بیر دەکەوێتەوە. ئەوان ڕێگایان بەرەو بەهەشت و جێگایەکی دڵگیر گرتووەتە بەر، بەڵام لەم کەرەنتینەیەدا لەنگەریان گرت و تازە دەرچوونیان نییە، نەک هەر ئەوەندە دەبێت بچنە ناو فڕنەکانی تیمارکردنی کۆلێراوە.

بە درێژایی ئەم دیمەنەش هەردوو ئەفسەر و ئەگنێس وەک تەماشاکەر، وەک دوو کەس لە خەونێکدا بن، ئاوا ڕەفتار دەکەن.

بەمە دەڵێن بەهەشت؟

دیسانەوە تاریکی دادێت، کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، ئەو شوێنە دەردەکەوێت کە دڵگیر و بەهەشت ئاسایە واتە فاگەرڤیک. لە پەنجەرەیەکەوە کچ و کوڕێک سەما دەکەن، لە دەرەوەی پەنجەرەکەوە پیانۆیەک دانراوە.

خانوویەکی زەرد و چەند بەلەمێک لە بنەوە دیارن. چەند منداڵێک کە جلی هاوینەیان لە بەرە تۆپانێ دەکەن. لە کاتێکدا هەموو سروشت و دیمەنەکە زستانەیە و بەفر دار و درەختی پۆشیوە.

وەکو دەبینن لەم سینۆگرافیایەدا زەمان و شوێن، تێکەڵن و هیچ سنوورێک لێکیان جودا ناکاتەوە. هەموو کەرەستە و پێکهاتەکانیش هێما و سیمبوڵی پێکهاتەی خەون و دیوی ئەودیوی هۆشمەندی و ئاگایین. هیچ لۆژیکێک لۆژیکی خەون نەبێت بە یەکدییەوە نایان بەستێتەوە. هێماکان تا بڵێیت ئاڵۆز و تێکچڕژاون، بە ژمارەش گەلێ زۆرن و جێبەجێ کردنیان هەمیشە مایەی کێشە بووە بۆ دەرهێنەران و تەکنیکارانیش، بەڵام ئەگەر بە دیدێکی فراوانەوە بڕوانینە ئەم هەموو پێشنیارانەی ستریندبێرگ، ڕیژیسێور دەتوانێت دیمەنێک، یان وێنەیەکی گەلێک ڕوون و دەوڵەمەند وەدەست بێنێت.

ئێدیتی ناشیرین

لە کاتێکدا هەموو دانس دەکەن و شادن، کچێک کە ناوی ئێدیتە، بەتەنیا دانیشتووە و بە پیانۆ مۆسیقای تۆسکای باخ دەژەنێت. ئەم کچە خەمبارە چونکە لەگەڵ ئەو بەهرە گەورەیەیدا کە دەتوانێت مۆسیقای باخ بژەنێت، لەبەر ناشیرینی کەس نایەوێت سەمای لەگەڵدا بکات. مۆسیقاکەی ئەم دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ مۆسیقای ڤاڵسی دانسەکە کە لە ناوەوە دەبیسترێت، لە کۆتاییدا مۆسیقاکەی ئێدیت بەسەر فاڵسەکەدا زاڵ دەبێت.

پاش ئەم دیمەنە کورتە ئەفسەرێکی دەریاوان دێتە پێشێ و دەستی کچێک دەگرێ کە ناوی ئەلیسە و بۆ دانسکردن دەیبات.

بەرانبەر بەم دیمەنە ئەگنێس دیسانەوە وەک بینەرێک ڕەفتار دەکات، دیمەنی ئێدیت بۆ ئەوە وەکو شانۆگەرییەکی بچووک وایە، ئەمیش بۆ خۆی تەماشای دەکات.

ئێدیت تا دێت پەست و خەمبارتر دەبێت، پیانۆکە بە جێ دەهێڵێت و چاو دەبڕێتە کەنداوەکە و وەکو پەیکەرێک ڕادەوەستێت و بە هیچ جۆرێک نابزوێت.

قوتابخانە

لەناو جەرگەی ئەم دیمەنانەدا دیمەنی قوتابخانە دەردەکەوێت، دیوارەکانی خانووە زەردەکە لادەبرێت و پۆلێکی قوتابخانە دەردەکەوێت، سێ قوتابی لەسەر سێ کورسی دانیشتوون، یەکێکیان ئەفسەرەکەیە.

هەموو ئەم دیمەنانە وەکو شانۆ لەناو شانۆدا بن ئاوا لە خەونەکەی ئەگنێسدا بەرجەستە دەبن. بە درێژایی ئەم دیمەنە ئێدیت وەکو خۆی وەستاوە، پاشتر بەرپرسی کەرەنتینەکە دێت بۆ ئەوەی ئەفسەرەکە لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ کەرەنتینەکە.

نابینم بەڵام دەبیستم

پاشان ئەگنێس دەبێت بە شاهیدی دیمەنێکی دیکە، پیاوێکی کوێر دەردەکەوێت، دەوڵەمەندە، خاوەنی سەدان ڤێللای ئیتاڵییە، خەڵک ئیرەیی پێ دەبەن، خاوەنی هەموو ئەم کەنداو و کەناری دەریا و دارستان و ماسییە لە ناو ئاو و باڵندەکان لە ئاسماندا و ئاژەڵ لە دارستاندایە. هەزاران کەس خانووی بە کرێ لێ دەگرن، هەتاو لە دەریاکانی هەڵدێت و لەسەر ئەرزەکانیدا ئاوا دەبێت.

ئەگنێس: ئەمیش شکایەت دەکات؟

ئەفسەر: بەڵێ، هەقی خۆشیەتی، چونکە نابینایە.
ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت گەر بڵێم مۆنۆلۆگی نابینا، یەکێکە لە مۆنۆلۆگە هەرە باشەکانی شانۆی مۆدێرن.

دەریای ناوەڕاست

دیمەنەکە دەگوازرێتەوە بۆ کەناری دەریای ناوەڕاست. ستریندبێرگ دیسانەوە کۆمەڵێک وردەکاری و داخوازی سینۆگرافیانە پێشنیار دەکات، وەکو شوورەیەک لە بنی شانۆکەوە، بەڵام بۆ چۆنیەتی گۆڕانی ئەم دوو دیمەنە هیچ پێشنیارێک پێشکەش ناکات.

پارێزەر و ئەگنێس پێکەوەن، ئەوانیش دەبن بە بینەری چەند دیمەنێکی دیکە، ئەم جارەیان ئەگنێس لەگەڵ پارێزەردا لە خەونێکدا هاوبەشن. هەر دوو شاهیدی دیمەنێکی نارەزایی و گلەیی دوو کرێکاری کانە خەڵووزن، کە گوزارشت لە ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەورە دەکەن، زۆر کار دەکەن، بەڵام بێ پاداشت، هەردوو پێیان وایە ئەم جیهانە دۆزەخە. ستریندبێرگ بۆ ئەوەی لایەنی ڕەش و نێگەتیڤی ژیانی ئەم دوانە پیشان بدات، بۆ پێکهاتی دیمەنەکە دوو عەرەبانەی کار و کۆمەڵێک خەڵووز پێشنیار دەکات. لە کاتێکدا ئەگنێس پێی وایە کە ئەم جێگا جوانە بەهەشتە، ئەوان دەڵێن ئێرە دۆزەخە.

ئەشکەوتی فینگال

ئەم دیمەنە بە پێچەوانەی دیمەنی دوو کرێکارەکەوە مۆرکێکی شاعیرانەی هەیە، وەکو ئەوەی ستریندبێرگ دوای ئەو دیمەنە ڕەشەی پێشوو، بیەوێت دیمەنێک بۆ ئەگنێس و شاعیرەکە تەرخان بکات. ئەم دوانە لەو دیمەنەدا وای پیشان دەدەن کە لە جەوری دنیا و گلەیی و بۆڵەبۆڵی خەڵک هەڵهاتوون.

شاعیر: بۆ کوێت هێنام؟

ئەگنێس: بۆ شوێنێک دوور لە قسە و بۆڵەبۆڵی خەڵک و هاواریان. بۆ سنووری جیهان، ئەو ئەشکەوتەی کە ناوی گوێی ئیندرامان لێ ناوە، لێرە ئیدی خواوەند گوێ لە گلەیی مرۆڤ دەگرێت. هەر لەو ئەشکەوتەوە دەڕوانە دەریا و کەشتییەک دەبینن، خەڵکی ناو کەشتییەکە هاوار دەکەن و پەنا بۆ مەسیح دەبەن، پاشان کەشتییەکە نوقم دەبێت. ئاوی دەریاکە تا دێت سەر دەکات بە ڕادەیەک کە هێدی هێدی بەرەو ئەشکەوتەکە هەڵدەکشێت و هەڕەشەی نوقم بوونیان لێ دەکات.

دیسانەوە بەردەرگای شانۆکە

ئەگنێس بە پەلە بۆ لای دەرگاوانی شانۆکە دەڕوات کە بە پەلە سەرۆکی زانکۆ و هەر چوار ڕاگری کۆلێژی پزیشکی و یاساو لاهووت و فەلسەفە بانگ بکات. ئەمانە دەبێت لە نهێنی پشت دەرگاکە بکۆڵنەوە، کەسانێکی زۆر ئامادەی ئەم بۆنە گرنگە دەبن، ئەفسەرەکە بە چەپکە گوڵەکەی دەستییەوە دێت، هەروەکو دیمەنی یەکەم گەنج و عاشقە و بەهەمان شێوەی جاران بانگ لە ڤیکتۆریا دەکات و چاوەڕێی دەبێ.

لە دیمەنێکی کۆمیدیدا ستریندبێرگ دیدی ڕەخنەگرانەی خۆی بەرانبەر بە خەڵکی ئەکادیمیا و مامۆستایانی زانکۆ پیشان دەدات. پاشان کە ئەمانە هیچیان پێ ناکرێت، وەستای جامچی بانگ دەکرێت و دەرگا دەکرێتەوە.

ئەو دیوی دەرگا واتە عەدەم

شاعیرەکە و ئەگنێس پێیان وایە پێشتر ئەم دیمەنەیان دیوە، لە ناکاودا پاش گفتوگۆیەکی گەوجانەی هەر چوار ڕاگرەکان، دەرگاکە دەکرێتەوە، بەڵام سەیر لەوە دایە کە هیچی لە پشت نییە، هیچ نهێنییەک نییە. واتە نەبوون.

کچەکە باس لەوە دەکات کە ئەوەندە نابات دەمرێت، پێڵاوەکانی دادەکەنێت و فڕێی دەداتە ناو ئاگرێکەوە، ئنجا هەر کەسە لە کەسایەتی ناو شانۆنامەکە یەکە یەکە دێن و شتە گرنگەکانی خۆیان فڕێ دەدەنە ناو ئاگرەکەوە، ئەفسەرەکە چەپکە گوڵەکەی، ئەفیشەوان ئەفیشەکانی، جامچییەکە ئەڵماسەکەی، پارێزەرەکە پرۆتۆکۆڵەکانی، بەرپرسی کەرەنتینەکە ماسکەکەی، ڤیکتۆریا جوانییەکەی، ئێدیت ناشیرینییەکەی... تاد.

کچەکە ماڵئاوایی لە شاعیرەکە دەکات، دەچێتە ناو قەڵاکە. شاعیرەکە بە تەنیا وەستاوە و تەماشای ئەم دیمەنە دەکات، وەکو ئەوەی خەون ببینێت.

خەون و خەیاڵ

کچی ئیندرا پاڵەوانی شانۆنامەکەیە و لە هەموو دیمەنەکاندا بەشدارە، یان گوزارشت دەکات، ئەمیش تەنیا لە ڕێگای خەیاڵ و بەتەکنیکی خەون دێتە ئەنجام. دەکرێ لە هەندێک دیمەندا تەنیا وەکو بینەرێک، یان چاودێرێک ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت. فەرامۆشکردنی هەموو سنوور و لۆژیکێک ڕێگای بۆ ستریندبێرگ خۆش کردووە، کە

دیمەنی جیاواز و جیاهەڵکەتوو و خاوەن سیما و مۆرکی جودا دابهێنێت. دیمەنەکانی ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیدا هەندێک جار لە کۆنتراسدان و هەندێک جاریش لە هارمۆنی، بە ڕادەیەکی وا کە دیمەنی کەرەنتینە گوزارشت لە دۆزەخ دەکات، بەڵام هەر دیمەنی پاشتر سەد لەسەد پێچەوانەی ئەوە. بە هەمان شێوە لە دیمەنی ماڵدا لەگەڵ پارێزەردا، ئەگنێس تەنانەت ناتوانێت هەناسە بدات، کەچی پاشتر لە ناو کەش و ئەتمۆسفیرێکی شاعیرانەدایە. بە هەمان شێوەی کۆنتراستی نێوان ئەگنێس و پارێزەر لە ڕووی سیما و ڕواڵەتەوە کۆنتراستێکی تەواوە، ئەگنێس کچە خوداوەندە، لە کاتێکدا پارێزەر وەکو نووسەر وەسفی دەکات ناشیرین و دزێوە.

فەزای بەرینی خەون و خەیاڵ بوارێکی بێ سنووری بۆ زۆربەی زۆری کەسایەتییەکان خۆش کردووە، بوارێکی ئەوتۆ کە تێیدا دەتوانن بێ سنوور بکەونە جووڵە و ڕەفتار بکەن. لە سەرووی هەموویانەوە کەسایەتی کچی ئیندرا و ئەفسەر.

دیارە ستریندبێرگ بەر لە نووسینی یارییە خەونێک خولیای جیهانی خەون و ئەندێشەی شاعیرانە و تەنانەت خاوەنی خەیاڵی شێتانە بووە. کاریگەرێتی بەرهەمەکانی ئێدگار ئالان پۆ دنیای ئاڵۆز و پڕ لە خەون و ئەندێشەی لە سەر ستریندبێرگدا گەلێ ئاشکرایە، خۆ بۆ کەسێک ئاگاداری شانۆنامەی سەموم بێت، ئەم کاریگەرێتییە زۆر ڕوونە. خەیاڵی ستریندبێرگ لەم شانۆگەرییەدا خەیاڵێکی شێتانەیە و تەواو لە خەیاڵی ئێدگار ئالان پۆ دەچێت، نەک هەر ئەوەندە بگرە شانۆنامەکە چیرۆکەکانی پۆمان دێنێتەوە یاد.

بێ گومان سەبارەت بە خەون و تەکنیکی خەون، ستریندبێرگ نەک تەنیا خولیای بەرهەمەکانی پۆی لەسەر بوو، بگرە تەواو ئاگاداری بەرهەمی نووسەرانی دیکەی وەکو دیکتر و کیپلینگ-یش بوو. پسپۆرانی ستریندبێرگ ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ستریندبێرگ گەلێک سەرسامی چیرۆکە بەناوبانگەکەی کیپلینگ بوو کە ناوی «لە ولاتی خەون»دایە.

گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

موحسینی عەزیزی عەولاغای حەویزی

(موحسینی عەزیزی عەولاغای حەویزی) ساڵی (١٩٢٥) لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، موحسین ئاغا گوتی: بنەماڵەی حەویزییان لە کۆیە لە چەندین بەرەباب پێک هاتووە، هەر بۆ نموونە: بەرەی (ئەمین ئاغا) و بەرەی (عەولاغا) و بەرەی (حاجی ئەسعەد ئاغا) و بەرەی (ماڵی مەلا ڕەئووفی سادق ئاغا) و ڕەنگە هی تریش هەبێت!

پرسیم سەردەمی منداڵی خۆت لە کۆیە گەر بیرت مابێت لە چ بۆنەیەکدا گۆرانی دەگوترا؟ گوتی: لە کۆیە چ دیانەکان بووبن و چ موسوڵمانەکان، بۆ نموونە: مەلا ئەسعەد، سێوە، تیپی ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵڵا، قالە کەچەڵ، مەلا ئەحمەدە کۆرە، ئەوجا لە دیوەخانان و لە ناو ڕەز و باخەکان و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی برادەرانی مەی ئامێز، هەروەها کاتێک مەولوود بەڕێوەدەچوو (تەنزیلەیان) دەخوێندەوە، باقی سەرتاش، حەمەدەمینی عەباس و هی تر کۆرسی ئەو کارە بوون (واتە تەنزیلە خوێنی مەولوود بوون)، دیسان لە شاییدا گۆرانی بە تایبەتی لە کۆیە باو بوو، کاتێ بووک دەهات دەهۆڵ و زورنای (عەزە بەغدایی) لەبەردەم بووکێ لێ دەدرا وشایی دەکرا و جلیتانێ (واتە خۆ نیشاندانی ئەسپ سواران) دەکرا، بە تایبەتی ئەگەر بووک بە سواری دەهات، لە کۆیە (حەمە ساڵحی مەلایان - شاییان) هەبوو، گۆرانی تایبەت بە شایی دەگوت و سەرچۆپیشی دەکێشا، (ستار)یش هەبوو کاتی (شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ) بەرپاکرا ئەویش وەک حەمە ساڵحی مەلایان

وریا ئەحمەد

عەزیز ئاغا

موحسینی عەزیزی عەولاغای حەوێزی

گۆرانی ناو شایی دەگوت و لە کۆیە ئەو سەردەمە دەوری هەبوو، (مـــچـــە ژنانی) هەبوو بە ئەسڵ هی ناوچەی سلێمانی بوو، لەو بۆنانەدا جلی ژنانی دەکردە بەر و بە سمێڵێکی گەورەوە لە شایی و ئاهەنگاندا دەوری هەبوو، دەنگبـێـژ بوو، دیارە بەرانبـەر بەوە پارەی پێ دەدرا و توانای گـوتنی (سـەردولکە - هی شین و شـەپۆڕ)یشی هەبوو، گۆرانی ناو شـاییـشی دەزانی، لەگەڵ باوکت و ئەوانیـشـدا ئەو کـاتانەی بەشـداریم دەبوو، سـەیرانی سـەرەکیـمـان لە سـەیرانگەی (ئۆمـەرخـوچان) و (ڕەزی شەمە) و (دەرماناوی بنە) و (ئەسحابان) و (جەلی) و شوێنی تر دەبوو، لەو دانیشـتنانەدا کاک ئەحمەدی حەمە مـەلا و کـاک عـومـەری مـام عـەولا و مـام فـەتحـوڵڵای کشـتەکان و حەمە ساڵح شەمس و شەعیەی مام مەڕبێن و گەلێکی دیکەش بوون، ئینجا لەو دانیشـتنانەدا باسی کوردایەتی دەکرا، ئەو کاتە لە کۆیە سەرەتا هەر ئەو پێرە هەبوو کوردایەتی بکات.

بۆ لیـژنەی فـەحـسـی تووتن لێم پرسی؟ گـوتی: لە هەولێـری دایان دەمـەزراندن و فـرمـانیـان بۆ دەردەچوو دەکران بەو لیژنەیە و (مام فەتاحی باوکی عەبدولخاڵقی مـوهەندیس)یش هەندە سـاڵ لەو لیـژنەیەدا دەکـرا بە ئەندام، پرسیم گۆرانییە باوەکانی ئەوسای کۆیە؟ گوتی: (شلەوخانان، لە مـەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ، شیـرین بەهارە، بۆ فریبی عاشقان)، دواتر باسی هەندێ لەوانەی کرد کە ئەوسا لە کۆیە گۆرانییان گوتووە، بۆ نموونە گوتی: (تایەر تۆفیق) کەسێک بوو زۆر بە کەرامەت و نەفس بەرز بوو، هەروەها لە قـشـڵـەی کـۆیە (مـام ڕەسـوول گـەردی) پۆلیس بوو شـەوێ تا نیـوەی شـەوێ دەنگی دەهات و (حەیران)ی دەگوت، کەسێکی دی هەبوو برای (م. حەمیـدە شەل) دەنگی زۆر خۆش بوو (سەرتاش) بوو ئەویش گـۆرانی دەگـوت، کـاک ئەحـمـەدی باوکت و کاک عومەری مام عەولا و قالە کەچەڵ و مەلا ئەسعەد لەسـەر بانی مـاڵی زاوا کـاتێک بووک دەگـەیشـتـە بەردەرگـای مـاڵی زاوای گـۆرانی (لەبەر نازی چاو بازان)یان دەگـوت، (قـاوە خـانە)یەک لە نزیک دوکـانی ئەمـــڕۆی (جـــەلال جـــۆبار) هەبـوو، لە نـاو ئەو (قـاوەخـانە)یەدا گۆرانی دەگوترا، هەروەها لە لای خانی حەمـاغای کاتێک لە بن تاقەکەی دەچییـە دەرێ لەسەر ئەو باڵەخـانەیەدا (قـاوەخـانەیەکی) دی هەبوو جـا دەنگخۆشی کورد، سەر بە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەهاتن و لەو قاوەخانەیەشدا گۆرانی دەگوترا، ساڵی (١٩٤٨) لە کـۆیە نەورۆز لە (تاتووکـان) کـرا، کـاک مـوحـسین درێژەی بە قـسـەی خـۆی داو گـوتی: لەو سـاڵەو لەو نەورۆزەدا من دەوری (زوحـــاک)م هەبوو، (عـــەلی موزەفەر) مامۆستای ناوەندی بوو لە کۆیە، (ئەو پیاوە بە ئەسڵ شـیـعـەی ئێـرانێ بوو)، ئەو دەرهێنەری ئەو شانۆگەرییە بوو.

پرسیم سەردولکەی شینەکان لە کۆیە کێ دەیگوت؟ گوتی: (پلکە عەنیف) و (دێوانە) و زۆری دی هەبوون و ئەمڕۆش لە کۆیە (سەبری ژنی وەستا ڕەشیدی) برای وەستا خورشید، لە شین و تازیەکاندا لاواندنەوە دەکات، لە کـۆیە وەک شـوێنی دی جـیـاوازی لە بەینی دیان و جوولەکە و موسوڵمانانداا نەبووە، هەر بۆ نموونە: لە کۆیە (جەلیل ئاغا) ژنەکەی (ناوی شومان و لە دیانەکانی

کـۆیە بوو) ئەو پیـاوە ژنی دیکەشی هەبوو، بووکـەکـەی واتە ژنی (فاتیحی) کوڕی جوولەکە بوو ناوی (فەیرۆز) بوو، تا ئەمـڕۆش مـاوەو لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسـەر دەبات.

کاتێک دەربارەی وێنەیەکی باوکی واتە (عەزیزئاغا) کە ئەو ڕۆژە بە دیواردا بە جلی (ئەفسەر)ی هەڵواسرابوو پرسیارم لێکرد گوتی: (سەید حەسەن و سەید حوسێن و عەزیزی عەوڵاغای باوکم و سەبری عەبدوڵڵا و واحیدی حاجی ئاغا مستەفا) بوون، کاتی خۆی بۆ تورکیـایان ناردن بۆ خوێندن، دواتر خوێندنیـان تەواوکـرد و بوونە (ئەفسـەر)، هەندێ لەوانە هاتنەوەو لە سوپای عێراقدا بوونە ئەفسـەر، بابم نەیکرد و دوای باپیـرم کـەوت، ئەو کاتە دژی حکوومەت بوون، هەڵاتن چوونە لای (زینوێ)، باپیـرم لەوێ بێـوەژنێکی هێنا دەبێتـە خـوشکی (شـێخ عوبێدوڵڵا)ی باپیرم لە بری ئەو بێوەژنە کچێکی خۆی پێیان دا، باپیرم لەو ژنە کوڕەک و کچێکی هەبوو، کوڕە (نامـیقی عـەوڵاغـای) ئەفسـەر بوو بەم دواییـە کـۆچی دوایی کرد، دەبێتە خەزووری (پۆڵاد)ی کوڕم، لەو کچەی باپیرم بە (شێخ عوبێدوڵڵا)ی دا کوڕەکی هەبوو بە ناوی (شێخ مستەفا) و چوار کچیشی هەبوو، یەک لەو کچانە دواتر بووە ژنی (جەوادی شەفیق ئاغای حەوێزی).

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/١ ئەم چاوپێکەوتنە لە کۆیە لە مـاڵی خـۆیان بە ئامـادەبوونی کـاک (هاوار)ی ئامـۆزام بەڕێوە چوو.

حەمە گەمحان

سـاڵی (١٩٤٥) کـاتێ گـۆرانیـبـێـژی نەمـر (تایەر تۆفیق) بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا چوو، ئەو کاتە (حەمە گەمـحـان) چایخـانەکـەی لە نهـۆمی سـەرەوەی خـانووی (جەمـال ئاغای حەوێزی)دا بوو، تازە ڕادیۆیەکی گەورەی جـۆری (مـارکـۆنی) کـڕیبـوو، کە بە پاتری گـەورە ئیـشی دەکـرد (دیارە ئەو کـات هێـشـتـا لە کـۆیە کـارەبا پەیدا نەبـبـوو)، دواتر چایخـانەکـەی بۆ تەنیـشت دائیـرەی (ئیستـهـلاک)ی ژێر بالاخانەی شارەوانی ئەوسای کۆیە بەرانبـەر مـزگـەوتی گـەورە گـواسـتـەوە، جـا ڕۆژانی چوارشـەمـوان دوای نوێژی عـەسـر، یان پێش مـەغـریب، خەڵکێکی زۆر لەو چایخانەیەدا جێگەیان دەگرت! ئەوەی جـێگەشی نەبوایە، بە پێـوە دەوەسـتـا، ئەویش بەو مـەبەسـتـەی گـوێ بۆ ئاهەنگی گـۆرانی (تایەر تۆفـیق)ی نەمـر ڕادێرن، کـە لەو ڕۆژەدا هەفـتـانـە، لە ڕادیۆی کوردی

حەمە گەمحان

بەغداوە بڵاودەکرایەوە.

حـەمەگـەمـحان سـاڵی (١٩٥٦)یش (ڕیکۆردەر)ێکی کـڕی و دەسـتی بە تۆمـارکـردنی بەرهەمی گـۆرانیـبـێـژانی وەک: (سـێـوە، مـەلا ئەسـعـەد، تایەر تۆفـیق) و ئی دی کرد، زۆربەی جار ئەو تۆمارکردنانە بە یارمەتی موزیکی موزیکژەن (باکووری)یەوە دەبوو.

لێـرانـە حـەزدەکـەم ڕووداوێـک باس بکەم، کـە ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن، هەرچەندە ئەوکاتە زۆر منداڵ بووم، باش لە بیرمە و باسیشم کردووە، جارێکیان حەمەگەمحان دیارە بە هاوکاری برادەرانی باوکمەوە وەک کۆچکردووان: عومەر عەبدوڵڵا، عەونی شاعیر، سالحی ڕیخـەڵۆک، مـام وەتمان، سـاڵح شـەمس و هی تر، شەوێکیان کە دەعوەتەکە لە مـاڵی مـامە عومـەری مام عـەوڵای بوو، حـەمـە گـەمـحـانیش لەو دانیـشـتـنەدا ئامـادەبوو، دیارە باوکم زۆر دەنگخـۆش بوو، بۆیە برادەرانی باوکم بەو مـەبەسـتـەی دەنگەکـەی لە فـەوتان ڕزگار بێت، داوایان لە حەمە گەمحان کردبوو بە دزیـیەوە بێت (چونکە باوکم حـەزی نەدەکـرد دەنگی تۆمـار بکرێت،) بەڵکو ئەو بێت و بتـوانێت تۆمـاری بکات! ڕیکۆردەرە گـەورەکـەی کـە دەبوایە هەمـیـشـە (مـحـولە - بگۆڕ)یشی لە تەنیشتەوە دابنرێت، چونکە کارەبای کۆیە (DC) نەک (AC) بوو، لە ناو تاقی یەکـێـک لە پەنجەرەکاندا بە پەردە شاردرابووەوە، جا کاتێک باوکم وەک خۆی و برادەرانی ناویان نابوو، (کزە یان مەقام ینا هەستان)، کاتێک وەک هەموو جارێک لە دانیشتنەکانی دی وا باوبوو، باوکم کزەیەکی بۆ کرد، کاکەحەمە هەستا

تا ڕیکۆردەرەکـە بە ئیش بخـات و لە سـەر تۆمـاری دابنێت! باوکم پێی زانی، قۆڵی منی ڕاکێشا و بە پەلە و تـووڕەبـوونـەوە بـەرەو دەرەوە ڕۆیـی؟ هـەرچـەنـدە چـەنـد کـەسـێک لەو برادەرانەی دوامـان کـەوتـن و ویسـتـیـان مـەسـەلەکـە هێـور بکەنەوە و باوکم بۆ دانیـشـتنەکـە بگەڕێتـــەوە! ئەو هەوڵـەیان بێ ســـوود بوو، باوکم نەگـەڕایەوە. ئەو مـەسـەلەیە دەری دەخـات کـە حـەمـە گەمحان تا چ ڕادەیەک خەمخۆی ئەو کارە بووە، حەزیشی کردووە تۆماری هەموو دەنگخۆشانی شارەکەی هەبێت.

کـاتێکیش گـەورە بووین و وەک خـەڵکی دیکەی شارەکە فێری هاتوچۆ و دانیشتنی چایخانەکەی بووین، زانیـمـان حـەمـە گـەمـحـان بەرنامـەی ڕۆژانەی هەیە بۆ لێدانی گۆرانی: بۆ نموونە ڕۆژێ دەبوایە گۆرانییەکی (ئوم کەلسووم) لێ بدات، جگە لە گۆرانییەکانی مەلا ئەسعەد و ئەوانی دیکەی کـۆیە، بەڵام کـاتێک یەکـێک لە دانیـشـتـوانی چایخـانەکـە بۆ نموونە داوای بکردایە لە جیـاتی گۆرانی (انت عـمري)، گـۆرانیـیـەکی تری ئوم کەلسـووم لێبـدات، هەرگـیـز ڕازی نەدەبوو! چونکە وەک گوتم: بەرنامەی تایبەتی هەبوو، ڕۆژانە پەیڕەوی دەکرد.

کـاکـە حـەمـە یەکـێکە لەو دەیان کـەسـانەی لە شـار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە تۆمـارکـردن و بە نەمـری مـانـەوەی دەنگی چەندین دەنگخۆشانمان، بۆ نموونە کاکە حەمە لە کۆیە توانیویەتی دەنگی دەنگخـۆشـانی وەک: مـەلا ئەسـعـەد و سێـوە و حەمەدەمینی عەباس و فەقێ ئەحمەدە کۆرە و باکووری وهی تریشـمـان بۆ تۆمـار بکات. کـاکـە حـەمـە تا سـاڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) لەو کـــارەیدا بەردەوام بووە. ئەو کاتەش بەشێکی زۆری ئەو ئەرشیڤەی خۆی داوەتە دەست کاک (ئەمیر محەمەد مستەفا کەبابچی) کە ئەو کاتە خـاوەنی تۆمـارگـەی (خـەیام) بووە. دواجـار (٣٠) دانە (شریتی بەکرە) و ڕیکۆردەرەکەشی بە (حوسێن حاجی قـــادری) ئامـــۆزای داوە. تا دواجـــار بە نەخـــۆشی لە (١٩٩٦/٥/٩) لە هەولێر کـۆچی دوایی کردووە. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

کتێبی (تایەر تۆفیق - ژیان و بەرهەمی) حوسێن حاجی قادر- ئاری.

گۆرانی دەڤەری هەورامان و شێوەگەلی موزیک

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی (سلێمانی)

چەندی ئێمە بە هەست و جۆشێکی دەروونییەوە گوێ بۆ مـوزیک بگرین تێـر نابین، چونکە مـوزیک ئەوەندە بەری فـراوانە، هەر لە سـەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە ئاوازگـەلی گـۆرانی لەگـەڵ ئەو بوونە ئاوێزانی یەکـدی بوون. دیارە مـوزیک ئەگەر لەسـەر بناغـەی تایبـەتمەندی مـیللەتێک ئەو بناغـەیە دروست کـرابێ، واتە لەسـەر مۆرکی خۆیی لەنگەری گرتبێ، ئەوە ئەو ئاواز و موزیکە لەبیـر ناچێـتـەوە و هەردەم بە زیندوویی دەمـێنێـتـەوە. پەرەپێدانی موزیک پێویستە، بەڵام چۆنیـەتی و مانەوەی ئەو موزیکە بە ڕەسەنایەتی ئەو میللەتەوە بەندە، موزیک و ئاواز و گۆرانی سامانێکی جیهانییە، بەڵام شێواز و بەکـارهێنانی سـەلالەی هەر نەتەوەیەک جیـاوازە، بۆیە میللەت پابەندبوونی خۆی بە دیاردە تایبەتییەکانی خۆی، بوونی هەبوونایەتی خۆی دەسەلمێنێ.

بۆ نموونە گـۆرانی [بادە، بادە] لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە ئامـێـرێک دەگـونجێ، واتە دەگـونجێت هەموو جۆرەکـانی ئامـێـرگـەلی مـوزیک بۆ ئەم ئاوازە بەکـاربهـێنرێت، دیارە ئەوەش ئەرک و مـاندووبوونەکـەی دەکـەوێتـە سـەر موزیکژەن، ئەو بڕیاری ئەوە دەدات، کام ئامێر لەگەڵ ئەو گۆرانییە ڕەسەنە بەکاردێت، ئەوەتا لە کتێبی ئەلفبێیەکی مـوزیک، دانانی ئیـمـۆجن هالست، هەڵسـەنگاندنی، بنیـامین بڕتین، وەرگـێڕانی؛ ع.ح، سـەگرمـە دەڵێت(١): (بۆ ئەوەی مـوزیک بە زیندوویی بمێنێـتـەوە و لەبیـر نەچێـتـەوە، پێـویسـتـە دانەر زیرەکـانە نۆتەی پێـویست هەڵبـژێرێ و بە دیدێکی ورد ڕێکیـان بخـات). ئەمـە

بۆچوونێکی ڕاست ودروستە، چونکە موزیک ئەو بنەمایەی خۆی پارێزگاری دەکات، ئەگەر موزیکژەن ئەو هۆکارە سەرەکییانە تێکەڵوپێکەڵ نەکات، واتە ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو نەتەوەیە بکات، کە بۆ ئەو ئاوازەی دادەنێت. ئەو ئاواز و گۆرانییە خێرایانە کە لە دەڤەری هەورامانداە هەن، دەبێ چی بکرێت تاوەکو لەو قەیرانە ڕزگاری بێت؟! من ڕام ئەوەیە کە بەزووترین کات گەشتی مەیدانی بۆ ئەو بوارە بکرێت. دیارە ئەوەش ئەرکی موزیکژەنانە تا بەگیانێکی نەتەوەییەوە بتوانن لەو ئاقارەدا کار بکەن ئەویش بە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی، ئەو بوارە کە پێویستیەتی، بۆ نموونە ئاوازی (کەنیشکە و کاڵەکەم)، کە ئاوازێکی فرە خێرایە، واتە ڕیتمی خێرایە، ئەگەر موزیکژەنی شارەزا نەبێت نۆتە نووسیی بۆ بکات، ئەوە ئەو ئاوازە مافی خۆی پێ نادرێت، ئەو ئاوازەش هۆزانی کورتی دەوێت، کە لەگەڵ کێش و ترپەکەیدا بگونجێت. واتە هۆزانی درێژی ناوێت، چونکە ئاوازی خێرا ڕیتمی خێرای دەوێت هۆزانی (١٢- ١٤- ١٦) بڕگەی ناوێت. هۆزانی (٨) بڕگەیی زیاتری پێویست نییە. لەکتێبی (ئەلفبێیەکی موزیک)دا هاتووە(٢): بۆ ئەوەی موزیک بە زیندوویی بمێنێتەوە و لەبیر نەچێتەوە، پێویستە دانەر نۆتەی پێویست هەڵبژێرێ و بەدیدێکی ورد ڕێکیان بخات، لێرەدا گەلێک جار دەبینین هۆی سەرەکی ناتەواوی شێوەی موزیک، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەرەستەی موزیکی زۆر و ناتەواوی ڕێکخستنی ئەو کەرەستانەیە). ئەمە وتەیەکی ڕاست و بەجێیە، چونکە هۆزانی درێژ، یان تێکستی نارێک، یان وشەی تێکەڵوپێکەڵ دەبێتە هۆی شێواندنی ئاوازەکە، یان موزیکژەن، جۆرە نۆتەیەکی بۆ بنووسێ کە لە ئاوازگەلی بێگانە بێت، ئەوکاتە نەک ئاوازەکە، بگرە هیچ یەک لەو کەرەستانەی موزیک جێگەی خۆی ناگرێت و نابێتە مولکی ئەو میللەتە. ئێستە لە خوارووی کوردستانی مەزن، ئەو دیاردە ناشارستانییە زۆر لە برەو دایە، کە ئەوەش جێگەی داخە. دیارە هونەر یان هونەرمەند، دەبێت زۆر بە وردی ئاگای لە هونەری نەتەوەکەی بێت. وێنەی ئەو دەنگ و ڕەنگانە تێکەڵ بە ژیری و هۆشی میللی نیشتمانەکەی، ببەستێتەوە.دەبێت هونەرمەند سنووری خۆی نەبەزێنێ، بۆ ئەوەی بەخێرایی ناوبانگ دەربکات، بەڵام ئەو هونەرمەندەی پەلە بکات بە زووترین کات دەکەوێت، هەروەها نابێت گۆرانیبێژ زۆر هاوار بکات، بۆ ئەوەی پێی بڵێن دەنگی باشە، بەڵام دەنگ خۆشی بەهاوار کردن نییە، بەچۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگیەتی، هەندێک هونەرمەند هەن، دەنگیان بەرزە. هەندێ مام ناوەندی هەندێ نزم. دەبێت ئەوە بزانێ دەنگیان لەگەڵ ئامێرەکانی موزیک ساز بکەن و بە تەواوی ئاگای لەنۆتەی موزیک بێت و بەهرەی خۆی لەدەست نەدات، بۆ ئەوەی پێی بڵێن گۆرانیبێژ. دەبێت هونەرمەند لەناخی میللەتەوە هەڵبقووڵێت. نەک پەنا بەرێتە بەر لاسایی کردنەوە. لەکتێبی ئەلفبێیەکی موزیکدا هاتووە(٣): (هەروەها هەندێک گۆرانیبێژی دیکە هەن لە ناسینەوە و دۆزینەوەی دەنگی سەرەتاو چینی دەنگەکاندا لاوازن و پێویستیان بەتوانای خۆیانە، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئاستێک لە دۆزینەوەی چینی پێوەند (Relativ prtch)دا، پشت بەخۆیان ببەستن، پشت بەستن ئەوەیە کە هونەرمەند پەنا بەم لاو ئەولادا نەبات، بەڵکو پشت و پەنای هونەری ڕەسەنی خۆی بێت. ئەو ئاوازەی کە باسم کرد (کەنیشتکەو کاڵەکەم) ئەم ئاوازە، هۆزانی کورتی دەوێت، موزیکی ڕیتمی خێرایی دەوێت، گۆرانیبێژی قورگ خاوێنی دەوێت، واتە ئەو هۆزانەی دەوێت کە لەسەرکێشی خۆمالییە؛

کەنیشکەو کاڵەکەم.
هەناری سەرچاڵەکەم
بەزەحمەتی مەزانە
ئیمشەو بۆرێ یانەکەم)

کەواتە دەڤەری هەورامانی سەرکەش، هەر لە سەردەمی زێڕینی (گاتاکانە)وە، تا ئەمڕۆ پشت و پەنای بابەتە هونەرییەکان بووە. لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨)دا، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەفەرموێت(٤): (سەلیقەی مۆسیقایی زۆر گرنگە، کە پێش هەر شتێ لە بابەتەکە تێبگەیت، ئەوەی ئاواز دادەنێت بۆچوونی مۆسیقایی خۆی هەیە، لەوەدا کە دەیەوێت چی بکات، لەزۆر تیپی سمیفۆنیای جیهانیشدا دیومانە ئامێری میللی لەگەڵ ئۆرکێستدا داخڵ دەبێ، بەڵام نووسەرەکە بە چ بیرکردنەوەیەک تەرحی کردووە سەربەستە...) کەواتە مەرج نییە هەموو ئامێرەکانی موزیک لە ئاوازێکدا

بەکاربهێنرێن. ئاوازی (گیان لەرزانە) بەدوو ئامێری موزیک لە ئاوازێکدا زۆر بە باشی گیانی ئاوازەکە و گیانی نەتەوەیی مۆرک، ئاگاداری دیمۆگرافیای هەرێمەکە پارێزگاری بکات و بەچاکیش ئەو مۆرکە بپارێزێت. ئەو هونەرمەندانەی کە نۆتە نووسیی بۆ ئاوازێک دادەنێن بەو شێوازە بینووسێت، کە دەقاو دەق ئەو ئاوازە مۆرکێکی ئەو مییللەتە بەکاری دەهێنێت، دەبێت زۆر بە وریایی سەوداو مامەڵەی لەگەڵ بکات. گۆرانی (گیان لەرزانە) ئەم گۆرانییە لە دەڤەری (هەورامان)ەوە هەڵقوڵاوە و هۆزانەکەی فۆلکلۆرییە کە ئەمەش گیانی ئاوازەکەی پاراستووە، ئەمیش هەر لە ئاقاری گیانی گۆرانییەکانی ئاهورامەزدانەوە گیانێکی دێ، یان ئەفراندنی دی بە خۆوە بینیوە، دەتوانم بڵێم ئاوازگەلی خاوێنی (موغە)کانە، ئەمەش چەند دێرێکی ئەو گۆرانییەیە!

ئامان لەرزانە گیان لەرزانە
من بێ باڵاو تۆ یانەم وێرانە
لەرزان لەرزانە گیانم لەرزانە
باڵات بەوێنەی شای عەودالانە.

ئەم ئاوازەش بەڕێتمی خێرا واتە (بەزم و ڕەزمی) خێرا دەوترێت، هەرچەندە ئاماژەم بەوەدا، کە گۆرانییەکە بەدوو ئامێری هەوایی لێدەدرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە چیدی ئامێرە موزیکییەکانی دی، بەکارناهێنرێن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەتوانرێ هەموو ئامێرەکانی موزیکی تێدا بەکاربهێنرێت، با ئاوازەکەش (دوو تۆن) بێت. لێرەدا پرسیارێ دێتە مەیدانەوە ئەویش ئەوەیە ئایا ئامێرە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ گۆرانی هەوراماندا دەگونجێن؟! وەڵامی ئەو پرسیارەش لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٦٨)دا، هاتووە(٥) هەموویان دەگونجێن، بەڵام توانای مۆسیقاژەن و ئاوازدانەرەکە ڕۆڵی باش لەوەدا دەگێڕن، بۆ نموونە ئامێری کیبۆرد، کە سایزەرە، توانای باشی تێدایە، یەکێکی دی بەدوو پەنجە ڕەنگە گۆرانی کوردیشی پێ پێشکەش بکات، بەڵام لە تایبەتمەندی ئەو گۆرانییە شتی ڕۆحی هەیە، دەبێ لەمیکانیزمی بەکارهێنانی ئەو ئامێرەدا شارەزابێ، تا ئەو ڕۆحییەتە دابڕێژێ، دەبێ بۆ بەکارهێنانی، ئەو ئامێرە چ لەلایەن دانەر، یان ئامێرژەن دەستی کارامەیی هەبێ). من لەو باوەڕەدام دەتوانرێت بەزم و ڕەزم بڕوات، بەڵام گونجاندنی ڕیتم لەگەڵ ئاوازی «گیان لەرزانە» مەرجە چۆنی بگونجێنێ، چونکە ئەوە مەرجی بنەڕەتییە، کەواتە هەموو ئاوازگەلێ هەورامان، لەگەڵ موزیکدا دەگونجێن، بەڵام شارەزایی و لێهاتوویی موزیکژەنەکان مەرجە، لەوبوارەدا نموونەیەکی دی لە ئاوازگەلی گۆرانی (هەورامان)دا ئەم ئاوازەیە، واتە (باده، باده) ئەم ئاوازە کۆنترین ئاوازی دابونەریتی (هەورامان)ە، بەتایبەتی، لەکاتی (وەوی) واتە (بووک) بردندا، ئەم ئاوازە بەهۆزانی کورت، لەسەرکێشی پەنجە بەر ڕیتمی (مام ناوەند)، ئاوازەکە نۆتەنووسیی بۆ دەکرێت، بەم شێوەیە ئەم ئاوازە (موغەکان)، واتە پیاوە ئایینییەکانی سەردەمی (زەردەشت) یان نەوەد و نۆ پیرەی (هەورامان) لە (ئاتەشگەدەکان)دا، ئەم ئاوازەیان فەرمووە. بە سروودی (گاتاکان) ئەو پیرانە کاریان لالاندنەوە بووە، بەڵام ئەم ئاوازە ئێستا هونەرمەندەکانی (هەورامان) بەهۆزانی هۆزانڤانەکان ئەم ئاوازە دەڵێنەوە، ئێمەی کورد پێش (٢٧٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەم جۆرە ئاوازەمان هەبووە. ئەی ئەمە جێگەی شانازی نییە بۆ نەتەوەکەمان؟ ئەگەر تەماشای جۆری ئایینی بکەین دەبینین باس لە چەرخەکانی (١٦، ١٧، ١٩، ٢٠) دەکەن. بۆ بوونی موزیک ئەویش لە شوێنە پیرۆزەکانی وەک [ئاتەشگەدە و کڵێسا و مزگەوت]، کە بەشێوەی کۆڕاڵ ئەو ئاوازانە پێشکەش دەکران،زۆربەی زۆری ئەو ئاوازگەلە بەشێوازی بەرزی ڕۆحی دوور لە خراپە، دەوتران. کەواتە هونەری ڕەسەن، ڕێچکەی بەرزی ڕەسەنی دەوێت، بەڵام هونەرمەند ئازادە لەچۆنیەتی پێشکەش کردنی ئاوازەکە، مەرج ئەوەیە ئەو ئاوازە لایەنی نەریتی ئەو کۆ بەڵگەیە تێک نەدات. واتە دوور نەکەوێتەوە لەدەق، یان فەرامۆش کردنی ئەو دەقە، کە هەڵیبژاردووە. لە ئەلفبێیەکی موزیکدا هاتووە(٦)!

دانەرانی ئێتاڵی زۆر زوو بۆیان دەرکەوت، کە پێویستیانە بۆتەی کارەکانیان یان ئۆپێراکانیان دەوڵەمەند بکەن. ئەمەش بەهۆی پێشکەشکردنی گۆرانی «Song»، یان ئیریای جوانتر و ناسکتر لەنێوان پەیڤە ئاوازەکاندا. لەکاتی پێشکەشکردنی گۆرانییەکاندا، نواندنی ئۆپێراکە دەوەستا، گۆرانیبێژ بەپێی پێویستی....تاد دەبێژرا، ئەو گیانە موزیکییە لەنێوان میللەتانی جیهاندا هاوبەشی، یان خاڵی ناوەند بەدی

دەکـــرێت، گـــۆرانی [باده، باده] جـــاری وا هەیە گۆرانیبێژەکە ئاوازەکە دەڵێ:

باده، باده، باده
شادیەن موبارەک باده

ئەمە گۆرانیبێژ بەجیا دەیڵێ، بەڵام کۆرس بەشێوەی کۆ بەیەک دەنگ بۆی دەسێننەوە، یان بەشێوەی کۆ هەموو ئاوازەکە سەر بەندەکە دەڵێن و گۆرانیبێژیش دێرە هۆزانەکان، یان دەقەکە بە تەواوی دەڵێت:

کڵاوزەرەکێت پەنەت کەوتەرە
بی مانگ و ڕووجیا دنیاش گیرتەرە
باده، باده، باده
شادییەن موبارەک باده

ئەم ئاوازە ئەگەر بەشێوەی هونەری و زانستی نۆتە نووس بۆ بکرێت، ئەوە بێ گومان لەنێو ئاوازە بەرزەکانی هونەری جیهانی ئاوازی فرە فرەباش دەبێت، چونکە ئەم ئاوازە هەروەکو ئاماژەم پێ دا، لەسەردەمی زەردەشتەوە تا ئەمڕۆ هەر بە پوختی ماوەتەوە. گرنگی لەوەدایە کە هونەری بەرزی هەورامان لاسایی هیچ هونەرێکی ئەم لاو ئەولای نەکردووە، بگرە هەر لەسەرەتای بوونی مرۆییەوە مۆرکی تایبەتی خۆی بووە. هەروەها شوێن کەوتووی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی بووە. تەنیا شوێن ئەو ڕێبازە ڕەسەنەی خۆی کەوتووە، هەڵقوڵاوی زەینەی خۆیەتی.

ئەو وڵاتانەی جیهان کە باسی هونەریان دەکرێت، یەکسەر باسی ڕێبازی کلاسیکی و ڕێبازی ڕۆمانتیکییان دەکرێت، بەڵام ئەو هۆزانانەی ئەو هۆزانڤانانەی دەڤەری هەورامان، ڕاستە هەندێ جار لەناوەرۆکی هۆزانەکانیاندا ڕێبازی ڕۆمانسیەت بەدی دەکرێت، بەڵام دەقاودەق ئەمەی تێدا بەدی ناکرێت، هەموو کاتێک هونەری «هەورامان» ئاوێتەی واقیع بینانەی مییللەتەکە بووە. زیاتر پەیوەست بووە، بەو بارودۆخەی کە خەڵکەکەی تێدا ژیاوە. ئەگەر تەماشای هونەری ئەوروپا بکەین، زیاتر پەیڕەوی کلاسیکی کردووە. لە ئەلفبێیەکی موزیکدا هاتووە(٧). (لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، دانەرانی موزیک نەیاندەتوانی هاوسەنگییە تەواوەکەی شێوازی مۆرکی کلاسیکیە، وەک نموونەی باڵای شێوازی موزیکیی سەردەمەکانیان پەیڕەو بکەن. لەبەر ئەمە شێوازێکی زۆر جیاواز و چالاکیان بەکاردەهێنا. ئەمەش بەشێوەی سەرەکی، لە (بتهۆڤن)ەوە بوو، کە زۆر بلیمەتانە و داهێنەرانە، هەوڵی دا شێوازی موزیکی سەدەی هەژدەیەمی درەنگ گۆڕی. کەواتە پەیوەست نەبوون بە پەیڕەو لە هونەردا کە زۆر گرنگ نییە. گرنگ لەوەدایە چالاکانە هونەر هەنگاو بنێت. بۆ ئەوەی ئاستی هونەری بەشێوازی بەرز، ئەو فەرهەنگ و کولتوورە پێشکەوێت. هەروەکو پێدەچێت سەرەتای بوونی هونەر لەدەڤەری هەورامااندا، سەری هەڵدابێت، لەگوڵزاری هەورامان. محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت(٨)! لە ئاڤێستادا (گاتاکان) ناوی حەوت کیشوەر هاتووە و کیشوەری هەرە گەورە و ڕەسەن کە ئاریان ڤاچەکان لەوێدا دەژین بەناوی (خڤەنیرەت)ەوەیە و ئەم ناوە، بەواتای کیشوەری ناوەندی= مەرکەزی هاتووە. لەم ڕووەشەوە وشەی (مێدیە= Maidha)، لە ئاڤێستادا، بەواتای ناوەڕاست (ناوەندی) هاتووە و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم دووانە (مێدیە) و (خڤەنیرەت)، هەریەک واتا بەدەستەوە دەدەن، دیارە لانکەی ژیاری و شارستانی لە ئاریان ڤاچەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەگەر وڵاتێک خاوەنی دەوڵەت بووبێ، پێش ئەو دیرۆکەی ئاماژەم پێ دا. ئەوەش دەردەخات، کە ئاوازگەلی ڕەسەنیشی زۆر هەبووە، ئەوەش وەچە بەوەچە، تا ئێستا لەهەورامانی سەرکەشدا جێگیرە. ئەگەر تەماشای ئەو گۆرانییانەی دەڤەری هەورامان بکەین، گەلێک وێنەی پەیڤی هۆزانی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە (مەولەوی) هۆزانڤان گەشتێکی بۆ سەرچاوەی «زەڵم» کردووە، لەو گەشتەیدا و وەسفی وەرزی بەهار دەکات، بە وێنەیەکی فرە زەریف و جوان بەناوونیشانی (وەهارەن سەیرەن)، کەدەفەرموێت(٩):

وەهارەت سەیرەن، سەوزەی دیاران
نم کەوت نە دیدەش، چوون شەوبێداران
پەی دڵەی مانیای، دەروون مەلاڵان
سایە بەستەوە خێمەی گوڵاڵان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانۆوە نەسیم جێب جەمین گوڵ

ئەم وێنە هۆزانییە ئەوەمان بۆ دەردەخات. هەم وەسفی

دیۆگـرافی و هەم سـروشـتی سـەرچاوەی «زەڵم» و هەم دەرخـستنی توانای هۆزانڤانی هۆزانی خۆی دەردەخات، من خـۆم ئەم هۆزانەی «مـەولەوی»م بەمـوزیکی کـیبـۆرد کردووە بە گۆرانی کە ئاواز و موزیکی مامۆستا (زەمەند نووری)یە بە شـێـوازی سـەردەم بە ڕیتـمی (٤/٢) دوو لەسـەر چوار، ئەم ئاوازە وێنەی سـروشت تێکەڵ کـردنی ئەو دیمەنە جـوانە بەبیـری فـراوانی وەسـفی (بەهاری)، هەڵبەتە هەر هۆزانڤانە شێـوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، وێنەی هۆزانی (مەولەوی) جیاوازە لەگەڵ هۆزانڤانێکی ئەورووپا ئەو سۆز و هۆشەی (مەولەوی) کە لەناخییەوە، ئەو وێنەیەی دروست کـردووە، بەڵام لێـرەدا مـوزیکی وێنەیی لەگەڵ ئاوازی (وەهارەن سەیرەن)دا دەگونجێ، چ ئامێری پیانۆ بێت، یان بە ئامێری فووداری بێت، ئەوەش یارمـەتی ئەو گـۆرانییـە دەدات. ئەوەتا لە ئەلفبـێـیـەکی مـوزیکدا هاتووە(١٠)! (پێـشکەوتن و پەرەسـەندن لە دروست کردنی ئامێری پیـانۆ لەسەدەی نۆزدەیەمدا، زۆر یارمـەتی پێـشکەوتنی مـوزیکی دەدا و بەهۆی ئەمـەوە، شۆبیرت دەیتوانی بە ئاسانی لە دانانی گۆرانییەکانیدا، ڕۆڵی یەکسان بە گۆرانیبێژ و پیانۆژەن ببەخشێ) ئەوە ڕۆڵ و بۆچوونی ئەو هونەرمـەندە مـۆزیکژەنانەیە لەو چەرخـەدا، لەگـەڵ هاوڕایی و بۆچوونی هۆزانڤـان و سترانبێژەکان یەکیان گرتووە چ لە ڕووی موزیکی وێنەیی و هۆزانی وێنەییدا، لێرەدا چ موزیک چ ئاواز، چ جۆری گـۆرانییـەکە، دەبێت هاوتابن، واتە گـونجـاندنیـان، یان خاڵی هاوبەش بەشێوازی زانستی لەگەڵ یەکتر یەکسان بن. کەواتە وێنە موزیک، یان وێنەی هۆزانی وەک کورتە چیـرۆکـێک وێنەکـان لە ئامـێـز دەگـرێت. ئەو هۆزانەی(مەولەوی) لەشێوەی چیرۆکێکی کورت دەچێت کە باسی ئەو گەشـتە دەکات، بۆ سەرچاوەی «زەڵم» لە ئەلفبـێـیـەکی مـوزیکدا هاتووە(١١)! (ئەو مـوزیکە ئامێرییەی چیرۆکێکی باس بکردایە، یان دیمەنێکی لە سروشت وەسف بکردایە، پێی دەوترا، موزیکی بەرنامە (Programme Mucic) و جـــۆرێـک بـوو لـە مـوزیکی ئۆرکـیـسـترایی وێنەیی ئەگـەر لەبیـر و هۆشی گۆرانیبێژەکەدا هەبێت، ئەوە گەواهی ئەوە دەدات، کە ئەو گـۆرانییـە سـەرکـەوتوو دەبێت، هەروەها ئاسـانیـشـە بۆ مـــۆزیکژەن، یان نۆتەنووس، چونکە دەبێت هەمـــوو کـەرەسـەکـانی هونەری پێـوەندییـان زۆر ڕۆشن بێت بۆ ئەوەی بەرهەمـەکـە سـەرکـەوتوو بێت. وێنەیەکی فـرە جۆرمـان هەیە. پارچە هۆزانێکی (گاتەکـان)،کە (٨) بە (٧) بڕگـەییـە و دێرێکی تەواو دەگـاتە پازدە بڕگـە. مـحـەمـەد ئەمین هەورامـانی لەکـتـێـبی ڕەسـەنایەتی زمانەکەت بناسە دەفەرموێت(١٢): لە لاپەڕە «١١٥»ی (زمانی ئاڤێستایی سۆکۆلۆڤ) وەرگیراوە و ئەمیش لەو ئاڤێستـا دەسنووسە دێرینەی (مـیهرەبان کەیخەسرەو) وەرگیراوە، یان وەری گرتووە، کە ئێستە لە کۆپنهاگن و بە پارچەی «٧٨» ناسراوە ناوونیشانەکەی بەم جۆرەیە:

K. 5 of the library of the Copenhagen Universtiy)

ترایە هەثیەم رتەڤەنە
ئا ڤریڤە چەهە زەفەنتی
گاو شچە ئەسپەسچە هەومەسچە
گاوش زەوتەرم زەڤەتی
ئوتە بویا ئەفرەز نتیش
ئوتە دەوش- سرەڤاھ هەچەمنە
یەمام هڤاستەم نەیت بە خسشەی
ئات مام توڤەم نشە و نەیەی
نەریاڤا پوثربە ڤا
هوڤەیاھ ڤامەر شویاھ
ئەسپەھ بەرتارەم زەڤەتی
ما بویا ئەر ڤەتام پوخستا
ما ئەر ڤەتام ئەیشەستا
ما ئەر ڤەتام ئیئەخستا
یەمام زاڤەر نەیت جەدیەی
پەرو نەرەیاھ کەر شویاھ

واتەی سروودەکە ئەمەیە:

(سێ ڕاستی هەن: یەکێ دەهێتنەوە دەنگ- گاو ئەسپ و هەوم گـا نەعلەت دەکـات، لەوانەیە ئۆجـاخ کوێر بێت، لەوانەیە ناوبانگی خـراپ بێت. من لەو پاش کـولاوە (بەخشـیشی خوایە) نەبوو بەشم، ئالێرەدا بۆ پیـاوان و کـوڕان خـۆراکی سکی خـۆتان ئەسپ سـواری نەعلەت دەکـات. ناگـەیت لەوانەیە. ئاوزەنگی توندکـردنەوە نەبیـسیت، سـوار بیت، سواری عـار بهێنی، بەڵام زۆرم لەت کـردووە پرس پێش کـۆبوونەوەی ئەو خـەڵکەوە، کـە لەوڵاتی زۆر قەرەباڵغدان) ئەم وێنە سروودەی گـاتاکان، لەسەر کێشی پەنجەیی خۆماڵی ڕەسەنە، لە هەمان کاتدا،

وەک وێنەیەکی فرە جوان نیشان دەدات، هاوکات لەگەڵ ئاوازگەلی هەورامانیدا، بە ڕیتمی خێرا ئاوازی بۆ دادەنرێت، دەکرێ ئامێری شمشاڵ بکرێت بە سۆڵەی ئاوازەکە، بۆ ئەوەی ڕۆحی سروودەکە ون نەبێت، هەر چوار نیوە دێری دەکرێت بەیەک کۆپلەی گۆرانی، یان وەک خۆی بکرێت و وەکو خۆی سروودەکە بوترێتەوە. هەروەها ئەم سروودە بە ئاوازی بەرزەچڕی- سیاچەمانە دەوترێت. لەکاتی خۆیدا لە ئاتەشگەدەکاندا پیرەکانی هەورامان بەشێوەی کۆراڵی ئەم سروودەیان بەسیاچەمانە فەرمووە. هەموو سروودەکانی گاتاکان هەر هەموویان لالانەوەن لە ئاهورامەزدا، ئەم سروودە بەحەیران و هۆرەو لاوک، واتە بە چوار بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی موزیکی کوردی، کە ئاماژەم پێ دا دەوترێت، کە ئەو چوار قوتابخانە موزیکییە، پێوەندییان وەک زنجیرەی پۆڵایین وایە، هەروەها سەرچاوەی هونەری و ئەدەبی ئاوێزانی یەکدی دەبن. بۆیە ئێمەی کورد پێویستمان زیاتر بە لێکۆڵینەوەی خۆمان هەیە.نەک هونەری بێگانە، چونکە هونەری کوردی سەرچاوەی زۆر ڕۆشنە، ئەگەر چاکی مەردایەتی بۆ هەڵکەین، ئەوە کارێکی زۆر ئاسانە و گران نییە. (هۆشەنگ کامگار) لە (ڕامان)ی ژمارە (٣٩)دا دەفەرموێت«١٣»: (بەڕای من ئەو شمشاڵەی کە شوانێک لەسەر کانییەک دەیژەنێ جۆری نرخ و بەهای خۆی هەیە. وەک: زێڕی ناوخاک. هیچ چاکتر و خراپتریەکی نییە لەگەڵ مۆسیقایەکانی تردا، یان مۆسیقا شارییەکان، کە بە چەند ئامێرێکی شاری دەژەنرێت، ئەویش جۆرە بەهایەکی خۆی هەیە هەر جۆرە مۆسیقایەکیش، کە هەبێ هەریەکەو بەپێی خۆی جۆرە بەهایەکی خۆی هەیە.) ئەو شمشاڵەی کە شوان بەکاری دەهێنێت جۆرێکە لە بنەمای موزیک، شمشاڵ ئەگەر بە شێوەی زانستی بەکار بهێنرێت، هیچی لە ئامێرە فووداریەکانی دی کەمتر نییە. هەر نەتەوەیەک لەم نەتەوانەی جیهان موزیکی تایبەتی خۆیان هەیە. نرخ و بەهاکەی لای خەڵکەکەی، دەردەکەوێت، بەڵێ؛ هەندێ خاڵی سەرەکی هەن لە موزیکی هەموو گێتیدا. ئایا ئاوازگەلی دەڤەری هەورامان نوێگەری پێوەیە، یان هەنگاوی بەرەو نوێگەری ناوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان ڕوودەکەینە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە «٦٨»دا مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) وەڵامی دەداتەوە و دەفەرموێت«١٤» (نوێگەری لاسایی کردنەوەی مۆسیقای فارسی و تورکی و عەرەبی و مایکڵ جاکسۆن نییە، چونکە پێشتر هەن.. ئەی نوێگەری لەشێوازی مۆسیقای کوردی. لەچ جلوبەرگێکی جواندا پێشکەش دەکەین. ئەمە وەک ئەوەیە تۆ زەوییەکی پتەوت هەبێ و بتەوێت بینای تێدا بکەیت، بەڵام مۆرک و شێوەی کوردی تۆ دەبێ بە کەرەستەی تازەوە ئەو بینایە پتەو دەکەیت هەر لە نەخشەسازییەوە، تا کەرەستەکانی تر، بەڵام نەخش و نیگاری لەسەر دادەنێی، کە لەهی کۆشک و قەڵاکۆنەکانەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەگەر کارێک ڕێکوپێک و جوان دەرچێت و نوێگەرییە، بەڵام نوێگەری لەوەدا بێ، کە ئامێری کیبۆرد بەکاری بێنی، یان گیتار بەکاربێنێ ئەمە نوێگەری نییە!، نوێگەری لە عەقڵدایە، کە بەشێواز پێشکەشی بکەین) لەبەر ئەوە نوێگەری بەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەو ئاوازە، یان ئەو هۆزانە کە هونەرمەند هەڵیدەبژێرێت، دەبێت لەگەڵ ئاست و دەم و کاتی خۆیدا بگونجێت، خەڵکی گوێی لێ بگرن، درەنگ لەبیر بچێتەوە، دیارە درەنگ لەبیر چوونەوە ماناو بوونی ئەو هونەرە دەسەلمێنێ. ئەگەر ئاوازگەلی فۆلکلۆری خۆمان وەلاوە بنێین و بێین ئاوازی بێگانە بە مولکی نەتەوەکەمان بکەین ئەوە نوێگەری نییە. هەر لە هەمان گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨) مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) دەفەرموێت(١٤): (نوێگەری لەوەدایە میلیۆدییەکی کوردی بۆ تیپێکی ئۆرکیسترایی زیادە بکەیت، تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری دەتوانێ ئاستێکی باش لەناو ئورکیسترایەکەدا نیشان بدات، دەبێت مۆسیقاژەن و ئاواز دانەرەکان پڕۆفیشناڵ بن، بابەتی ئاوازەکە لە شانۆیەکی جواندا تۆمار کرابێ، تا خەڵک بەرەو مۆسیقا هەنگاو بنێ). ئەو هەنگاوانەش، بەوە دەبێت مرۆڤ ئاستی هوشیاری بەرز بێت، لە ژیریدا، جلوبەرگی خۆی ببووژێنێتەوە، من ڕانک و جۆغەی هەورامان و فەرەنجیم هەبێت، یان مێخەک و سمڵ و کڵاوزەڕی خاتوون بەسەری هەوری لاری پاوە، مشکی بەسەری بیارە و... ئەمانە و چەندانی دی. ئەگەر ئەمانە نوێگەری نەبن، ئەی چی نوێکارییە؟! ئاوازی (با من بچمە قاسم خان) ئەم ئاوازە لە ئاتەشگەدەی زەردەشتی موغەکان و پیرانی هەورامان ئەم ئاوازە [٧، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٠] بڕگەیەیان فەرمووە. گوتەی

گـاتەکـانە، لاواندنەوەی سـیـاچەمـانە چرانە، ڕێچکەی نەمـری هۆزانی پەنجـەیی خـۆمـاڵیـیـە. زۆر بە سـانایی نەگوڕانیبێژ و نەنۆتەنووس و نە دەنگ تۆمارکەر ماندوو ناکات. ئەمەش نموونەی ئاوازەکەیە:

با من بچمە قاسم خان پشتی بیارە
لارەو لەنجەکەت لەمنۆ دیارە
ئادۆ لوانی هاڵ یاوا یاسەمەنم پێ یاوا
لەنجەو لارەو ئاکناچێ جەرگ ونش ئەشکاوا
ئارۆ لوانێ قاسم خان باران تەڕمی کرد
لارەو لەنجەکەت لەمن شەرمی کرد
ڕیحانم شانان بەدەمەو بێڵێ
کیانووش پەی سەوزێ دەرە و تەوێڵێ
ڕێحانم کالات بەدەمە و داری
کیانووش پەی پیرا دەرە و بیارێ)

ئەم ئـاوازە بەمـوزیکی ئۆرکـیـسـتـراش مـوزیکی بۆ سـازدەکـرێت. ئەوەش نوێگەرییە، چونکە بنج و بناغـەی ڕەسـەنایەتی نەتەوەیی پێـوە دیارە، ئەم ئـاوازە بۆ یەکـەم جـار لەلایەن (لالۆ ئەحـمـەدی نازارێ) لە سـاڵی ١٩٥٤ زیندووکـراوەتەوە، بەدەنگی ئەو هونەرمـەندە نەمـرەو بەکـاسـێت لە ئەرشـیـڤی خـۆمـدا هەیە. هەروەها چەند هونەرمـەندێکی دیکە ئەم ئاوازەیان چڕیوە، بەتایبـەتی لەلایەن تیپی موزیکی (کامکارەکان) لە ڕۆژانی (١٤-١٨)ی ١٢/٢٠٠٤ لەفـێـسـتـڤـاڵی مـۆسـیـقـاو گـۆرانی کـوردسـتـان، لە هۆڵی «مـیـدیا» لە شـاری هەولێـری پایتـەخت نمایش کـرا، بەدەنگی (بێـژەنگ کـامکار) بەدەنگی بەرز و هەمـوو تیـپـەکـەش بەدەنگی هێـمن و لەسـەرخـۆ بەجـارێ ئەم ئـاوازەیان دەگـوتەوە. نۆتەی ئاوازەکـە لەلایەن مـامـۆسـتـا (هۆشـەنگ کـامکار)ەوە ئامـادەکـرابووە. دیسـان ئاوازێکی دیکە لە ئاوازگـەلی موزیکی هەورامان بەناوی (ساقی) ئامادەکردنی موزیک و دابەشکردنی لەلایە مامۆستا (هۆشەنگ کامکار)ەوە ئامادە کرابوو. پەیڤی هۆزانەکە، هۆزانی (مەولەوی)یە، من خۆم پرسیـارێکم لەمـامـۆسـتـا هۆشـەنگ کـرد، فـرە بەجوانی وەڵامی دامەوە، پێم گوت سەرچاوەی موزیکی کـوردی دەگـەڕێتـەوە بۆ کـەی و بۆ چ شـیـوە دیالێکتی کـوردسـتـان؟ لەوەڵامـدا فـەرمـووی: سـەرچاوەی ڕەسـەنی ئاوازگـەلی کوردیمان بۆ ئاهورامـەزدا، بۆ هەورامـان قـەرار دەگـرێت، ئێسـتـا بۆ نموونە (ئاواز سـاقی) لە شـیـعـری مامۆستا (مەولەوی)یە، کە من ئامادەم کردووە. ئەمەش گۆرانییەکەیە.

ساقی! سادەخیل وە فەریادم ڕەس
بەڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس
دەور دەرە وەناز چوون هەردەجاران
پێم دەر یەک مەنێ سەباو ئێواران
با وەس باڵینیم سێڵاو هوون بۆ
ئامێتەی زووخاو دێک دەروون بۆ
وەختەن سەرتاپام ببۆ وە زوخاڵ
بۆی سفتەکەم هۆر گیرۆ شەماڵ
ساقی ئامانەن نەشۆ جەویرت
وە فەریادم ڕەس تۆ ئەشکی پیرت

ئەم ئـاوازە ئەگـەر لە هەر دێری هۆزانێکی وردبیـتـەوە، هەریەکـە لەو دێرانە واتایەکی تێـدا بەدی دەکـرێت، ئەمـە لەڕووی نـاوەرۆکـەوە. لە ڕووی ڕوخـسـارەوە هۆزانەکـە، وێنەیەکی هۆزانی بەرزی، (مـەولەوی)یە کـەمـە کـێش و ڕیتـمـی پەنجـەیە، ئەم ئـاوازگـەلی (هەورامـان)ە، لە خودیاندا سـەدای ئەشکی ڕوحـیـان فـرە تێـدایە. هەروەها لەنـۆتەنووسـیـی ئـەم ئـاوازەدا، زۆرتـرین مـوزیک لەکـۆپلەکاندا درێژەی هەیە، بۆ ئەوەی سـترانبـێژ مـاندوو نەبێت، ئەمـەش تەکنیکی مـوزیکە، کـە لەلایەن تـیـپی مـۆزیکی (کـامکارەکـان)ەوە، داهێنانیـان کـردووە. لە گـۆڤـاری (ڕامـان)ی ژمـارە(٤٧)دا هاتووە«٦»: (مـادام داهێنان و تـازەگەری بەسـەر کەلەپووری کـۆن و مێـژینەوە بێت،کارێکی پیرۆزە، ئەرکێکی گرنگی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیرێکە. واتە ئەگەر بنەما سەرەکییەکان و دێرینەکان بناسین و زیندوویان بکەینەوە و پاشان خوێندنەوەی نوێ و دواتر داهێنان و تـازەگـەرییـان لەسـەر بکەین، ئەوە سـەرکـەوتوو دەبین کـارەکـانمان بەنرخ و بایەخ دەبێت. ئەم خـزمـەتە پیـرۆزە مـاوەیەکـە لەجـیـهـانی گـۆرانی و سـیـاچەمـانەدا لەلایەن چەند دڵسـۆزێکەوە سـەری هەڵداوە...). هەڵبەتە گۆڤاری «ڕامان» کۆرپەی شیرینی هەموو بوارەکانی فەرهەنگ و کولتووری کوردستانە، بۆیە لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەب، بەشێوەیەکی گشتی کـەمـتـەرخـەرمی نەکـردووە، ئەسـپی خـۆی بە ئاوزەنگی زێرین و زیوینەوە تاوداوە.

سەرچاوەکان:

١- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

٢- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

٣- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

٤- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨) مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

٥- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨) مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

٦- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

٧- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

٨- گوڵزاری هەورامان محەمەد ئەمین هەورامانی.

٩- دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ساڵی ١٩٦٣.

١٠- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

١١- ئەلفبێیەکی موزیک: ع. ج. سەگرمە- ساڵی ٢٠٠٥ز.

١٢- لەکتێبی ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە. محەمەد ئەمین هەورامانی ساڵی ٢٠٠٥.

١٣- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٣٩) مامۆستا هوشەنگ کامکار.

١٤- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨) مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٦٨) مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

١٥- دەست خەتەکانی دارا محەمەد عوسمان، ئەرشیفی هەورامان چاپ نەکراوە.

١٦- فۆلکلۆری هەورامان (دارا محەمەد عوسمان) چاپ نەکراوە.

دره‌ختی که‌تناوه، یان پیری به‌فر

سابیر ڕەشید



(دره‌ختی که‌تناوه) ناوی ڕۆمانێکی برای شاعیر (که‌ریم کاکه)یه، که ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوه. ئەم ڕۆمانه ئەگەر ئەو ناوەی هەڵنەگرتبا دەبوا ناوی (پیری بەفر) بوایە، چونکە نووسەر لەم ڕۆمانەدا چەقی قورسایی خستووەتە سەر، تەنانەت لە گێڕانەوەشدا نووسەر جارجارە بەهۆی بەکارهێنانی فرە دەنگی گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکەش بە پیری بەفر سپێردراوە، کە هەر لە سەرەتا و پەرەگرافەکانی سەرەتای ڕۆمانەکەدا هەست بە دەنگی پیری بەفر دەکەین، کە ئەمەش دوایی لە وەڵامێکی بگێڕەوەی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، سەرەتای ڕۆمانەکە دەدرێتە خوێنەر، یان بۆ خوێنەر دەگێڕدرێتەوە، کە مێژووی دێیەکەی خۆیان دەگێڕێتەوە و دەکەوێتە پێش ئایینی نوێ، لەم ڕۆمانەدا نووسەر بایەخی شوێنمان بۆ بەدەردەخات، کە دیارە نووسەر وەک هێما ناوی لەم شوێنە، یان ئەم دێیە ناوە (که‌تناوه) کە سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە هەر لەم شوێنە خوازراوەدا دەگێڕدرێنەوە، بەڵام بەهۆی گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەکانی پیری بەفر نووسەر لەم شوێنەمان دەگوازرێتەوە بۆ کرماشان و ئیسفەهان و شارەکانی دیکەی ئێران و لە تورکیاش بۆ ئەستەمبۆڵ کە پیری بەفر لە هەردوو دەوڵەتدا ژنی هێناوە، ئەمەش ئەگەر هێما بێت، من پێم وایە هێمای پێوەندی مێژوویی نێوان ئەم سێ دەوڵەتەیە.

ئینجا نووسەر زۆر بە جوانی لە که‌تناوەدا باسی ڕابردوو و ئێستا و ئایینده‌ی ئەم گوندەمان بۆ وێنا دەکات و دەیخاتە ناو گێڕانەوەی خۆی، هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە (٩٥)دا ڕۆمانووس دەڵێ «بڕوا ناکەم دۆزەخیش وەک ئەو گوندە سووتا بێت..». ئینجا ڕۆمانووس هەر لە شوێنەکانی گوندی که‌تناوەدا بەهۆی مۆنتاژی شوێنەوە و بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکی سینەمایی وەک گرتەی هونەری جوان، یان هەندێک جار وەک وێنەگرێک، یان وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری زۆر بەجوانی وەسفی یەکە بەیەکەی شوێنە جوانەکانی که‌تناوەمان بۆ دەکات، تەنانەت ئەو وێنە زەینیانەش کە لە زەینی پیری بەفر و بگێڕەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکەن، وەک وێنەکێشانی، یان وەسفی دره‌ختی که‌تناوه، کە هەندێک جار ناوی لێناوە (دره‌ختی ژنگره‌وه).. یان وەسفی ئەو دارگوێزەی کە خەوی لەبن خۆشەو وشە دەگرێ و ئەو بگێڕەوەی کە لە چیرۆک لەناو چیرۆکی ڕۆمانەکەدا لە دەفتەرەکەی خۆیدا ڕووداوەکانی که‌تناوه دەنووسێتەوە و لەوێ نووسینی بۆ

دێت و کارا دەبێ و نووسەر ناوی ناوە درەختی وشە، ئەگەرچی لەم گوندەدا دوو درەختی دیکەش هەن کە (درەختی خەون) و (درەختی ژن)ن، کە هەرسێ درەختەکە لە گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکە بەشدارن و جوانکاری بە ڕۆمانەکە دەبەخشن.

ئینجا وەسفی دوندی پاڕانەوە کە (مێرێ)ی ژنی پیری بەفر بەردەوام لەگەڵ پیری بەفر دەچوونە سەری و لەوێ بۆ منداڵ بوون دەپاڕایەوە و لەوێ مرۆڤ کە خەوی لێکەوت خەونی خۆش دەبینێ، ئەگەر پیاو بێت ژنی ڕووت و جوان دێنە خەونی، ئەگەر ژنیش بێت پیاوی جوان، بەڵام هەمیشە نەخۆزگەکانی مێرێ دێتەدی، نەهی پیری بەفر و نەهی بگێڕەوەی ڕۆمانەکەش، بەڵام خەونی خۆش دەبینێ، ئەمەش هەر هەناسەیەکی خۆشییە بۆ مرۆڤ ئەگەر خۆزگەکانیشی نێتە دی، بەڵام خۆ خەون بەشتی جوان و خۆش و بە خۆزگە و ئاواتەکانەوە دەبینێ!!

ئینجا هەر لەم ڕۆمانەدا لە بایەخی شوێنەوە ڕۆماننووس دەمانباتە نێو گەرماوی مێرێ کە گەرماوی ژنانە و ڕۆماننووس بە هۆی درەختی ژنانەوە کە بۆ بگێڕەوەی گێڕاوەتەوە، ئەو بە دوای ئەو درەختە ژنگەردا دەگەڕێ کە لەوێوە بنواڕێتە ناو گەرماوی ژنان و بە ڕووتی بیانبینێ، کە بە ڕای ئەو جوانترین ئافرەتی دنیا لەوێ دەبینرێن، کە هەرە جوانیان، یان شاجوانیان بەلای بگێڕەوە و لەزاری خەڵکی گوندیش و برادەرەکانیشی وەک پەنجە خوار و برادەرە چاوشینەکەشی مریەم جوانترین ئافرەتی کەتناوە و دنیاشە، دواجار بگێڕەوە کە دەگاتە درەختەکە، ئەگەر بە خەیاڵ و ئەگەر بە ڕاستیش بینیبێتی وەک پیری بەفر دەستنیشانی جەستەی مریەم دەکات، کە دواییش داخوازی دەکرێ و بۆ گوندێکی دیکەی دەبەن و لەوێش هەر لە شەوی بووک و زاوایەتیدا ڕەدووی کوڕێکی جوان دەکەوێ و لە وێش بگێڕەوەی ڕۆمانەکە بە دوایدا دەچێت.

لەم ڕۆمانەدا سێ کۆڵەکەی زۆر گرینگ بوونەتە جێی بایەخی ڕۆماننووس، کە ئەمانیش پیری بەفر و درەختی هاوین، یان ژنگرە و دوندی پاڕانەوەن، کە شوێنێکی دیکەیش گرنگ بووە، بەڵام پیری بەفر وەک نهێنییەک دەیباتە ژێرگڵەوە و نەیدرکاندووە، کە ئەمیش لە نێوان درەختەکە و دوندی پاڕانەوەیە، بەڵام بگێڕەوەی ڕۆمان ئەم نهێنییەی لای پیری بەفر پێ نەدرکاوە، کەچی دوو کۆڵەکەکەی دیکە هەردووکیان بەهۆی پیری بەفرەوە دەبنە کۆڵەکەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە.

لەم ڕۆمانەدا جگە لە بگێڕەوەی ڕۆمان هەریەک لە پیری بەفر کە سەرتاپای ڕۆمانەکە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئەوە و کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە پێکدێنن، بەڵام لە پاڵ ئەو کەسایەتییانەدا هەریەک لە پەنجە خوار و چاوشینەکە کە برادەری بگێڕەوەن، ئینجا مریەم و ژنەکانی پیری بەفر کە بێ گومان هەژدە ژنی هێنابوو و پیری بەفر باسی کەسایەتی هەندێکیان دەکات لە نێو ڕۆمانەکەدا، بەڵام ئەوەی زیاتر بایەخی پێداوە، یان پیری بەفر چیرۆکەکانیان دەگێڕێتەوە، هەریەک لە (مێرێ) و (مەستان) و (سەحەری ئیستەنبۆڵی) و (فەتانەی کرماشانی) و ئاماژە بەهەندێک ناوی دیکەشیان دەکات، بەڵام چیرۆکی مێرێ و سەحەر و فەتانە و مەستان پانتایی ڕۆمانەکە داگیر دەکەن، تەنانەت پیری بەفر گۆڕەکانیشیان دەستنیشان دەکات، کە یەکێکیان لە ئەستەنبۆڵ و یەکێکیان لە ئیسفەهان و ئەوی دیکەشیان لە هەولێر و پازدە خێزانەکەی دیکەشیان لە کەتناوە نێژراون.

بێ گومان ڕۆمانەکە هەمووی گێڕانەوەی بەسەرهات و ژیانی پیری بەفرە لەگەڵ بینینەکانی چیرۆکبێژ کە جگە لەوانەی پیری بەفر بۆیان دەگێڕێتەوە ئەویش یادگارییەکانی خۆی لەگەڵ پەنجەخوار و چاوشینەکەی برادەری و مریەم و چەند کەسێکی دیکەی نێو گوندەکە کە دواجار هەموو چیرۆکی ئەوانە دەبنە دروستکەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بە بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک لەنێو چیرۆکدا، کە لەلاپەڕە (١٤٠)ی ڕۆمانەکە دا بگێڕەوەی ڕۆمانەکە وەک چیرۆکنووس خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە دەیەوێ چیرۆکی درەختی کەتناوە و دوندی پاڕانەوە بنووسێ و تەنانەت بگیڕەوە چۆنیەتی نووسینی چیرۆکەکەش باس دەکات تا لە لاپەڕە (١٥٢)ی ڕۆمانەکەدا دەبێتە چیرۆک لە نێو چیرۆک لە نێو چیرۆکدا، چونکە ئەو نووسەرەی کە دەیەوێ چیرۆکی درەختی کەتناوە و دوندی پاڕانەوە و چیرۆکەکانی پیری بەفر بنووسێ ئەو لە دەفتەرێکدا نووسیویەتەوە و لەژێر درەختی وشەی کەتناوە، کە دارگوێزەکەیە، نووسراوەتەوە و دواجار ڕۆماننووس باسی ئەو دەفتەرە دەکات، کە لە تەنیشت کۆمپیووتەرەکەی داینناوە و دەیەوێ دەفتەرەکە و نووسینەکانی ناوی بکات بە ڕۆمانێک و ناوی لێبنێت درەختی کەتناوە.

ڕۆماننووس جگە لە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگاداری هەمووشتزان و فلاش باک و تەداعی و بەکارهێنانی وەسف و مۆنتاژی کات و شوێن و چیرۆک لە ناو چیرۆک و دیالۆگ و سوود

وەرگـــرتـن لە خـــەون و هـونەری شـێـوەکـاری و سـوود وەرگـرتـن لە تەکنیکی سـینەمـایی و چەندان تەکنیکی دیکە توانیویەتی بەجوانی تەکنیکی بەکـــارهێنانی یاداشت بەکـــاربهـــێنێ و بیـــخـــاتە ناو گـــێـــڕانەوەیەکی چڕوپڕ و زمـــانی شـیـعـری جـوان کـە لەم ڕۆمـانەدا بایەخی زمـان زۆر بەجوانی دەبینرێ و جوانی و سەرکەوتنی ڕۆمانەکەش هەر لەم زمـانە شـیـعـرییـە دایە، کە هەندێک جـار وەسـفـەکـان ئەوەندە جـوان دەنووسـرێنەوە، خـەونەکـان ئەوەندە جوان خراونەتە ناو زمانێکی ساکاری شیعری شەفاف و ڕەوانەوە، شوێنەکـان ئەوەندە جوان و بێ گرێ شـوێنی کـامـێـرایەکی گرتووەتەوە، بەڵام ئەم کامێرایە بە زمانی شیعری گۆران ئاسا گێڕانەوەکان لای خوێنەر جـوان دەکـات، من حـەزدەکـەم بۆ جوانی زمانی شیعری ڕۆمانەکە و کوردییە ڕەوانەکەی کەریم کاکە و تێکەڵکردنی شـێـوەزاری هەولێـر و شـێـوەزارەکـانی دیکە وا لە خوێنەر دەکـات بێـزار نەبێت، لە هەمـان کـاتیـشـدا وەک مـامـۆسـتـا حـسـێن عـارف بەم زمـانە شـیـعـرییـە دەڵێ زمـــانی بڕووسکەیی نووسین لە چیـرۆکدا لە وەسفی زیادە و وشە و زیادە ڕۆیی دوورمان بخاتەوە کە د. ئیبراهیم قادر محەمەدیش ناوی لەم تەکنیکە ناوە (کـــورتکردنەوە و هەڵبـواردن)، ئەمـەش بێ گـومـان سـاڵانی حـەفـتـاکـان لە لایەن شاعیرانی چیرۆکنووسەوە هاتە ناو چیـرۆکی کـوردی و بێ گـومـان من گـەلێک جـاری دیکەیش گـوتوومـە شـاعـیـران لە نووسـینی ڕۆمـان و چیرۆکدا لە بەکارهێنانی شیعرییەتی نووسین، یان سـوود وەرگـرتن، یان بەکارهێنانی زمانی شیعری چیرۆکدا سـەرکـەوتوون، بەڵگەشـمـان ئەو شـاعـیـرانەی خـۆمـانن کـە هەر لە ئەحـمـەد مـوخـتـار بەگی جـافـەوە تا دەگاتە بەختیار عەلی و کەریم کاکە و زۆربەی هەرەزۆریان توانیـــویانە چیـــرۆک و ڕۆمـــانی کـــوردی بە زمـانێکی شـیـعـری پاراو جـوان بنووسن، بێ گـومـان ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێکی سەربەخۆ و گرنگە لە دەرفـەتی دیکەدا بە درێژتر باسی لێـوە دەکەین، بەڵام پێم خۆشە لێرە مـادام من باسی ڕۆمـانەکـەی کـەریم کاکە دەکەم هەندێک لەم وەسفکردنە شـیـعـرییـە، یان زمـانی نووسـینی ڕۆماننووستان بخەمە بەردەم:

– لە زۆر جـێـگە دانیـــشـــتم و قـــەڵەمم دەست دایێ و دەفـــتـــەرم کردەوە، وەک لیموێ خۆم گوشی، بەڵام یەک وشـە چیـیـە، لەو قـەڵەمـەوە نەڕژایە ئەو دەفتەرەوە.. ل١٠

– نابێت ناوی بێنم، لە ناچارییـە بە (ئەوێ) دەیناسـێنم یان دەکـرێ (کەتناوە) بچێتە جێگەی (ئەوێ) چونکە هەمـوو (ئەوێ) یەک مـەرج نییە ئەوێ بێت... ل٦

– نەمدەزانی خۆم لە ناو قسە و باسی گەڵای درەختەکەدا بشارمەوە، یان هەیپـەی لێـبکەم و بە دوندی پاڕانەوە هەڵزنێم، پتـــر حـــەزم لە درەختەکە بوو، دەمویست زیاتر قسە بچێتەوە سێبەری درەختەکە، ئەوجا لەوێوە بگاتە ڕێگە سـەخـتـەکـەی دوندی پاڕانەوە.. ل٢٤

– هەر قـسـەی هاویشت و خـۆم لادا... ل١٤٥

– لـە ڕێگەی ئەو کـــــچـــــە بەهەشـتـییـەوە بۆنی بەهەشتم کرد، ئەو کچەی خودا کەمێکی دی جوانی پێـدابا دەگـەیشـتـە مـەریەم، ئەو مـەریەمـەی سـەرتۆپی کـەتناوەیە، کـەتناوەش سـەرتۆپی دنیـایە، بەهەشتم بۆن کرد، بەڵام نەمدیت... ل١٠٢

– شـــەوێکی زۆر ڕووناک بوو، مـانگ هێند نزیک بوو لە عـەرد تیـرت تێـبگرتایە پێی دەکـەوت... ل١٧٧

– زوو گـەیشـتـمـە بن ئەو چیـایە خڕو بەرزەی کە لەسەر سەری خۆی دوندی پاڕانەوەی هەڵگرتووە، ئا هەر بە چاو ترووکانێ گەیشتمە ئەوێ و ڕێک خۆم لەبنی دیتەوە... ل٢٠٧

ئەمـــانە و چەندان پەڕەگـــرافی دیکەی ناو ڕۆمانەکە کە جواننووسی و کـوردی زانی ڕۆمـاننووسـمـان بۆ بەدیار دەخەن.

ئەم ڕۆمـانە وەک ڕۆمـانی ئاسایی جاران نەنووسراوە، کـە ڕووداوێکی سـەرەکی بگێـڕدرێتـەوە و چەندان ڕووداو و نیمچە ڕووداو و کەسایەتی جیا جیا ڕۆڵی تێدا بگێڕن و خوێنەر بزانێ یەک بەدوای یەکی ڕووداوەکان بەچی دەگات، ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا کەسایەتییەکی سەرەکی هەیە، کە لە شـێـوەی یاداشـتنامـە چیـرۆک و یادەوەرییـەکـان دەگـێـڕدرێنەوە و چیـرۆکـبـێـژ خسـتـوویەتییـە نێـو گـێـڕانەوەی خۆی کە ئەمیش پیری بەفـرە و هەمـوو گـێـڕانەوەکـانی چیـرۆکـبـێـژیش پێـوەندی بە پیـری بەفـرەوە هەیە، بەڵکو پیـری بەفـر بووەتە چەقی قـورسـایی و ناوکی گـێـڕانەوەی نێـو ڕۆمـانەکـە کـە دواجـاریش ئەوە ڕۆمـاننووسـە لە دەفـتـەری یاداشـتنامـە جێـماوەکە، ئەوەی لەژێر داری وشـە نووسـراوە و بۆ ڕۆماننووس جێماوە و خەریکە بە کۆمپیوتەر دەینووسێتەوە و دەبێتە گـێـڕانەوەی ئەو کـەواتە سێ جـۆر گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا هەیە:

أ- گـێـڕانەوەی پیـری بەفـر ب- گێڕانەوەی چیرۆکبێژ ج- گێڕانەوەی ڕۆماننووس.

بێ گـومـان لەم جۆرە گێڕانەوەشدا ڕۆمـــاننووس پەنای بردووەتە بەر تەکنیکی یاداشـــتنامـــە، کـــە تەکنیکەکـــانی دیکەیش بوونەتە یارمەتیدەر بۆ گێڕانەوەی ڕۆماننووس

و ئەوەی ئاستی ڕۆمانەکەشی لەلایەنی هونەرییەوە گۆڕیوە تەکنیکی بەکارهێنانی چیرۆک لەنێو چیرۆکە دەنا گێڕانەوەکە شێوەی ئاسایی خۆی وەردەگرت لە پاڵ ئەمەشدا ڕۆماننووس زمانە شیعرییە ساده و جوان و پاراوەکەی و چڕکردنەوە لە دەربڕین و بەهۆی جوانی دەربڕینەوە، تەشویقێکی خستووەتە نێو گێڕانەوە و چێژ و سەلیقەی بە دەقەکە بەخشیوە، دیارە خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەریش یارمەتیدەرێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکە کە خوێنەر لە ڕووداو و گێڕانەوەی ئاسایی ڕزگار بکات و تووشی ڕامان و پرسیاری بکات و بیخاتە نێو فانتازیای دەقێکی پڕ لە گەڕان و پرسیار و لێوردبوونەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا فەلسەفە و جیهانبینی دەقمان بۆ دەستنیشان دەکات، چونکە ڕۆماننووس بەخۆڕایی نییە دەمانباتە نێو ئەو هەموو خەون و خەیاڵە جوانانەوە، ڕۆماننووس بۆ ئەوەی مەبەستی شاردراوە و دنیابینی دەقەکەیمان نیشان بدات، دەیەوێ بەهۆی دروستکردنی ئەو تەشق و کەشوبارە سیحر ئامێزییە و ئەو دیمەنە خەونئامێزانەوە یۆتۆپیایەک بخولقێنێ، کە ئێمەی مرۆڤ خۆمان لە نێویدا بدۆزینەوە، ئەو دەیەوێ لە فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەیدا بمانباتەوە نێو دنیای ساده و ساکاری جاران، بەڵکو گوندی کەتناوە دەکاتە نموونەی بچوککراوەی دنیا و دوندی پاڕانەوەش هێمای هەموو خەون و خۆزگەکانی مرۆڤی ئەم سەر زەمینەن کە خۆزگەکانیان ناهێتەدی و ناتوانن دنیا بە ئاراستەی خۆیان بگۆڕن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر پاڕانەوە لە هەڵسوڕێنەری کەون و لەوێ لەبن درەختە جوان و ئاوە سازگارەکاندا دەگەڵ فریشتەکاندا خەون بەو شتانەوە دەبینن، کە لە ژیانی سەر زەمیندا یان لە ئەرزی واقیعدا بۆیان نایەتە دی، بەڵکو ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی دیکەش لێکی بدەینەوە، من دەڵێم ڕەنگبێ مەبەستی ڕۆماننووس لەم یۆتۆپیایە مرۆڤی ساده و ساکار و بەستەزمانی کورد بێت کە لە خەون و خۆزگە بەولاوە هیچی دیکەی نییە بۆیان بژی!. دیارە درەختی ژنگرە، یان درەختی هاوینەش لە نێو ئەم دنیا بچوککراوەیەدا خواست و چێژی مرۆڤە، کە دەیەوێ لەم سروشتەدا، یان لەم کەونەدا بیانگاتێ کە دیارە لێرە گەڕانە بەدوای گەڕان و بینینەکانی مرۆڤ و لەم ڕۆمانەدا گەڕانە بەدوای ئەم درەختەی ژنە جوانەکانی دنیادا کە بە ڕووتی بیانبینێ، ئەمەش مافێکی سروشتی ئادەمیزادە و دەیەوێ بەهەشتەکانی سەر دنیا ببینێ و لەم چێژ و جوانبینییە کە خۆی لە جوانی جەستەی ئافرەتدا دەبینێتەوە بێبەش نەبێت، سەراپای ڕامانەکانیش خەون و خۆزگەی مرۆڤە لەنێو ئەم دنیا بچوککراوەدا، گەڕانیشە بەدوای هەموو ئەم شتانەی کە مرۆڤ لێیان بێبەش کراوە. دیارە هەر لەنێو کایەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەست بە خۆشەویستی گەورە و پاک دەکەین هەروەها ڕێزی پیاو بۆ ئافرەت، چونکە پیری بەفر کە هەژدە ژنی هێنابوو، هەموویانی بەخۆشەویستی هێنابوو، هیچ کامێکیشیانی زوێر نەکردبوو و بەردەوام یادی هەمووی دەکردەوە، کە ژنەکانیشی مەسیحی و موسڵمان بوون، ئەمەش هێمای پێکەوە ژیان و گونجانە لەم دنیا یۆتوپیایەدا، هەروەها لە ئەستەنبۆڵ و ئیسفەهان و هەولێر و جێگای دیکەیش ژنی هێنابوو، ئەمەش مانای نزیکبوونەوە و پێکەوە ژیان و گونجانی دنیایە، بە جیاوازی نەتەوەکان، بەڵام دیارە سنوور و تەلبەندەکان ناهێڵن کە ئەو لەم ڕۆمانەدا هەموو ئەم جیاوازییانە لە نێو ئەم گوندە (کەتناوە) یان ئەم گوندە خوازراوە، یان ئەم یۆتوپیایە کۆکردوونەتەوە و هەمووشیان پێکەوە خەونی خۆش دەبینن و بەدوای نهێنییەکانی ئەم کەونە کەوتوون و هەموو خۆزگە و ئاواتی جیا جیایان هەیە، کە خۆزگە و خەونی چیرۆکبێژی نێو ڕۆمانەکە گەیشتن و بینینی درەختی کەتناوەیە و هی یەکێکی دیکەیان بینینی ئەو خەونانەیە کە لە ژێر درەختەکانی دوندی پاڕانەوەدا دەیانبینێ و دواجاریش لەگەڵ ئەم هەموو کۆکردنەوە جیاوازانە لەنێو دنیای بچوککراوی کەتناوەدا، تەنیا مردنە لێکتریان جیا دەکاتەوە و هەر مردنیشە نهێنی نەدرکاوی پیری بەفر دەباتە ژێر گڵەوە و هێشتا مابوو دوای خۆی شتە شاردراوەکان بدۆزرێنەوە، کەچی ئەوە سروشتی مرۆڤە، دەبێ ڕۆماننووس بەدوای کەسێکی دیکەدا بگەڕێ، تا گێڕانەوەکانی خۆی پێ تەواو بکات، یانیش ئەگەر کەسێکی دیکە نەبوو، چیرۆک و سەربردەو یادەوەرییەکانی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە لەوێ کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دێنێ.

تێبینی:

(درەختی کەتناوە)، ڕۆمان، کەریم کاکە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووکە لەژێر ژمارەی (٩١) و بە قەوارەی (٢٤٦) لاپەڕە لە چاپخانەی ئارابخا- کەرکووک ساڵی ٢٠٠٧ چاپ کراوە.

ڕوونبێژی، یان ڕەوانبێژی

Eloquance

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

ڕوونبێژی یان ڕەوانبێژی- Eloquance، کە لە زمانی عەرەبی بەرانبەرەکەی بریتییە لە (فصاحة، بلاغة، بیان)، کڕۆک و ئامانجی دوایی ئەدەب و زمان و هونەرەکانی ئاخاوتن (خطاب)ە. لێرەوە مەبەست لەم دەستەواژەیە هونەرەکانی ڕەوانبێژی نییە کە بەرانبەرەکەی Rethoique-ەو لە عەرەبی بە زانستی ڕەوانبێژی ناسراوە (علم البلاغة) و لە ئەدەبیاتی کوردیش بە ڕەوانبێژی هاتووە.

ئەگەرچی هەموو ئەم حاڵەتەی سەرەوەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕوونبێژییەوە هەیە کە لە هونەرەکانی شیعر و ئەدەبدا هەن، بەڵام ئەوەی لەم ناوونیشانەی سەرەوە مەبەستە، ڕوونبێژی ئەو حاڵەتە فیکری و زمانییەیە کەوا دەکات ئاخاوتنێک، (خطاب) هێزی ئیقناع کردنی هەبێ و ئەم حاڵەتەی تێدابێ وێڕای نەهێشتنی گومان لەلای گوێگر دەرگای دیکەی بۆ بکاتەوە.

ڕوونبێژی مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەرەتاکانی بۆ سەردەمی هێلێنی (یۆنانی) و ڕۆمانی کۆن دەگەڕێتەوە، هەڵبەتە لە چوارچێوەی ئەدەب و فەلسەفە و هونەرەکانی ئاخاوتندا، ئەوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی پێمان گەیشتووە، بێگومان دەشێ بگەڕێینەوە زۆر کۆنتر، بەڵام لێرە جێگای ئەم لایەنە نابێتەوە.

هەر لە کۆنەوە، نووسەران و فەیلەسووفانی هێلێنی کۆن گرینگییەکی بەرچاویان پێداوە، شیشرۆن- Ciceron بە «بەهرەیەکی سروشتی» لە قەڵەم دەدا لەلای مرۆڤی ڕۆشنبیر.

لە بارەی گرینگی و بایەخی ڕوونبێژی-یەوە دەڵێ: ڕوونبێژی لە (ئاخاوتن- خطاب- Rethorique- ڕەوانبێژی)یەوە نەهاتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، (ئاخاوتن- خطاب- ڕەوانبێژی) لە ڕوونبێژییەوە

هاتووە. هێزی ئیقناع کردن توانایەکە بۆ گرتنی ئەوی تر.

ڕوونبێژی لە زۆر بواردا دەدۆزرێتەوە، سیاسی، ئایینی، قانوونی و ئەدەبیات. لەسەردەمە کۆنەکاندا، لەلای گریک و ڕۆمانەکان، وەک فەزیلەتێک بەکاردەهات بۆ پەروەردەکردن و هونەری ئاخاوتن و قەناعەت پێ هێنانی ئەوی تر. لەم بارەیەوە دەگوترا، ڕوونبێژی: گیانێکە تەواوی لەشی مرۆڤ جێدەهێڵێ، خۆی دەخاتە ناو گیانی ئەوی تر. وەک ئەو هێزە ڕوونبێژییە شۆڕشگێڕییەی (دانتۆن) لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسی هەیبوو کە گوێگرانی لە پەل و پۆ دەخست و گیانێکی دیکەی بەبەر دادەکردن. لە مێژووی فەلسەفە ڕوانینی دیکەی ناکۆک هەیە کە لەگەڵ ئەم ئامانجە تێک ناکەنەوە، ئەفلاتون پێی وابوو ڕوونبێژی مەسەلەی ئیقناع کردن بە ڕواڵەت و ڕوانینی جیاواز دەبەستێتەوە، ئەمەش وەک پێچەوانەی حەقیقەت یان ئەوەی کە ڕاستەقانییە. گۆرگیاس پێی وابوو ڕوونبێژی و پیاهەڵدان و ستایش یەک شتن، لەلای سۆفیستەکان- یش ڕوونبێژی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە لە خشتەبردن و وەهمەوە هەیە.

بەڵام لەلای ئەریستۆ وەک تەواوکەرێکی زۆر پێویست بایەخی پێدراوە، هەڵبەت بە هەمان ئاستی دیالێکتیک لەلای ئەو هاتووە، بەڵام لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا و هەتا لەو کاتەی ئەفلاتون لە کتێبی (phedre) بنچینەی ڕەوانبێژییەکی دامەزراندووە، ڕوونبێژی بەو مانایە نەهاتووە کە مانای ڕاستی یان ڕاستەقانی بگەیەنێ، بەڵکو، هەروەکو سۆفیستەکان دڵنیاییان لەسەر کردووە و دواتریش نیتشە بایەخی پێداوە، لەگەڵ ئەوەدا بوونە، دەشێ سروشتی و ڕەوانیەکی دیکە لە شێواز و ئاخاوتندا هەبێ وەک لە ڕەوانبێژی -Rethorique-، ڕەوانییەکی تر هەبێ وەک لە ڕوونبێژی.

ڕوونبێژی لە ناو کورددا بێ گومان مێژوویەکی کۆنی هەیە، دەشێ ئەم لایەنە زیاتر لە ئەدەبیات و ئایین بدۆزرێتەوە، بەڵام لەو بڕوایەدام، جگە لە بواری ئەدەبی و هونەرەکانی شیعر، وەک ئاخاوتن- خطاب، لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا سەرچاوەمان کەم بێ، هەڵبەت، لەناو مێژووی کورددا دەیان زانا و مەلای گەورە هەبوونە کە ئەم شێوازەیان لا دەست کەوتووە، بەڵام دیسان لەم ڕووەوە، چ وەک سەرچاوە، چ وەک ژیانی هاوچەرخ ئەم لایەنە کەم سوودی لێ وەرگیراوە.

ئێپیگرام- Epigram

لە زمانی لاتینی بەمانای- Inscription واتە: نووسین، تۆمار، دێ. لەبنچینەدا وەک ژانرێکی سەربەخۆ گەشەی کردووە، لەکوردی دەشێ لەقسەی نەستەق نزیک بێ. لەکۆندا ئێپیگرام هەردەم بریتی بووە لە پارچە شیعرێکی دوو بەیتی، یان پارچە شیعرێکی ساتیریکی، یان پەند ئامێز. ناسراوترین کەسایەتی لە مێژووی ئەدەبی جیهانی کە ئێپیگرامی نووسیبێ، مارسیال- Martial (مارسیال ڤالێریوس مارسیالیس) بووە، کە شاعیرێکی ناسراوی ڕۆمانییەکە لە زۆر بوار ئێپیگرامی هەیە، وەک: ستایش و پیاهەڵدان و تەنز و... تاد. لەناو یۆنانییەکانیش ئێپیگرام زۆر بووە، لە سەدەی دەیەمی زایینی زیاتر لە چوار هەزار ئێپیگرامی یۆنانی کۆکراوەتەوە، کە بە ئێپیگرامەکانی (تیۆکریتۆس) ناسراون.

لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی نوێ ئێپیگرامی زۆر لەلایەن شاعیران بایرۆن و ئۆسکار وایلد و جۆنسۆن گوتراوە، لە ئەدەبی فەرەنسی سەدەی هەژدە ڤۆلتێر وەک ئێپیگرام نووس ناسراوە. شاعیری ئینگلیزی ماتیۆ پرایۆر M.Prior کە لەسەدەی هەژدە ژیاوە، ئێپیگرامێکی زۆر بەناوبانگی هەیە لێرەوە وەک نموونە دەیهێنینەوە:

ماتیۆ پرایۆر دەڵێ: «بەڕێز، ئەو بۆچوونە سەرەکییەم قبوڵە کە دەڵێ هەموو شاعیرێک گەلحۆیە، بەڵام ئامادەیی و بوونی جەنابتان ئەوە دەسەلمێنێ کە هەموو گەلحۆیەک شاعیر نییە.»

ئێپیگراف - Epigraph

لەبنچینەدا هەمان مانای ئەمەی سەرەوە دەدا، بەڵام لەگەشەکردندا بۆ مەبەستی تر بەکاردێ. ئەو نووسینەی لەسەر تەختەیەک، کتێبێک (ناوونیشان) دەنووسرێ بۆ پیشاندانی ناوەرۆک و بۆچوونێکی دیاریکراو بە ئێپیگراف دادەنرێ. نووسینی سەر کێلی گۆڕێک بە ئێپیگراف دادەنرێ.

ئێپیگراف لە ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. بێ گومان لەلای کوردیش بابەتی لەم جۆرە زۆرە، دەشێ لەناو ئەدەبیات و ژیانی شارستانی بدۆزرێتەوە. بەتایبەتی لەسەر کێلی گۆڕستانەکان.

یەکێ لە ئێپیگرافە ناسراوەکان کە هی شاعیرێکی نەناسراوە بەم جۆرەی خوارەوە لەسەر کێلی گۆڕێک نووسرابوو:

«من مارتن ئالن برۆدم، لێرە ئارام خەوتووم،
خودایە گیانم پڕ لە ڕەحمەتی خۆت بکە،
چونکە، ئەگەر من لەجێگای تۆبام و تۆش مارتن ئالن برۆدبای، هەمان شتم دەکرد.»

زمان و دەقی ئەدەبی

د. هیمداد حوسێن
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی)

زمان ڕۆحی ئەدەبە، دەقی جوان هەمیشە بە زمانەوە جوانە، لە داستانی گلگامێشەوە بگرە تا دەقە کراوەکانی ئەمڕۆ، هەرچەند ڕۆژگار دەڕوا، بە هەموو پێوەرێکی ڕێبازە ڕەخنەییەکانەوە، هەرگیز نەیانتوانیوە نکۆڵی لە ڕۆڵی زمان لە هاوکێشەی داهێناندا بکەن. ئەفلاتون لە (کۆماری خێرەومەند)ەکەیدا دوای هەڵوێستێکی دژوار لە ئاست دەقی شیعری و پایەی شاعیراندا، دواجار بۆ پاساوی هەڵوێستی خۆی دان بەوەدا دەنێ زمانی شیعر سۆز و سیحرێکی ئەوتۆی تێدایە کار لە دەروونی مرۆڤ دەکات و لە بارێکی زۆر تەنگەتاو و ناهەمواردا دەیهەژێنێ و دەیوروژێنێ و خوێنی دێنێتە کوڵ، جا ئەو دەقە سۆزداری و ئەویندارى بێ، یان جمانی خوێنی بێ بۆ ڕق و تووڕەیی و ورە بەرزکردنەوە بێ. (ئەرستۆ تالیس) زمان دەکات بە بنەمای (شێواز) و شێوازی تایبەتی داهێنان لای نووسەر دەسازێنێ. (هۆراس)ی ڕۆمانی (زمان) وەکو درەختێکی باڵابەرز دەبینێ و پێی وایە بەردەوام گەڵاو چرۆی تازە دەردەکات و دەبێ شاعیر هێندە داهێنەر بێ بەدوای وشە جوانەکاندا بگەڕێ و ڕۆحی سەدەمەکەی خۆی بنوێنێ و لەکاتی پێویستیشدا ڕۆڵی وشەی دارێژەر ببینێ، داهێنانی خۆی پێ قووڵ بکاتەوە.

شاعیر و ڕەخنەگرەکانی دواتر لە چوارچێوەی ڕێبازەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و سوریالیزم... تاد. هەریەکەیان ڕامانی خۆی بۆ زمان هەیە، (ۆردزۆرس) فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانی گوندەکان و هەڵبژاردنی وشە ڕەسەنەکان بۆ گوزارشتکردن لە خەیاڵی داهێنەرانە بە هۆکاری سەرەکی مانەوەی دەقی نەمر دەزانێ. کلاسیزمەکان پێشتر لە ڕوانگەیەکی ئابووری و سیاسییەوە دەیانڕوانی و لایان وابوو زمان سادەو ڕەوان بێ، فرە واتایی و فرە شیکردنەوەی جوداواز بەخۆوە هەڵنەگرێ و ڕۆحی یاخی بوون و خۆ ڕاپسکان دروست نەکات و هەمیشە نووسەری دەق خۆی بەخزمەتکاری دەستەڵات بزانێ.

ڕەخنەگر و ڕاڤەکەرەکانی دەقی ئەدەبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وەکو هێما و سیمبۆلێک ئاماژەی پێ دەکەن و لە چوارچێوەی ئێستێتیکا بۆی دەڕوانن و تەنانەت بەلای ڕێبازەکانی بنیاتگەری و سوریالیزم و هەڵوەشاندنەوەی دەق، زمان هەموو شتێکە و هەر وشەیەک بۆ خۆی چەندین واتای جیاواز هەڵدەگرێ و دەنگەکان لە نێوان ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکدا سنووری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری دەکەن و زۆر جاریش وەکو مەتەڵێک وایە و چەندین خوێندنەوەی جیا وەردەگرێت.

ئێستا دوای چارەکە سەدەیەک لە ناوەڕاستی هەشتاکان کە شاعیر و نووسەرانی هەولێر، گازینۆی مەچکۆ ببووە ماڵی دووەمیان و کۆڕی نووسەران جمەی دەهات پیاوێکی ڕەشتاڵەی تێکسمڕاوی عەینەک لە چاو بە کراسێکی بێ ئوتوو لە هاوینان و لە زستانان بە قاپووتێکی ڕەشەوە، هەردەم چەند ڕۆژنامەیەکی بەبن باڵەوە بوو، وەکو وەستایەکی شارەزا لە دوورەوە پەنجەی بۆ ئەم و ئەو ڕادەکێشا و شەرەفی بە (طلیعي) بوونی دەدایێ. ئەوێ ڕۆژێ هەندەکەس گاڵتەیان پێ دەهات، ئێستا کە جارێکی تر پەنا بۆ یادەوەری ئەوکاتە دەبەمەوە، دەزانم ئەو پیاوە چەندە خوێندەوار بوو، چەندەش ئاگای لە ئەزموونی شیعری و بەهای زمانی ئەو شیعرانە هەبوو، کە هەشتاکانی هەولێرێ پێک دێنێ و هەوڵێک بوو بۆ تەقاندنەوەی زمان، بۆ فڕێدانی ئامرازە زیادەکان لە بنیاتی دەقی شیعریدا، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان بە وشەی گوند و چیا و کەژ و گەرمیان و موکریانێ، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شیعری نوێی عەرەبی لە (خزعل الماجدي) و شێوازی سوود وەرگرتنی لە جیهانی سیحر و خورافات، ڕامانە ڕەخنەییەکانی (حاتم الصگر) و (فاضل ثامر) و گەڕانەوە بۆ جیهانی شیعری سان جۆن پێرس و ئۆکتاڤیۆباز.... تاد. ئەم پیاوە کە داینەمۆی بزووتنەوەی شیعری هەشتایەکانی هەولێرێ بوو، مامۆستا (مەحموود زامدار) بوو، کە گەنجەکانی ئەوێ ڕۆژێی هەولێرێ، هەموومان قەرزاری ئەوین.

٢٠٠٨/٣/١ هەولێر